
# گزینگ

٨

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی - ئەدەبی یە

هاوینی ١٣٧٤ ـ ١٩٩٥

- ئەقڵییەتی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا
- پەڕلەمان لە پێناو: کوردستانی ئازاد و یەکسان وسەربەخۆ
- ڕووناکبیر و پەیام و ئەرکەکانی
- سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورد وبازاڕی چاپەمەنی
- من مەبەستم هەڵوێستە، نەک شێعر
- بیرەوەری لە سەر شانۆی لاوی نۆکان



بێرتراند راسێل

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ئەکەرۆز

## لەپێناو چیدا ژیاوم

«سێ هەست و سۆزی ساکار بەڵام بەتەواوی هێز و تواناوە، بەسەر ژیانی مندا دەسەڵاتدارییان کردووە: ئاواتی ئەوین ودڵداری، لە پێناوی زانست و، دڵسۆزی هێزپڕووکێنی دەردوڕەنجی مرۆڤایەتی.

ئەم سۆزانە وەک گژەبای سەخت و سامناک بەرەو ئەم لا و ئەو لای ئۆقیانووسی قووڵی خەم و پەژارە سەرگەردانیان کردووم و هەتا بەستێنی ناهومێدیان بردووم.

لە پێناوی ئەویندا بووم، لەسەرەتاوە، لەبەر ئەوەیکە ئەوین کەیف و نەشە دێنێ، نەشەیەکی وا بێ وێنە کە زۆرجار ویستوومە بۆ چەند ساتێک لەم شادییە، لە پاشماوەی تەمەنم دەست هەڵگرم. دیسان هەر لە پێناوی ئەویندا بووم، لەو ڕووەوە کە ئەوین و خۆشەویستی سوکناییدەری تەنیایی یە ــ تەنیاییەکی ترس هێنەر کە ئەگەر مرۆڤ ئاگاداری لێ پەیداکا، وادەزانێ کە لە لووتکەی بەرزی لێواری دنیاوە، بۆ تارمایی بیرێکی سارد وبێ گیان و بێ بن ئەڕوانێ.

لە دواییدا دیسان هەر لە پێناوی ئەویندا بووم، لەبەر ئەوەیکە لە یەکێتی ئەویندا، میناتۆرێکی عیرفانی و ئیلهامێکی هەست پێکراوی بەهەشتم دیوە کە پاکان و شاعیران وێنەیان کێشاوە. ئەمەیە ئەوشتەی کە من لە هەوڵ و پێناویدا بووم. هەرچەند دەگونجێ کە بۆ ژیانی مرۆڤ نەیەتەگۆڕێ، ئەمە شتێکە کە من لە ئاکامدا دۆزیومەتەوە.

هەروەها بە عەشق و سۆزێکی ئەوتۆوە لە پێناوی زانستدا بووم. لەو ئاواتەدا بووم کە لە دڵ و دەروونی مرۆڤایەتی تێ بگەم ـ ئاواتەخوازبووم بزانم بۆچی ئەستێرەکان ئەدرەوشێنەوە؟ تێکۆشاوم بە چۆنیەتی وزەی فیثاغورثی پەی بەرم ـ کە توانیومە هێندێک نەزۆریشیان، فێربم و بیزانم.

ئەوین و زانست تا ئەو جێیەی کە لە گونجاندا بووە منیان بەرەو ئاسمانەکان هەڵکێشاوە، بەڵام هەمیشە دلۆڤانی و دڵسۆزی، هێناومیانەتەوە سەر زەوی ، دەنگدانەوەی هاواری دەرد و ڕەنجەکان لە دڵما دەزرینگێتەوە، منداڵانی برسی و قات وقڕی، کوژراوانی بەر ئازار و ئەشکەنجەی زۆرداران، پیرانی کەنەفت و هەژار کە بارێکی ڕق بزوێن بە کۆڵی ڕۆڵەکانی خۆیانەوە و، سەرتاسەری دنیای تەنیایی، دەرد و هەژاری ونەداری، هەموو ژیانی پڕ ئامانجی ئینسانی وەک شۆخی وگاڵتە دەنوێنێ. بەو ئاواتەم لە خراپییەکان کەم بکەمەوە، بەڵام ناتوانم لەم بابەتەوە منیش لە ڕەنجدام. ئەمە ژیان و باری من بووە و شایانی ژیانم زانیوە ئەگەریش هەلێکی ترم بۆ دەست بدات دیسان هەروا دەژیمەوە.»

# گزینگ ژمارە ٨

هاوینی: ١٩٩٥(١٣٧٤)


**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

**س .ج . هێرش**

ناو و نیشان:

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

ژمارەی فاکس:
Faxnr: +650 - 94029

ژمارەی پۆستگیرۆ:
Postgironr: 443 5022-1


**• .گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

**• .گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک ناوی لەسەر نەبێ، ئۆبالی وەملی گزینگە.**

## نێوەڕۆک


| بابەت | نووسەر وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەقلییەتی سیاسی ودیپلۆماسیی کورد......... | مەحموود مەلاعیززەت | ٤ |
| ڕاپۆرت............................ | هاشم | ١٣ |
| مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا............ | «ژیلا.ف»و«تەیفور» | ١٤ |
| پەرلمان لە پێناو کوردستانی ئازاد............ | کەریمی حیسامی | ٢٠ |
| ڕووناکبیر وپەسن ونەرکەکانی................ | د. حوسێنی خەلیقی | ٢٥ |
| سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی ئاوارەی کورد.......... | د. حوسێن عەزیز | ٣٠ |
| من مەبەستم هەڵوێستە نەک شێعر............ | عەبدوللاپەشێو | ٣٥ |
| بیرەوەری لەسەر تیپی شانۆی«لاوی بۆکان»..... | برایمی فەرشی | ٤١ |
| دەنگی خۆش ورەنگی خۆش................. | کوردان کەریم | ٤٥ |
| شێعر: ......................... | گۆران قەرەداغی، هێدی | ٤٦ |
| شێعر: ...... | حەسیب قەرەداغی، هاشم کۆچانی، مامۆستا نافع مظهر | ٤٧ |
| بۆ هاوسەفەری کەشتیم..................... | گینا یاکۆبی...ح. قازی | ٤٨ |
| جارێکی دیکە بێسارانی یا مەحزوونی؟......... | ئەنوەری سولتانی | ٤٩ |
| فۆلکلۆر:............................ | ڕەحمان سۆفی | ٤٩ |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.................. | ڕ. ئەحمەدی | ٥٠ |
| ئاساندنی ٤ ژمارە لە ڕۆژنامەی«کوهستان»..... | ئەحمەد شەریفی | ٥١ |
| کورتەچیرۆک: گابەرد..................... | کاکەوەیس | ٥٣ |
| بەڵێ قوربان ملکی خۆتە.................. | هیوا حەمەکەریم | ٥٥ |
| برارۆ ............................ | سەعیدکاوە | ٥٧ |
| میوانێکی خۆشەویست ...................... | س. شێخ ئاغایی | ٦٠ |
| نامەیەک بۆ تۆماس ..................... | کامەرانی قازی | ٦٢ |
| دوو پەخشانە شێعر ........... کارۆ | ........ ئاشق | ٦٤ |
| لەلاپەڕەکانی سەر لێ شێواو ............... | ع. دیاکۆ | ٦٥ |
| کتێب وچاپکراوەی تازە | ........ | ٦٦ |


**• وێنەی ڕووبەرگ و کاریکاتۆرەکانی لاپەڕەی ٢٦، ٢٧، ٢٨ و ٢٩ کاری هونەمەندی گەنج: شیلان هاشمی •**


چاپی سوید: یونی(ژوئێن)ی ١٩٩٥

ISSN 1104 - 3473

□ وتوویژێک لەگەڵ مێژووناس ومێژوونووس: مەحموود مەلاعیزەت

# «ئەقڵییەتی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد»



○ کاک «مەحموود مەلاعیزەت» لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینی، لەشاری سلێمانی لە دایک بووە .. خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لە وێ تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٦٢دا، لە زانکۆی بەغداد لە بەشی«مێژوو»، بەکالیۆرسی وەرگرتووە و پاشان بووە بە مامۆستای مێژوو.
لەساڵی ٨٠ ـ ١٩٨١دا، بە تاوانی چالاکیی سیاسی دژ بە رژیم گیراوە و دوای ئەوەیکە بە سەربەرزی ئەجاتی بووە، ڕێی ئاوارەیی گرتووەتەبەر و لە وڵاتی سوێد وەک پەنابەری سیاسی نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٨٧وە لە ئەرشیڤی هەرێمی شاری ئوپسالا بە«Arkivassistent»دامەزراوە و تا ئێستاش لەوکارەیدا بەردەوامە..
کاک مەحموود وەک نووسەرێکی بەتوانا لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئاشکرا و نهێنییەکاندا هاوبەشی کردووە وگەلێک باس ولێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری بەزمانی کوردی وعەرەبی نووسیوە کە سەرەڕای چەند بەرهەمی وەرگێڕدراو، تا ئێستا ئەوکتێبانەی خوارەوەی چاپ و بڵاوکردووەتەوە:
* دیپلۆماسیتیی بزووتنەوەی کوردایەتی ـ ١٩٧٣. * کۆماری میللی مەهاباد، چاپی یەکەم ـ ١٩٨٤، چاپی دووەم ـ ١٩٨٧. * ڕەگ وریشەی مێژووی تەقەلای بەعێراقیکردنی کورد ومەسەلەی کوردستان ـ ١٩٨٦. * کورد و ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە ـ ١٩٨٨. * دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم ـ ١٩٩٢.
گزینگ ـ ٧ / ٤ / ٩٥ (ئوپسالا)

● **کاک مەحموود، زۆر خۆشحاڵم هاتوومە خزمەتتان، بۆ ئەوەی وەک شارەزایەک لەسەر مەسەلەی میللی وتووێژێکتان لەگەڵدا بکەین، بەڵام پێش پرسیارەکان پێمخۆشبوو بزانم ئێستا خەریکی چ پرۆژەیەکن؟**

ـ منیش زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم و هیوادارم لەم دانیشتنەدا و لەو پرسیارانەی دەیکەن بتوانم وەڵامی خۆیان بدەمەوە. بۆ مەسەلەی ئەوەی ئێستا لە گەڵ چی خەریکم.. لە نووسیندا گەلێک پرۆژەم بەدەستەوەیە. بەڵام ئەوانەی وا لەبەردەستدان و کاریان لەسەردەکەم، یەکەمیان تەواوکردنی بەرگەکانی «دەوڵەتی جمهووری کوردستان»ن کە هەمووی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی کۆماری کوردستانە. دیارە جەنابتان بەرگی یەکەمتان دیوە، ئێستا بەرگی دووهەم ئامادەی چاپە. ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا، بکەوێتە ژێرچاپ ئەگەر گیروگرفتێک نەیەتە بەردەم. بەرگی سێهەم ئێستا بەدەستەوەیە، لەگەڵ وەرووخستن و پەراوێز نووسین و پاشکۆکان خەریکم.

هەروەها ئەوەی لە مێشکم دایە بەتەمام لەگەڵ بەرگی سێهەم، بە گشتی بەسەرکردنەوەی سەرجەمی ئەو سێ بەرگە لەڕووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوەی نووسین و پێوەندی لایەنبەندی عەشایری، سەرکردایەتی کۆماری کوردستان، یاسا وجۆری چارەسەری مەشاکیل ئەگەر گونجا و ئەگەر نەگونجا لەبەرگێکی تایبەتیتر ودواترئەنجام بدەم.

شتێکی تر کە لەگەڵیدا خەریکم و پێوەندی بە مەسەلەی سیاسی و دیپلۆماسی کوردەوە هەیە و، دەمێکە لە مێشکم دایە و سێ مانگێکە کاری لەسەر دەکەم، ئەو مەسەلەیە کە ئەقڵی سیاسی کورد تا چ رادەیەک توانیویەتی لە بەرانبەرەکەی بگات و مامەڵەی لەگەڵ بکات. وا تێدەگەم، هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تا ئەم سەردەمەی دوایی، سەرکردایەتی کورد، یان سەرکردایەتییەکان لەوئاستەدا نەبوون کە توانیبێتیان لە خۆ و لە دەوروبەر و لە بەرانبەرەکە، باخەبەر بووبن؛ بەتایبەتی ئەو زلهێزەی کە سەرچاوەی بڕیارەکە بووە و جڵەوی کارەکانی بە دەست بووە، کورد نەیتوانیوە لەوە تێبگا. یەکێک لەو ئەزموونانەی کە کورد تێیدا ژیاوە، ئەزموونی دەوڵەتی خوارووی کوردستانە کە شێخ مەحموودی نەمر سەرکردایەتی کرد. ئەگەر بیری گۆڕانی تر بە مێشکمدا نەیەت، بڕیارم داوە نووسینەکە بەم سەردێڕە بێ:«کورد لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا».

● **یانی نێوەکەی ئەوە یە..**

ـ بەڵێ.. بۆچینەو سەرباسە؟ چونکە لە ڕاستیدا سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کورد مەتەڵ بووە. کوردیش وا تێگەیشتبوو کە بریتانیا دەوڵەتێکی دوژمن بە کورد بووە، بە نەخشە و پلانەوە هاتە کوردستان. دوای شەڕی یەکەم، بە نەخشە وپلان دژ بە کورد بووە و بە نەخشە وپلانیش ویستوویە کورد نەبێ بە دەوڵەت، کە بە لای منەوە ئەوانە بەشێکی ڕاستیی تێدا هەیە، بەڵام بەشێکی تری ڕاستی تێدا نییە. بە گشتی لەو سەردەمە کە بریتانیا هاتە کوردستان، نەخشەیەکی سیاسی، پرۆژەیەکی تایبەتی و ستراتیژێکی داڕێژراو و لێکۆڵدراوی نەبووە بەرانبەر بەکورد. چۆن هاتووە مامەڵەی نەتەوە و گەلانی ناوچەکەی کردووە، ئا بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووە. جا ئەوانەی بوونە داڕێژەری سیاسەتی بریتانیا لە ناوچەکە، ئەو لێپرسراو و ئەفسەرانە بوون کە لە ناوچەکەدا، بۆ بریتانیا کاریان دەکرد. تێیاندا هەبووە ناحەز و دژ بوون بەرانبەر بە کورد، تێیاندا هەبووە بێ لایەن بوون یان دۆست بوون. بەگشتی ئەوەم کردووەتە سێ بەرە: بەرەی ناحەز و دژ بەکورد، بەرەی دۆست کە ویستوویانە دەوڵەت بۆ کورد دابمەزرێ، ⬅

بەرەیەکی تر کە هەر دوولای تێکەڵ بوو، بەڵام زیاتر داوایان دەکرد کە ئەفسەر و لێپرسراوەکان بڕیاری کۆنکرێت نەدەن تا مەسەلەکان بە تەواوی دراسە دەکرێن، تا لەهەڵوێستی کورد و سەرۆک عەشیرەتەکان دەگەن، یان تا ئەو ئەندازەیە کە پڕۆژەیەکی دیاریکراو یا سیاسەتێکی داڕێژراو، بۆ کورد تەرخان نەکرێ کە پەشیمانی لە دوا بێت. ئەوە دووەم پڕۆژەیە کە بەدەستمەوەیە، ئەوەی ڕاستی بێ لەسەرەتا ویستم وەک لێکۆڵینەوەیەکی کورت بۆ نووسینی ڕۆژنامە وگۆڤار بێ، بەڵام لەوەدەچێ زیاتری بەبەرەوە بێ..

● **هیوادارم تێیدا سەرکەون.. بەشێک لە پرسیارەکان هەر ئەو بابەتەش دەگرێتەوە و خۆشتان ئیشارەتان پێکرد، ئەوەی کە بریتانیا بۆ مەبەستی خۆی هاتبووە ناوچەکە.. بەڵام هەر لەوسەردەمیدا گەلێک لەو نەتەوانەی کە بوونە خاوەنی دەوڵەت، هیچ جۆرە شایستەییەکی نەتەوەیی( شەرت ومەرجی نەتەوە بێ)یان نەبوو، ئایا ئەو بابەتە لەو لێکۆڵینەوەیەی ئێوە دا باس دەکرێ کە کورد ئەو دەمی نەیتوانی مافێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ؟ مەبەستم کۆنفرانسی«سیڤەر»ە کە نیمچە قەولێک بە کورد درابوو..**

ـ وەکوو لە سەرەتاوە گوتم، ئینگلیز سیاسەتێکی داڕێژراوی لێکۆڵراوەی بەرانبەر بە کورد نەبووە ئەوەی کە ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ. هەر هەڵوێستی ئینگلیزەکان خۆیانە لە ساڵی ١٩١٨. کە بڕیاریان دا حوکمداریی شێخ مەحموود لە کوردستان دابمەزرێ. ئەوان ئیعلانیان کرد و خۆشیان پشتگیریان کرد.

سیڤەر کە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی لەگەڵ مافەکانی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی کوردی دا بوو ـ کە دەقی بەندەکانی ئینگلیزییەکان دایانڕشت ـ هەر بەو پێیەی کە بۆ میللەتەکانی تریش دامەزرا. بەڵام بۆچی هێندێک گەل و نەتەوە کە نە بوون دروستیان کرد و هێندێک وڵات کە لەئارادا نەبوون، بۆچی کران بە دەوڵەت و بۆچی کورد نەبوو؟ بەلای منەوە هۆی ئەوانە زۆرن، دەتوانرێ کۆنکرێت چەند هۆی سەرەکی وگرنگ، دەست نیشان بکرێ. یەکێک لەوانە مەسەلەی سەرکردایەتییە. من، شێخ مەحموود، بە پیاوێکی زۆر مەزن، ئازا و قارەمان دەزانم. پیاوێک بوو لەناو ئازایی ونیشتمانپەروەریی خۆیدا، نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ مامەڵەیەکی واقیعبینانە لەگەڵ بریتانیا کە بڕیارەکان بە دەست ئەم بووە، بکات.

ئەگەر لەو سەردەمەدا، لەناو ئەو ئازایی و شۆڕشگێڕیی و نیشتمانپەروەرییەدا، ئەو ئەقڵە سیاسییە لەئارادا بوایە، ئەگەر لە ئینگلیزەکان ئەوانەی کە دۆستی کورد بوون، بگەیشتبایە، وا ڕووداوەکان بەلایەکی تردا گوزەریان دەکرد. چ شێخ مەحموود و چ دەورێشتەکەی، کە زیاتر سەریان لێ تێکدا، هەموو ئینگلیزیان بەیەک چاو سەیر دەکرد.

ئەقڵی سیاسی و بۆچوونەکانی شێخ مەحموود ئا لەم شیعرەی خۆیدا ڕەنگ دەدەنەوە:

ئامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی

ئایکەمە سەر خۆم بەدەستی مردەعی تاجی شەهی

قەت بە ئەمری دوژمنانم ئامەوێ فەرمانەدەهی

دەی! دەستەکە، تاجەکە، کردنەسەرەکە و فەرمانڕەهییەکە، هەر بە دەستی ئەو موددەعییە دوژمنە بوو.. بڕوانە: ئەو سەربەرزی وسەرکەشی و شانازییە لەکوێ، مامەڵەی دیپلۆماسی ولە ئینگلیز گەیشتن وهەوڵی جێگەی خۆکردنەوە لە کوێ؟! دیارە گەلێ هۆی گرنگی تریش لەتەک ئەوەدا لەئارادا بوون، لەوانە: جێگە وزۆریی ئەو لێپرسراوانەی ئینگلیز کە دژ بە شێخ وکورد بوون، ڕۆڵی خراپی دەست و پێوەندەکەی شێخ وخزمچێتی، عەشیرەتگەری و خۆپەرستیی سەرۆکەکانیان، ئەتاتورک و سیاسەتەکەی، فەیسەڵ وعەرەبەکانی عێراق وسووربوونیان لەسەر بەستنەوەی کوردستان بە«میسوپۆتامیا» و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی، لاوازیی هۆش و هەستی نەتەوایەتی لەگەڵ گەلێ دیاردەی ئامۆی سەردەمەکە. ئەو گەل ونەتەوانەش کە توانیان بگەنە ئامانج، زیرەکانە جووڵان و سودیان لەهەلومەرجەکان وەرگرت.

باسەکەم، لەسەرەتاوە هەر بۆ سیاسەتەکانی ئینگلیز لە سەردەمەکەدا تەرخان کراوە. دوایی تر دێمە سەر دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتیی کورد، ئینجا ئەو باسانەی تر نۆرەیان دێتە سەر.

● **ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێ.. ئەمن پێم وایە، شێخ مەحموود زیاتر لەباری بیر و باوەڕی ئایینییەوە زۆر جاران بۆ لای تورکەکان دادەشکاوە تا بۆ لای بریتانیا.. ئایا ئەوە نەبووە هۆی ئەوە کە ئینگلیزییەکان لێی بکشێنەوە؟**

ـ بەلای منەوە، شێخ مەحموود، چۆن مامەڵەی لەگەڵ تورکان دەکرد ئاواش لەگەڵ ئینگلیزەکان دەیکرد، بۆ ئەوەی دەوڵەتێ دابمەزرێنێ. بەڵام بێجگە لە لایەنی مەزهەبی، تێنەگەیشتنی سیاسەتی ئینگلیز، بەتایبەت ئەو ڕاستییەی کە ئینگلیزەکان هەموو وەک یەک نەبوون، ئەمن گومانم لەوەدا نییە لایەنی ئایینی و مەزهەبیش دەورێکی بینیبێ، بەڵام یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی تر ئەوەیە کە شێخ مەحموود بە سلێمانی ڕازی نەدەبوو. ئەوان دەیانویست ئەو لە سلێمانیدا بمێنێتەوە. ئەوانەی کاربەدەستی موهیم بوون لە بەغدا وەک:«ئارنولد ویلسن» و «سێرپرسی کۆکس»، لە سەر ئەوە سور بوون کە شێخ مەحموود دەبێ حوکمدار بێ بەو پێیەی کە خۆیان دەیانەوێ و لە سنووری سلێمانیش تێپەڕنەکا. لەکاتێکدا شێخ مەحموود، خۆی بە مەلیکی هەمووکوردستان دەزانی. هەروەها ئەوەی ڕاستی بێ تورکەکان زۆر زیرەکانە دەجووڵانەوە لەو سەردەمەدا، جگە لەوانە بەداخەوە، لەسەردەمی شێخ مەحمووددا، سێ ڕووداو کە لەزۆر سیمینار و هێندێک نووسیندا زۆریان دووپات دەکەمەوە، دەوری گرینگیان هەبووە. سێ ڕووداو ڕووی دا کە ئەگەر وانەبوایە ڕێبازی کورد بە لایەکی تردا، دەگەڕا و ئێستا کورد، بە بڕوای من، دەورێکی خۆی وەکوو هەموو نەتەوەکانی ناوچە دەگێڕا. یەکێک لەو خاڵانە: ڕووداوێکی زۆر ئامۆ بوو لە سەردەمێکی وا، ئیمپراتوری عوسمانی بڕوخێ و دارو پەردووی بەسەریەکەوە نەمێنێ بەدەست ڕۆژئاواییەکانەوە، کەچی لەناو ئەو ڕووخاوییەدا سەرکردەیەکی وەک مستەفا کەماڵ هەڵکەوێ و بە هێندێک هێزی سەربازی بچێ شاخەکانیان لێبگرێ و، لەناو ئەو هەموو ناکۆکییانەی کە ڕووبەڕووی بوون ـ هەر لە دژایەتی ئینگلیز و فەڕانسە و یۆنانییەکان ڕا بگرە هەتا مەشاکیلی کورد و ئەرمەن و ئاسۆری ـ ئەو دەوڵەتە تازەیە دروست بکات..

● **ببوورە، باسەکەت لە بیر نەچێ.. ئەمن مەبەستم هەر ئێرەیە.. ئەتاتورک بۆ دامەزراندنی حکوومەتی تازەی خۆی، لە بیر وباوەڕی پاکی مەزهەبیی شێخ مەحمود کەلکی وەرگرت و ئاخرسەر کڵاوی لەسەر کوردان نا، مەبەستم ئەوەیە..**

ـ .. بەڵێ خۆی مەسەلەکە زیرەکییە، کارامەیی ولێهاتوویییە. یانی سیاسەتی ئەتاتورک بە شێوەیەک زیرەکانە بوو لە ئاستی ڕووداوەکان، کە ڕاستەوخۆ لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی تورکدا لە مەسەلەکان گەیشت. تێگەیشت چۆن مەسەلەکان لەگەڵ ئینگلیز



چارسەریکا، لەگەڵ فەرانسەش هەروەها. چۆن خۆی لە ئیتالییەکان نزیک کاتەوە. تێگەیشت چۆن بە هێزی سەربازی یۆنانییەکان سەرکوت بکا و دەریان پەڕێنێ. تێگەیشت چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەتدا بکات. ئەتاتورکێکی ناسیۆنالیست کە لە بەرژەوەندیی تورک بەولاوە هیچ شتێکی تر نەبینێ و راستەوخۆ دژی کۆمونیزم بوو، هات حیزبی شیوعی دروست کرد هەر بۆ ئەوەی دڵی وان بە دەست بێنێ.

دیسان وەک جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد، ئەو لێزانانە مەسەلەی کوردیشی کرد، زانی چۆن سود لە لایەنی ئایینی و مەزهەبیش وەربگرێ. نەک هەر هی شێخ، بەڵکوو هی هەموو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیش.

ئەم لایەنی ئایینی ومەزهەبییە وەک شیرێکی تیژی دوولا لە دژی کورد بەکار هێنرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی، نامەیەکی شێخ بۆ ئینگلیزەکان دەکەوێتە دەست تورک و بەپێچەوانەشەوە. ئیتر ئینگلیزەکان بەجۆرێک لە مەبەستێکەوە و تورکیش بۆ مەبەستێک.

رووداوی دووەم: لە پەیمانی (سایکس پیکۆ)دا، باشووری کوردستان بۆ فەرانسە داندرا، کە «لویدجۆرج» توانی «کلیمانسۆ» هەڵخەڵەتێنێ و کوردستانی باشوور لە دەست ئەو دەربێنێ.

رووداوی سێهەم، مەسەلەی شۆرشی ئۆکتۆبەرە، لە پەیمانی ناوبراودا کوردستانی شیمال بۆ رووسەکان داندرابوو، کە لە ساڵی ١٩١٧ لە جەنگ وهەموو پەیمانەکان دەرچوو و ئەوبەشەی خۆی بۆ دەوڵەتەکانی تر بە جێهێشت.

ئەگەر ئەو سێ رووداوە ئەبایە رێبازی نیشتمانی و مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بە لایەکی تەواو پێچەوانەوە گوزەری دەکرد. جا مەبەستم ئەوەیە کە لە مەسەلەی سیڤەر و رووداوەکانی تردا، چەند ئەوان زیرەک بوون، ئێمە سەد ئەوەندە نازیرەک بووین لە تێگەیشتنی وەزعەکە وبارودۆخی سەردەمەکە.

هەر بۆیەش بە داگیرکراوی ماینەوە.

● **بەڵێ، کاک مەحموود هەروەک دەزانن وشەی «داگیرکەر وداگیرکردن» زۆر بەکاردەبرێ وتەنانەت خۆشمان بەکاری دێنین. دیارە ئەوە راستە کەخاکی کوردان بە پێی نەخشە وپلان دابەشکراوە و لکاوەتە ژێر دەسەڵاتی چەند وڵاتی خاوەن دەوڵەتەوە، بەڵام ئێمە وەک نەتەوە، بە ناوەرۆکی سیاسی، ئایا دەوڵەتێکمان هەبووە کە هێزێک هاتبێ داگیری کردبێ یان ئەوەی هەر وا لە رووی هەست ونیحساسەوە بەکاردێنین؟ بەتایبەت لە بەیاننامەی حیزبە سیاسییەکانیشدا کە بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی خەبات دەکەن، وشەی داگیرکەر زۆر بەکاردێ، لەحاڵێکدا یەکێک لەگرینگترین خاڵەکانی ئۆتۆنۆمی، چاوەدێری وپاراستنی سنوورە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە، جا ئەگەر بەگوێرەی ئەوخاڵە پاراستنی سنوور، ئاخرسەر بدرێتەوە بە دەوڵەتی ناوەندی، داگیرکەر چ مانایەکی دەمێنێ؟ یان ئەگەر خۆمان دەوڵەتێکی دی (لەو داگیرکەرانە)بۆ نێو خاکی خۆمان بانگهێشتی بکەین.. ئەوە چۆن دەبێ؟!**

ـ خۆی وشەی داگیرکردن .. داگیرکەر کێ بێ و داگیرکراو لەچ بارودۆخێکدا بێ، داگیرکردن داگیرکردنە.. لەهەر دوو ئەو بۆچوونەتاندا، لەهەر دوو حاڵەتدا، وڵاتی کورد داگیرکراوە، لە کاتێکدا کە حکومەت یا نیمچە دەوڵەتی هەبوو، ئیتر لەسەردەمە کۆنەکانەوە بیگری، ئەگەر زۆریش ئاوڕ لە دواوە نەدەینەوە، لە میرنشینەکانی ئەردەڵان وبابان و سۆران و بۆتانەوە بیگری تا کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦، وەکوو قەوارەیەک ـ یا قەوارەیەکی تەواو رزگاربووش نەبووبێ لە سەرتاسەری کوردستان ـ بەڵام شتێک بووە داگیرکەر هاتووە و داگیری کردووە، داگیرکەریش بەو مەفهوومە کلاسیکییەی کە باسدەکرێ هەر دەبێ دەوڵەتێکی گەورەی سەرمایەداریی پێگەیشتوو (کۆلۆنیالیزم) بەو شێوە یان بەم شێوەیە کە گەیشتووەتە لووتکەی سەرمایەداری (ئیمپریالیزم) کە میللەت یا وڵاتانی دی داگیرکاتەوە.. ئەوسا پێی دەڵێن داگیرکەر؛ بە لای منەوە ئەوە تێگەیشتنێکی زۆر کلاسیکیی باونەماوە. ئەوەندەی ئێمە گیرۆدەی دەستی ئەو دەوڵەتانە بووین وەک ئێران وعێراق و تورکیا و سوریا.. هێندە گیرۆدەی سەرمایەدارەزلهێزەکان نەبووین. ئەوانە لە سەردەمێکدا داگیرکەر بوون و دەستیان بووە لە پارچەپارچەکردنی کوردستاندا، بەڵام ئەو نەتەوانەی کە جێگای ئەوانیان گرتووەتەوە لەوان زاڵمانەتر ئێمەیان داگیرکردووە. ئەگەر ئەوان هێندێک هەقی سادەیان بە خەڵکی رەوا ببینیبێ، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە خۆماڵییانە، ئەوەی ناوی هەقی نەتەوایەتی، نیشتمانی یان ئینسانی، تەنانەت دینییە نایدەن. جگە لەوەیکە وەکوو نەتەوە لە نەخشەیاندا نییە کە کورد هەبێ و ئاوڕ لە کورد بدەنەوە. هەروەها بە نیسبەت مەزهەبیشەوە لە نەخشەیاندا نییە کە رۆژێ لە رۆژان شیعەو سوننی پێکەوە بژین، یان دەوڵەتێکی کوردستانیی ئیسلامی دابمەزرێ!

جا لە ناو را و پرسیارەکە، ئەگەر لە مامەڵەی حیزبەکان و خۆبەستنەوە بە ئۆتۆنۆمی و بزرکردنی رێگە وئامانجە مێژووییەکە، زیانیان لە کێشەکە دابێت، وا بۆ مەودای دوور توانای ئەزدلی کردنی ئەو دیاردەیەیان نییە.

لە جێگەی خۆشیدایە هەقیقەتێک روون بکەمەوە، ئەویش: سووربون لەسەر ئەو جۆرە ستراتیژ وئامانجە، مانای لاخستنی هەلومەرجەکانی سەردەمەکە نییە. بەپێچەوانەوە، لە بەر چاوگرتنی باری جیۆپۆلیتیک، فرە دوژمنی، نەخشە وستراتیژی زلهێزەکان و هاوپێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە و.. هتد زۆر گرینگن ولێرەوە واقیعبینانە زەمینە بەرەو ئەوانە خۆش دەکرێ.. یەعنی مامەڵەی شیاو بۆ وەدەستهێنانی لواو و ئەوەی دەتوانرێ بە دەست بهێنرێ لە خزمەت ئەو ستراتیژە نەتەوایەتییە دایە.

● **زۆرجوانە.. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەورۆ گۆڕانکارییەکی زۆر گرینگ لە دنیادا رووی داوە ولە گەلێک مەڵبەند و وڵات سنووری جۆغرافیا گۆڕاوە، کەچی ئێمە ئێستاش بۆ مەسەلەی نەتەوە ودامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوو، بیرێکی گەڵاڵەکراومان نییە، نیو سەدەیە بە بەرنامە و پرۆگرامی سەرکاغەز بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی خۆمان بەستووەتەوە و نەمانتوانیوە**

**مەسەلەی میللی تیۆریزە بکەین. ئەگەر ئەوان، بۆ ئێمە نەخشەیان نەبووە و هیچیان لەبەر چاو نەگرتووە، بۆ خۆشمان تاوانبارین هیچمان نەکردووە.. ناوێرین داوای شتی زۆرتر بکەین..**

ـ بەڵێ یەکێک لەو گرێ ئاڵۆزانەی تووشی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بووە بەتایبەتی لە پێش شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، جگە لە دابەشبوونی کوردستان، خۆشمان وەکوو دوژمنەکان ئەو دابەشبوونەمان وەک ئەمرێکی واقیع، دان پێهێناوە. لە کاتێکدا هەق بوو چ ئەوەدەم وچ ئێستا، سەرکردایەتییەکانی کورد بێن جووڵانەوەی نیشتمانی کورد لەناو ئەو گێژاوە دەربێنن و ڕزگاری بکەن، ئەوانیش هاتوون هاوبەشییان کردووە لە چەسپاندنی دیاردە ناقۆڵاکە.. من لەگەڵ ئەو ڕایەی جەنابتان دام، ئەگەر لەکوردستانی عێراق، سەرکردایەتی کورد خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا بپەستێتەوە و پێ لەسەر ئەوە داگرێ کە من جیابوونەوەم ناوێ. لە کوردستانی ئێران ئەگەر دیاردەیەکی لەوەش زەقتر لە ئارادابێ. لە کوردستانی تورکیاش ئەگەر (پ. ک .ک) وەکوو حیزبێک جووڵانەوەی ڕزگاریخواز وا پاوان بکات کە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ نەک لەسەر عەرزی کوردستانی خۆی بەڵکوو لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئەوە دەچینەوە بەگژ یەکدا ومەسەلەکان زیاتر تێکچوو و ئاڵۆزتر دەبن. بەلای منەوە، دەبێ ئەوحیزب وسەرکردایەتیانەی کورد، خۆیان ساغ بکەنەوە کە ئێمە مەسەلەکەمان وەک نەتەوەیەکی دابەشکراوی وڵات داگیرکراوە لەلایەن چەند داگیرکەرێکەوە یان گەلێکە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی وجوودی قانوونی ونێو دەوڵەتییان هەیە. ئەگەر ئێمە دان بەوە دابنێین کە مەسەلەی کوردی عێراق بەشێکە لە مەسەلەی گەلی عێراق، یان مەسەلەی کوردی ئێران بەستراوەتەوە بە جووڵانەوەی دیموکراسی هەموو گەلانی ئێران، ئەوا ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان پایگای تیۆری بۆ دوژمنانی خۆمان دادەڕێژین. کە ئەو وەختە لە مەسەلەی نەتەوایەتی ونیشتمانی دەشۆرێینەوە و دەبین بە بەشێک لەو دەوڵەتانە و هیچ جۆرە پێوەندییەکمان بە مەسەلەی نەتەوایەتییەوە نامێنێ. چونکە هەموو ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە لەناو ئەو ستراتیژە نەتەوایەتییە یەکگرتووەدا نەبێ، هەر لەناو زیان ونوجدان وتێکشکاندا دەژین و داگیرکەران بە ئاسانی دەمانکەنە کارتی دەستیان بۆ دژایەتی خۆمان.

ئەگەر سەرنجێک لە جووڵانەوەی نیشتمانی بدەین، هیچکاتێک وەکوو ئەم سەردەمەی ئێستا، مەسەلەی کورد و جووڵانەوەی نیشتمانی نەچووەتە سەرشانۆی سیاسی دەوڵەتان. هیچکاتێک کورد وەکوو ئێستا، یارمەتی دەردەوەی نەبووە جاچ لە ڕووی مادی و مەعنەوی بێ یان لە ڕووی بوونی دۆست، میدیا و ڕای گشتی بێ، هیچکاتێک هەستی نەتەوایەتی کورد وەک ئێستا گەشەی نەکردووە، هەرچەند بە لای منەوە لە ئاستێکی بەرز و ڕەزمەند نییە. هیچکات وەک ئێستا سێ ئاگردانی شۆڕش لە سێ پارچەی کوردستاندا گەشاوە نەبووە. هیچکات وەک ئێستا جەماوەری کورد تێکەڵاوی کێشەی سیاسی و مەسەلەی کورد نەبوون. بۆیە دەبێ ستراتیژەکە بە شێوەیەک بێ کە هەم ئاڵقە لاوازەکان وهەم ئاڵقە بەقوەتەکانی ناو جووڵانەوە، دەست نیشان بکەن. بگەنە ئەو ئەنجامە کە چ پارچەیەک ئێستا شیاوە بۆ ئەوەی جووڵانەوەی نیشتمانی کورد، قورسایی خۆی بخاتە ئەو شوێنە. جا ئەگەر کوردی تورکیا توانیان بە سەرکردەکانی تر بسەلمێنن کە ئێستا کوردستانی تورکیا شیاوە بۆ ئەوەی کە کورد قورسایی خۆی بخاتە ئەوێ.. ئیتر دەبێ تەسحییە بە زۆر شت بدەین، خۆ ئەگەر کوردستانی عێراق بەهەمان شێوە گەیشتە ئەو ئەنجامە کە کوردستانی فیدراڵی بەرهەمێکە وەدەست کورد کەوتووە.. هەلێکی مێژوویییە کە شەڕی کوێت بەو هەموو ئاڵۆزییانەی کە بەدوایدا هات خوڵقاندی، هەلێکە بۆ کورد ڕەخساوە، هەموو بگەینە ئەو سەرئەنجامە، بە تەواوی کەموکورییەکانیشەوە کە لەکوردستانی عێراقدا هەیە، ئیتر دەبێ سەرکردایەتی بەشەکانی تر بگونجێن لەگەڵ ئەو وەزعە، قوربانی بە شتی تر بدەین.

مەبەستتم ئەوەیە، بێمەوە سەر خودی پرسیارەکە، کە لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە خۆمان بەو سنوورانەوە بپەستینەوە، مەسەلەی داگیرکەر و داگیرکردن لە ئارادا نامێنێ و ئیتر جووڵانەوەی نیشتمانی عیراقی و ئێرانی و تورکی دێتە ئاراوە و زیان وئاژاوە بەردەوام دەبێ.

**● هەروەک عەرزم کردی کوردستانی ئێمەش وەک زۆر جێگای دی لەو واقیعە بەدوور نییە کە شەڕوشۆڕ وپێکهەڵپڕژانی تێدا دەبێ.. بەڵام ئەوەی من لەوچوارچێوەیەدا دەیبینم مەسەلەی نەتەوەیی توند وتیژتر بووە، بە تایبەت لە کوردستانی خۆمان، هەر وەک خۆشتان فەرمووتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی گرینگە، ئەگەر ویست و خواستی کورد یەکلابکرێتەوە یانی ئەگەر ڕێبەرانی سیاسی ئەوڕۆی کورد بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە چیان دەوێ، بەشی زۆری ئەو گیر وگرفتانە چارەسەر دەبن. جێی سەرسوڕمان ئەوەیە ئەوەی خەڵک بە ئاشکرا دەیەوێ سەرکردەکان نایانەوێ. ئێستا بۆ نموونە، ئورووپا یان ڕۆژئاوا، ئەگەرهاتوو نەخشەیەکی کەڵاڵەکراویشیان بۆ ئێمە هەبێ، دەگەڵ کام هێزی سیاسی کورد دابنیشن، دەگەڵ هەرکامیان دابنیشن ئەوی دیکەیان دژایەتی دەکا. چونکە لە ڕاستیدا ڕێبازێکی کەڵاڵەکراوی یەکگرتوویان نییە. ئەوان تەنیا مەسڵەحەتی ڕۆژ و حیزبەکەی خۆیان چاولێدەکەن. ئەمن پێموایە ڕێبەرەسیاسییەکان دەبێ پتر لە تیۆری مەسەلەی نەتەوە بە واتای سیاسی یانی دامەزراندنی دەوڵەتی میللی کورد وردبینەوە وکەڵک وەرگرن. دەبێ پرس و ڕا بکرێ ئایا لە باری تیۆرییەوە کورد نەتەوەیە؟ ئایا ئەو فاکتەرانەی کە مەفهوومی سیاسی نەتەوە پێکدێنن کوردیش دەگرێتەوە کە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی..؟ ئەگەر لەسەر ئەوانە ساغ بینەوە، ئەو خەڵک و جەماوەرەش کە بەفیڕۆ دە شەڕی خۆکوژی وەردراون ساغ دەبنەوە.. جانازانم بیر و ڕای جەنابتان چییە؟**

ـ چەند مەسەلەیەک لەم پرسیارە دەردەکەوێ. وەک گوتم، ئەمن بەتەواوی لەگەڵ ئەو بیر

ورایەم کە سەرکردایەتی کورد پێویستی بە دارشتنی ئەو تیۆرییە هەیە کە خۆمان ساغ بکەینەوە ئێمە نەتەوەین یان نەتەوە نین.

زۆرجار ئینسان لەناو قوڵایی ئەو تیۆرییەدا گیر دەخوات. ئێمە هەموو بە خۆمان دەڵێین نەتەوە و، جاری وایە لەگەڵ حیزب یا تەیارە کۆمونیستەکاندا بووەتە شەڕ و جەنگی سیاسی ونووسین. ئەوان گوتوویانە کە کورد موستەلزەماتی نەتەوەی تێدا نییە، بە پێی ئەو پێناسەکلاسیکییەی مارکسیستەکان بە تایبەتی ستالینییەت، هەروەها لە مەڵبەندی نەتەوایەتییەوە، حیزب وکۆڕوکۆمەڵە نەتەوایەتییەکانیش دەڵێن ئێمە نەتەوەین. ئەو موناقشانە لە چلەکانەوە هەیە و شوێنەواریان ماوە، دیارە بێ هۆ نییە. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە جوولانەوەی نیشتمانیی کورد سەرەڕای ئەو هەموو فیداکارییەی کراوە وکوشت و برین و ماڵوێرانییەی کە بووە لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، ئێمە دەست بەتاڵ دەرچووین ئەگەر کوردستانی فیدراڵی لێدەرکەی کە ئەوەش لە ڕاستیدا هەرچەند خەباتی بۆ کراوە، بەرهەمی خولقاوی ڕووداوە نێودەوڵەتییەکانە. خۆ ئەگەر سەرکردایەتی کورد بەو ئەقڵە سیاسییە کاملە لەسەر ساحەکە بوایە، ئەو دیاردەیە کە خولقا، ئێستا شتێکی تر دەبوو. مەبەستم ئەوەیە کۆمەڵێک ئاڵۆزی لەناو کورد خۆیدا هەیە.. من ئەو ئاڵۆزییە هەر بە شتی کاتی و ئانی نادەمە قەڵەم.

من شەخسی کۆمەڵێک ئاڵۆزی لە مەسەلەی کورددا دەبینم لە خودی پێرسۆنالێتی کورد لە ڕەفتاریدا لە ئەقڵیدا، لە مامەڵەیدا لەگەڵ خۆی و دەور وپشتی و دنیای دەرەوە. ئەمانە بەشێکن لەم دیاردانەی کە کێشەکانیان دروست کردووە. ئەو سەرکردانەی کە هاتوونە ئاراوە جیا نین لەوکۆمەڵگەیەی ئەوانی دروست کردووە. لاشم وایە لەناو باس وخواسی خودی مەسەلەی نەتەوە بە واتا سیاسییەکە و ڕەوابوونی دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی میللیی کورد. ڕاست ورێک لەگەڵ کورد، وەک بوونی مەرجەکانی نەتەوە تێیدا جووتن؛ بە ڕای من، ئەوە نەبێت کە کورد وەک نەتەوەی بێ دەوڵەت هۆش و هەستی نەتەوایەتی تێدا لاوازە و نەبۆتە ئەو هێزە مادییەی گۆڕانکاری لە ژیانی سیاسیدا بکات. ئیتر وابزانم لە سەرجەمی فاکتەرەکانی ڕەخسێنەری نەتەوە بۆشاییەک لەئارادا نییە.

**● باشە کاک مەحمود بە کورتی، ئێوە پێوەندی نێوان جوولانەوەی نیشتمانی و میللەت، بۆ دامەزراندنی دەوڵەت چۆن دەبینن؟**

ـ بەڵێ خۆی لە ڕاستیدا، مەسەلەی دەوڵەت ومیللەت و مەسەلەی جولانەوەی نیشتمانی، هەمووی بە یەکەوە بەستراون و هەر یەکەیان ئەوی دی تەواو دەکا. مەسەلەی دەوڵەت بە بڕوای من، لە هێندێک کات ودیاردەی نامۆدا نەبێ،کە دیاردەی لەپڕ ڕوودواوی لەپڕ دێنێتە کایەوە.ـ وەک دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کە پاش جەنگی دووهەمی جیهانی، هاتنە کایەوە ـ ئەگەر ئەو دیاردە هاوپێوەندانە بە ڕووداوی گەورەوە بخرێنەلاوە و لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆیانەوە بیانگری، هیچ دەوڵەتێک بێ بوونی جوولانەوەیەک نایەتە ئاراوە و هیچ نەتەوەیەک بە بێ بوونی جوولانەوەیەکی سیاسی وەکوو نەتەوەیەکی کاملی ڕەسیوی خاوەن پایگا بەبنەماکانی نەتەوە ناخولقێ. هەر دەوڵەتێکیش کە دێتە کایەوە ناتوانێ دەستبەرداری مەسئولیاتی لێپرسراوەتی مێژوویی خۆی بێ لە زیاتر ئەش ونما پێکردنی نەتەوە. نموونەی ئەو دیاردەیە کە میللەت، میللەت نەبووە و دیاردە ڕووی داوە و ڕوداوی تر هاتووەتەپێشەوە و دەوڵەتی دروست کردووە و دەوڵەتەکە هاوبەشی کردووە لە خولقاندنی نەتەوە، زۆرە. هەروەها دیاردەی بوونی جوولانەوە و هاوبەشیکردنی جوولانەوە لە خولقاندنی بنەماکانی نەتەوە ودروستبوونی دەوڵەت، ئینجا هاوبەشی کردنەوەی سەرلە نوێی دەوڵەت لەوانە. بۆیە دەڵێم ئەم سێ دیاردەیە لەیەک جیا نین و هەریەک ئەوی تر تەواو دەکات. وەک عەرزم کردن، پێم وایە هەست وهۆشی نەتەوایەتیی نەتەوەی بێ دەوڵەت لاوازە، ڕەنگە هێندێ جار کەف وکوڵ بکات و ڕووداو بخولقێنێ. بەڵام کاتییە. چونکە زیاتر لە دژکردارەوە دەخولقێ. وا تێدەگەم کە بنەما پێکهێنەرەکانی نەتەوە و خورتی وسەقامگیریی لە ڕێڕەوی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا دەبن و لە بوونی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا کامڵ وڕەسیو دەبن. بەتایبەتی لە سەردەمی هەڕەتی لاوێتی دەوڵەتەکەدا. ئەو دوو جۆرەش لە دەوڵەتی نەتەوایەتی لەگەڵ نموونەی ئازاد وخاوەن نەریتی شارستانی و دیمۆکراسیدا جیاوازن. بۆچی؟ چونکە لەمیاندا ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆکراسییەکان لە ڕیزی سەرەوەی ئەرکەکان دان، دیارە نابێ لە هەموو سەردەمەکانیشدا ڕۆڵی گرنگی سەرکردە و سەرکردایەتی لەبیر بکرێ.

**● بەڵێ.. ئێستا هاتەوەبیرم لە باسی کۆماری کوردستاندا، هەرچەند جەنابت لە نووسینەکانتدا، سەبارەت بە بارو دۆخی پێکهاتن و هەروەها هەلومەرجی ڕووخانی کۆمار و شەخسی پێشەواقازی، بۆچوونێکی مەنتیقی و قەزاوەتێکی عادلانەت خستووەتە بەرچاو، بەڵام لە زۆر نووسین و بۆچوونی کەسانی تر ـ ڕەنگە نا هەقیشیان نەبێ ـ پرسیارێک هاتووەتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەو دەمی شەڕ کرابایە یان هەڵوێستی پێشەوا شتێکی دیکەبایە، چ دەتوانرا بکرێ؟ یان هەر ئەوەی کە ئاوا تەواو بوو...**

ـ لە ڕاستیدا نرخاندنی ڕەوتی ڕووداوەکان لە حاڵەتی شەڕدا، ئەو واقیعەی ئەو سەردەمە، هەلومەرجی ڕەخساندن و مان و بەردەوام بوونی کۆمار ئەگەر بێنینەوە بەرچاو، ڕەنگەگونجاوتر بێ ئینسان دوولایەنیی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. لایەنی تیۆری و مەسەلەی شۆڕشگێڕیی، سۆز و دڵسۆزی بۆ کۆمار و لایەنی خۆشەویستی پێشەوا و ئەوەی بڕوای پێبوو کە کورد بە کوشت نەدا و مهاباد وێران نەکرێ، چووە بەردەستی دوژمن و خۆی لە پێناویدا شەهید کرد. ئەگەر لەو ڕووانەوە سەیری بڕیارەکە بکەین ئەوە دەبوو شەڕ بکرابایە. بەڵام لایەنی ئەو هەلومەرجانەی کە لەوسەردەمەدا لە ئارادابوون، ئەگەر سەرکردایەتی، وەک سەرکردایەتی کورد، ئەک هەر وەک پێشەوا بێنینە بەرچاو، ئەقڵی سیاسی و ئەقڵی دیپلۆماسیی کورد لەوکاتەدا مەزندە بکەین، ئەگەر لایەنی خوێندەواریی کورد

لەوسەردەمەدا بێنێتە بەرچاو، ئەگەر مەزندەی کەرەسەکانی شەڕ بێنینەکایەوە، هەر لە ئینسانی کورد و ئامادەیی بۆ شەڕ هەتا چەک وجبەخانە وپارە و بەراوردکردنی لەگەڵ توانا و هێزەکانی دوژمندا، لەگەڵ بوونی دەوڵەتە گەورەکان لەگەڵ دوژمندا، لەگەڵ ڕاووڕێوی کردنی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کورددا وهەوڵدان بۆ ڕواندنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، کە ڕواندی ئیتر چی بەسەر کورددەوە نەما، تەنانەت لە چووکترین مەسەلەشدا ئاوڕی لەکورد نەدایەوە؛ وا بەلای منەوە، پێشەوا قازی محەمەد چاک لە بار و دۆخەکە گەیشتبوو و زۆر چاک لە توانای کورد گەیشتبوو، بەبڕوای من ئەگەر بڕیاری شەڕکردنیش بدرایە، کۆمەڵێکی کەم نەبێ کەسی تر لە ئارادا نەدەبوو.

پێش ئەوە با دیاردەیەکی لە نامۆ نامۆتر بێنینە بەرچاو، ئەگەر لەسەردەمی پێشەوا جوولانەوەی کورد قەتیسی چوار دیوارە بەستراوەکان کرابێ، کە بەلای منەوە وایە. چونکە هەلومەرج وپێوەندییەکان هەر ئەوەیان لەباردا بوو. کەچی لە دوای کۆماری مهابادەوە، دیاردەی لە نامۆ نامۆترەکە، هاتووەتە کایەوە. جگە لەوەیکە مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان فەرامۆش کردووە، لەوەش نامۆتر ئەوەبوو کە بە ناوی بەرژەوەندیی جوولانەوەی نیشتمانی، لەم پارچە یان لەو پارچەدا، بە ناوی پەندە کۆنە ڕزیوە باونەماوەکە، کە «دوژمنی دوژمنم دۆستمە»، هاتووین جوولانەوەی نیشتمانی کوردمان پتر ئاڵۆز کردووە. لە کوردستانی عێراقدا، بەناوی ئەوەی کە کوردستانی عێراق لەشۆڕش دایە و هیچ دەربازگە و دەروازەیەکی تری لە بەردەمدا نییە، جگە لە ئێران نەبێ، دێ لەگەڵ ئێران هاوکاری دەکا، دەڵێین بەڵێ باشە، بەڵام با مامەڵەیەک بێ کە لە ئاستی فیداکارییەکانی کورددا بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، نەک ببینە یاریی دەستی ئێران، کەی بیهەوێ یارمەتیمان بدا و کەی ویستی هەرەسێکی تری وەک سالی ١٩٧٥ بخولقێنێ.

ئەگەر جوولانەوەی نیشتمانیی کوردستان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە خۆی بتوانێ لە ئاست مەسەلەکان مامەڵەی دەوروپشت بکا، با بیکا. بەڵام ئەمن لەو بڕوایە دام کە ئێمە ئێستا نەگەیشتووینە ئەو ئاستە، ئەو ئەقڵە سیاسی ودیپلۆماسییەمان نییە کە بتوانین داگیرکەرانی کوردستان بە شێوەیەک بێنین، هێز وتوانای ئەوان تەسخیر بکەین بۆ جوولانەوەی نیشتمانیی کورد و دەوڵەتی کوردی پێ دابمەزرێنین. بڕوانە تەنانەت ئێمە ناتوانین ونازانین لە یەکتری بگەین، سەرنج بدە و بزانە چی شەڕ وئاژاوەیەک خولقێنراوە..



**● کاک مەحموود هەر وەک ئاگادارن لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، نەتەنیا بەشێکی زۆر لە کوردەکانی کوردستانی عێراق، بەڵکوو تەنانەت هێندێکیش لە کوردەکانی کوردستانی تورکیا لەلایەن پێشەواقازی و کاربەدەستانی ئەوکاتەی کۆمار، بە باوەشی ئاواڵە قبووڵ کران و کار وباری زۆر گرینگیشیان پێ ئەسپێردرا کە یەکێک لەوانە بارزانی ڕەحمەتی بوو. دیارە بێجگە لەوەیکە ئینگلیس ڕاستەوخۆ دژی بارزانی بوو، تەنانەت ڕووسەکانیش هاتنی بارزانی بۆ مهاباد وبەشدرای ئەویان لە کۆماردا پێخۆش نەبوو، بەڵام لەسەر ئەو حاڵەشڕا ئەو هاوکارییە لەو سەردەمە ئەستەمەدا کرا و لە مێژووشدا جێگەی شانازییە. کەچی بە داخەوە لەو سەردەمەی ئێستادا، ئەو هاوکارییە نەتەنیا ناکرێ، بەڵکوو شیر وتیریش لە یەکتر دەکێشرێ. بۆ ئەو دیاردەیەچ بیر ورایەکتان هەیە؟**

ـ خۆی کورد لەبەر دەم دوو ڕێباز وشارێگا دایە. یەکەم کەگرینگ و بنچینەییە بتوانرێ جوولانەوەی نیشتمانیی کورد، لە سەرتاسەری کوردستان یەک بخرێ و ببێتە جوولانەوەیەکی مادی ئەوتۆ کە ستراتیژێکی ڕوون، ڕێبازێکی ئاشکرای هەبێ، لێکۆڵینەوەیەکی ورد وقووڵی سەرتاسەری ئەو مەسەلانەی کە بە جوولانەوەی نیشتمانییەوە هاوپێوەندن بکرێ. هەر لایەک لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی وبەرانبەرەکەی بگات.

دووهەم ئەو واقیعەی کە ئێستا جوولانەوەی نیشتمانیی کوردی تێدایە لە کوردستانی ئێران وکوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا.. لەو بڕوایەدام کە کورد ئەگەر لەو واقیعەی ئێستای نەگا، ناتوانێ لەو واقیعە بە شێوەیەکی ڕەزمەندانە ڕزگاری بێ. ئەو واقیعەش ئەوەیە کە ئەم سەرکردانەی کە ئێستا هەن دابنیشن ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ خۆیان دابنێن، ناڵێم بۆ جەماوەری بڵاوکەنەوە، چونکە ئێستا سیاسەت و دیپلۆماسییەت و دنیا وای لێهاتووە کە مامەڵەی سیاسەت وەکوو زانست، لە هونەری پیادەکردنی لواو دەرچووە، ئێستا خۆی فروفێڵ و تەڵەکەبازی و هەڵخەڵەتاندن لە ئارادایە ونەوانە لە ناو داگیرکەرانی کورددا پیادە دەکرێن، بێ ئابڕووانە وبە ئاشکرا بەکاری دێنن بەرانبەر بەکورد. من دەڵێم سەرکردەکان دانیشن بە پێی ئەو واقیعەی کوردستان، جوولانەوەی نیشتمانی ڕێبەری بکەن. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە سەرهەلومەرج، لەسەر فاکتەرەکان کە لە ئارادان بکەن و بگەنە ئەو ئەنجامەی کە چ بکرێ باشە، چۆن مامەڵەی دەوڵەتانی داگیرکەر بکەین؟

لە هاوینی ٩٣، کە سەردانێکی کوردستانم کردەوە، بەڕێز«مام جەلال»م بینی لە سەر ئەو وەزعەی کە لەبەینی(پ.ک.ک) و بەرەی کوردستانی و(یەکێتی)دا هەبوو.. من ئەو کاتە دوو دیاردەی زۆر ناکۆک و دژ بەیەک ئازاری دەدام، پەرلمانی کوردستان بە داخەوە یەکەم شتی کە پێیان کرد ئیعلان کردنی شەڕ بوو لە دژی(پ. ک. ک)، شەڕی کورد و کورد. ئەوە گەورەترین غەڵەتی مێژوویی بوو کە پەرلمان کردی و ئەوانەی کە ئەندامی پەرلمانی کوردستان بوون. ئەو ڕاستییەم بۆ مام جەلال باس کرد کە: شتێکی زۆر نەگونجاو و نەشیاوە، لەلایەک دێن شەڕی(پ.ک.ک) دەکەن، لەلایەکی دیکەوە پێشمەرگە و چەکدارەکانی(حدکا) و(کۆمەڵە) لە سەر سنووری ئێرانن بە ئاشکرا. مەعلوومە شۆڕشیان هەیە دژی ئێران، لە پاڵ تۆدا، بە یارمەتی تۆ، بەرانبەر بەو دەوڵەتە، دوو سیاسەتی ئامونسەجیم ونەگەنجاوە، لەگەڵ بەرژەوەندیی کوردستانی فیدراڵی، نە ئەمیان بەم شێوەیە ونە ئەویان بەو شێوەیە..

بەڵێ کاک هێرش، مامەڵەکەیان دەبێ ⬅

مـامـەڵەیەک بێ بزاندرێ چۆن ئەو سـیـاسـەتە ڕادەگـیـرێ. ئێـمـە نابێ لەو بڕوایە دابین کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان داگیرکەرانی کوردستان دێن بۆ بەرژەوەندیی کورد یارمەتی کورد دەدەن. ئێمە دەبێ تەنیا سیاسـەتمان ئەوە بێ چەند دەتوانین بەڵای ئەم داگیرکەرانە ئەختێک دووربخەینەوە. شـەڕی ئەمڕۆیان بخەینە سبەینێ، بیبخەینە حەوتوویەکی تر. بۆیە دەبێ هەموو حیزبەکان (یەکێتی)، (پارتی)، (حدکا)، (کۆمەڵە) و(پ.ک.ک) لەبەرچاویان بێ کـــە شـــەڕی کـــوردکـــردن یانی زەرەر و زیان بۆ کـــورد، دەستکەوت و بەرژەوەندیش بۆ دوژمنانی کورد. لە هەمان کاتدا(حدکا) و(کۆمەڵە) ئەگەر مەبەستیان مانەوەی کوردستانی فیدراڵییە دەبێ هەوڵی بۆ بدەن وهاوکـــاری بکەن، بۆ هێشتنەوە و سەقامگیربوون وگەشەکردنی. (پ.ک.ک) ش بەهەمـــان شـــێـــوە دەبێ ئەو هەلومەرجانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا هەیە تێی بگا. ئەمن ناڵێم(پ.ک.ک)خەبات بۆ ڕزگاریی کوردستانی تورکیا ڕۆژێک لە ڕۆژان بوەستێنێ، ئەوە کاری خۆیانە. کەس بۆی نییە بڵێ بۆ وا دەکەن. بەڵام کاری ئێمەیە، بۆ نموونە بڵێین کارێکی وا مەکەن کە دوژمنانی کورد لە کورد هەستنەوە. گیر وگرفتەکان زۆرن، با زۆرتریان نەکەین. بزانە لە کوردستانی عێراقدا، چۆن دوژمن سەرکەوتووانە پیلانەکەی خستۆتە کار.. سەیرکە بزانە چۆن سەرمان لە خۆمان و لە دۆستەکانیشمان تێکداوە.

هەموو دنیا هاوار دەکات، ئەمڕۆ کورد خۆی گەورەترین دوژمنی خۆیەتی.. زۆر غەریبە بە قـــەی ئەفـــەرێکی ئەم داگـیـرکـەر وئەو داگیرکەر، بۆ بەغدا و تاران وئەنقەرە ڕادەکەین! کەچی برایەتی یەکترمان قبووڵ نییە. لەگەڵ یەکتر دانانیشین. وا بەو ئەقڵەوە کورد بە دەستی خۆی ئەو هیوا مەزنەی زیندە بەچاڵ دەکات..


● **باشە ئەدی چارە .. ئەگەر ئەو وەیشوومە نەوەستێنرا، چارە چییە؟**

ـ چارە.. چارە زۆرە، چارە زۆرە ئەگەر ددان بەو هەقیقەتە دابنرێ کە هەر دوو لا خەتابارن، هەر دوو لا بەرپرسیارن، هەر دوو لا یاسا و مافی مرۆڤ و هەقی میللەتەکەیان پێشێل کردووە. دەبێ هەر دوو لا بێ مەرج ومەرجکاری پێکەوە دابنیشن.. یا هەر دوو لا مەرجی یەکتری قبووڵ بکەن.. یان با بە عورف ونەریتی کورددواری، یان عەشایەری، ڕیش سپی بکەینە برا گەورە و ئەوی تر هاوکار ویارمەتیدەر بێ.. یان شارستانی ودیموکرات و تێگەیشتووانە، کە ئەمیان دەستەبەری چارەسەری سەرجەمی کێشەکانە. مەبەستم ڕێبازە دیموکراسییەکەیە.

یا پێکەوە گیر وگرفت وگرێوگۆڵەکان لابەلا بکرێ.. یان با لیژنەیەکی شارەزا وبێلایەن بە سەرپەرشتی دۆستانی ئەم وڵاتانە پێکبێت، شێوە چارەسەرێکی کاتیی دابنێن و هەموو لایەن بەڵێنی ئیلتیزام بە بڕیارەکانیان بدەن.. حکومەتێکی کاتی لە شارەزا وتیکنۆکرات دابنرێ و پەرلەمان بکەوێتەوە گەڕ تا ئاو وهەوایەکی وا دەرەخسێنرێ بۆ چارەسەری یەکجاری.. نازانم لەو برسێتی وبەرۆکاوییەی میللەتەکەماندا چۆن ویژدان ناجووڵێ و شتێ لەوانە ناکەن. ئەگەر وا نەکەن وکەللەڕەقی و دواکەوتوویی بەردەوام بێ، ئەوا وای بۆدەچم کە قەیرانی بەسەر چوونی هەلەکە کەمی ماوە، وەک لە سیاسەتەکانی ئەمریکاش ڕا دەرکەوتووە، ئەو دەوڵەتە زۆرجار، لەپڕ و بێ پێشەکی بڕیارێ دەردەکا وڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدات.. دەشزانرێ چەند جۆر گوشاری داگیرکەران ودەوڵەتانی عەرەب و ئیسلام لەسەر ئەمریکایە بۆ وازهێنان لە کورد، بۆیە خواحافیزی دوور نییە، ئەگەر بە پەلە فریای خۆمان نەکەوین.. ئەوسا ئێمە و ڕژێمی سەدام لە ئارادا دەمێنین.. تۆ بڵێی مارسی ١٩٩١ و کۆچڕەوەکە لەبیر چووبێتەوە! تۆ بڵێی کوردستانی پێش کوێت لەزەین ئاوا بووبێت..!!


● **ئێوە وەک شارەزایەک، هاتنی ئەرتەشی تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا ئەوە لەئەنتیجەی ئەو ناکۆکییە نییە کە لە نێوان سیاسەتی «یەکێتی ئورووپا»لەلایەک وئەمریکا لەلایەکی دیکەوە هەیە، ئەوەش لە سەرئەو ئەساسە کە ئەمریکا بە پێی سیاسەتی سوونەتی وجێکەوتووی خۆی لە ناوچەدا، ئێستاش تورکیا هەر وەک پاڵپشتێکی خۆی چاو لێدەکا و حیسابی بۆ دەکاتەوە؟**

ـ کەمتر ئەو ناکۆکییە و زیاتریش مەسەلەکە، مەسەلەی ئەمریکا و تورکیا وەکوو شتێکی دوولایەنەی دارێژراوە، لە وردەکارییەکانی مەسەلەی کورددا نەبێ، تورکیا وەکوو دەوڵەتی داگیرکەری گەورەترین بەشی کوردستان بە نزیک ١٥ میلیۆن کوردەوە، سیاسەت ونەخشەی تایبەتی خۆی هەیە بە پێی تیۆری و ستراتیژی تورک وئاسایشی نەتەوەی تورک. ئەم هێرشەی تورکیا بۆ کوردستانی عێراق، هاوپێوەندە بەو سیاسەتەی تورکیاوە. تورکیا هەر لەسەرەتای



کوردستانی فیدراڵییەوە بە ئاشکرا دژی وەستاوە. هەر لە پێکهاتنی پەرلەمانەوە لەگەڵ سووریا و ئێران دانیشتنی ڕێکوپێکیان هەبووە، لەم پایتەخت ولەو پایتەخت ومەسەلەکەش سەرجەمی بۆ ئەوەیە کە چۆن چارەسەری کێشەی کورد بکەن بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێ. چۆن کوردستانی فیدراڵی لەناو بەرن. هەر لەو هێرشەی کە کردی بە ئاشکرا ئیعلانی کرد کە ئێمە ناکشێینەوە و بە ئاشکرا ئیعلانی کرد کە بۆشایی هەیە لە کوردستانی عێراقدا. هەروەها ئاژاوە هەیەو تا دەوڵەتی عێراق نەگەڕێتەوە ناکشێینەوە.. لە دواییدا گوتیان تا ئیدارەیەکی وا دروست نەکەین کە ئێمە ڕازی کا ناگەڕێینەوە. ئێستا دیارە لە پاش ئەوەیکە دنیای دەرەوە دژی ئەم دەستێوەردان و داگیرکردنەیە، ڕایگەیاندووە دەکشێتەوە. بە لای منەوە ئەو مەسەلانە هێندێکی هاوپێوەندی هەیە بەنەخشە یا ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە. هێندێکیشی پێوەندی هەیە بە خودی بەرژەوەندی تورکیاوە وەکوو دەوڵەت، نەک لە کوردستانی عێراق بەڵکوو لە هەر چوارپارچەکان بۆ حیسابی پاشەڕۆژ. بەلای منەوە لەناو ناوچەکە بەگشتی مەزندەی گەلێک ڕووداوی ئاینده دەکرێ کە خاڵی ناکۆک لەنێوانیاندا لەو بیروبۆچوونە ئاینده وکاتییانەدا بەهێز دەکات.

یەکێک لەوانە: تورک بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە لەناو ستراتیژی ئەمریکا، نەک هەر بۆ کێشەکان بەڵکوو گەلێک لە ستراتیژ دانەرانی ئەمریکا بۆ ئەوە دەچن کە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ڕووخاولە ئاسیای ناوەڕاستدا، مەڵبەندێکی گرنگی نەوتیین، جگە لە مەسایلی ستراتیژی وعەسکەری، شوێنێکی وەکوو خەلیجی لێ دروست بکرێ و بتوانن نەوتەکانیان بێننە سەر دەریای سپی. دیارە ئەوە



بە نێو کوردستانی تورکیادا دەڕوا، بۆیە تورکیا پێش ئەوە بیر لە کوردستان دەکاتەوە. جا لەناو ئەم دید و ستراتیژییەدا، لەناو مەزندەکردنی ڕووداوەکانی ئایندەدا، مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق، دوور نییە لە ناو ستراتیژی ئەمریکا جێگەیەکی نەبێ. لەبەر ئەوەی تەماح وخواستی تورکیا و ناسیۆنالیستەکانی تورک، بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئیمپراتوری تورکیا لە تورکزمانەکان زۆرە، هەروەها ئێرانی دوولایی وەک فارسی ناسیۆنالیست، بیری دەولەتێکی گەورەی فارس زمان(بە تاجیکستان وئەفغانستان و ئەو وڵاتانەی کەمینەی فارسیان تێدا دەژین)، یان شیعە دەولەتێکی ئیسلامی لەناوچەکە بێنێتە ژێردەست لە پاشەڕۆژدا، ئەمانە کۆمەڵێک حیساباتن کە هەر جۆرێک لە هاتنەکەیان بێتە ئاراوە ، بە تایبەت لەناو موعادەلە سیاسییەکان و لە ناو ئیسلامییە توندڕەوەکان، دەورێکی کاریگەری پێ دەبیندرێ. یەکێک لەوشتانەی پیاو بیری لێدەکاتەوە، ئەو ئایندەیەیە بۆ ئەوان، ئەو دەوردیە کە کورد دەیبینێ لەو سەردەمەدا. لەبەر ئەوە ڕازی نییە کە ئەوکوردستانەی خۆی داگیری کردووە، جوولانەوەی نیشتمانیی کورد و هەستی نەتەوایەتیی کورد، بەشێوەیەک بێ کە هاوبەشی بکا لەو ئایندەیە. مانەوەی کوردستانی فیدرالی بەو شێوەیە، هۆیەک دەبێ بۆ نەشوغاکردنی هەستی نەتەوایەتی لەوشوێنانەی کەکورد لە ئارادایە. بوونی ئەمانە بەشێک لە بیرە ئرخێندراوەکانی تورکیان. زیاتر لەوەش بوونی کوردستانی فیدرالی بەو شێوەیەی کە هەیە، بووەتە مەڵبەندێک بۆ پەناهەندە سیاسییەکانی کورد یا ئەو پەناهەندە کوردانەی کە لە دەست زوڵم وزۆریی تورک ڕادەکەن. ئەوە خۆی بووەتە مەڵبەندێکی میدیای دنیا کە زۆرداریی تورکان نیشان دەدەن وەمەشاکیل بۆ تورکیا دروست دەکەن، جگە لە کێشەی(پ. ک. ک)کە ئێستا مەترسییەکی گەورەیە.. لە ناو (یەکێتی ئەورووپا)، ڕۆڵی بەربەرەکانی ئەورووپا بۆ ئەمریکا، لە تورکیادا بەدژ وەستاندنی هێرشەکە دەرخرا. ئەخشەی (یەکێتی ئەورووپا)بۆ تورکیا.. زیاتر لە مەیدانی ڕاکێشانێتی بۆ ئەو یەکێتییە، بەڵام نەک بەوکێشە قەپانەوە، ئەوەش سەنتەری مامەڵەی بەربەرەکانییەکەیە لەگەڵ ئەمریکادا.

**● وەک ئاگادارن ئەو ڕۆژانە ئامیلکەیەک بە نێوی«پرۆژەی دەستووری کۆنگرەی گەلی کوردستان»لە سوید بڵاوبووەتەوە. بە عەقیدەی جەنابت بەو جۆرە چالاکییانە، کوردەکانی هەندەران تا چ ڕادەیەک دەتوانن یەک بگرن وبەربەرچی ئەو هەڵسوکەوتە ئالەبارانە بدەنەوە کە لەکوردستان ڕوو دەدەن؟**

- بە لای منەوە هەموو جوولانەوەیەک لەبەر تیشکی بەرژەوەندی نیشتمانیی کورددا بێت، ڕەوایە. هەموو نووسین وقسەکردن و بۆچوونێک کە بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتی و دەست نیشانکردنی هەڵە و گیروگرفتەکان بێ، ڕەوایە. بەڵام دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە ئەو چالاکییانە تاچ ڕادەیەک کار لە واقیعەکە دەکات. کار لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات. ئیتر کێشەی چووک بێت یان گەورە. کێشەی دوو هێزی چووک یان دوو هێزی گەورەی کوردستانی بێت. بەلای منەوە ئەو جوولانەوەی لە دەرەوە هەیە، شتێکی کۆنە و تازە نییە.

چەندین ساڵە کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیر کە خۆیان بە جوولانەوەی نیشتمانیی وڵاتەکەیان بەستووەتەوە لەناو بوونی کۆمەڵێک گیروگرفتی جوولانەوەی نیشتمانی کوردستان و بەتایبەتی لەناو شەڕی ناوخۆییدا، کێشەی گەورە دەبینن و، لەناو ئەو بینینەدا هەوڵ دەدەن چارەسەرێک بدۆزنەوە بە پێی بۆچوونی خۆیان. ئەو کۆمەڵە خەڵکە سێ جۆرن: خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆشنبیری وا کە کێشەکانی کوردستان لە ناخەوە ئازاریان دەدا و وایان لێدەکا بجووڵێن و جوولانەکەش بە مەبەستی گۆڕانکاری بێ. خەڵکی تری تێدایە نیگەران و دڵساردن، عاجزبوون لەم ڕێکخراو و لەو ڕێکخراو، دەیانەوێ پاکانە بۆ ئەوە بکەن کە بە جێ هێشتنی کوردستان لەسەر ویست و خواستی خۆیای نەبووە. بەڵکوئەو زروفانە پاڵی پێوە ناون. هەروەها خەڵکانێکی تێدایە، لەوانەیە لە ناحەزیی و خۆشەویستی مەنسەب و پایە و خۆ دەرخستنەوە بێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، جوولانەوەکە چەند ڕەوابێ دەبێ ئەوەندەش پێوەندی بە واقیعی کوردستانەوە هەبێ. دەبێ بۆ گۆڕان بێ لەناو زەمینەی کوردستاندا. ئێمە لە دەرەوە چەند قسان بکەین باشە چەند سمینار وکۆڕ و کۆبوونەوە بکەین باشە. بەڵام لەگەڵ ئەوانە، دەبێ لەو واقیعەش بگەین، یەکەم ئەگەر لە سەر زەمینەی کوردستان نەتوانرێ گۆڕانکاری بکرێ، لە دەرەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆمان بە ناوەوە نەبێ زۆر زەحمەتە. دووهەم ئەو حیزبانەی کە ڕەگ وریشەیان داکوتاوە و تووشی ئەو غەڵەتە گەورانەش بوون.. کەچی هەرماون و جەماوەریشیان لەگەڵ دایەبۆچی...؟ ئێمە دەبێ بتوانین لەو واقیعە بگەین.

وا دەزانم ئەو جۆرە کارانەش زیاتر ئاڵۆزی دەخولقێنن، جارێ ئەو ڕێکخراوەنەکەوتۆتە سەر پێ، بە نوێنەر وسەرکردەی هەموو کورد، بە هەمو حیزب وڕێکخراوەکانەوە، دانراوە، بەپێی پرۆژەی دەستوورەکە دەبێ هەوڵ بدەن جێگەی نوێنەرانی حکوومەتی فیدراڵی و حیزبەکان، لەم وڵاتانەدا بگرنەوە، کە ئەم جۆرە شەڕانە میللەتەکەمان زیاتر ناخۆشەویست دەکات. لە هەمووی سەیرتر خاڵ وبەندەکانی پرۆژەی دەستورە نووسراوەکەیە، کە زۆر ناکۆکن و خاڵی دژ بە یەک و دژ بە دیمۆکراسی و دەستووری و فرەلایەنی زۆر تێدایە. ئاندێنسی پاوانی دەسەڵات و جیاکردنەوەی خەڵک و ئەندام وەرگرتن و وەرنەگرتن بە پێی جیاوازی بیر وباوەڕی زۆر تێدا دیارە.. و زۆر شتی تر.

خۆ جەنابیشتان دەزانن ئەم جۆرە کارانەش زیاتر بەو کەسانەوە بەستراوەتەوە کە پێی هەڵدەستن. ئەمەی لە سوید ڕوویداوە.. کەسیان ئاناسم، ناوی یەکدوویەکەم بیستووە، ئەوان لە زۆر کاری تردا سەرکەوتوو نەبوون.

لام وایە ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە، هەقە لە ئەقلییەتی ناوەوە، لەبیری خولیای دەسەڵات وحوکمڕانی خۆیان ڕزگار بکەن.. ئەرکی ڕۆشنبیریی و کولتوری و زانستیی زۆر گرینگە، یا مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتوو بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی هەمە لایەن دامەزرێنن، یا زەمینە بۆ گۆڤارێکی ڕوخسار ئینسکلۆپیدیا بڕەخسێنن.. یا لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنەی جوولانەوەی نیشتمانیی، گیر وگرفت وگرێ و گۆڵەکان، هۆی هەڵە و شەڕ وپێدادانەکان، ڕێبازی مێژوویی و جۆری گرتنەبەری

ستراتیژێکی نەتەوایەتیی یەکگرتوو ئەنجام بدرێ، با بیر لەوانە بکرێتەوە و کار بۆ ئەوانە بکرێ.. حیزب وسەرکردە زۆرن، پێویستمان بە کەمکردنەوە وقرتاندن هەیە، نەک زۆرکردن بە مەبەستی بەرژەوەندیی خۆیی دوور لە دەستکەوتی گەل.

● **یانی کاک مەحموود، بیر ورای گشتی ئەو خەڵکانەی کە ئێمە بە ئێوی کوردی دەرەوە ناویان دەبەین بە تایبەت لە سوێد کە خۆشمان لە وانین.. تەنسیرێکی ئەوتۆی نابێ لەسەر بارو دۆخی ئێستای کوردستان؟ ئەگەر بە ڕاستی ودڵسۆزییەکی تەواوەوە هەوڵ بدرێ..**

- ئێستا کورد چەند شتی دەوێ. یەکەم لە شەڕی ناوخۆیی ڕزگاری بێ. دووهەم ئەو دوو هێزە گەورەیەی کوردستانی عێراق تەبا بن. سێهەم حکوومەتێکی بەهێزی وا بهێنرێتە ئاراوە کە حکوومەتی کورد بێ نەک هی حیزب. هەڵبەتە با حیزەکان سەرکردایەتی بکەن، بەڵام دەبێ بەڕاستی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی کوردیان لەبەرچاو بێ. دەبێ بۆ چارەسەری ئابوورییەکە و ئەو گوزەرانە بەرەوکارەسات چوونە کار بکەن.

من پێموایە لە دەرەوە زۆر زەحمەتە گۆڕان بکرێت... ئێستا لەو شەڕەدا ئەمریکا کەوتووەتە نێوانەوە، گەورەترین مەسئوولی ناوچەکەی نارد بۆ ناوبژی کردن، تەنانەت بە هەڕەشەش نەیتوانیوە ئەو شەڕە ڕابگرێ. بۆچی؟ چونکە بەشتێکی ئاسایی نایەتە بەر چاوم. بە کێشەی مام جەلال وکاک مەسعود نایەتە بەرچاوم..

● **یان گومرگی برایم خەلیل..**

- .. بەڵێ، هەرچەند ئەو دوو حیزب وئەو دوو سەرکردەیە دەتوانن دەور ببینن بۆ ئاشتبوونەوە و وەستاندنی شەڕ. ئەوانە زۆر گرینگن بەڵام شەڕەکە تەنیا شەڕی داگیرکردنی هەولێر وەکوو پارتی یان گومرگی برایم خەلیل نییە، هەرچەندە ئەمەیان شادەماری ئابووری حکوومەتەکە بووە. من بڕوام وایە ئەوەی لە کوردستانی عێراقدا هەیە.. پیلانێکی داگیرکەرانە و نەخشەیان هەیە بۆی..

● **ئێستا کوردستانی خواروو، بووەتە دوو ناوچەی سۆرانی وبادینی هەرچەند لە هەر دوو حیزبەکەشدا هەم سۆرانی هەیە و هەم بادینی.. بەداخەوە وای لێهاتووە..**

- .. بەڵێ وایە، جا لەبەر ئەوە بڕوام وایە ئەو شەڕە شەڕی ئێران و شەڕی تورکیایە، ئینجا کێ لە گەڵ ئێران و تورکیا عەلاقەی زیاتر بێ، ئەوە زیاتر ئاڵۆزکاوی ناو پیلانەکە دەبێ و زەرەر زیاتر لە کورد دەدات. دیسان هەڵوێستی زلهێزەکان و ئابلۆقەی، ئەم حاڵەتی مۆڵەقییە، بێ پێناسینی یاسایی، خۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتان هاوکارە لەو کێشانەدا..

● **یانی پێت وایە عێراق دەستی تێدا نییە؟**

- بەڵێ، .. چۆن؟! بڕوام وایە کە عێراق لەگەڵ تورکیا ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ، بە ئاشکرا و زیاتر بە نهێنی تێهەڵکێشی پیلانەکەیە. ئەی ئەو هەموو هەوڵ وتەقەلایەی تا ڕژێمی سەدام بهێنرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتان بە خۆڕاییە. .ئەوت ومەسەلەی کوردان و بەتایبەتی کوردستانی فیدراڵی، جەوهەری سیاسەتەکەی تورکیایە لەم هەرێمە بچووکەدا، مەبەستم لە سیاسەتی دەردوەیەتی کە خولقاندنی گفتوگۆی ڕژێم و کوردە.

جگە لەوەش، ئێران کە وەکوو دەوڵەتێک لەناو ستراتیژیدا نییە، کورد ببێ بە دەوڵەت و تەنانەت چووکترین مافی نەتەوایەتیشی بۆ دانانێ، هەوڵ دەدا سەدام حوسێن کە شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵدا بووە، بگەڕێتەوە تا کە کوردستانی فیدراڵی بەم شێوەیەی بمێنێتەوە.

● **ئاخرین پرسیارم سەبارەت بەو بەڵگەنامە و دێکۆمێنتانەیە کە لە کتێبەکەتدا: «دەوڵەتی جمهوری کوردستان»هاتوون. ئەگەر دەکرێ چۆنیەتی وەدەست خستنیان ڕوون بکەنەوە؟ چونکە بەکارێکی شاز دەزاندرێ..**

- لە مارسی ١٩٧٣دا، بە هۆی کێشەی زەوی و زارەوە، «حەمەڕەشید خان»کە لە (دارۆخان)بوو، لە پارتی زیزبوو بوو. جا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە سەردانێکی ناوبراوم کرد. دوای دانیشتن وگەیشتنە ئەنجام لەکارەکەدا.. خوازیێتی ئەو ئامانەی سەردەمی کۆماری کوردستانم لێکرد، کە دەمزانی زۆری لاماوە. بە«بەهنامی مەجیدخان» کە کوڕەزای خۆی بوو، ئەمری کرد گۆنیی نامەکان بهێنێ. نیوە گۆنییەک دانرایە بەردەمی.. ئیتر بێ سێ ودوو دایە دەستم و پێشکەشی کردم. منیش زۆر سپاسم کرد،

ئەو باسەم لە هەردوو چاپەکەی«کۆماری میللی مەهاباد»(١٩٨٤ و ١٩٨٦)دا باس کردووە. دیسان لە ڕۆژنامەی«کوردستانی نوێ» ژمارە: ٥٣٩، ٥٤٠ و ٥٤١، لە نووسینێکمدا لە سەر کتێبی«دەوڵەتی جمهوری کوردستان» کە وەڵامی نرخاندنی کتێبەکەیە، ئەوەم سەرلەنوێ نووسیوەتەوە. درێژەی چیرۆکەکەم بۆ دوا بەرگی ئەم کتێبە داناوە، بە پێی پلانی نووسینەکانم.

● **زۆر سپاست دەکەم کاک مەحموود، وەختمان گرتی.. هیوادارم لە کارەکانتدا سەرکەوتوویی.**

- منیش سپاستان دەکەم، بۆ ئەرک وزەحمەتتان.. هیوامە«گزینگ»هەروا ڕەنگین و ناوەڕۆک دەوڵەمەند بێ. ■

## سێسەدەی «مەم وزین»ی خانی

ژمارەی داهاتووی «گزینگ» (ژمارە ٩، ئۆکتۆبری ٩٥)وەک ژمارەیەکی تایبەت، بۆ بیرەوەری سێسەدەمین ساڵی دانانی «مەم و زین»ی خانی شاعیری گەورەی کورد، تەرخان دەکرێ.. بەم بۆنەوە لە هەموو زانایان ونووسەران و شاعیران داوا دەکەین کە بە ناردنی وتار و نووسراوەی جۆراوجۆر یارمەتیمان بدەن، بەتایبەت ئەو وتار ونووسراوانەی کە ڕۆشنایی زیادتر دەخەنە سەر ئەو زانیارییانەی کە تا ئێستا لە سەر ژیانی شاعیر و بەرهەمە مێژووییەکەی وەرووخراون..

پێویستە ئەوەش بە هەرزی یارمەتیدەران و یارانی ئەهلی قەڵەم بگەیەنرێ کە نووسراوەکان لاتیکەم لەچوار تا پێنج لاپەرەی(A4) زیادتر نەبن و هەروەها تکاش دەکرێ کە وتار و نووسراوەکان تا ڕۆژی ٩٥/٨/١٠ بە ئادرێسی گزینگ ڕەوانەبکرێن.

# ڕیپۆرتاژ

هاشم

## دوو میوانی بەڕێز
## چوار سیمیناری تیشکهاوێژ

○ لە ڕۆژانی شەممۆ ٢٧ هەتا دووشەممۆ ٢٩ی مانگی مای چوار سیمیناری بەنرخ لەسەر «کورد» لە سوێد بەڕێوەچوون. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەم سیمینارانە بنووسم.

بەر لەوەیکە لێرەدا، کورتەی باسەکان بۆ خوێنەردوانی بەڕێزی«گزینگ»بگێڕمەوە، پێویستە ئاماژەیەک بۆ دوو میوانی ئازیز بکەم کە لەو ماوەیەدا هاتبوونە سوێد و، بوون بەمایەی دڵگەرمییەکی زۆر بۆ هۆگرانی لێکۆڵینەوەی زانستی و بنەڕەتی لەسەر کورد و زمانی کوردیی.

لەسەر بانگهێشتنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و هەروەها ڕێکخراوی کۆمەڵەی بارهێنانی کرێکاران(ABF)لە سوێد، بەڕێزان پرۆفیسۆر جۆیس بلاو(Joyce Blau)و دوکتور مارتین ڤان براونیسن(Martin Van Bruine-sen)، بەبۆنەی«کۆنفەرانسی بیرەوەری سێسەدەمین ساڵی دانانی"مەم و زین"، بۆ دوان و وتارخوێندنەوە لەسەر بەرهەم وکەسایەتی «ئەحمەدی خانی» شاعیری گەورەی کورد، هاتنە سوێد.

یای مامۆستا جۆیس یەکێک لە پسپۆرانی بەناوبانگ وهەڵکەوتووی لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردییە.کتێبی ڕێزمانی کوردیی یای جۆیس سەرچاوەیەکی گرینگ وماتریالێکی سەرەکییە بۆ خوێندکارانی زمانی کوردیی. ئەو، ماوەیەکی دوور و درێژە کە لە زانستگای«سۆربۆن»ی پاریس دەرسی کوردی دەڵێتەوە. هەروەها گەلێک وتار ولێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لە سەر کۆمەڵگای کورد و زمانی کوردیی پێشکێش کردووە.

ناوی مارتین ڤان براونیسن، ئانترۆپۆلۆگی بەناوبانگی هولەندی، بۆ بەشێکی زۆر لە کوردان، ناوێکی ناسراوە. تێزی دوکتورای مارتین بە نێوی«ئاغا، شێخ ودەوڵەت»کە لەساڵی ١٩٧٩، لە زانستگای«ئوتریخت»پێشکێش کرا، بەهەق بووەتە سەرچاوەیەکی زانستی لەسەر ستراکتوری کۆمەڵگای کوردەواری. ئەو کتێبە تەنیا بە زمانی ئاڵمانی وئینگلیزی(و لەم دواییانەدا، بە تورکی وەرگێڕدراوە بەڵام مارتین خۆی لە تەرجومەکەی ڕازی نییە)تەرجومە کراوە و بە داخێکی زۆرەوە هەتا ئێستاش وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی. مرۆڤ دەبێ هیوادار بێ، وەرگێڕێکی هەڵکەوتووی کورد بە پیری ئەم بەرهەمە بەپێز وپێویستەیەوە بچێ و بیێنە هۆی ئەوە کە خوێندەواری کوردیش، تام و چێژ لەو نۆبەرە بێ وێنەیەی مارتین وەرگرێ.

کاک مارتین وێڕای دەرس گوتنەوە لە زانستگای«ئوتریخت»، خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەرسیاحەتنامەی«ئەولیای چەلەبی»یە. بەخۆشییەوە دەبێ بگوترێ کە هێندێک لە وتارەکانی مارتین لە گۆڤارە کوردییەکانی سوێد(ڕۆشنبیری نوێ، ڕابوون، گزینگ)بڵاوبوونەتەوە.

ئەم دوو میوانە بەڕێزانە، لە سەعات ١٠ی ڕۆژی شەممۆ ٢٧ی مانگی مای،لە ساڵۆنی(ABF)ی ستۆکهۆلم بەشداری سیمینارێک بوون کە بۆ بیرەوەری«سێسەدەمین ساڵی دانانی"مەم وزین"پێکهێنرابوو. مێوانێکی تری ئەم سیمینارە، بەڕێز کاک«موراد جوان»بوو. یەکەم ئاخێوەری سیمینارەکە، یای جۆیس بوو کە بە زمانی ئینگلیزی قسەی دەکرد و لەلایەن کاک«حەسەنی قازی»یەوە تەرجومە دەکراوە.یای جۆیس بەوردی لەسەر ژیانی ئەحمەدی خانی وهۆی دانانی"مەم وزین" لەوسەردەمیدا، قسەی کرد. ئاخێوەری دووهەم موراد جوان بوو کە سەبارەت بە سەردەمی ژیانی خانی و بەتایبەت باری گشتی ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی شاعیردا دوا. ئاخرین کەس مارتین بوو کە باسی ناسیۆنالیزمی کوردیی کرد و جێگای ئەحمەدی خانی لە پرۆسیسی پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، بە وردی خستە ژێرباس. لەم سیمینارەدا زیاتر لە دووسەد کەس بەشدارییان کردبوو..

○ هەر لەم ڕۆژەدا، سیمینارێکی دی لە شاری(یۆتەبۆری) پێکهات کە لەلایەن کاک«مەحموودی مەلا عیزەت»ەوە بەڕێوەچوو. کاک مەحموود لەم سیمینارەدا کە خەڵکێکی بەرچاو بەشدارییان کردبوو، باسی شۆڕشی «شێخ مەحموود»ی ئەمری لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٣لە باشووری کوردستان کرد.

○ ڕۆژی یەکشەممۆ ٢٨ی مانگی مای لە ساڵۆنی(kistaträff)لە ستۆکهۆلم، سیمینارێک لەلایەن کاک«ڕەفیق سابیر» و کاک«عومەر شێخموس»ەوە بەڕێوەبردرا کە کاک ڕەفیق باسی«تیرۆریزمی نەتەوەی ئەخۆش»ی کرد و کاک عومەریش لەسەر«جیهانیکردنی مەسەلەی کورد»دوا. لەم سیمینارەدا زیاتر لە ١٥٠ کەس بەشدارییان کردبوو.

○ ڕۆژی دووشەممۆ ٢٩ی مانگی مای، لەلایەن «ئەنستیتۆی زمانەکانی ئاسیا و ئەفریقا»ی زانستگای ئوپسالا، «سەمپۆزیۆمێکی کوردیی»بەڕێوەچوو کە لەم کۆڕەدا چوار کەس وتاریان پێشکێش کرد:

١) پرۆفیسۆر جۆیس بلاو، لەسەر هەلومەرجی خوێندنی کوردیی لە زانستگاکانی جیهاندا بە پوختی قسەی کرد وزۆر زانیاریی بەنرخی خستەڕوو.

٢) کاک «فەرهاد شاکەلی» لەسەر پەخشانی کوردیی قسەی کرد.

٣) خوێندکاری دەورەی دوکتورای زانستی(عولومی) سیاسی کاک«خالید سالح»، وتارێکی بەنێوی"لەناوبردن لەژێر سێبەری دانپێدانان دا»پێشکێش کرد کە لە وتارەکەیدا بە شێوەیەکی زانستیی پیلانەکانی ڕژێمی عێراقی دژ بە کوردان شی کردەوە.

٤) دوکتور«بورهان یاسین»، وتارێکی لە سەر تێزی دوکتوراکەی پێشکێش کرد کە لەسەر بارودۆخی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٤١ ـ ١٩٤٧ نووسراوە. تێزەکەی کاک بورهان بە شێوەی کتێب بە زمانی ئینگلیزی بەنێوی«خەیاڵ یان واقیع»(vision or real-ity) لەلایەن زانستگای «لوند»ەوە بڵاوکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا شایانی باسە بڵێم هەموو وتارەکانی پێشکێشکراو لەو سیمینارانەدا، لەسەر کاسێت تۆمار کراون و هیواداریین بتوانرێ لە دەرفەتێکی گونجاودا،بە گوێرەی پێویست، دەقی هێندێک لەوباسانە بە خوێندکار وخوێندەوارانی کورد پێشکێش بکرێ. ■

# باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن لە کوردستاندا

لێکۆڵینەوە و نووسینی:
«ژیلا. ف. و تەیفوور»

(٢)

**بەرلە زەردەشت (شارستانیەتەگەورەکانی نێوان دووزێ)**

لەم بەشەدا باسی ئەو شارستانییەتە سەرەتاییانە دەکرێ کە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی و داسەپانی یاساکانی ئەم ئایینە بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا لەم ناوچە یا لە جیرانەتی ئەم ناوچەیەدا هەبووە.

بۆ ئەوەی بزانین لە هەر دەورەیەکدا مافی ژن لە یاساکاندا چۆن دیاری کراوە دەبێ سەرنجی چەند شت بدەین: پێش هەموو شتێک دەبێ سەرنجی ئایین بدەین. لە نیزامی ئایینی کۆمەڵدا پلە وپایەی ژن چەندە، ئەمە بە دوو شتدا دەزانرێ، یەک: چەند لە خوداکان یان مەلایەکەتەکان جنسییەتی ژنیان هەیە، دووەم وتارە ئایینییەکان بە چ شێوەیەک تێوی ژن دێنن.

پاش ئەوە سەیری یاسا نووسراوەکان بکەین و لەوێدا ئەم بابەتانە ڕەچاو بکەین.

**یاسای کچ بە مێرد دان و چۆنیەتی سەوداکردن لەم بوارەدا.**

**جیاوازی مافی ژنی منداڵدار و ژنی بێ منداڵ.**

**دەسەڵاتی ژن لە نێو ماڵدا و بەسەر منداڵدا.**

**مافی ژن لە کاتی تەڵاق و جیابوونەوەدا.**

**یاسای دانراو بۆ زینا.**

**مافی سەودا و ژیانی کۆمەڵایەتی.**

**بەشی ژن لە میراتدا.**

**یاسای دانراو بۆ هەرزەکاری.**

دیارە سەبارەت بە شارستانییەتە کۆنەکان ئەوەندە نووسراوە و شوێنەوار بەدەستەوە نییە کە هەمووی ئەم بابەتانە بە وردی ڕوون بکرێتەوە، بەڵام بەپێی ئەوەی کە لەدەست دایە دەکرێ هەتا رادەیەک چۆنیەتییەکە دیاری بکرێ.

بۆ نیشاندانی پەیوەندی شارستانییەتە جیرانەکان کورتەیەک لە مێژووی ئەوانە کە پەیوەندی بە ناوچەی کوردەوارییەوە هەیە لە پێشدا باس دەکرێ.

**١) زاگرۆس**

لە سەرتاسەری زاگرۆسدا هەر لە ئاگرییەوە بگرە هەتا دینا (لە لۆری گەورە) چوار شارستانییەت نێویان ماوە بەڵام هێشتا ئەوەندە شتیان لێ نەدۆزراوەتەوە کە ڕوون کەرەوەی چۆنیەتی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەم دەسەڵاتدارییانە بن. لە هۆزەکانی رەمەنی دانیشتوو لە سەرتاسەری زاگرۆسدا وەکوو "لۆلۆیی"، "گۆتی" و"کاسی" ئاسەواری دەورەی مێژوو وەک بەردنووس وپەیکەرە، ئەوەندە نین کە بە پێی ئەوانە بتوانین یاساکانی ئەو دەسەڵاتدارییانە دیاری بکەین. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەم هۆزانە بەزۆربەیی لە ژێر ڕکێفی ئیمپراتوورییەکانی بابل و ئاشووردا بووە و، یا ئەمان بەسەر ئەواندا زاڵ بوون. بەم جۆرە تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە. کەوابوو دەکرێ بە پێی باسی هاوسێیەکانیان "سومر و بابل و ئەکەد" وای دابنێین کە ئەوانیش لەو رەسم ویاسایە زۆر دوور نەبوون بۆ وێنە لە ناو گۆتییەکاندا ژن توانیویەتی ببێ بە فەرماندەری سوپا (١ل٣٢) یان لە بەرد نووسی "ئانوبانینی" (٢٥٥٠-٢٦٧٠) پادشای لۆلۆیی ژن خودا نی نی ninni دەبیندرێ کە بازنەی پادشاهی دەدا بە "ئانوو" ودوو دیلیشی پێشکەش دەکا (١ ل٣٦). تەنیا جیاوازییەک کە بەدی دەکرێ ئەوەیە کە خێڵەکانی زاگرۆس (جگە لە عیلام) زیاتر گرینگییان بە ئاژەڵداری داوە و کەمتر خەریکی شارستانییەتی نیشتەجێ

و وەرزێری بوون. ئەم جۆرە کۆمەڵانە زۆر زوو پیاو سالارییەکی توند و تیژیان بەسەردا دەسەپێ و ژن زۆر کەم دەسەڵاتتر لە کۆمەڵی وەرزێرییە. دیارە لە کۆمەڵی وەرزێریشدا دەسەڵاتی ژن هەتا ئەو کاتەیە کە باژێرە گەورەکان پێک نەهاتوون.

لە ژیوەری مەزنی عیلامدا (لوڕی گەورە) دیاردەی زۆر هەیە کە جێگای بەرزی ژن لە ئایین ودەسەڵاتدا نیشان دەدەن، بەڵام ئەمە چەندە لە کۆمەڵدا رەنگی داوەتەوە دیار نییە، چوونکە خەتی عیلامی هێشتا نەخوێندراوەتەوە(٢ ل ٣٦)و ئەو شتانەش کە بە خەتی سومری یا بابلی نووسراون ئەو ڕێنوێنییەمان ناکەن. دەتوانین بڵێین بردنی کۆڵەکە یاسای حەموڕابی بۆ شوش جگە لە رەمزی سەرکەوتن جۆرێک باوەڕ بەو یاسایەش دەگەیەنێ، چوونکە عیلامییەکان نە تەنیا ماوەیەکی زۆر بەسەر بابل دا زاڵ بوون بەڵکوو هەتا ناوچەی کەرکووکیان بەدەستەوە بووە (لە ١١٦٥تا١١٥١پ ـ ز). بە پێی لێکۆڵینەوە لە هێندێ ئاسەوار دەردەکەوێ کە ژن لە سەرۆکایەتی ئایین و دەسەڵاتدا تا ڕادەیەک بەشدار بووە.

ـ لە "سنجاخ"ەکانی دەورەی عیلام دا دیەتی ژن خودای فەراوانی، رسق و... دەبیندرێ کە نێوی کیریرشا Kirirsha بووە ودەیان سەدە پەرستراوە. ئایینی ئەم ژن خودایە بە " نانایە Nanaia " ناسراوە کەتا دەورانی "پارتی" یەکان درێژەی هەبووە وپەیکەرەکەی لە گۆڕستانی پارتییەکاندا دۆزراوەتەوە. نێوی ئەم ژن خودایە ئێستاش لە سەر دایە گەورەکانی کورد« نەنە ـ نەنک » هەرماوەتەوە.

ـ " لە گوندی کوڕانگۆن لە خاکی مەمەسەنیدا هێندێ نەخش بەسەر تاشە بەردەکانی کێوێکەوە ماوە کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ ـ ز، بە پێی لێکۆڵینەوەی " هرتسفلد " دوو خودای ژن وپیاو نیشاندەدا کە لە سەر تەختێک کە لە شێوەی مار پەپکەی داوە دانیشتوون. (١ ل ٣٧)

ـ ژن خودا "ئینشوشیناک"Inshushinak یەکێک لە خودا گەورەکان بووە کە بە خودای نەتەوەیی ناسراوە وبۆخۆی ژنی "شالا" گەورە خودای عیلام بووە.

ـ پەیکەرەی شاژن "ناپیر ئاسۆ"Napir,asu ژنی شا "ئونتاش" کە لە برۆنز دارێژراوە ١٧٥٠ کیلۆیە. لە سەر داوێنی ئەم پەیکەرە نووسراوە: "هەر کەس ئازارێک بەم پەیکەرە بگەیەنێ تووشی هەموو جۆرە بەڵایەکی ئاسمانی دەبێ" سەرەڕای ئەوەش سەریان پەڕاندووە.( ١ل ٣٦)



پەیکەرەی شاژنی عیلام "ناپیر ئاسۆ"

**٢) سومر**

سومرییەکان لە بەشی سەرەوەی یەکاوی ئەروەند(شط العرب) ولەدوو بەری ئەم چۆمەدا ژیاون.

دۆزراوەکانی شاری " ئۆر " نیشانددا کە شارستانیەتی سومری دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠( پ ـ ز)و ئاوەدان کردنەوەی یەکێک لە شارەکانیان بە نێوی " نیپوور " دەگەڕێتەوە بۆ( ٥٢٦٠پ ـ ز).

سومر و ئەکەد لە ٢١٤٠ دا یەک دەگرن. سومرییەکان دەبنە ژێر دەستەی ئەکەد ـ و " کەلدە " پێک دێن. کە سەرانسەری خاکی دووزێ دەگرێتەوە. لە ئاکامدا دەوڵەتی بابل پێکدێ.

یەکەم یاسا کە نووسراوەتەوە یاسای سومرییە. بەلە بەر چاو گرتنی ئەم یاسا و تەواشا کردنی یاسای بابل دەکرێ بڵێین ڕەوتێکی ئاوەهای هەبووە.

سەرەتایی ترین یاسا کە مرۆڤ دایمەزراندووە یاسای تۆڵە ئەستاندنەوەیە(قەساس ). دوای ئەوە کە هێز دامەزرا وسەرۆک هێز پەیدا بوو جەریمەدانرا. کاتێک پیاوی ئایینی بوو بە خاوەن دەسەڵات ودامودەزگای پەیدا کرد، برێک یاسای دانا و بوو بە نێوبژیکەری خەڵک، بەرە بەرە یاساکانی بوون بە یاسای ئاسمانی وبۆ خۆشی بوو بە نوێنەری خودا، ئەمە سەرەتای پێکهاتنی دادگە ئایینییەکانە و، هەر چۆنێ بێ سەرەتای پێکهاتنی مەحکەمەیە.کاتێک کە دەوڵەت پێکهات بوویە شەریکی دادگەی ئایینی. جەنگاوەرە سەرەڕۆکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و خۆیان کرد بە پادشا و دواتر بوون بە نوێنەری خوداش. یانێ هێزی ئایینی و سوپایی تێکەڵاو بوون، ئەو کاتە یاسایەکی تازە هاتە گۆڕێ و پاراستنی کۆمەڵی وەئەستۆگرت. لێرەوە بە دوا پێویست بووە یاسایەکی نووسراو هەبێ و ئەم یاسا تێکەڵاوێک بووە لە شەریعەت و داب ونەریت وفەرمانە دەوڵەتییەکان.

بۆ یەکەم جار ئەم یاسا نووسراوە لە سومر هەبووە. کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی یاسای بابل، بەڵام یاسای سومر سەبارەت بە ژنان برێک لە یاساکانی بابل نەرمترە. دەکرێ بڵێین لەو کاتەدا گەرچی باوک سالاری وپاشایەتی جێ کەوتبووە، بەڵام ژن هێشتا بە تەواوی بێ دەسەڵات نەببووە. هێشتا لە ئایینی سومریدا چەندین خودا هەبووە کە ژنن، وەکوو "نانایە" کە خودای دۆژ(باکرە)ی زەوی بووە وخودای تایبەتی شاری "ئۆر". خودای شاری کیش لاگاش "نینگرسگ" (دایکی خەمخۆر) بووە، کە پێیان وابووە خەمی خەڵک دەخوا و لەلای خوداکانی دیکە بۆیان دەپاڕێتەوە. هەر وەها یەکێک لە سێ خودای هەرە مەزن ژنە بە نێوی "ئەآ"

یەکەم شیعری ئینسان کە وەدەست کەوتووە لە (٤٨٠٠ پ ـ ز) دا شاعیرێکی سومری لەکاتێکدا کە ژن خودای لاگاش یان بە ئەسیری بردووە گوتوویەتی.

ئەی داخەکەم، گیانم لەداخی شارەکەم وگەنجەکانیدا گڕی گرتووە.

ئەی داخ ، بۆ شارەکەم " ژێرسۆ "[لاگاش]،
لە داخی گەنجەکانی، گیانم دەسووتێ.

لە ژێرسۆی پیرۆزدا، منداڵان بە هەژاری دەژین،

شاژنی پایە بەرز لە پاراستانی خۆی وەدەر تراوە.

ئای خاتوونی شارە خەمینەکەم کەی دەگەڕییەوە؟ (١ ل ١٤٦)

ـ یاسای ئۆڕ، ئەنگۆر "پێشکەش بە شمش خودای گەورەی سومر کراوە.

ـ دادگا لە پاراستانەکان دا دایر بووە

ودادرس قەشەکان بوون. یاسای سومری خەڵکی هان نەداوە بۆ چوونە دادگا. هەر کێشەیەک لە پێشدا وەپێش سەرنجی خەڵک خراوە وداوای نێو بژێریان لێکردوون، ئەگەر هەر نەکرایێ ئەوجا کێشەکە براوەتە دادگا.

- لە پاراستان مەدرەسە بۆ منداڵان هەبووە وکچ وکوڕ نووسین وحیساب وهەندەسە لەوێ فێردەبوون.

- ژن ومێردایەتی وەکوو بازرگانی ومیرات و وەسیەت، یاسای تایبەتی هەبووە.

- خەڵاتییەک کە کچ لە ماڵە بابییەوە هێناویە هەر لە ژێر دەستی خۆیدا بووە. گەرچی مێردەکەی دەیتوانی کەڵکی لێ وەرگرێ. ژن بۆخۆی میراتگری دیاری کردووە.

- هەر چەندە کە پیاو دەستڕۆیشتوویی بەسەر منداڵەکانیدا هەبووە، ژنیش هەر ئەوەندەی ماف هەبووە.

- لە نەبوونی مێرددا ئەگەر کوڕی گەورە نەبوایە ژن بە مەزرا و دارایی دا ڕادەگەیشت.

- ژن مافی ئەوەی هەبووە کە سەودا وبازرگانی بکا، کوێلە بۆخۆی بکڕێ یا کوێلەکانی ئازاد بکا.

- لە هەر پاراستانێکدا ژمارەیەک ژن هەبوون هێندێک خزمەتکاربوون وهێندێک هاوسەری جێگر ونوێنەری خوداکان لە زەوی بوون. ژنی سومری ئەم خزمەتکارییەی پێ شتێکی پیرۆز بوو و بابەکانیان هەستیان بە سەربەرزی دەکرد کە کچەکەیان بۆ ئەوکارە هەڵبژێردراوە، جێژنی دەگرت و قوربانی دەکرد وخەڵاتی لەگەڵ کچەکەی دەنارد.

- ئەگەر ژن نەزۆک بوایە پیاو دەیتوانی بەرەڵای بکا. ئەگەر ژنێک لە زک پڕبوونی خۆی بەرگری کردبا لە ئاودا دەیان خنکاند. [ئەم تاوانە گەورەیە تا ئێستاش هەر ماوە! ئەگەر ژن نەزۆک بوو پیاوی کورد مافی تەڵاق دان یا ژن بەسەرهێنانی هەیە، کەسیش ناپرسێ داخۆ خەتای پیاوەکەیە یا ژنەکە. زۆر جار بووە پیاو چەند ژنی گۆڕاوە وهەر منداڵی نەبووە. ژنان بۆ ئەوەی تەڵاق نەدرێن هەزار دەوا ودەرمان وپەت پەتی دەکەن و بەرۆکی هەموو جۆرە شێخ ومەلا ونووشتەنووس وچاکێک دەگرن و، بەقسەی هەمووجۆرە فێڵبازێک دەکەن بەڵکوو منداڵیان بێ (بڕوانە "داب ونەریتی یاسای بەشی ئاخری ئەم نووسراوە)... دواتر نە تەنیا منداڵدار بوون بەڵکوو کوڕدار بوونیش هەر ئەم گرینگییەی هەبووە وهەیەتی کە میراتی ئایینی زەردەشتییە



«کیریشا» ژن خودای فراوانی لە کاتی زان دایە.
(سنجاخ - دۆزراوە لە لوڕستان)

و لەکاتی خۆیدا باسی دەکەین.]

- پیاو دەیتوانی ژنەکەی بفرۆشێ یا لە باتی قەرز بیدا بە داواکار!

- پیاو دەیتوانی ژنەکەی لە سەر زینا کردن بکوژێ بەڵام بۆ پیاوی زیناکار سزا نەبووە.

- ژنێک کە زینای کردبا مێردەکەی دەیتوانی ژنێکی دیکە بهێنێ وپلەی ژنی یەکەم بهێنێتە خوارەوە.

- ژن دەیتوانی ببێ بە شا. نێوی یەکێک لە ژن - شاکان " شوب - ئەد " ە کە شایەکی زۆر دڵنەرم وبە بەزەیی بووە.

- ژنانی چینی دەست ڕۆیشتوو ژیانێکی زۆر بە شکۆیان هەبووە و زێڕوزیوەری زۆریان بە خۆدا کردووە. لە گڵکۆی "شوب - ئەد" دا ئەم شتانە دیتراوەتەوە:

سوراودانێک لە زمرووەدی سورمەیی مەیلەوشین، سنجاخی زێڕی سەر فیروزە، کەرەسەی خۆ ڕازاندنەوە لە گوێ ماسی کە بە زێڕ نەخش کراوە. ئەم کەرەسە کە لە قامکە چکۆلەی دەست گەورەتر نییە کەوچکێکی زۆر چکۆلەی زێڕی تێدا بووە کە دەکرێ بڵێین سوراویان پێ لە سوراودانەکە هەڵگرتووە.

میلەیەکی چکۆلە کە بۆ ڕێک کردنی پێستی لای نینۆک بەکار براوە ومەقاشێکی چکۆلە بۆ هەڵگرتنی مووی برۆ. کلکەوانە وملوانکەی زێڕ کە بەردی لاجەوەرد نەقیمیەتی. (کورت کراوە: ٣ ل١٤٣-١٦٤)

## ٣) بابل

لەسەرەوەی سومر، ئەکەد دامەزرا کە یەکەم پادشایان نێوی " سارگۆن " بوو. سارگۆن (٣١٠٠ پ - ز) هاتووەتە سەرتەخت. سارگۆن عیلامی گرت و شمشێرەکەی بە ئاوی کەنداو شوشت. لەولاوەش گەیشتە مەدیتەرانە.

میتۆلۆژی وئایین ویاسا و دەسکەوتەکانی تری سومر بە میرات گەیشتە " ئەکەد " (بابل) ولەوێوە گەیشتە لای "ئاشورییەکان".

ئەگەر نەڵێین کورد لەم شارستانیەتەدا بەشدار بووە، دەتوانین بڵێین هاوسێ بووە وکارتێکەری دوولایەنەی لەگەڵدا هەبووە. " گۆتی " یەکان سێسەد ساڵ دەسەڵاتی بابل یان بەدەستەوە بووە (٣١٠٠ - ٢٨٠٠ پ - ز). مەردۆخ دەڵێ کە "گۆدێ ئا " پادشای هەرە بەهێزی بابل لە کوردەکانی گۆتی بووە. ناوچەی " لۆلۆبیۆم " ماوەیەکی زۆر بەدەست ئەکەد وکەلدە وئاشوورەوە بووە، و" کاسی " یەکان (لوڕی بچووک) دووسەد ساڵ ناوچەی دووزێ یان لە ژێر ڕکێف دا بووە. (٤ ل ١٣٨)

لە ئەکەد دا ٦٥٠٠٠ خودای گەورە وچووک هەبووە کە بەشێکی زۆریان ژن خودا بوون. بۆ وێنە " ئەشتەر" و"ئانا" دووان لە خودا هەرە گەورە وخۆشەویستەکانیان.

لووتکەی ئەم ژیوەرە سەردەمی حەموورابی (١٩٥٥-١٩١٣پ - ز)بووە کە بە دانانی یاسایەکی گشتییەوە کە بە یاسای حەمورابی بەناوبانگە، خۆی دەنوێنێ. ئەم یاسا لە سەر کۆڵەکە بەردێک نووسراوە کە ئێستا لە موزەخانەی " لوڤر" لە(پاریس)ە. ئەم کولەکە بەردە لە شوش دا دیتراوەتەوە، چونکە دواتر لە ساڵی(١١٠٠پ - ز) دا عیلامییەکان بردبوویانە ئەوێ.

لەم یاسانامەدا بەرزترین وئازادانەترین یاسا لەتەک سەخت ترین وبێ بەزەییانەترین سزا لەپاڵ یەکدان. یاسای «گیان لەباتی گیان» وتوێژینەوە (داوەری ) بەشێوەی ئەزموونی "ئۆردالی" [ ئەوە بەم شێوە بووە کە گومان لێکراو دەبووا خۆی لە ئاو یا ئاور باوێ، ئەگەر زیندوو هاتە دەرێ ئەوە ئۆباڵی بە ئەستۆ نەبووە. چیرۆکی ئیبراهیم لە تەورات دا و سیاوەش لە شانامەدا نیشاندەدا کە ئەم یاسایە لە زۆر کۆمەڵدا باو بووە.] لەگەڵ شێوەی قەزایی زۆر ڕێک وپێک وکاری ژیرانە کە لە توندی کردن وسەرەڕۆیی پیاو نیسبەت بەژنەکەی بەرگری دەکا، پێکەوە دەبیندرێ. بەگشتی ٢٨٥ چاوە

یاسا کە لەم یاسانامەدا بە شێوەی زانایانە لەژێر سەردێڕی: یاسای دارایی گوێزەرەوە ودارایی نەگوێزەرەوە، بازرگانی، پیشەسازی، بنەماڵە، ئازاری لەش وکاردا، هاتووە. ئەم کۆمەڵە یاسایانە بێگومان لە کۆمەڵە یاسای ئاشوور کە هەزارساڵ دواتر نووسراوە زۆر لە شارستانیەت نزیکترە ولە هێندێ بارەوە بە ئەنازەی یاسای وڵاتێکی تازەی ئورووپی باشە. (٣ ل ٢٦٢)

رۆحی ئەم یاسایە ماوەی پازدە سەدە بە هەموو گۆڕانێکەوە کە لە وڵاتدا هاتووەتەگۆڕێ هەر مابووەوە، تەنیا لە هێندێ هەل ومەرجدا ئەختە گۆڕانێکی تێدا کرابووەوە. گۆڕان وگەشەکردنێک کە لەم یاسایەدا هاتە گۆڕێ ئەوە بوو کە لەباتی سزای ئایینی ومتافیزیکی سزای دنیایی دانرا ولە تیژی بەرەو نەرمی رۆیشت ولەسزای لەشی بۆ تاوانی ماڵی سەرنج درا. بۆوێنە لەپێشدا دادگایی کردنی تاوانبار بە شێوەی ئوردالی و بە یارمەتی وەرگرتن لە خوداکان دەکرا. ئەگەر پیاوێک بە جادووگەری یا ژنێک بە زینا تاوانبار کرابا زەختیان لێ دەکرد کە خۆی لە چۆمی فورات باوێ ـ دیارە خوداکان هەمووکاتێک پشتیوانی ئەو کەسە بوون کە مەلەوانی باش بووە ـ ئەگەر ژن لە خنکان رزگاری بوایە مانای ئەوە بوو کە گوناهار نییە. ئەگەر جادووگەر نوقم بایە دارایییەکەی دەدرا بەو کەسە کە ئەوی تاوانبار کردووە. هەروەها ئەگەر رزگاری هاتبا تەواوی دارایی ئەو کەسە کە تۆمەتی لێ دابوو پێی دەبرا. لە سەرەتاوە دادوەر هەر قەشەکان بوون وهەتا ئاخریش دادگا هەر پاراستان بوو. لەکاتی حەموورابی بەولاوە دادگای غەیرە ئایینیش پێک دەهات وتەنیا لە بەرانبەر دەوڵەتدا بەرپرس بوو. بەرەبەرە ئەم دادگایانە جێگای دادگای قەشەکانی گرتەوە.

زۆر تۆباڵ هەبوو کە بە مردن سزا دەدرا، وەکوو سوکایەتی بە ئاموس، منداڵ دزین، چەتەیی، بڕینی ماڵ بە شکاندنی دەرکە، زینا لەگەڵ مەحرەمان، پەنادان بە کوێلەی هەڵاتوو، **بوونە هۆی مردنی پیاوێک لەبەر ئەوەی ژنەکەی** مێردێکی دیکە بکا. پشت کردن لە دوژمن لە مەیدانی شەڕدا، کەڵکی خراپ وەرگرتن لە مەقامی ئیداری، دەغیلەکردن لە شرابفرۆشتنداو...

ـ ئەگەر کەسێک لە کچێکی دابا وبیکوشتبا، کاریان بە خۆی نەبوو بەڵکوو کچی کوژەرەکەیان دەکوشت.



ژن خوداوەنی ئی‌ئانانا]یە دەستێک دوژمنەکانی یەت کردووە و بە دەستێکی بازنەی پادشاهی دەدا بە ئانوبانی ئی پادشای لولوبی(بەردەنووس ـ سەرپێل زەهاو)

ـ باب ودایک کەرەسەی زەماوەندی منداڵانی خۆیانیان پێک دێنا. لە نێوان دوولایەنەدا دیاری دەدرا. ئەمە بێگومان پاشماوەی شێوەی کۆنتری ژن ومێردایەتییە کە بە کڕین وفرۆشتن دەکرا. زاوا دەبووا دیارییەکی بەنرخ پێشکەشی بابی بووک بکا ولە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بابی بووک خەڵاتییەکی بەنرخ بدا بە کچەکەی. کەوابوو ناکرێ دیاری بکەین لە ژن ومێرد کامیان لەم سەودایەدا دەکڕدران. جاری واش هەبووە کە ژن ومێردایەتی کوتومت وەکوو سەودا بووە. بۆوێنە شەمش نزیر دە "شکل"[پارەی ئەوکاتە]ی بۆ شیربایی کچەکەی وەرگرتووە.

ـ پیاو دەیتوانی ژنی خۆی تەڵاق بدا وتەنیا کارێک کە دەبووا بیکردبا ئەوە بوو کە پێی بڵێ " تۆ ژنی من نیت "[وەک تەڵاق دان لە لای شافیعی مەزهەب] پاشان خەڵاتییەکەی پێ بداتەوە. بەڵام ئەگەر ژنێک بە پیاوێکی گوتبا کە تو مێردی من نیت فەرز بوو کە لە ئاودا بیخنکێنن.

ـ ئەزۆک بوون، زینا کردن، ئەسازان لەگەڵ مێرد وخراپ بەڕێوە بردنی ناوماڵ، لەو شتانە بوون کە بە پێی یاسا رێگا بە پیاو دەدرا کە ژنەکەی تەڵاق بدا.

ـ بە پێی یاسا میراتی پیاو بە منداڵەکانی دەگەیشت وژنەکەی مافی تێیدا نەبووە.

ـ بێوەژن مارەیی وخەڵاتی خۆی وەردەگرت وتا ئەو کاتە کە زیندوو بوو بە کابانی ماڵ دەژمێردرا.

ـ مافی میرات تەنیا بۆمنداڵی گەورە نەبووە بەڵکوو هەموو منداڵان وەک یەکیان وەبەردەکەوت.

ـ سەبارەت بە رازی بوونی پیاوێک بە ژنێک و بەنەمەک بوون، ژن ومێردایەتی لەوکاتەدا کەمتر لەوە نەبووە کە ئێستا باوە.... ئەگەر ژنێک زینای کردبا یاسا وابوو کە لەگەڵ پیاوە زیناکارەکەدا لە ئاوی چۆمدا بیان خنکێنن. ئەگەر مێردەکەی دڵی بۆ سووتابا و نەیکوشتبا ژنەی رووت وقووت لە کۆڵانان‌دا بەرەڵا دەکرد.

ـ لە یاسای حەموورابی دا دەڵێ " ئەگەر روون بێتەوە کە ژنێک لەگەڵ پیاوێک نوستووە ولە کاتی کاردا نەیان گرتبێ لەسەر ئەو ژنە فەرزە کە بۆ پاراستنی ئابڕوی مێردەکەی، خۆی لە چۆمدا بخنکێنێ.

ـ ئەگەر ژنێک دەیتوانی بیسەلمێنێ کە بۆ مێردەکەی بە ئەمەک بووە بەڵام مێردەکەی لەگەڵی ئەسازاوە وزەختی لێکردوە ، دیارە نەیدەتوانی تەڵاق وەرگرێ بەڵام بەکردەوە مافی ئەوەی هەبوو کە ماڵی مێردەکەی بەجێ بێڵێ. لەکاتی وادا دەگەڕایەوە ماڵی دایک وبابی خۆی و جگە لە خەڵاتییەکەی هەرشتێکی تریش کە بۆ خۆی پێکی هێنابووە لە گەڵ خۆی دەبرد. ( ژنانی بریتانیا هەتا ئاخری سەدەی نۆزدەش مافێکی ئاوایان نەبوو )

ـ ژنێکی قەشە ئەگەر چووبایە مەیخانە دەکوژرا.

ـ خۆلادانی ژن لە کاری ناوماڵ وپێڕانەگەیشتن بەشوو، دەیتوانی سزای مردن بێ.

ـ ژن ئەرکی جۆر بەجۆری لە ئەستۆ بووە، لە منداڵدارییەوە بگرە هەتا ئاو لە چۆم هێنان یا لەبیر هەڵگوێزان،گەنم هاڕین وچێشت لێنان وتەشی رستن و شت چنین وپاک وخاوێنی ناوماڵ بە ئەو بووە. ئاچار ئەو ئازادییەشی هەبووە کە وەک پیاوان لە کوچەو کۆڵاندا هاتووچوو بکا. (وەک ژنی لادێیی ئێستای کوردەواری)

ـ ژنان دەیانتوانی خاوەنی شتی خۆیان بن ولە داهاتی دەسرەنجی خۆیان کەڵک وەرگرن .

ـ ژن مافی کڕین وفرۆشتن ومیرات بردن و میرات بەجێ هێشتن ووەسیەت نووسینی هەبووە.

ـ هێندێ لە ژنان دووکانداریيان کردووە

وهێندێکیش نووسەر بوون وئەمە دەگەیەنێ کە کچانیش بۆیان هەبووە وەکوو کوڕان بچنە مەدرەسە وخوێندن.

- یەکێک لەو دابانە کە زیاتر لە ناو چینی دەوڵەمەند وئەشرافدا باو بووە و ڕەنگە هەر ئەم دابە پێشەکی پەیدا بوونی چادر وحیجاب لەناو موسڵمان وهیندییاندا بێ، ئەوە بووە کە ژنان جێگای تایبەتییان لە ناوماڵدا هەبووە، وەکوو خەڵوەتی وئەندەروونی. کاتێک ژنان لە ماڵ چوونەتە دەرێ خولام و خواجەی خەڵوەت لەگەڵیان ڕۆیشتووە.

- بەگشتی ئەگەر ژن خەلاتی ئەبا پلەی کۆمەلایەتی لە کەنیز زیاتر نەبوو. (٣ ل ٢٨٨تا ٢٩٠)

ئاشور - دەورەی یەکەم ئاشوری کۆن( لە ٢٣٥٨ هەتا١٧١٦)

لە دەوروبەری سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا، مەڵبەندی ئاشورییەکان بریتی بووە لە چەند دەسەلاتی بچووک کە گرێدراوی هۆزەکانی کورد بوون. یەکەم دەسەلاتداری ئاشور لەم دەورەدا (سەدەی ٢٣ پ . ز )کوری " نیاکۆلابا " بووە کە ئێوەکەی لە گۆتی دەچێ ... یەکێک لە پادشاکانی ئاشور لە سەدەی ١٩دا ئێوی " ئاداسی " بووە کە دەڵێن زاگرۆسی بووە. پاش ئەو " لولولایێ " هاتووە کە لە ئێوەکەیدا دیارە لە هۆزی لۆلۆ بووە. (٤ ل ١٤٧)

دانیشتوانی ئاشور تێکەلاوێک بوون لە سامی وهۆزە غەیرە سامییەکانی ڕۆژهەلات وکوردە چیایی یەکانی قەفقاز. ( ٦ ل ٢١٣)

یەکەم دەولەتی بە هێزی ئاشور بە دەستی " شمشێ ئادای دووەم" دانرا (١٧١٦).

ماوەی ١٥٠٠سال ئێوان دووزێ وزاگرۆس لە ژێر هەلمەت ورکێفی ئاشوریان دا بووە. شەڕ و شەرکەریی ببوو بە فەرهەنگ وکولتوور وداب ونەریتی هۆزەکانی ئاشور وهەموو شتێکیان دەبوا لەم ڕوانگەوە چاو لێ بکرێ.

دەورەی دووەم ( ٦٦٠ ـ ٧٤٥ پ . ز)

سەردەمی هەرە پرشکۆی ئاشور لە دەوری " ئاشور بانی پاڵ( ٦٦٩ ـ ٦٢٦ )دایە کە کۆتایی بە شارستانیەتی عیلام هێناوە وپاسای ئاشور لە دەوری ئەو دا نووسراوەتەوە. لە سالی ٦١٢دا ئەم دەسەلاتە بە دەست مادەکان کۆتایی پێهات.

گەرچی ژیانی کۆمەلایەتی لە ئاشور وبابل زۆر جیاوازییان پێکەوە نەبووە وپاساکانی ئاشور پاش بابل دانراون بەلام سەرەتاییتر وئاییینی ترن و، پلەی کۆمەلایەتی ژن زۆر هێنرابووە خوارێ سەرەڕای ئەوەش مافی پاشایەتی هەبووە.



وێنەی ژن خوداوەدایانا وژن خودای شاری ئۆرۆک

"سامورامات" (٨٠٨-٨١١) شاژنی دایک، سێ سال تاج وتەختی ئاشوری بەدەست بووە. ئەم شاژنە سەرچاوەی ئەفسانەی مێژوویی "سەمیر ئەمیس"ە لە یۆناندا. بە پێی ئەم ئەفسانە سەمیر ئەمیس نیوە خودا، نیوە شایە، فەرماندەرێکی بە جەرگ وئەندازیارێکی قابل وحاکمێکی هوشیار وبە تەدبیرە. جگە لەم ئەفسانە کە "دیودوروس" ی سیسیلی چنی کردووە، شتێکی دیکە لە دەستدا نییە. (٣ ل ٣١٣)

- شا خەلوەت(حەرەم)ی هەبووە وفرە ژنیی لەلای شاکان باو بووە. ژنان لەوێ هەر ئەو کارانەیان کردووە کە ئێستاش لە حەرەمەکاندا دەیکەن، یانی گۆرانی کوتن وهەلپەرکێ و زروزیوەر بە خۆوە هەلاوەسین، پێکەوە شەڕ کردن ودرومان وپیلان گێڕان.

- ژن ومێردی وەک بابل بووە، بەلام لێرە بەتەواوی دەکردرا ولە مالی بابی دەبوو، هەرکات مێردەکەی ئیشتیای لێ با دەچوو سەری دەدا.

- ژنان دەیانتوانی بێ ڕووگرتن لە کوچە وکۆلان هاتووچوو بکەن.

- پیاوان هەر چەندە کە مەیلیان هەبا دۆستی ژنیان بۆ خۆیان دەگرت، بەلام ژنان دەبوا بەئەمەگ بن وناموسی پیاوەکەیان بپارێزن. ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لە کاتی خەیانەتدا گرتبا هەقی هەبوو بیکوژێ.

- ئەگەر ژنێک دەستی لە پیاوەکەی هەلێنابا زۆر بە توندی سزا دەدرا.

- سزای لەبەر خستنی منداڵ (سقط جنین) کوشتنی دایکەکە بوو. تەنانەت ئەگەر دایکەکە لەکاتی منداڵ خستنەکەدا مردبا تەرمەکەیان بەسەر دارێکی نووک تیژەوە دەکرد، دارەکەیان لە زکی ڕۆ دەکرد ولە مەیدان دایان دەنا.

* [شتێکی گرینگ کە لە یاساکانی ئەم دەورانە و پاشان لە یاساکانی زەردشتیش دا دەبیندرێ ئەو سزا زۆر سەختەیە کە بۆ ئەو ژنانە دانراوە کە منداڵیان بە ئەنقەست لەبەر خستووە. ئەمە زیاتر ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵی کۆن زۆر گرینگی بە زیاد بوونی بەرە داوە و لەنێوبردنی منداڵی بە تاوانێکی گەورە زانیوە. دیارە ئەم گرینگییەش لەوەرا دێ کە بە هۆی نەبوونی پاک و خاوێنی و نەناسینی زۆربەی نەخۆشییەکان منداڵ زۆر دەمرد و بەگشتی تەمەنی ئێوەنجی زۆر کەم بووە (سی سال) بۆ پێکهێنانی سوپا و شەڕکردن، خەڵکی زۆر پێویست بووە. دەوامی هۆز و دەسەلات لە زیاد بوونی خەڵکدا بووە تا ئەو ڕادەی کە نرخی ژن بە پێی منداڵ دیاری کراوە و هەرچی منداڵی زیاتر بووبا ڕێزی زۆرتر بووە و ئەگەر ئەزۆک بوویێ بێ بایەخ بووە. ئاشورییەکان بەوە بەناوبانگن کە دایە بەپشت ئەسپەوە بوون و لەشەڕکردندا بوون. بۆیە لەناو ئاشورییەکاندا ئەم تاوانە زۆر بە توندی سزا دراوە. ئەوەش بزانین کە بایەخی زۆر بەکوڕدان هەر لە دەوری ئاشورییەکانەوە بۆ ئێمە بە میرات ماوە چوونکە بۆ شەڕ سەربازیان پێویست بووە]

- بۆ «هەرزەکاریی» (فەحشا ) یاسای تایبەتی هەبووە و بە جۆرێک ئازاد بووە. [ئەمەش یەکێک لە تایبەتییەکانی کۆمەڵی سەربازی کراوە] (٩ ل٣٢١ تا ٣٢٥)

تێ بینی: ئەم یاسایانەی سومر، ئەکەد وئاشور تەنیا بۆ ئینسانی ئازادە. کوێلە چ ژن، چ پیاو وەک یەک چاویان لێکراوە. کوێلە بە ئاژەڵ دانراوە و یاسای تایبەتی خۆی هەبووە.

بۆ بەراوردێکی مێژوویی ئەم یاسایانەی کە باس کرا چەند چاوە یاسای دەسەلاتی ئەوڕۆیی هەر ئەو بەشە لەکوردستان کە شارستانییەتی سومر و ئەکەد وئاشوری تێیدا بووە دەخەینە بەر چاو، هەتا بزانین کە پیاو نە تەنیا خاوەنی ژنەکەیەتی بەلکوو هەموو پیاوانی خزم ⬅

دەسەلاتیان ـ ئازادەی کوشتن ـ بەسەر ژندا هەیە.

* بڕیاری ژمارەی ٣٨١٨ ـ جنایات ـ ١٩٧٢

قەتلێک کە بۆ بەرگری لە ئابرو کرابێ، هۆیەکی باشە بۆ کەم کردنەوەی سزا.

«گۆڤاری " النشرة القضائیه، ژمارەی سێهەم، سالی چوارەم».

* بڕیاری ژمارە ٠، ١٥٠، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤، کۆمیتەی عام ١٩٧٩

برایەک کە خوشکەکەی لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ پیاوێک بووە و زکی پڕ بووە بکوژێ کارێکی باش وشەریفی کردووە. تەنانەت ئەگەر کوژراو پاش ئەو کارە بووبێ بە مارەکراوی پیاوەکە. لە بەر ئەوەیکە بووەتە هۆی ئابروچوونی بنەماڵە وخزم وتایفەکەی شایانی مردنە وکوشتنی واجبە.

«گۆڤاری " الاحکام العدلیه " ژمارەی چوار سالی دووەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٣٤٢ جنایات ١٩٧٩

قاتلێک کە کچی مامی خۆی کوشتبێ ئەگەر کوژراوەکە لە مالی باوکی هەلاتبێ ولەگەڵ کەسێک کە خۆشی ویستووە، بێ ئیزنی بنەماڵەکەی یا کەسێکی تایفەکەی مارەکرابێ[ ڕەدوو کەوتبێ ] کارێکی باش وشەریفی کردووە، چوونکە بە پێی داب ونەریت کوژراو بووەتە هۆی ئابڕو چوونی بنەماڵە وتایفەکەی خۆی. بۆیە سزای مەرگە.

«گۆڤاری " الاحکام العدلیه " ژمارەی سێ سالی دووەم»

* بڕیاری ژمارەی ٦٩٠ ـ تمیزیە ـ ١٩٧٩

ئەگەر شایەتێک بتوانێ بیسەلمێنێ کە کوژراو ژنی هەرزە کار بووە وئەمە بووەتە هۆی کوشتنی، قەتلی ڕوودراو بە کارێکی باش وشەریف دەژمێردرێ. (لەم دواییانەدا ئەم بڕیارە لە کوردستاندا زۆر قوربانی داوە)

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژمارەی دووەم سالی دووەم»

* بڕیارێ ژمارەی ١٤٨٨ جنایات ١٩٧٦

ئەگەر ژنێک کاری خراپی کردبێ ونەگەڕابێتەوە سەرڕێگای ڕاست، یا لە ڕێگای ڕاست لای دابێ، ئەگەر قاتل لە سەر ئەوە کوشتبێتی ئەم کارە بە کارێکی باش وشەریف دەژمێردرێ. تەنانەت ئەگەر کوشتنەکە ماوەیەکی زۆر دوای کردەوە خراپەکە ڕوویدابێ.

«گۆڤاری " الاحکام العدلیه ژمارەی چوارەم سالی دووەم»

* بڕیاری ژمارەی ٦٧١ جنایات ١٩٧٦

ئەگەر باپێک کچەکەی خۆی لەبەر ئەوە کوشتبێ کە کچەکەی شەو چووەتە مالی کەسێکی گومان لێکراو. هەر ئەوشەوە لە مالەکە بیهێننە دەرێ و پۆلیس ئاگادار کرابێ، بەلام بە هۆی بەرگری کردن لە ئابروو کوشتبێتی ئەم کردەوە باش وشەریف لە قەلەم دەدرێ.

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژمارەی چوار سالی حەوتەم»

* بڕیاری ژمارەی ١٢٨ کۆمیتەی عامی دووەم ١٩٧٥

کوشتنی ژنێک کە نزیکی جنسی کردووە، بەمانای پاک کردنەوەی سەرشۆڕیی لە بنەمالە وخزمان و، ئەم کردەوە باش وشەریفە وسزای کوژەر دەبێ سووک بێ. بەلام ئەگەر پیاو خەتای کردبێ وکوژرابێ دادگای ئاسایی پێک دێ و تەنیا بەپێ دەستوری ١٣٢[ عەفوات] دەکرێ سزای کوژەر کەم بێتەوە.

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژمارەی سێهەم، سالی شەشەم»

* بەراوردی یاسای حەموورابی لەگەڵ ئەم یاسایانە دەردەخا کە چوار هەزار سال ماوەیەکی کورتە لە تەمەنی مرۆڤدا! ئاخۆ ژنانی ئەم خاکە، چەند دەسال، چەند سەد سال، چەند هەزارسالی دیکە دەبێ هەوڵ بدەن وبەتەمای گۆڕانێکی وەها بنچینەیی بن کە وەکوو ئینسانێیان چاو لێ بکرێ ومافی ئینسانێکی تەواویان بۆ دابین بکرێ؟

درێژەی هەیە!

**تێبینی نووسەر:**

١) لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا، (گزینگ ـ ٧، ل ٣٣ ،ستوونی ٢)، «محی الدین مەعرووف»هەلەیە و دروستەکەی «عەبدولخالق مەعرووف»ە.

٢) هەرزەیی/ هەرزەگیی: لەبەشی یەکەمدا «هەرزەکار»لەم مانایەدا هاتبوو کە پێویستی بەڕوونکردنەوەیەک هەیە.

هەرز بە مانای فیڕۆ، خەسار، بێ بەهرە : هەرزە بە مانای گیای بژار، بلچ و جلف(پیاوی هەرزە ـ ژنی هەرزە] (هەنبانە بۆرینە: هەژار)، بێخود وگیای هەرزە گوتراوە. کەواتە هەرزەکار یانی کەسێک کە کاری هەرزە دەکا. هەرزە ئەو کەسەیە کە چاوی تەمای حەرام لە ژن یا لە پیاو دەکا. کەوابوو ئەگەر کەسێک کاری هەرزەیی بێت، بەو مانایە پێی گوتراوە قەحبە. دەرکەوت کە لە هێندێ ناوچەدا(هەروا کە لە فەرهەنگەکاندا هاتووە)وشەی«هەرزەکار»بۆکچ یا بۆ کوڕی لاو [تازە لاوی موو لێنەهاتوو: هەنبانە بۆرینە/ هەژار]لە تەمەنێکی دیاریکراودا(هەرزەکاری)بەکاردەبرێ. هەر چۆنێک بێ، بۆ ئەوەی لە خراپ تێگەیشتن بەرگریمان کردبێ، وشەکەمان کرد بە «هەرزەیی»بە مانای: کاری سووک وبێ ئابڕوویانە(هەنبانە بۆرینە:هەژار)، فاحشەگەریی، قەحبەیی. ڕەنگە بگوترێ بۆ خودی ئەو وشانە بەکار نابەن؟ لەبەر ئەوەیکە ئەو وشانە تەنیا بۆ ژنان بەکاردێن کە لەلایەن پیاوانەوە بۆ سەرکوتی ژنان دانراوە و پێوەندی بە زمانی(پیاو سالاری)یەوە هەیە، بەلام وشەی هەرزە / هەرزەیی، دەتوانێ پیاوانیش بگرێتەوە. وشەی(خۆفرۆش)ماناکەی بەربلاوترە وبۆ ئەو مەبەستە دەست نادا. (سوپاس بۆ«مەهاباد قەرەداغی»کە بوو بە هۆی نووسینی ئەو تێبینیە).

**سەرچاوەکان:**


١) زن بە ظن تاریخ:. بنفشە حجازی ـ انتشارات شهر آفتاب. ١٣٧٠.

٢) ایران از آغاز تا اسلام: گیرشمن ، مترجم: دکتر محمد معین ـ انتشارات علمی وفرهنگی.

٣) تاریخ تمدن(مشرق گاهوارە تمدن): ویل دورانت،مترجم: گروە مترجمین.

٤) تاریخ کرد وکردستان: آیت الله محمد مردوخ کردستانی، انتشارات غریقی.

٥) تاریخ اجتماعی ایران: مرتضی راوندی، انتشارات امیرکبیر (چاپ چهارم).

٦) تاریخ ماد: دیاکونوف ، مترجم: کریم کشاورز، انتشارات پیام.

٧ ) تاریخ ایران: حسن پیرنیا ، عباس اقبال ـ کتابخانە خیام.

٨) کرد و پیوستگی نژادی...: رشید یاسمی ـ چاپی چهارم.

وتووێژێک دەگەڵ نووسەری ناسراوی کورد: **کەریم حیسامی**



# پەرلەمان لە پێناو: کوردستانی ئازاد و یەکسان وسەربەخۆ

○ پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆژی چوارشەممۆ ١٩٩٥/٤/١٢ لە شاری لاهە(Den haag)ی هۆلەند پێکهات. کاک کەریمی حیسامی وەک کەسایەتیێکی ناسراوی کورد، میوانی ئەو پەرلەمانە بوو. کاک کەریم لە گەڕانەوەیدا لە ئاڵمان لای دا. من و کاک جەمالی زاوەر، بە هەڵمان زانی کە ڕۆژی هەینی ١٩٩٥/٤/١٤، سەبارەت بە پەرلەمان و هێندێک مەسەلەی دیکە وتووێژێکی دەگەڵ بکەین و لە بیر و بۆچوونی ئاگادار بین.

**هێدی**

● **کاک کەریم، وەک ئاگادارین.. ئێوە یەکێک لە بەشدارانی پەرلەمانی کوردستان بوون کە ڕۆژی چوارشەممۆ لە(لاهە)پێکهات. تکایە باسی پێکهاتنی ئەو پەرلەمانەمان بۆ بکە.. مەبەستی ئەو پەرلەمانە و بەرنامەی داهاتووی چییە؟**

- پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆژی دوازدەی مانگی ئاوریل لە لاهە پێکهات، بەبۆچوونی من یەکێک لە هەنگاوە هەرە گرینگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو. دیارە برادەرانی کوردستانی سەروو، یان کوردستانی تورکیا، دەمێکە خەریکی پێکهاتنی ئەو پەرلەمانەن. کاتێک حکوومەتی تورکیامەسوونیەتی لە نوێنەرانی کورد کە بۆ پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرابوون، ئەستاندەوە و دادگایی کردن و هێندێکی بە حەبس مەحکووم کردن؛ ئەوان هەر ئەو وەختی ئیتر هاتنە سەر ئەو خەیاڵە - وەختێک تورکیا ڕێ نادا بە نوێنەری خەڵک کە هەڵبژێردراون، لە پەرلەمان دانیشن و قسەی خۆیان بکەن - باشترە لە دەرەوە پەرلەمانێک پێکبێنن و دەنگی کورد بە دنیا ڕابگەیەنن. بۆ ئەوە، لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردەکانی تورکیای تێدا بوون دەستیان کرد بە هەڵبژاردن و حەولیان دا لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، دیسانەکە نوێنەر بەشدارییان بکەن. لەکوردستانی خواروو یان بڵێین کوردستانی عێراقیش چەند برادەر هەڵبژێردراون. لەو کوردانەی کە لەڕووسیا یان شوورەوەی پێشوو دەژین، پرۆفسۆر«نادر نادرۆف»هەڵبژێردراوە. یانی ئەو پەرلەمانە هەنگاوێک بووە کە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش تارادەیەک - کوردستانی ڕۆژهەلات نەبێ - تێیدا بەشدار بوون.

ئەو نوێنەرانەی هەڵبژێردرابوون، وردەوردە خۆیان حازر دەکرد کە ڕۆژێک کۆببنەوە و پەرلەمانەکە بە ڕەسمی ڕابگەیەنن. هاتنە دەرەوەی ئەو نوێنەرانە، ئیتر شەرعییەت و حەقانییەتی زیاتری دا بەو کارە، وەختێکی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون ، بەڵام لەوێ دەیانگرن وحەبسیان دەکەن و ناهێڵێن قسان بکەن؛ بێن لە دەرەوە کاری خۆیان بکەن و پەرلەمان پێکبێنن.

لە مانگی ڕابردوودا، پێش ئەوەی پەرلەمانەکە پێکبێ، «یەشار کایا»یەکێک لەو کەسانەی کە نوێنەری پەرلەمان بوو، دەگەڵ ڕۆژنامەی«هەنگاو»موساحەبەیەکی زۆر جوانی کردووە و دەڵێ:«ئەوە حەقی ئێمەیە، وەختێک هەڵبژێردراوین ودەوڵەت ناهێڵێ دەنگ هەڵبێنین، خۆ ئێمە ناتوانین بێدەنگ بین. لە دەرەوە پەرلەمانێکی خۆمان پێکدێنین و بەو پەرلەمانە دەنگی خۆمان بە دنیا ڕادەگەیەنین». لەسەر ئەو ئەساسە ٦٥ کەسیان هەڵبژاردووە: لە کانادا، لە ئینگلیستان، لە هەموو وڵاتەکانی ئورووپایی، لە خودی تورکیا و وەک عەرزم کردن، لە شوورەوی پێشووش یەک کەس. دیاریان کردبوو کە هەڵبژاردن، ١٢ی مانگ بێ. لەو هەڵبژاردنە نزیکەی ٣٠٠ کەس، ڕۆژنامەنووس و هەواڵدەری تەلەڤیزیۆن و ئەوانە بەشدارییان کردبوو. لە هەموو وڵاتەکانی ئورووپا، لە ئوستڕالیا، لە ئەمریکا، نوێنەرانی پەرلەمانی ئەو وڵاتانە، نوێنەرانی هێندێک حیزبی سیاسی بەشداربوون و وەک میوان دەعوەت کرابوون. لە ڕووسیا سێ نوێنەری پەرلەمانی«دوما»، نوێنەری پارتی لیبڕال دێموکرات، نوێنەری حیزبی کۆمونیستی فیدراسیۆنی ڕووسیا، نوێنەرێکی دیکەی پەرلەمان بەشدارایان کردبوو. لە ئینگلیستان نوێنەری مەجلیسی لۆڕادن(ئەعیان) بەشداربوو.

پەرلەمانەکە، ڕۆژی ١٢ی ئاوریل لەلایەن دوکتۆر«عیسمەت شەریف»وەک ڕدێن سپی(ڕەئیسی سیننی)پەرلەمان کرایەوە. شێوەی پەرلەمانەکە وابوو کە ئەوانەی هەڵبژێردراون سوێند بخۆن. زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی، هەموو دەچوون یەکەیەک سوێندیان دەخوارد. کاکڵی سوێندەکەیان ئەوەبوو:«بە شەرەف وناموسی خۆم سوێند دەخۆم کە بۆ ئازادیی کوردستان، بۆ مافی کورد، بە هەموو تواناوە تێبکۆشم. بۆ کوردستانی ئازاد و یەکسان و سەربەخۆ تێبکۆشم. لە تێکۆشانی خۆمدا، خەباتی میللەتی کورد، مافی میللەتی کورد و پاراستنی خاکی کوردستان بکەمە بنگەهی تێکۆشانی خۆم». سوێندەکە زۆر جوان و پیرۆز بوو. ئاخریەکەشی بەم وشانە کۆتایی دەهات: «سوێند دەخۆم و

←

سۆزدەدەم» (پەیمان دەدەم ..).

نزیکەی هەزار کەس بە میوان و نوێنەروە، بەشداربوون. ئەوە بەکورتی پێکهاتنی پەرلەمانەکەبوو کە باسکرا.

● **ولاتانی رۆژئاوا پێیانوایە ئەو پەرلەمانە لەسەر خواست وویستی (پکک) دامەزراوە. هەر بەو بۆنەشەوە ئەمریکا ددانی خێری بە پەرلەمان دانەهێنا. ئەو بۆچوونە راستە؟**

ـ ئەمن ئەو بۆچوونەم پێ شتێکی راست نییە. ولاتانی ئورووپا وهەموو دوژمنانی میللەتی کوردیش، هەمیشە لە بیانوو دەگەرێن کە شتێک ببیننەوە و بە ئەستۆی کەسێکی دیکەی دابێنن. دیارە ئەو پەرلەمانە، ئی کوردستانی تورکیایە وبمانەوێ و نەمانەوێ (پکک) هێزێکی سەرەکییە لە کوردستانی تورکیا. لەرووداوێکی ئاوادا (پکک) خۆ ناکرێ کلا بکرێ، یان دووربخرێتەوە و دەنێو جەرەیانی رۆژدا نەبێ. پاشان، ئێستا کێشەی هەموو کوردستانی تورکیا لەسەر (پکک) یە، ئەوان وای حیساب دەکەن. بەلێ (پکک) دەوری هەیە و ئەندامیشیان دە پەرلەماندا بەشداربوون. بەلام ئەوانەی لەوێ بوون هەموو ئەندامی (پکک) نەبوون. پاشان هەروەک لەوێ هێندێک لە نوێنەران باسیان کرد کە (پکک) ش حیزبی کوردستانی تورکیایە، حیزبێکی سەرەکییە وەدەتوانێ تێیدا بەشدار بێ. دەنا مانای ئەوە نییە، ئەو پەرلەمانە، پەرلەمانی (پکک) یە و ئەو پێکیهێناوە. ئەمن پێمـوایە پەرلەمانی میللەتی کوردە و نوێنەری کوردستانی تورکیایە و دەرکەوت کە لە کوردستانی خوارووش، دیسانەکە خەلکی دەگەلە و پەرلەمانی کوردە. کەوابوو پەرلەمانێکی کوردستانییە نەک پەرلەمانی (پکک).

● **دەتوانێ ببێتە هیوای دوارۆژی کورد؟**

ـ هیوای دوارۆژی کورد.. نازانم چۆنی بۆ بچین. بەلام دەتوانێ ببێتە بناغەیەکی گەورە بۆ ناساندنی کورد ونەستاندنی حەقی کوردیش. گرینگ ئەوە نییە کە دەلێن نایناسین، یان ئی (پکک) یە. گرینگ ئەوەیە، ئەوان هەنگاوێکی زۆر نازا و سیاسیانەیان هاویشت. لەسەر ئەوەیرا کە ئەمریکا دەلێ دژی ویم، بەلام ئەوان رانەوەستان داخوا دوژمن یان خەلکی دیکە بلێن دەیناسین یا نایناسین، جا ئەو وەختی بێن هەنگاو باوێن، ئەوان کاری خۆیان کرد. کارێکی زۆر نازایانە. تەجروبەشمان هەیە لە ولاتی دی. چەند سالان فەلەستینییەکانیان بە تیرۆریست دەزانی و نەیاندەناسین و بە هیچیان نەدەزانین. ئێستا دەگەلیان دادەنیشن و رەئیس جمهووری ئەمریکا دێ لێیان میوان دەبێ و دەستیان دە دەستی دەنێ. نەک ئەوە، ئەلجەزایر دە سالانی شەرکرد، هیچکەس بە رەسمی نەیدەناسین. ئەوانیش لە دەرەوە کۆمیتەیان هەبوو، شتیان هەبوو، کاری خۆیان کرد وپاشان مەجبوور بوون بیانناسن. دەمێنێتەوە جێی هیوا، ئەوەش تا رادەیەک بەستراوەتەوە بە تێکۆشانی ئەوان، شێوەی تێکۆشان وسیاسەتیان، رێکخستن دەگەل سیاسەتی رۆژ لە دنیایەدا، دەگەل گۆرانێکی کە لەدنیادا پێکهاتووە. هیوادارم دە تێکۆشانی خۆیاندا، ئەوانە هەموو لێکبدەنەوە.

● **هەلبژێردراوەکان کوردی هەموو لەتەکانی کوردستانن یان هەر ئی تورکیا؟**

ـ هەلبژێردراوەکان ئی کوردستانی تورکیان. سێ برادەری کوردستانی خوارووپان دەگەلدایە. دیارە ئەوانە دەپێشدا هاوکارییان کردوون و دەرێکخراوی واندا بوون. کوردێکی کوردەکانی رووسیایان دەگەلە، پرۆفسۆر «نادر نادرۆف» کە شەخسێکی زۆر مەشهوورە و مێژوونووسێکی بە ناوبانگە.

● **لە کوردەکانی کوردستانی بندەستی ئێران بێجگە لە جەنابتان کێی دیکە بەشداربوو؟**

ـ نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رێبەرایەتی شۆرشگێر)، کاک نەبی قادری بەشداربوو. کاک عەلی قازی (کوری رەش) و هەروەها دوکتور حەسەنی حیسامی بەشداربوون. یەک دوو برادەری تریش کە پێموایە سەر بە هیچیەک لە حیزبەکان نەبوون و لە هۆلەند دەژین بەشداربوون. بەلام وەک ئەوەیکە نوێنەر بن وهەلبژێردرابن، جگە لە حیزبی سەربەخۆی کوردستان، لە لایەن حیزبەکانی دیکەوە کەس بەشدار نەبوو. مامۆستا مەلا شێخ عیززەددینیش دەعوەت کرابوو، خۆی تەشریفی نەهاتبوو، بەلام ناوەکەیان خوێندەوە.

● **وەک لەودواییانەدا، هەوالدەرەکانی ئێرە باسدەکەن: «ئۆجەلان» تا ئێستا چەند جاران پێشنیاری وتووێژی بە تورکیا کردووە. ئەوە مانای ئەوەیە کە چارەی مەسەلەی کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا، سازانە لە چوارچێوەی ئەو ولاتانەدا کە کوردیان لێ دەژی؟**

ـ ئەمن پێمـوایە مەسەلەی کورد دەپێش هەموو شتێکدا، دەبێ دەنێوخۆی ئەو ولاتانەدا چارەسەر بکرێ کە کوردیان تێدا دەژین. «عەبدوللا ئۆجەلان» بەو نوتقی دوایەشی، پاش ئەو پەلامارەی کە لەشکری تورکیا کردوویە، لەسەر ئەو وەزعەشرا، پێمـوایە هەنگاوێکی سیاسی وئاقلانەی زۆر چاکی هاویشتووە کە دەلێ: «هوجومی لەشکری تورکیا نەیتوانی هیچ دەگەل ئێمە بکا. هیچ سەرکەوتنیشی بەدەست نەهێناوە.» دە موساحەبەی خۆیدا دەلێ: «حکوومەتی تورکیا کەوتۆتە نێو زەلکاوێک زەحمەتە لێی بێتەدەرێ. لەبەر ئەوەی ئەمن پێمـوایە کە چارەی مەسەلەی کورد و چارەی مەسەلەی تورکیا، رێگای نیزامی نییە. دەبێ لە رێگای وتووێژەوە، لە رێگای سیاسییەوە حەل بکرێ. بەلام ئەوە هەمووی بەستراوەتەوە بە ئێمە. دەبێ دەولەتی تورکیا ئەوەی قبوول بکا.»

هەر لەو پەیامەش کە «عەبدوللا ئۆجەلان» بۆ پەرلەمانی ناردبوو، ئەو سیاسەتەی نیشان دەدا کە دەلێ: «ئەو پەرلەمانە، پەرلەمانی میللەتی کوردە. حەولبدەن دە رێی ئاشتیدا بێ، ئێمە شەرخواز نین و دەمانەوێ دە رێی ئاشتیدا مەسەلەی کورد حەل بکەین. ئێمە ئامادەین بۆ هەموو پشتیوانییەک لەو پەرلەمانە وهەموو ئیمکاناتێکیشی بۆ ئامادەیە».

● **پێتوایە هێرشی ئەودواییانەی رژێمی تورکیا، هیچ پێوەندێکی بە پەرلەمانەوە هەبێ؟ چونکە وەک بیستم لەو دواییانەدا «تانسو چیلەر» گۆیا بە ولاتانی رۆژئاوای گوتووە کە ئێوە دەبێ ئاگادار بن، ئەوە (پکک) خەریکە پەرلەمان دروست دەکا و ئێمە ناتوانین ئەوە قبوول بکەین..**

ـ پێموا نییە، ئەوە بەتەنێ پێوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێ. دیارە ئەوان لەمێژە تەبلیغ بۆ ئەوە دەکەن کە نابێ پەرلەمان هەبێ و بە حکوومەتەکانی دیکەیان گوتووە. ئەوە دەگەرێتەوە بۆ قەیرانێکی کە دە نێوخۆی تورکیادا پەیدابووە. تورکیا لەباری ئابوورییەوە لەوپەری پەشێوی وئالۆزی دایە. لەباری شەرەوە دەنێو خۆیدا سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. ئەوەی کردە بیانوو تا سەرنجی بیروڕای گشتی لە کێشەی نێو خۆی ـ کە مەسەلەی «عەلەوی» یانیش هاتووەتە پێشێ و مەسەلەی ئەو کوشت وکوشتارەی دەو دواییەدا لەئەستەمبول و ئەنقەرە کراوە ـ لابدا، بۆ سەر ئەو پەلامارەی کە کردی. دەولەتی تورکیا پێیوایە دەو پەلامارەیدا، ولاتانی ئورووپا پشتی دەگرن. بەلام بەبۆچوونی من، بەو هێرشەی بۆسەر کوردستان

**«ئێمە شەڕ دەنێو خاکی کوردستاندا دەکەین، کە وڵاتی خۆمانە. ئەوە بیانووە کە ئەوان دەڵێن: ئێمە لە کوردستانێکی دیکەڕا و لەشوێنێکی دیکەڕا دێین. ئێستا ئێمە، ئەوە لە وڵاتین و لێرەشدا خەبات دەکەین و ناشمانەوێ سەربازی تورک بکوژین»**

کردی، نەک هەر لەباری ئابوورییەوە، بەڵکوو لەباری سیاسییەوە، لەباری ئەخلاقییەوە، لەباری ئەوەیکە هێندە داوای مافی مرۆڤ دەکا ودەڵێ ئێستا هەموو حقووقێکی ئینسانی لە تورکیا دەپارێزێ، یەکجار تووشی شکانێکی گەورە بووە. دەنێو هەموو دەوڵەتانیشدا تەنیا ئەمریکابوو دەپێشدا لایەنگری دەکرد کە گۆیا حەقی خۆیەتی وکارێکی باشی کردووە. دیارە سیاسەتی ئەمریکا، دەبێ بۆمان روون بێ دەنێو چوارچێوەی مەسڵەحەتی خۆیدا دەناژوێ و دەچێتە پێشێ. دەنا دەچوارچێوەی مافی مرۆڤ و دێمۆکراسیدا، بەنەزەری من، ئەوە هەمووی قسەیە. بەڵام ئێستا ئەمریکاش، کە تەماشای کرد تورکیا سەرکەوتنی بەدست نەهێناوە، کوشتارێکی زۆر لە خەڵک دەکا، وەزعی نێو خۆشی هەروا ئاڵۆزە، وڵاتانی ئورووپاییش هەموو دژی ڕاوەستاون، مەجبوور بووە هەواکەی گۆڕیوە و داوای لێدەکا کە بێتەدەرێ. پێموایە ئاڕادەیەکیش، لەباری ئابوورییەوە هەڕەشەی لێکراوە کە یارمەتییەکانی لێ کەم بکرێتەوە. ئێستا سەرۆک وەزیری تورکیا قەرارە ڕۆژی یەکشەممۆی داهاتوو بچێتە واشنگتۆن، تاکوو بتوانێ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕەئیس جمهووری ئەمریکا، هەم بۆ مەسەلەی کورد، هەم بۆ مەسەلەی ئابووری و هەم بۆ مەسەلەی ئیزامی ونەوانە، ڕێگە چارەیەک ببیننەوە. بەبۆچوونی من، ڕێ چارەی تەنیا ئەوەیە، دەپێش هەموو شتێکدا، مەسەلەی کورد دەگەڵ هێزەکانی کوردستان و دەگەڵ پەرلەمانی کورستان و دەگەڵ حیزبی کارکەرانی کوردستان چارەسەربکا. ئەو وەختی هەم مەسەلەی دێمۆکراسیش وهەم مەسەلەی ئینسانیش و هەم مەسەلەی بوحرانیش چارەسەردەبێ. دەنا ڕێی دیکە نییە.

**● کاک کەریم، گیروگرفتی ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ(پکک)کە لەمێژە هەس وبووگە، چۆن ئەبینیت و پێشنیاری ئێوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەسەلە چییە و ئەمانە چۆن ئەتوانن وەک برا، وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بەیەکەوە هاوکاری بکەن و تەنگ وچەڵەمە لە بەینیانا نەمێنێ؟**

- بە بۆچوونی من زۆر هاسانە کە هەر کێشە وناکۆکییەکی دەبەینیاندا بێ، چارەسەری بکەن. ئەویش ئەوەیە، جارێ دەپێش هەموو شتێکدا، هیچیەک لەو حیزبانە، دەخالەت دەکاروباری حیزبەکەی دیکەدا نەکەن. ئەوە بۆخۆی مەسەلەیەکی ئەساسییە. چونکە برادەرانی کوردستانی خوارووە نەزەریان ئەوەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان تەداخولی کردووە دەکاروباری واندا. پارتی کرێکارانی کوردستان، دیارە دە جیرانەتیدا ولە وڵاتێک دا، لە کوردستان و لەهەموو شوێنێک، پێموایە حەقی خۆیەتی بۆ پارێزگاری خۆی دەنێو خاکی کوردستانی عێراقدا، پەنا بگرێ و بچێتە ئەوێ و بشمێنێتەوە. هەتا ئەو دواییەش نێوانیان خۆش بوو. کوردەکانی کوردستانی خواروو لە باری یارمەتیدان و لەباری ئەو پێگانەی لەوێ بوون، بەڕاستی یارمەتیان کردووە و ماونەوە وپارێزراون و نێوانیشیان وانەبوو. بەڵام تورکیا ئەوەی کردۆتە بیانوو، ئیستیفادەشی کردووە لەو شەڕەی ئێستا لەبەینی ئەو دوو پارتە سەرەکییەی کوردستانی خوارووداهەیە. دەیەوێ بەو سیاسەتە، (پدک)بەرەنگار بکا یان بەرەوڕوو بکا دەگەڵ(پکک). دەیەوێ وەزعێکی ئاوا پێکبێنێ. هەر ئێستاش داوادەکا، دەڵێ ئەوان دەبێ بێن ئەو حدوودەی بپارێزن. (ینک)و ئەوان ئەو سنوورەی بپارێزن کە(پکک)لە ڕێی کوردستانی خوارووڕا هێرشیان پێنەکا. بەڵام ئەوە هەمووی بیانووە، چونکە ئەسڵی مەسەلە، خەباتی(پکک)لەناو جەرگەی تورکیا دایە. ئەگەر لەبیرتان بێ، هەر دوو ڕۆژ یا سێ ڕۆژ پاش ئەوەیکە هێرشیان کردەسەر کوردستانی عێراق. لە درسیم(تونجەلی)و دەنێو خاکی کوردستانی تورکیادا، پێشیان بە هێزێکی عەسکەری گرت وپازدە سەربازیان کوشتبوون. لەو پەیامانەی کە دوو سەرلشکری(پکک)یانی دوو سەرلەشکری پارتیزانی کورد بۆ پەرلمانیان ناردبوو، دەڵێن: «ئێمە شەڕ دەنێو خاکی کوردستاندا دەکەین، کە وڵاتی خۆمانە. ئەوە بیانووە کە ئەوان دەڵێن: ئێمە لە کوردستانێکی دیکەڕا و لەشوێنێکی دیکەڕا دێین. ئێستا ئێمە، ئەوە لە وڵاتین و لێرەشدا خەبات دەکەین و ناشمانەوێ سەربازی تورک بکوژین»..یەکیان نووسیبووی: «سەربازی تورک ئەگەر دەکوژرێ هەر ڕۆڵەی ئێمەیە، ئەگەر گریلایەکی ئێمەش دەکوژرێ، ئەویش هەر ڕۆڵەی خۆمانە. ئێمە زۆر ناڕەحەتین بەڵام ئەوە حکوومەتی تورک وعەسکەرەکانی تورکن ئەوەی بەسەر مەدا دێنن».

لەو دواییانەدا«ئۆجەلان »موساحەبەیەکی کردووە ، دەوێدا دەڵێ: «هیوادارم کە(پدک)بە ڕێبەریی مەسعود بارزانی، سیاسەتێکی وا بگرێتەپێشێ کە دەگەڵ ئێمە تووشی کێشە وتووشی شتێکی وا نەبێ کە ناخۆشتر بێ لەوەیکە تا ئێستا بووە». ئەمن هیوادارم کە ئەوانیش سیاسەتێکی ئاقڵانە بگرنەپێشێ وهیچیەک تووشی بەرخوردێک و پێکهەڵپرژانێکی وا نەبن لەبەینی دوو حیزبی سەرەکی یا دوو بەشی کوردیی یەک میللەت و دوو بەشی کوردستان.

**● کاک کەریم، پێتوایە لە داهاتوودا مەترسی ئەوە ناکرێ کە دە پەرلەمانی کوردستاندا، کە لە لاهە پێکهاتووە، حیزبایەتی زاڵ بێ و مەترسییەک بێ بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو پەرلمانە، یان سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەیە؟**

- پێموا نییە، ترسی وەم نییە. چونکە لە پەیام و قسەی نوێنەرانڕا هەمووی وا دەردەکەوێ کە بەڕاستی نوێنەرانی پەرلمان بێلایەنن، کەسانی نیشتمانپەروەرن، یا ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانن کە نایانەوێ ئەو پەرلمانە هەڵبوەشێتەوە یا کز بێ و ئیختیلاف ودووبەرەکی بکەوێتەسەری. پێموایە ئەخشەی کاریان وبناغەی پەرلمانەکە - وای بۆ دەچم - زۆر پتەو دامەزراوە و ئەمن هیوادارم کە ئەو پەرلمانە بەڕاستی بێتە پەرلمانێکی واقیعی بۆ کوردستان.

**● لەو هەڵبژاردراوانە ئایا ژنیشیان تێدایە؟**

- بەڵێ، پێموایە نزیکەی چوار تا پێنج ژنیان تێدایە. دیارە یەکیانم وەک ژنێکی سیاسی هاتەبەرچاو. وتاری دا و زۆر جوانی قسەکرد. ئەوانی دیکەش، هەر سوێندخواردن بوو، سوێندیان خوارد. دیارە ئەو ژنانە ڕابردوویەکیان لە خەبات وتێکۆشاندا بووە. بەنەزەری من هەروا نییە لەخۆڕا، لە دێیەکی هێنابیانە دەرێ. ساڵەهایە لە دەرێن وخەبات دەکەن وتێدەکۆشن. یەکدوویەکی دی لەوانەی هەڵبژێردراون، ئەمن قسەم لەگەڵ

←

دەکردن، ئەوانە ماوەیەکی زۆریش لە کوردستان بوون. لەوێرا هاتوون، دە خەبات وتێکۆشاندا بوون، باسیان دەکرد کە سەریان لە وڵاتی ئێمەش دابوو، لەوێ خەڵکیان دیبوو، شتیان دەناسی و دیاربوو هاتوچۆیان کردووە. یانی وانەبوون ئاگایان لە سیاسەت و کاروتێکۆشان نەبێ و هەر لەخۆرا هەڵبژێردرابن.

● **کاک کەریم، شێوەی تێکۆشانی پەرلەمانەکە چۆن ئەبێت و بەرنامە و پرۆگرامیان بۆ داهاتوو چەس؟**

- بەرنامەی پەرلەمانەکە وابوو، پاش رۆژی یەکەم، پەیام وسوێندخواردن و وتووێژی چاپەمەنی بکرێ و چوار رۆژی دیکە ئەوان دانیشتنیان هەبێ. جا دوای دانیشتنی خۆیان پیاو هیواداره لەسەر بەرنامەی کار وشوێن وجێگا و چۆنێتی بەشکردن و وەزعی کارەکەیان، شت بنووسن وبڵاوی بکەنەوە. ئیدی ئەوە بە دزی نییە و لە نهێنی وشتی حیزبی چۆتەدەرێ. پەرلەمانێکە و بەئاشکرا راپانگەیاندووە کە لەدەرەوەی وڵات ـ وەک خۆیان دەڵێن«سوورگون» (دەرەوە ی وڵات)ـ کارەکانیان راپەڕێنن. چونکە ئەگەر کارەکانیان بکەوێتە باری حیزبایەتی ونهێنی و.. ئیدی ئەو وەختی ئەو ئەهمییەتەشی لەدەست دەچێ. ئەوان شتی خۆیان نابێ بشارنەوە. هەر بەرنامەیەکی هەیانە، هەرکارێکی هەیانە، نابێ بیشارنەوە. داواکانیشیان بە بۆچوونی من دەبێ ئەوە بێ کە دەست بکەن بە پێوەندی گرتن دەگەڵ پەرلەمانی هەموو وڵاتەکانی دیکە. ئەوەی ئیمکانی هەیە. مەسەلەن نوێنەری پەرلەمانی رووسیا لە وتارەکەیدا گوتی: "ئێمە دەگەڵ هاوکاران یا رەفیقانی پەرلەمانی ئیتالیا پێشنهاد دەکەین کە ئەوساڵ لە کۆبوونەوەی بەینەلمەجالیس دا ـ کە لە بوخارست(رۆمانی)دەبێ ـ ئەو پەرلەمانە لەوێ بەرەسمی بناسرێ وببێتە ئەندام". ئەوە رەنگە هەوەڵ جار نەناسرێ و نەبێ، بەڵام هەر ئەوە بۆخۆی کە ئەو لایەنگرانە هەن و هەوڵبدرێ بۆ نوێنەرانی دیکەش لە پەرلەمانی دیکە بۆ تەرحی ئەو مەسەلە لە بەینەلمەجالیس دا، هەنگاوێکی گەورەیە و مەجبوور دەبن بیناسن. لەو بارەشەوە پێموایە ئینسانی تێکۆشەری وایان هەیە کە بتوانن بچنە نێو و بۆ ئەو مەبەستە کاربکەن.

● **لە رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، عیراقی یا تورکی.. کەس بەشدار بوو؟**

- نەخێر، کەس بەشدار نەبوو. بەڵام هەبوون ئی تورک، نەک دە ئۆپۆزیسیۆندا وەک حیزب، بەڵکوو شەخسییەتی وەک نووسەر و شاعیر و ئەوانە هەبوون و تێیدا بەشداربوون. بەڵام کەسی ئێرانیم نەدی.

● **کاک کەریم، لەم دواییانەدا بۆ ئەوەڵین جار، بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی ساتێلیتی کوردی دانراوە.. ئەوە چۆن ئەبینی؟**

- بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی یەکێک لەو هەنگاوە گەورانە بوو کە برادەرانی کوردستانی باکوور هاویشتوویانە. دیارە ئەوە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە. هەرچەند ئێستا تەلەڤیزیۆنەکە، وەک بیستوومە مانگێک تا سێ مانگان هەر بەرنامەی تاقیکردنەوەی هەیە. بەڵام ئەگەر باش بەرێوە بچێ، کارێکی یەکجار بە نرخ و گەورەیە. وەک بیستوومە ئێستا لە رووسیا وەریان گرتووە، لە سوێد یش ئەوا خۆمان دەیبینین. دیسانەکە لە ئورووپا لە زۆر شوێنان دەبیندرێ. رۆژی دوای پێکهاتنی پەرلەمان، بەرنامەی کردنەوەی ئەو پەرلەمانەی بەرێکی بڵاوکردەوە. ئەگەر بتوانن بیکەنە تەلەڤیزیۆنێکی کوردستانی زۆر باش دەبێ. مەبەستم لە کوردستانی ئەوەیە کە بەشی سۆرانیشی تێدا بگونجێنن. چونکە بەراستی بانەوێ ونەمانەوێ موشکیلەی زمان هەیە. زۆر لە کوردەکان لە بەرنامە و

**ئیدی ئەوە بە دزی نییە و لە نهێنی وشتی حیزبی چۆتەدەرێ. پەرلەمانێکە و بەئاشکرا راپانگەیاندووە کە لەدەرەوەی وڵات، وەک خۆیان دەڵێن،سوورگون،(دەرەوە ی وڵات). کارەکانیان راپەڕێنن. چونکە ئەگەر کارەکانیان بکەوێتە باری حیزبایەتی ونهێنی و.. ئیدی ئەو وەختی ئەو ئەهمییەتەشی لەدەست دەچێ.**

ئاخافتنیان حاڵی نابن. کوردەکانی سۆرانیش لەدەرەوە یەکجار زۆرن. پاشان ئەگەر لە کوردستانی ئێران وکوردستانی عێراق ببیندرێ و ببیسترێ لە باری زمان و ئەدەبەوە کۆمەکێکی زۆر دەکا. موشکیلەی زۆر گەورە بۆ برادەرانی ئێمە، مەسەلەی زمانە. ئەوان ئێستاش کە پێکەوە دادەنیشن بە تورکی قسەدەکەن. بە راستی پێمخۆشبوو لەو کۆبوونەوەیەدا هەرچی هات قسەی کرد وسوێندی خوارد هەمووی بە زمانی کوردی بوو. هەرچەند هێندێکیان نەیاندەتوانی بیخوێننەوە، یا چاک قسەکەی بکەن. ئەوە بەلایەکی زۆر گەورەیە کە وەکی دیکە بۆخۆیان پێکەوە بە تورکی دەدوێن. جا بۆیە ئەو تەلەڤیزیۆنە دەتوانێ کۆمەگێکی زۆر گەورە بێ بۆ زمانی کوردی، بەڵام ئەگەر دیالێکتی کرمانجی وسۆرانیشی هەبێ، زۆر زیاتر سەردەکەوێ.

● **ئەم تەلەڤیزیۆنە پێوەندییەکی هەس لە تەک پەرلەمانا، یا سەربەخۆیە وکاروباری خۆی بەجیا ئەباتە رێگەوە؟**

- پێموا نییە لەژێر تەئسیری پەرلەمان بێ یان پێوەندی هەبێ. رەنگە وەک پێوەندی شتیان بۆ بڵاوبکاتەوە، ئەوە دەبێ. بەڵام خۆی سەربەخۆیە و بەرنامەی خۆی بڵاودەکاتەوە.

● **کاک کەریم، بەداخەوە لەم دواییەدا بیستمان جیا لە شەری ناوخۆی حیزبەکانی کوردستانی عێراق.. «یەکێتی نیشتمانی»پەلاماری بردگە سەر رادیۆی حیزبی دێمۆکرات وڕادیۆکەی داخستگە و زۆر لە کوردەکان، لە پێشمەرگەکانی کوردستانی رۆژهەلات مەجبوور بووگن کوردستانی بەردەستی عێراق بەجێ بێڵن و هەڵێن بۆ تورکیا، یا بڕۆنە شوێنگەلێکی نائەمن یا تەهدیدکراون بۆوەیکە تەحویل بدرێنەوە بە جمهووری ئیسلامی.. ئەم مەسەلە چۆن ئەبینیت و چارەسەری ئەم مەسەلەیە، ئەبێ چۆن بێ؟**

- راستە، نەک هەر خەبەر بڵاوبۆتەوە، بەڵکوو واقیعییەتە. دیارە دەمێکە یەکێتی نیشتمانی داوای کردووە لە حیزبی دێمۆکرات کە رادیۆکەیان ببەستن. بەڵام دەپێش هەموو شتێکدا دەبێ بزانین کە ئەو سیاسەتە و ئەو هەڵوێستە لە ژێر تەئسیری راستەوخۆی حکوومەتی ئیسلامی دایە.

ئەو سیاسەتە، بەرهەمی پیسی شەری ناوخۆیە کە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان، لە کوردستان بەرێوەی دەبەن. ئەتیجەشی ئەوە دەبێ کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە دۆستایەتی و برایەتی و هاونیشتمانیەتی و هەموو شتێکی دەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی دەگەڵ یەکێتی نیشتمانی زیاتر هەبووە، دەگاتە ئەوە کە یەکێتی نیشتمانی رادیۆکەی لێدابخا. رادیۆیەکیش کە نەک هەر ئی حیزبی دێمۆکرات، بەڵکوو رادیۆیەکە لە کوردستانی عێراق وئێران و لە دەرەوە بە هەزاران

**جا ئەمن هیوادارم کە تۆزێک بێنەسەر ئەقڵ و بێنەسەر ئەوەی کە بۆ سەعاتێکیش بێ، بەرژەوەندی میللی و قازانجی بزووتنەوە و خەڵکی کورد وەپێش بەرژەوەندی تەنگی حیزبایەتی یا خۆپەرستی بخەن. ئەوە بۆچوونی منە.**

کەس گوێی لێدەگرن. بە ڕاستی دەنگی ئازادییە، دەنگی ئازادی داخستن! و پاشان هەڕەشەی ئەوەش کە بەشی ژێردەسەڵاتی ئەو، بەجێبێڵن. دیارە یەکێتی نیشتمانی بۆخۆی بیانوویەک بۆ ئەوە دەبینێتەوە کە گۆیا دە محاسەرە دان و ڕێگایان لێگیراوە و ئەو وەزعە ناڵەبارە هاتووەتە پێشێ. جا لەبەرئەوە مەجبوورن مل بۆ ویستی حکوومەتی ئیسلامی ئێران کە دوژمنی سەرەکی بەشێک لە نەتەوەکەیانە و دوژمنی خۆشیانە، ڕاکێشن. جا من نازانم، ئەگەر بزانن ڕێگایان لێگیراوە و لەژێر ئەو فشارە دان، دەبێ ئەوەش بزانن بۆچی کەوتوونە ژێر ئەو فشارە؟ بە بۆچوونی من، هۆی سەرەکی ئەو مل ڕاکێشانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ کۆماری ئیسلامی، شەڕی ناوخۆیە. ئەگەر ئەو شەڕە نەبایە دەبەینی ئەو دوو حیزبە سەرەکییانەدا، هیچوەخت حکوومەتی ئیسلامی وای دەخۆ ڕانەدەدی بێ، فشار بێنێ بڵێ فلان ڕادیۆی دابخەن یان نازانم چ بکەن و خەڵکی تەحویل بدەنەوە.. تەک هەر ئەوە، بەداخەوە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یا ئەو کوردە نیشتمانپەروەرانەی کە لە کوردستانی ئێران دەربەدەر بوون و ساڵەهایە خەباتیان کردووە، تا ئێستا لە کوردستانی عێراق، یان کوژراون و ڕووتکراون، یان گیراون و تەحویلی حکوومەتی ئێران دراونەوە، لەبەر دەستی هەردووک حیزباندا، لەژێر دەسەڵاتی پارتیش و یەکێتی نیشتمانیشدا. دیارە ئەوە داخێکی زۆر گرانە، زۆرگرانە بۆ هەموو کورد، زەرەرێکی زۆرگەورەیە بۆ مەسەلەی کورد.. ئێمە لە سوێد ئاگادارییەکمان نووسی و سەت وچل کەسێک لەوانەی غەیرە حیزبێ و بێ لایەنن، ئیمزایان کرد وناردمان بۆ هەردووک مەکتەبی سیاسی. ناردمان بۆ ڕۆژنامە وڕادیۆکان. دەوێدا پەلاماری ئەرتەشی تورکیا وەدەستێوەردان و دەخالەتی حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە کاروباری کوردستانی عێراق و هەڵوێستی ئەو حیزبانە لە بەرانبەر کوردەکانی کوردستانی ئەودیومان مەحکووم کردووە .. بەڵام پێشموا نییە هیچ تەئسیرێکی هەبێ. چونکە تەجرووبەی ئەو شەڕانە و ڕابردووش نیشانی داوە، پاڕانەوە و تکا وپێشنیار و هەرچی نووسینی نیشتمانپەروەرانی کوردە، بەهەردووک بەشەکان وبەهەموو بەشەکانی کوردستانەوە، کار لەو دووحیزبانە ناکا. لەوەتی ئەو شەڕە سازبووە بە هەزاران کەس مەقالەیان نووسیوە، کاغەزیان نووسیوە، ئیمزایان کردووە و ناردوویانە، لە دەرەوە خۆپیشاندان کراوە، لە سەر ڕادیۆکان قسەکراوە، هەرگوێش نادەنێ. بەڵام ئەگەر شەقی بێگانەیان لەسەربێ، دەگەنە یەک و ئەگەر کاتییش بێ، شەڕەکەی ڕادەگرن. ئەوەی بایەخی پێنەدەن بیروڕای گشتیی کوردە. بەڕاستی سەردانواندن و سەرشۆڕکردن بۆ بێگانەش هەر ئەنجامی شەڕی خۆپەرستییە.

**● کاک کەریم، کێشەی نێوان باڵی ڕاست وچەپی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەکوێ گەیشتووە؟**

- جارێ پرسیارەکە پێموایە تەواو نییە. چونکە باڵی ڕاست وچەپ نییە لەوێ. ئەگەر ڕاست بن هەردووک ڕاستن و ئەگەر چەپ بن هەردووک چەپن. چەپ و ڕاستیان تێدا نابینم. ئەخێر، حیزبی دێمۆکراتە و لەت بووە و بەداخەوە زەبرێکی زۆری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد داوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەڵام ئەو ئیختیلافە هەر هەیە. دەو بەینەدا، سەت وچل کەس لە ئەندامانی هەردووک بەش کاغەزێکیان ئیمزاکردووە و داوایان کردووە لە سەرۆکایەتی هەردووک لا کە لێک نزیک ببنەوە ویەکبگرن، یا بەرە پێکبێنن. سەت و بیست کەسیش لە کوردەکانی ئەمریکا ئیمزایان کردووە و ئەوەیان داواکردووە. ئەوەی ئەمن دیومە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) شتێکی بڵاوکردووەتەوە ودەڵێ: "ئێمە بۆ ئیحتیرام لە بیروڕای ئەو کەسانەی کە ئەو کاغەزەیان ئیمزاکردووە حازرین بۆ دانیشتن وموزاکەرە بۆ یەکبوونەوە، بۆ نزیکبوونەوە، بۆ هەموو شتێک". دیارە ئەمن پێموایە ئەوە هەڵوێستێکی یەکجار زۆر ئاقڵانەیە، هەڵوێستێکی سیاسییانەو ئازایانەشە. ئاخر ئەوان ئیختیلافێکی وایان نییە. بۆ دەبێ دانەنیشن پێکەوە، بزانن ئیختیلافەکەیان چییە حەلی بکەن. بەڵام لەلایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ باباڵێێ ژمارە یەک و ئەوی دیکەش ژمارە دوو ـ هیچ ئاکارێک وهەڵوێستێک نیشان نەدراوە. وا دەردەکەوێ ئێوەنێوە کە پیاو یەکێک لەوان دەبینێ، هەر لەسەر ئەوپێوەدانی پێشوو پێیان چەقاندووە کە دەبێ ئێوی خۆیان بگۆڕن. ئەمن پێموایە مەسەلەی ئێو نییە. مەنافیع وبەرژەوەندی میللەتی کورد زۆر لەوە زیاترە کە یەکێک بیهەوێ ئێو بە یەکێ بگۆڕێ و یا یەکیش بیهەوێ بە ئێوەوە بنووسێ. جا لەبەرئەوە، بەبۆچوونی من، ئەوانە شتی شەخسی، یان ئێوان ناخۆشییەکی دەپێشدا بوویانە، زیاتر لە بەرژەوەندی میللەت و بزووتنەوە حیساب دەکەن. بۆیە ناتوانن دانیشن. شتێکی کە لەهەمووی خەتەرناکترە و ئەو برادەرانە پێیان وا نییە دە دنیایەشدا گۆڕان پێکهاتووە، هەر دەو قالبی ویشکی حیزبایەتیدا دەجووڵێنەوە و پێیان وایە دەتوانن هەموو شتێک بەنێوی حیزب بیەنە پێشێ. لەحاڵێکدا مەنافیعی میللەتەکە، زۆر زیاترە لە مەنافیعی حیزبێکی کە هەزار یا دوو هەزار وسێ هەزارکەسی دەگەڵ بێ، ئەگەر دەگەڵیشی بێ. ئەوە هەڵوێستی ئەوانە. یەکیش بە عیللەتی ئەویدیکە وەزعیان ئاوایە، ڕادیۆ دادەخرێ، ئەوی دیکە دەردەکرێ و ئەوی دیکەیان تەحویل دەدرێتەوە، ئەویدیکە ئەندامی مەجبوور دەبێ وڵات بەجێبێڵێ و ڕوو دە ئوورووپا بکا، دیسانەکە هەر لە یەکنەبوونیانە. ئەوان ئەگەر یەکبان و یەکێتی هەبایە، پێموایە دیسانەکە هێزێک دەبوون و ئەگەر هێزێکیش بان خەڵک بە هێزی حیساب دەکردن. فەرقەکەی یەکجار زۆرە. ئەگەر بەهێز بان وبەهێز حیساب کرابان، پێموایە وای لێنەدەهات کە داوایان لێبکەن لە وڵاتیش وەدەربکەون، یا ڕادیۆیان لێدابخرێ.. جا ئەمن هیوادارم کە تۆزێک بێنەسەر ئەقڵ و بێنەسەر ئەوەی کە بۆ سەعاتێکیش بێ، بەرژەوەندی میللی و قازانجی بزووتنەوە و خەڵکی کورد وەپێش بەرژەوەندی تەنگی حیزبایەتی یا خۆپەرستی بخەن. ئەوە بۆچوونی منە.

**● کاک کەریم، ساڵێکی دی پەنجا ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ، وەک یەکێک کە دە کۆماری کوردستاندا ژیاوی، هیچ بەرنامەیەکت هەیە بۆ بیرەوەری دامەزرانی کۆمار؟**


- ڕاستە، ئێمە بە پێشوازی پەنجاساڵەی دامەزرانی کۆماری

کوردستانەوە دەچین. کۆماری کوردستان دە مێژووی سەرانسەری میللەتی کورددا، ئەوەندە گرینگە و ئەوەندە نرخی هەیە، پێموایە نەک هەر ئەمن، دەبێ ڕووناکبیرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەوی پێیان بکرێ دەفکری دابن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ پێشوازی یادی پەنجاساڵەی ئەو کۆمارە مێژووییە. ئەمن بە نۆرەی خۆم، تائێستا دەگەڵ چەند برادەرێک پێشنیارم کردووە بەتایبەتی دەگەڵ کاک حەسەنی قازی و کاک قەرەنی قادری کە بتوانین کۆمیتەیەکی ئامادەیی و پێشوازی لە یادی پەنجاساڵەی کۆماری کوردستاندا پێکبێنین. پێوەندی بگرین دەگەڵ نیشتمانپەروەرانی دی، دەگەڵ برادەرانی دی، دەگەڵ کەسانی زانا و لێزان، دەگەڵ نووسەران، دەگەڵ ئەوانەی ئاگایان لێیە، بەڵکوو بتوانین لەباری کۆکردنەوەی عەکس ودانانی پێشانگە شتێکی بکەین. ئەگەر بکرێ هێندێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمی چاپ بکەینەوە. وتارەکانی پێشەوا کۆبکەینەوە وبڵاوی بکەینەوە. ئەو یاسا وقانوونانەی کە کۆماری کوردستان لەباری بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، لەباری خێروخۆشیی خەڵک، لەباری نەهێشتنی دزی وبەرتیل و ئەوانە، پەسندی کردوون دە ماوەی یازدەمانگاندا، چاپ بکەینەوە. دیارە ئەمن هێندێکم لەوانە دەکتێبی* تازەی خۆمدا کۆکردوونە و چاپم کردوون، بەڵام بە جوێ لە چاپیان بدەینەوە و بەخەڵکیان ڕابگەیەنین. ئەگەر بکرێ هێندێک لەوانە تەرجومە بکرێن بەزمانی ئینگلیسی، بەزمانی ئاڵمانی، بەزمانی بێگانە، هەتا بێگانە ئاگای لێبێ، شتێکی ئاوا دەکەین.. تا ئێستا هەر پێشنهادە و دیارە وەدووشی دەکەوم. هیوادارم بتوانین دەگەڵ هەموو برادەران شتێکی ئاوا بکەین، زۆر بەپێویستی دەزانم، چونکە نابێ لەسەر وەی ڕابوەستین داخوا حیزبێک بیکا. لەو چەند ساڵانەی ڕابردوودا یادی کۆماری کوردستان، تەنیا بۆتە هەڵپەڕینێک وچەند گۆرانیبێژ گۆرانی دەڵێن وهیچی دیکە، کە ئەوە هیچ ناهێنێ وئەو نرخە نییە بە کۆماری کوردستان دەدرێ.

● زۆر سپاس، هیوامان سەرکەوتنتە.

****

*: «پێداچوونەوە» کتێبێکی تازەی «کەریمی حیسامی»یە کە بەشێک لەبزووتنەوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ڕووخانی کۆماری کوردستان باس دەکا و بەو زووانە لەچاپ دەردەچێ. (گزینگ) ■



# ڕووناکبیر و پەسن و ئەرکەکانی

● د. حوسێنی خەلیقی ●

(٢)

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، بیرمان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە ناساند و گوتمان پێویستە ڕۆشنبیر لانی کەم تا ڕادەیەک شارەزای چەند زانست وەک تیئۆری ناسین، ژیریتۆژی، دەروونناسی و فیزیۆلۆژی یان زانستی ئەرکەکانی لەش بێ. لەم بەشەدا دەمانهەوێ ئاماژە بە چەند لایەنی تری ئەم زاراوەیە بکەین و زیاتر بچینە ناخی وشەکەوە و لە مەیدانێکی بەربلاوتردا بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هەرچەند مرۆڤ بەشێکە لە سروشت، بەڵام بە جۆرێک لە سروشت بەواتای گشتی وشەکە، جیاوازە و لەبەرانبەر سروشتدا ڕاوەستاوە و ئەرکی ناسین و ناساندنی سروشتی لەسەرشانە. بەوتەیەکی تر بەشێکی ئەودستاوە بەهۆی هۆش و بیریەوە شوێن لەسەر خۆی و ژیانی و سروشت دادەنێ و ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکدێنێ. بەبەرزکردنەوەی پلەی شعور و بیری، بەسەر دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ دەبێ و بەپێی توانا و نیازی، جیهانێکی جیاواز لەو جیهانەی دەوروبەری، دەخوڵقێنێ.

پێویستە ئەوەش بزانین هەر بیرێک ناتوانێ ئەو ئەرکە بخاتە سەرشانی. ئەمە ئەرکی بیری ڕووناک و پێشکەوتووە. بیری واهەیە کۆمەڵ بەرەوپاش ڕێنوێنی دەکا یان کۆمەڵ لەو ئاستە کە هەیە، دەیهەوێ ڕایبگرێ، لە مەبەست و بابەتی وا پشتیوانی دەکا و پڕوپاگەندی بۆ دەکا کە خۆی تەگەرەی پێشکەوتنە.

بیری زانستی، هۆی پێشکەوتنە و دەبێتە هۆی بەدیهاتن و پاراستنی بەرژەوەندیی و ئاواتەکانی کۆمەڵ. دژی ئەریت و لاسایی کردنەوەی خراپ و بڕوای ئەفسانەیی و دواکەوتوویانەیە. بیری نوێ ئەوەیە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێ.

ئەگەر ئەوە پەسند بکەین کە بیری نوێ بنچینەی پێشخستنی کۆمەڵە، دەبێ دان بەوە دابنێین کە بیری کۆن لەمپەری پێشکەوتنی کۆمەڵە و هیچ شاکار وداهێنانێکی تێدا نییە و تاریک و نادیار و خەیاڵاوییەو ناتوانێ نهێنییەکانی دەروونی دیاردەکان بدۆزێتەوەو مرۆڤ تووشی ئەو دیاردە ناحەزە دەکا کەچاوبەسراو خۆی بداتە دەست ڕووداوەکان و چارەنووس بە سەریدا زاڵ بێ و نەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا!

بیری پێشکەوتوو سەرەتای ڕووناکبیریی و سەرچاوەی بڕیاردان و هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤە. ڕۆشنبیریی ئاستی بیر و ڕوانگەی مرۆڤی بەرفراوان کردووە و زۆر نهێنی وەدەرخستووە و بووەتە هۆی لێهاتوویی و پسپۆڕی مرۆڤ. کۆمەڵی بێ ڕووناکبیری بەرپرسیار، تووشی وەستان و لاڕێیی دەبێ و دوادەکەوێ و لە کاروانی پێشکەوتن، دووردەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە ڕووناکبیریی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گشت شێوازەکانی ژیان دەگرێتەوە.

بیری مرۆڤ بەرهەمی بنچینە و پێوانە وتێگەیشتنە پێشووەکانییەتی. لەبەرئەوە مرۆڤ تاڕادەیەک یەخسیری وەهابۆچوونێکە، بەگشتی ئەو کەسانە کە لەکۆمەڵێکی پاشکەوتوودا ژیان تێپەڕدەکەن، ناتوانن لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەیان تێپەڕبن. بەڵام ڕووناکبیر کە باشتر توانیویەتی لەدەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ، دەتوانێ سنووری لەو چەشنە ببڕێ و ⬅



بچێ بەگژ بیر و نەریتی کۆندا. هێندێک ڕووناکبیریش هەن کە حەز لەچارەی زۆر لەبیر و بۆچوون و چاولێکەریی کۆمەڵەکەیان ناکەن. بەڵام ناوێرن بەڕاشکاوی و ئازادانە دژایەتییان لەگەڵ بکەن! بەکورتی چۆنیەتی و باری ئێستای ڕووناکبیر بە ڕەگ و ڕیشەی ڕابوردووەوە، پێوەندی هەیە و بەری تێکۆشانی ڕابوردووانە و خلتەی زانیاریی ئەوانە. ئەم دەبێ ڕێکوپێکتری بکا. وای لێبکا لەگەڵ دۆخی سەردەم بە تایبەت دۆخی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی بگونجێ. بێ ترس گیاکەڵەکان بژار بکا و لەوەی کە هەیە دەوڵەمەندتریان بکا و بەکەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی تر زیاتر گەشەی پێبدا. بە پێچەوانەی ڕووناکبیری ترسەنۆک و خۆپەرست لەبەرانبەر نارەواکاندا هەڵوێست بگرێ و لەپەنابردن بۆ دەستەونەژنۆ دانیشتن کە بەرهەمی کزیی هۆشیارییە، خۆی بپارێزێ.

لەو پێیەدا هەموو ڕۆشنبیرێک لایەنی نەتەوایەتی و گشتی یان مرۆڤایەتی تێدایە. مرۆڤایەتییەکەی مەبەستی بەختەوەریی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاشتی و سۆز و خۆشەویستییە و نەتەوایەتییەکەی تایبەتە بە سەربەرزیی و بەختەوەریی نەتەوەکەیەوە. دەکرێ بڵێین پوختەی بیری ڕووناکبیری مرۆڤایەتی، بەرهەمی گەوهەری تێکڕای هۆشیاریی نەتەوەکانە. ئەمەش ئالقەی پێوەندی ئەم دوو جۆرە ڕووناکبیرییەیە.

بەم پێیە ئەگەر ڕووناکبیرانی نەتەوە لە گۆڕەپانی ململانێی داگیرکەران و چەوساوەکان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کە سەرەتایە بۆ ڕامالینی جیاوازییەکان و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ، چالاکیی نیشان بدەن و بچنە ڕیزی پێشەوەی خەبات، یان لە زۆرانبازی گشتیی گشت چەوساوەکان دژ بە چەوسێنەراندا بەشدارییان کردوبێ، خەباتەکەیان بەشێکە لە خەباتی گشتیی چەوساوەکان. کە وابوو ئەوانە کە خەباتی نەتەوایەتی بە خەباتی ناسیۆنالیستییانەی بەرچاو تەنگ ناو دەبەن و دەیانهەوێ بە خواردنی پارووی گەورە گەورووی خۆیان بدڕن و بەناو گەورەیی خۆیان نیشان بدەن و بە هەڵمەتێک گشت چەوساوەکان ڕزگار بکەن، لاسایی ڕووناکبیر دەکەنەوە و ڕێ لە چەوساوەکان ون دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی گشت ئەمانە، ڕووناکبیری بەرپرسیار لە هەڵسوکەوتی خۆیدا، لە دوو بەرەی جیاواز و خاوەن پێوەندیدا، تووشی ململانێ دەبێ: یەکەم بەرەی ململانێ لەگەڵ سروشتی سەرسەخت و پڕ لە نهێنی و پێوەندی بەردەوام و قووڵی نێوان دیاردە سروشتییەکان، دووەم بەرەی کێشەی چەوسێنەر و چەوساوە. لە بەرەی شەڕ لەگەڵ سروشتدا، پەنابردن بۆ ڕێ و شوێنی ناسین و دۆزینەوەی پێوەندییە پڕ گرێ و گۆڵەکان و یاساکانی دەروونی سروشت، تاقە ڕێگایە و پێویست ناکا هەموو ڕوناکبیران لە گشت هێڵەکانی زانستە سروشتییەکاندا پسپۆڕ بن. ئەوەندە بەسە بۆ بەرەوپێشبردنی باری ژیان و گەشەکردنی کۆمەڵ، هەست بەوە بکەن کە پێوانی ئەورێگا پێویستە و بێ ئەم ململانێیە مرۆڤ ناتوانێ زنجیری کۆیلەتی سروشت بپسێنێ. ئەوکات ڕێگا بۆ پێکهێنانی بنکەوبنیاتی لێکۆڵینەوەی زانستیی و سەنعەتی، خۆش دەکەن، هەوڵی بۆدەدەن ونرخی بۆدادەنێن. مرۆڤی بۆ پەروەردە دەکەن و کەرەستە و ئامرازی دڵخوازی خۆیان لە مادەی خاوی سروشت دەخولقێنن. ئەمەش بۆ خۆی زەمینە خۆشکەری بەرەوپێشچوونی باری ئابووریی، فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییە و ڕێگای خەباتی کۆمەڵایەتی خۆشتر دەکا.

لە بەرەی شەڕ و ململانێ لە گەڵ ملهوڕ و زۆردار و چەوسێنەراندا. لەبەر ئەوە ڕووناکبیر ناتوانێ بەرەیەکی بەرفراوان بە پانایی زەوی بکاتەوە و لەسەرانسەری جیهاندا دژ بە چەوسێنەرانی مرۆڤ ڕابەرێ، ناچار پان و بەرینیی گۆڕەپانی خەباتی دەبەسرێتەوە بە مەڵبەندی جوغرافیایی ژیانی خۆی و نەتەوەکەیەوە. ڕادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی، پێوەندی بە هۆیە دەروونی و دەرەوەییەکانی ئەو جەغزەوە هەیە کە ئەو تێیدا چالاکیی نیشان دەدا. بەم پێیە ڕووناکبیر نابێ ڕاوەستێ و ئەرکی سەرشانیەتی هەمیشە ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵدا پێکبێنێ. لەلایەکی ترەوە ئەو دەربڕی بار و چۆنیەتی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی. ڕووناکبیریی ڕێباز و ئامرازی گۆڕینی ئەم بارانەیە و دەوری کاریگەری لە بەرپاکردن و بەرەوپێشبردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا هەیە. لەبەرئەوە کۆمەڵی نەزان و پاشکەوتوو، بە تێکۆشانی زۆر هۆشیاری وەچنگ دەخا، خۆفیداکردن و ڕاوەستان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم ململانێیەدا، ئەرکی سەرشانی ڕووناکبیرە و پێویستە لەو پێناوەدا، ئامادەی هەر چەشنە قوربانیدانێک بێ و لەمەرگ سڵ نەکا.

ڕووناکبیری کۆمەڵی پاشکەوتوو، دەبێ ڕێبازی داهێنان و دروستکاریی بگرێتە پێش و تێبکۆشێ پلەی بیر و هۆشیاری ڕۆڵەکانی کۆمەڵ و نەتەوە، بەرزبکاتەوەو بەو هەوڵە ڕێباز و ئامراز و زەمینەی ڕزگاریی گەل دەستنیشان بکا. ڕۆڵەکانی ئامادە بکا تا لە بەرەبەرەکانی لەگەڵ ستەمگەر و داگیرکەردا، کۆڵ نەدەن. ئەمەش تەنیا لە ئاکامی بیری زانستیی و دۆزینەوەی ڕێبازی دروست و پەیڕەوکردنی نەریتی پەسند و خوو و ڕەوشتی بەرز و شۆڕشگێڕانەوە، وەبەردێ.

ئەگەر بێت و نەتەوە یان کۆمەڵێک خاوەنی ڕووناکبیر و ڕێباز و فەلسەفە نەبێ و تاقمێکی خۆبەزلزان و قازانجویستی بەرچاوتەنگ، خۆیان بە سەر سەرکردایەتی بەرەی شەڕی ملهوڕ و چەوساوەدا بسەپێنن و نەتوانن لە فەلسەفەیەکی نوێ و پێشکەوتوو، پەیڕەوی بکەن، خەباتەکەی سەرناکەوێ و هەوڵەکەی بە فیڕۆ دەچێ. بیری پێشکەوتوو و زانستیی، ڕەوشت ونەریتی پەسند و چالاکیی زانیارانە و خاوەن بەرهەم، پێکهێنەری بناخەی ژیانی پێشکەوتووانەن. بە پێچەوانە، بیری پاشکەوتوو کاولکەری کۆشکی ئامانجەکانی کۆمەڵە. کۆمەڵ لە ڕەوتی نوێبوونەوەدا، لە زاڵبوونی بیری کۆن دەترسێ ولێی بێزارە و لە هەرەسهێنانی بیری کۆن، تەزووی بە لەشدا دێ، چونکە تەگەرە و لەمپەری ←

پێشکەوتنە. ئەم کۆنە بیرە، بەرماوەباوەکانی خۆی دەخزێنێتە مێشکی ڕۆڵەکانییەوەو هەڕەشە لە بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیریی نوێ دەکا و وەلاتان یان بژارکردنیشی کات و هێزی زۆری گەرەکە.


کەوابوو ڕووناکبیری کۆمەڵ بۆ هاندانی ڕۆڵەکانی نەتەوە بە مەبەستی بەشداری لە خەباتی ڕەوا و گەیشتن بە ئازادی، ناچارە پەنا بەرێتە بەر سیاسەت. چونکە سیاسەت یان رامیاریی دروست، ڕێبازی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵە. چەکی ململانێ چەوساوەیە بۆ گەیشتن بەئامانجی بەرزی مرۆڤایەتی. وەک ئاشکرایە، دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانیش بە مەبەستی سەرکوتکردنی چەوساوەکان لە چەکی رامیاری، کەڵک وەردەگرن! بەڵام سیاسەت وەک ئامرازی ڕزگاریی لە چەوسانەوە، دیاردەیەکی ڕەوا و ئینسانییە و کەڵک وەرگرتن لەم چەمکە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەش و بێ بەشکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە ژیانی ئینسانی، نارەوا و نامرۆڤانەیە. هەربۆیە لەسەر ڕووناکبیر پێویستە بە هەڵوێست و ڕەفتاری خۆی، جیاوازی زەقی نێوان ئەم دوو شێوەسیاسەتە نیشان بدا. چلۆن و لەچ مەیدانێکدا ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ دەتوانێ بێجگە لە ململانێ لە گۆڕەپانی خەبات، لەم بوارەشدا، بچێتە مەیدان و ڕەوابوونی سیاسەتی خۆی وناڕەوابوونی سیاسەتی دوژمنەکانی چەوساوەکان ئاشکرا بکا؟ لە پاشماوەی ئەم وتارەدا، هێندێک لەو هەڵوێست و پەسن و زانیاریی و ڕەفتارانە ئەخەینە بەرباس و ئەگەر مەرگ مەودای دا، لە وتارێکی تردا، درێژە بەم باسەمان دەدەین.

### ڕووناکبیری شۆڕشگێر و سیاسەت

گومان ڕۆشنبیر بە ناسینی دۆخی ژیانی کۆمەڵ و هەستکردن بەستەم و بیرکردنەوە لە ڕزگاریی لەوبارەدا، دێتە گۆڕەپانی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. لەبەر ئەوە کۆمەڵ ئاکامی کردەوە دوولایەنەکانی ئەندامەکانی کۆمەڵە و هێندێک لەوان پێوەندییان پێکەوە هەیە و بەشێکیان لێکپچڕاون، هیچ گروپێک ناگاتە هاوئاهەنگیی تەواو. چونکە بەشەلێک پچڕاوکانی دەبێتە هۆی لارێیی و ڕەفتاری دژ بەکردەوەی گشتیی و ناسازگاری سەرئەکێشێتە لای ئاڵۆزی و دوژمنایەتی و ململانێیەوە. بەوتەیەکی تر هەر وەک دژایەتی تێکۆشانێکە بۆئەوەی ئەهێڵێ گرووپی تر بەئامانجە گشتییەکەی بگا، هاوکاری تێکۆشانێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش. ئەم ئاتەباییانە دەبنە هۆی کۆشەگرتن یا تەقە ولێکدان. گومان گروپ یان جەماوەر بەرهەمی ڕەفتاریان کردەوەی دوولایەنەی چەند مرۆڤە کە هێندێک لەو کردەوانە هاوئاهەنگن و هێندێکیان نا هاوئاهەنگ. بەشە هاوئاهەنگەکەی، ئەندامەکان یەکگرتوو دەکا و ئەوی تریان کێبەرکێ و دوژمانیەتی و بازارگەرمی پێکدێنێ. ئەمەش بەو واتایەیە کە کەمتر گروپێک دەست دەکەوێ کە خاوەنی توێژ وبۆچوونی جیاواز نەبێ و قازانجی کۆمەلایەتی لەگەڵ قازانجی گشت ئەندامەکانی یەک بگرێتەوە.

بەمجۆرە لە ململانی گرۆی دوژمن و خاوەن دەسەڵاتدا، پێکهێنانی گرۆی هاوئاهەنگ پێویستە. هاوئاهەنگیی بە کۆمەڵ تێکۆشانێکە بۆ هاوئاهەنگ کردنی کردەوە دوولایەنە و لێک گرێدراو و لێک پچڕاوەکان. بەمجۆرە ئەندامەکانی گرۆ بە هۆی سازگاری خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمندا، لەو یەکیەتییە کەڵک وەردەگرن. ئەم یەکگرتووییەش بەرهەمی بەرژەوەندیی هاوبەشە و ئەمەش سەردەکێشێتە لای چالاکیی گرووپی یان ڕێکخراوەیی یان حیزبییەوە.

لێرەدایە کە ڕووناکبیر بە هەڵسەنگاندنی دۆخ، بە لێک گرێدانی هۆ و هۆگرەکان و پێوەندیدانی ڕابوردوو و ئێستا و پێشبینی بۆ داهاتوو، لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی دەروونی کۆمەڵ و دەوروبەر و جیهان بە قازانجی ڕێکخراوی خۆی، کەڵک وەردەگرێ. تەنانەت لەبەر ئەوە خاوەنی ئەو لێهاتووییە، دەتوانێ بچێتە پێشوازی ڕووداوی دژ بەئامانجی و بە قازانجی ئامانجی گەل کەڵکی لێوەربگرێ، لە جیاتی ئەوە ئەو ڕووداوە، دەس بنێتە بینە قاقەی، ئەم بەسەر ئەودا زاڵ دەبێ. واتا ڕووداوی وەها بخولقێنێ کە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بزوێنەری شوور و شەوقیان بێ و هەستیان دنەبدا. بەلێشاوکردنی ئەم هەستە، خەڵک یەکگرتوو دەبن و بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی هاوبەش دێنە مەیدان و ئازایەتی دەنوێنن. لە بەرئەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ئەنجامدانی هێندێک ئەرک کە ئازایەتیان تێدایە و مەبەست لەم چالاکییەش پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نوێیە، بزواندنی هەستی خەڵک و



ڕاپەڕاندنیان، ئەرکی سەرەکی ڕۆشنبیرانە. ئەمەش خۆی ئەرکێکی تر دەخولقێنێ. چونکە ئەو خەڵکەی کە ڕەنج و کۆڵەمەرگی بووەتە هۆی نارەزامەندی و خوازیاری گۆڕینی باری ژیانیەتی، لەبەر تەوژمی زانیارانە و بێ بەزییانەی چەوسێنەرانی، ئەزموونی ئەوەی نییە خۆی ڕێکبخا و کردەوەکانی لێک گرێ بدا، بە بەرنامەوە بچێتەپێش، بێ هێز وکات بەفیڕۆدان مل لەملی دوژمن بنێ و وەدوای ئامانجی بکەوێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە تاڵە ئەرکی تری ڕووناکبیران ئەوەیە کە ئەندامەڕاپەڕیوەکانی کۆمەڵ ڕێکوپێک بکەن، تێبکۆشن زانیارییان بەرنەسەر، دوژمنیان باشتر پێ بناسێنن و ڕێگای ڕزگارییان بۆ دەستنیشان بکەن. چونکە هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەڕێگای تێکۆشانی ڕێبەرەکانی ئەو شۆڕشەوە سەرهەڵدەدا، ئەوانن کە بە دابەشکردنی کار و پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و ڕاهێنان، جموجۆڵەکە بەرەو ئامانج ڕێنوێنی دەکەن. تەنیا فەلسەفە وڕێباز و ڕێبەرایەتی دروستە کە ئەندامە وەزاڵەهاتووەکانی کۆمەڵ لێک نزیک دەکەنەوە. لەبەر ئەوە ڕێبەرەکان لە پەیداکردنی دەسەڵات بەسەر ڕەوتی شۆڕشدا، دەوری گرینگیان هەیە، واباشە ئەندامەکانی ناسراو، خۆشناو، زانا و دڵسۆز و بەکردەوە، فیداکار بن تا بتوانن متمانەی ئەندامەکانی دەروونی ڕێکخراو وەدەست بێنن. ئەمەش خۆی ←



دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامەکان بەڵێنی فیداکاری و هاوئاهەنگی بەیەکتر بدەن. بەمجۆرە ڕێگای گەیشتن بە ئامانج بێ گرێ وگۆڵ و هاسانتر دەبێ. لێرەدا دەستبەجێ ئەوە خۆی دەنوێنێ کە ڕووناکبیرێک خاوەنی ئەو توانایە و پەسنانە نەبێ، نابێ پلەی ڕووناکبیری بەرپرسیار وشۆڕشگێڕ داگیربکا. ئەو لێوەشاوەیی و کارزانی وپەسنانەی دەبنە هۆی ئەوە تا کۆتایی شۆڕش، شەوق بۆ بەشداری لە شۆڕشدا بەردەوام بێ و ڕوحی سازشکاری لە خەڵک دا ناهێڵن کامن؟

١) تێکۆشان بۆ بەهێزکردنی ڕوحییەی گرۆیی کە دەبێتە هۆی ئەوە ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج بدۆزێتەوە. هەر ئەندازە ئەم ڕوحییە بەهێزتر بێ، ڕیزی ئەندامەکان پتەوتر دەبێ و لەئاکامدا دەبێتە هۆی یەککگرتوویی خەڵک و هەستکردن بەهێمنایەتی لەواندا، زۆرتر دەبێ و کێبەرکێی تاک و تراک و پەرژوبڵاوی نامێنێ، پێوەندییەکۆمەڵایەتییەهاوئاهەنگەپێکهاتووەکان، جێگای کێبەرکێی ناجوامێرانەی خەڵکی و ڕێکخراوەیی و تاکەکەسی دەگرنەوە. ئەم شێوە ڕەوتە دەبێتە هۆی دڵگەرمی ئەندامەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکانی شۆڕش و سەردەکێشێتە لای سەقامگیربوونی خەباتەوە. بەتایبەت ئەگەر ئەندامەکان بڕوایان بە ڕێبەرەکانی خۆیان هەبێ، سەقامگیربوونەکە زیاتر دەبێ.

٢) بوونی ڕێباز و ئیدەئۆلۆژی زانستیی کە نرخ و گرینگی زۆرتر بە شۆڕش دەدا. چونکە بێ ئیدەئۆلۆژی ئەوتۆ، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، تووشی دژایەتی گرۆ دەبێ. ئیدەئۆلۆژییەکە ڕێباز و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی شۆڕش دەخاتە بەرباس و جۆرە فەلسەفە و نرخ وزەمینەیەکی پارێزگاریی بە شۆڕش دەدا. ئەوکات ئەندامەکان لە بوونی ڕێبازدا سەرنج نادەنە ڕەخنەنادروستەکان و بەیارمەتی یەکتر هەست بەتوانایی دەکەن و لەواتای کۆڵنەدان تێدەگەن. ئەگەر وەبەرگرتنی سیاسەتی هەڵە ونادروست بەسەر ئەم بارەدا زاڵ بێ، شور و شەوق نامێنێ و بابەتی نوێ دەتوانێ زەینی ئەندامەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی شۆڕش و لە ئاکامدا لە بەشداری لەودا، نکوولی دەکەن. کەوابوو مەرجی مانەوەی شۆڕش و تەشکیلاتی شۆڕشگێڕانە یەککگرتوویی ئەندامەکانیەتی. شۆڕش یان ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانە تا ئەوکات خاوەنی ئەو یەککگرتووییە، وەک کۆیەکی سەربەخۆ بەژیان و ئەرکی خۆی درێژە دەدا. لەبەر ئەوە هەر ڕێکخراوەیەک دەبێ تێبکۆشێ ئەندامەکۆنەکانی بەبڕواتر بکا و ئەندامەتازەکانی لە هەڕەتی خووگرتن بە تەشکیلات، لەگەڵ تەرازووە پەسندکراوەکانی ڕێکخراو، هاوئاهەنگ بکا، ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییە دەبێ هاوئاهەنگیی ڕیزەکانی بەسەربەرزی دابنێ و ناهاوئاهەنگییەکە بەسەرشۆڕی بناسێ.

٣) تێکۆشان بۆ یەککگرتوویی جەماوەر و دامەزراندنی پێوەندیی دروست لەگەڵ جەماوەردا. چونکە لە ڕاستیدا جەماوەر ڕێبەری شۆڕشە و ئەوە کە ئامرازی سەرکەوتن دەخاتە ژێردەسەڵاتی شۆڕش و هێز وتین بەشۆڕش دەدا. شۆڕشگێڕی ڕووناکبیر دەبێ لە ئەزموونە پرژ و بڵاوەکانی جەماوەر کەڵک وەربگرێ و بیانداتەوە بە سەرکردایەتی و ئەویش بێ خەوش و پوخت و کورتیان بکاتەوە و بەڕێکوپێکی، وەک وانەی شۆڕشگێڕیی بیخاتەوە مێشکی جەماوەر. نابێ ڕێبەرایەتیی شۆڕش ئازادی کردەوە بگەیەنێتە پلەیەک، بە یەککگرتوویی جەماوەر زیان بگەیەنێ. چونکە ئەوکات جەماوەر بە ئامرازی تایبەتی خۆی، پێش بەو کارە دەگرێ. لێرەدایە کە چەمکی کۆنترۆڵ یان زاڵبوونی جەماوەر یان کۆمەڵ بەسەر شۆڕش و ڕێکخراو و تاکەکەسدا، خۆی دەنوێنێ.

ناگونجێ کۆمەڵانی خەڵک لەدەوروبەری کەس یان ڕێکخراوەیەک کۆببنەوە کە خراپەیان لەگەڵ دەکا و بەسەریاندا ئازەدەفرۆشێ و بە خۆبەزلزانییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکا. چونکە ئەم ڕەفتارە ڕەفتاری دوژمنە و ئەوە ئەرکی ڕووناکبیری لەو چەشنەیە کە دەبێ ئەم پێوەندییە لەسەر بناخەیەکی زانستی و کۆمەڵناسییانە، دامەزرێنێ تا ڕێزگرتنی دوولایەنە، مسۆگەربکا. نابێ ڕەفتاری ئەندامەکانی شۆڕش، لەگەڵ جەماوەر جۆرێک بێ کە لەگەڵ ڕەفتاری دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان، هاوکێشی بکا. ئەم چڵ و ئەو چڵکردن لە ڕیزگرتن لە جەماوەر، واتا ماوەیەک و لەبوارێکدا ڕێزیان هەبێ و ماوەیەکی تر سووکایەتیان پێ بکرێ، دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی جەماوەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕش و دوورکەوتنەوە لە سۆز و هاریکاری جەماوەر. ئەوانەی ڕیز بۆ جەماوەر دانانێن یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕێبازی شۆڕشگێڕییان تێکشکاندووە و شیاوی پەسنی ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕ نین.

لە ڕاستیدا، ئەوە ڕووناکبیری پێشڕەوە کە ڕادە و چلۆنایەتی پێوەندیی شۆڕشگێڕان لەگەڵ جەماوەر دیاری دەکا، چونکە جەماوەر ملکەچی دژکردەوەی پێشڕەوەکانە لە بەرانبەر خۆیدا. دیارە ئەم بارەش ئەوکاتە واتای هەیە کە جەماوەر بەوان متمانەی هەبێ و بێگومان ئەوە ئەوانن کە دەبێ ئاکامی پێوەندییەکانیان لەگەڵ جەماوەر وەئەستۆ بگرن. ڕوناکبیر و پێشڕەوی وا هەیە کاتێک لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا، سەرکەوتنێک وەدەست دێنێ، پێی وایە ئەوە هێزی سیاسی و بلیمەتیی ئەو بووە، ئەو سەرکەوتنەی خولقاندووە! هەربۆیە بەرەبەرە لە جەماوەر دوور دەکەوێتەوە ونرخیان لای کەمتر دەبێ!

لەم کاتەدا جەماوەر تەنانەت بە دیتنی گەورەترین پلەی سەرکەوتن بە دەست ڕووناکبیری پێشڕەوی لەو چەشنە، ڕیزی بۆ دانانێ وسەرکەوتنەکەشی لای نرخی نییە. سەرەڕای ئەوە ئەوانەی کە ڕێز بۆ جەماوەر دانانێن، سەرکەوتنی ڕاستەقینە وەدەست ناهێنن. ئەندامەکانی ڕێکخراوێکی ڕێبەرایەتی کراو، بە هۆی ڕووناکبیرانەوە، بە ڕەفتاری ڕۆژانەی خۆیان، ڕێز بۆ جەماوەر و داب ونەریت و کردەوەکانیان دادەنێن، گوێ بۆ بۆچوونەکانیان ڕادەگرن و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دۆخی ناوچە وخەبات، ڕەفتاریان پێدەکەن. ئەگەر بۆچوونەکانی شۆڕشگێڕان لەگەڵ بۆچوونەکانی جەماوەر دژایەتیان هەبوو، بۆچوونی خۆیان بە زۆر بەسەر جەماوەردا داناسەپێنن، مەگەر ئەوکات کە خەباتێکی درێژخایەنیان بۆ کردبێ، بناخەی کۆمەڵیان گۆڕابێ، هاتبێتنە گۆڕەپانی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یەوە و خاوەن

دەسەڵاتی سیاسی بن. جەماوەر لە بەرانبەر بیر و بڕوا و میراتە فەرهەنگییەکانی خۆیەوە، زوو دژکردەوە نیشان دەدا، هەر بۆیە پێویستی بە ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕێکە کە بەم چلۆنایەتییە بزانێ و لە ڕادەکەی ئاگاداربێ و بە شێوەیەک ڕەفتاریان لەگەڵ بکا کە ڕێز و خۆشەویستییان سەبارەت بە یەکتر زیاتر بێ. بەمجۆرە ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ بەشێکە لە جەماوەر و ئەرکی ئەوەیە کە لەو چوارچێوەدا جەماوەر بۆ بەشداریی چالاکانە تر لە خەباتدا هان بدا و لە خەورایان پەڕێنێ و ڕێنوێنیان بکا و بە کردەوەی پەسندی شۆڕشگێڕانە بێتە پێشڕەویان.

ڕاپەڕاندنی ئەرکە گرنگەکانی سەرکەوتن، لە ئەستۆی کۆمەڵانی خەلکە و سەرکەوتنی شورشگێری پێشڕەو لە گشت پلەکانی شۆڕشدا پێوەندی بە ئەندازەی تێکەڵ بوون و شێوە ڕەفتاری ئەو لەگەڵ جەماوەردا هەیە. بەمجۆرە پێشڕەو دەبێ گشت توانای خۆی بۆ پتەکردنی ئەو پێوەندییە تەرخان بکا تا بتوانێ پلەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، بەرزبکاتەوە وبیگەیەنێتە ئەو ڕادە وەک هێزێک کە دەتوانێ ئەرکی زۆر گرنگ جێبەجێ بکا، متمانەی پێ بکا.

ڕووناکبیر بۆئەوەی کەرەستەی پێویست بۆ خەبات ئامادە بکا، پێویستە لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەلکدا، ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا. چونکە شۆڕش بێ پاڵپشت بەستن بە خەلک و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی، ناتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ. ئەم ڕێکخراو یان بنکەوبنیاتانە کە سەر بە کرێکار و پیشەساز و مامۆستا و قوتابی و هیتر، کۆلەکە و ئالقەی پێوەندیی نێوان جەماوەر و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەن. ئەم شێوە بۆچوونە لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا کە پێشڕەوەکان زۆرتر ماندوو دەبن و باری قورستری شۆڕشیان لەسەر شانە، دژایەتی نییە؛ چونکە ئەوان بە لەبەرچاوگرتنی پلەی زانیاری و پێشڕەوبوونیان، بەرپرسیارترن. بەرەو پێش بردنی ئەم ڕەوتە نیازی بەوە هەیە کە ڕووناکبیر و پێشڕەوەکان و بە تایبەت ئەندامەکانی تری بزووتنەوەی شۆڕشگێری، لەگەڵ جەماوەر ژیان تێپەڕ بکەن و لەگشت خۆشی وناخۆشییەکاندا لەگەڵیان بن، لە نێوان خۆیان و کۆمەلانی خەلکدا پردێک لە متمانە و بڕوای بێ ئەمسلاوئەولا دابنێن تا لە ئاکامدا ئەندامەکانی نەتەوە ببنە چاو و گوێ و دەست و هەستی ئەوان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بۆ لەبارتر بکەن.

٤) پێویستە تاکە ئامانجی ڕووناکبیر ڕزگاری نەتەوە یان کۆمەڵ لە کۆلەمەرگی و ستەم بێ، لەگشت هەڵسوکەوتەکانیدا ئەم مەبەستە دیار بێ و لە هیچ باروددۆخێکدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکە کەسی وحیزبی وهیتر، پشت لەو ئامانجانە نەکا. ڕووناکبیری ڕاستەقینە و بەر پرسیار ئەو مافەی نییە، بەهەر شێوەیەک بتوانێ، ڕۆڵەکانی نەتەوە بکاتە قوربانی ئامانجە بەرتەسکەکانی خۆی و ڕێکخراوەکەی. دەگونجێ کۆمەڵ یان نەتەوەیەک لە بوارێکی کۆمەلایەتی و دۆخێکی ژیاندا بێ کە بە گشتی پلەی شعووری کۆمەلایەتی نزم بێ و تەنیا چەند کەس بەکەڵک وەرگرتن لە فەرهەنگی ناوچە و جیهان و خۆگەیاندن بە زانستگە و فێرگەکان پلەی شعووری کۆمەلایەتیان بەرزبکەنەوە و بە ڕێکەوت و دەرفەت قۆستنەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە هەستی ئازادیخوازانەی کۆمەلانی خەلک، جڵەوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کۆمەلایەتی بە دەستەوە بگرن. ئەگەر ئێستوو ناڕاست بن و بەرپرسایەتی ڕزگاریی نەتەوە وەئەستۆ نەگرن و لەبیری وەدەستهێنانی سەروەری و گەیشتن بە ئامانجی گرووپی و هیتر دابن، ئەوا هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی جەماوەر بەفیڕۆ دەدەن و درەنگ یان زوو ناوەرۆکی پڕ لە خۆپەرستی و مەزنیخوازییان بۆ کۆمەلانی خەلک ئاشکرا دەبێ و جەماوەر ناچارە جۆگەلەی خوێنی خۆی بگۆڕێ و لەوە زیاتر خوێنی بەو جۆگەلەدا نەڕێژێ، ڕێبازی تر هەڵبژێرێ و دەسەلاتی خۆی بەسەر هەلپەرستاندا زاڵ بکا، ڕێگا نەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەناو ڕووناکبیری لەو چەشنە بەسەر چارەنووسیدا دەسەلاتداریەتی بکا. ئەوە ئەرکی جەماوەری ڕاپەڕیوە کە ڕێگا بە فریو بگرێ و پەردەی ڕیا وفێڵ و تەڵەکە، لە سەر ڕووناکبیر و سەرکردەی کارتۆنی و خۆپەرست هەڵبداتەوە و ڕووی دزێوی وەدەرخا و بە ڕقی شۆڕشگێڕانەی خۆی سزای پێویستی بدا، تا جارێکی تر لەو جل و بەرگە ئالاووالایەدا، فریوی نەدا و ڕەنجی چەندان یان دەیان و سەدان ساڵەی بەبا نەدا. ڕەنگە بگوترێ لەو بارەدا ئەو بە ناو ڕووناکبیر و پێشڕەوانەی شۆڕش، بە فێڵ وتەڵەکە و دەرفەت قۆستنەوە و پێکهێنانی دەستە وتاقم و کەرەستەی دەسەلات، گەیشتوونەتە ئەو جێگا کە جەماوەر زۆریی پێیان ناشکێ و ناچارە ملۆزەی یاری ئەوان بێ و



چارەنووسی بەو شێوە ڕەفتارەی ئەوانەوە ببەستێتەوە!! بۆ ئەو کەسانەی کە زانیارییان لەسەر هێز و توانایی و ڕق و یەکگرتوویی جەماوەر نییە و بڕوایان بەوە نییە ئەوە جەماوەرە کە شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیر و سەرکردە دەخولقێنێ و سەرئەنجام ئەوە ئەوە کە ئەرکە گرنگەکانی شۆڕش ڕادەپەڕێنێ و بێ ئەو و هێزی ئەو سەرکەوتنی تەواو ئەگونجە، پەسند کردن و بڕواکردن بەو شێوە زاڵبوونە، هاسانە. بەڵام ئەوانەی بەپێچەوانە بیردەکەنەوە و پێیان وایە لە شۆڕشدا ئەوە جەماوەرە کە خاوەن دەوری کاریگەرە و ئەوە چارەنووسی ڕاپەڕین دیاری دەکا، بەو بۆچوونە بڕوا ناکەن، تێدەکۆشن جەماوەر بۆ هاتنە مەیدان و وەئەستۆگرتنی ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان، هان بدەن. گومانی تێدا نییە و ئەوە بڕیاری مێژوویە، سەرئەنجام جەماوەر و کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێش و خاوەن خەبات، ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ تاقمی ئاژاوەگێڕ و فریوەکار و خۆ بەزلزانی بە ڕواڵەت ڕووناکبیری نەتەوە و کۆمەڵ دەدۆزنەوە و ئەو ناو و پەسنەی پێویستە پێیانەوە دێنێ وسزای پێویستیان دەدەن. ■

**سەرچاوەکان:**

١) قواعد المسلكيه الثوريه، حركه تحرر الوطن الفلسطين (فتح)

٢) ڕۆشنبیری. فوئاد تاهیر. بەغداد، ١٩٨٩

٣) بناخەگشتییەکانی کۆمەڵناسی، حسێنی خەلیقی، سوێد ١٩٩٤

٤) فەلسەفە و کۆمەڵ، حسێنی خەلیقی، بەغداد، ١٩٩٠

+++

د.حوسێن محەمەد عەزیز

# سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی ئاوارەی کـــورد و بازاڕی چاپەمەنی کـــوردی

رادەی پێشکەوتن و پلەی تێگەیشتنی هەموو گەلێ لە جیهاندا، زیاتر بە پلەی بڵاوبوونەوەی خـوێندەواری و بەرزی یا نزمی ئاسـتی ڕۆشنبیری ڕۆڵەکانی ئەو گەلە دەپێورێ. تا خوێندەواری لە نێو نەتەوەیەکی دیاریکراودا زیاتر بڵاو بێتەوە، تا ڕێژەی نەخوێندەواران لە ڕیزەکانی گەلدا کەمتر بێ، تا ڕۆڵەکانی گەل پەرۆشیان بۆ زانست و زانیاری و خوێندنەوە و نووسین زیاتر بێ، تا ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دیکە، لە وڵاتێکدا زۆرتر بێ، تا ژمارەی وێسگەکانی ڕادیۆ و کـەناڵەکـانی تەلەفیزیۆن پتر بێ، تا جووڵانەوەی هونەری و وێژەیی لە نێو گەلێکی دیاریکراودا لە گەشەکردن و پەرەسەندندا بێ، ئەوا ئەو گەلە خێراتر هەنگاو بەرەو پێشکەوتن دەنێ و زووتر لە کـاروانی ژیاریی و شارستانییەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نزیک دەکەوێتەوە و سەبارەت بە خوێندن و خوێندەواری و پاراستنی زمان و فـەرهەنگ و ڕاژەکردنی کـەلەپووری نەتەوەییش، بە نیشـانەیەکی گەلێ بەهێز و پتەوی ڕادەی گرنگیدانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە دادەنرێ. بە پێچەوانەشەوە نەبوونی ئەو شتانە و گرنگی نەدان پێیان، ڕادەی نەخوێندەواری و پلەی دواکەوتوویی لە کاروانی ڕۆشنبیری و ژیاریی ئەو گەلە دەردەخا.

ئەم چالاکی ڕۆشنبیـری و جـووڵانەوەی هونەری و وێژەییـەش لە هەر وڵاتێکدا، زیاتر پەیوەندی بە بارودۆخی ڕامیـاری وڵات و ژێرخـانی ئابووری کـۆمـەڵگەکە و ڕادەی ئازادی و پلەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ و شێوازی کـارکردنی دیمۆکراسییەوە هەیە. لە نێو گەلانی بندەست و لە سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری فاشیدا، مەودای ئەو چالاکییانە زۆر کەم دەبێتـەوە، بە پێچەوانەشەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد ودیمۆکراسیدا، هەمیشـە بزووتنەوەی هونەری و وێژەیی لە گەشەکردن و پێشکەوتن دایە. لە کـۆمـەڵگەی یەکـەمـدا، لەبەر نەبوونی سـەربەسـتی بیرورا دەربڕین، جووڵانەوەی هونەری و وێژەیی زیاتر بە شێوەیەکی نهێنی دەبێ، بەڵام لە کۆمـەڵگەی دووەمدا، زیاتر بە ئاشکرا و لە ڕێگەی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە دەبێ.

ئەگەر لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بەراوردێ لە نێوان هونەر و وێژەی وڵاتێکی ئازادی خاوەن سیستـەمی دیمۆکراسی وەکوو ئەمریکا، سوێد، نەرویج، ئیسـرائیل... لەگەڵ وڵاتێکی خـاوەن سـیسـتـەمی دیکتـاتۆری و ڕەفتـارفاشی وەکوو کۆبا، کۆریا، تورکیا، ئێران، عێراق، سـووریا...دا بکەین، ئەوا زۆر بە ڕوونی جیـاوازی نێوانیانمان لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانی ڕۆشنبـیـریدا بۆ دەردەکـەوێ. جگە لەوەی لە وڵاتە دیمۆکراسییەکاندا، بزووتنەوەی کلتوری لە ڕووی چەندایەتییەوە، لە چاو وڵاتە دواکـەوتووەکـاندا زۆر زیاترە و لە ڕووی چۆنایەتیـشـەوە پێشکەوتووتر و کامڵتر و بەهێزترە، چونکە لە وڵاتە دیمۆکراسییەکاندا، ڕۆژانە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچن و چەندین وێسگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفیزیۆن کار دەکەن و سیسـتەمی فرەڕێکخراوەیی و پلورالیزم پیادە دەکرێ. بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆری و نادیمۆکراسییەکاندا، جگە لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـانی پارتی پێشڕەو و سـەرکردە، جگە لە وێسگەی ڕادیۆ و کـەناڵەکـانی تەلەفـیـزیۆنی بەشی ڕاگەیاندنی ناوەندی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگاکانی دەوڵەت، چیدیکە بەدی ناکرێ.

ئەگەر سەرنجێکی سەرپێی لە بارودۆخی بزووتنەوەی هونەری و وێژەیی نەتەوەی کـــورد بدەین و لەگـــەڵ بارودۆخی نەک هەر تەنیـــا وڵاتە دیمـۆکـراسـیـیـەکـاندا، بەڵکوو لەگـەڵ وڵاتە دواکـەوتوو و دیکتـاتۆرییـەکـانیـشـدا بەراوردی بکەین، ئەوا زۆر بە ئاشکرایی دواکەوتوویی نەتەوەی کـوردمـان لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانی هونەری و وێژەییدا بۆ دەردەکەوێ. ئەوڕۆ لە سەرتاپای کوردستانی مەزندا، جگە لە هەندێ نێوچەی باشووری کوردستان، کە ئەویش بایی ئەوەندە نییە مرۆڤ دڵی پێ خۆش بکا و لەوانەیە ئەو تروسکاییەش نەمێنێ. ڕۆژنامـەیەک، گۆڤارێکی ئازاد، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنێکی ڕێکوپێک و پێشکەوتوو کە لە ئاستی پێداویستییەکانی ژیانی ڕامیاری و فەرهەنگی سـەردەمدا بێ، بەدی ناکرێ. ئەوەشی هەیە زۆر کز و لاوازە و زۆربەشی بە نهێنی دەردەچێ و [illegible]ڕەنگدانەوەی کلتور و شێوازی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستانە، [illegible] دەنگی زوڵاڵ و ڕەسەنی هونەر و وێژەیەکی میللی ناوەڕۆک [illegible]ت و پاراو بێ.

لە دەرەوەی کوردستانیش، لە نێو کوردە ئاوارەکانی هەندەراندا، وەنەبێ ڕۆڵە دەربەدەرەکانی نەتەوەی کورد، توانیبێتیان زۆر بە چاکی کەڵک لەو هەلە هەڵکەوتووە و ئەو بارودۆخە دیمۆکراسی و ئازادییەی ئەو وڵاتانەی تێیـدا دەژین وەرگـرتبێ، بەڵکوو جـووڵانەوەی هونەری و وێژەیی لە هەندەرانیش زۆر کز و لاواز و پچڕ پچڕ و یەک نەگرتووە.

بەداخەوە دەتوانین بڵێین، خەسڵەتە نێگێتیڤەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، کە خۆی لە گۆشەگیری و کاری تەنیایی و هەلپەرستی و کاسەلیسی و تاکپەرستی وخۆخۆیی و هاوکاری لەگەڵ یەکدی نەکردن و پێکەوە نەگونجان و یەک نەگرتن و ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێنی و بەخیلی و حەسوودی بە یەکدی بردندا دەنوێنێ، لە بواری بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری و وێژەییشدا، زۆر بە زەقی و زیاتر لە بوارەکانی دیکە ڕەنگیان داوەتەوە؛ دیارە ئەمەش هەر بۆ باری دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەمان و کارتێکردنی نێگێتیڤانەی ڕۆڵی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە. دەتوانم بڵێم، ئێمەی کورد بە هەموو مانای وشە، جگە لە جووڵانەوەیەکی ئیفلیجی ناوەڕۆک بێپێزی لاوازی هونەری و وێژەیی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان، هیچ جۆرە جووڵانەوەیەکی دیکەی هونەری و وێژەیی میللی و کۆمەڵایەتی دیکەمان نییە. ئەو ڕێکخراوانە کارێکیان بەسەر نەتەوەی کورد هێناوە، تەنانەت ڕیزەکانی بزووتنەوەی هونەری و وێژەییشیان وەکوو هەموو دیاردەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، لەتوکوت و بێلەزەت کردووە. ڕێکخراوەکان چونکە بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی خۆیان لەسەرو بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمانەوە دادەنێن، چونکە نەتەوەی کورد لەڕێکخراوەکەی خۆیاندا

**شتێکی چەند سەیرە، تەنانەت ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتیش دەژین و خۆیان بە ڕۆشنبیر و نووسەر و هۆنەر و هونەرمەند دەزانن، کەچی تۆزقاڵێ کەڵکیان لە تاقیکردنەوەی دیمۆکراسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی پێشکەوتووی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، وەرنەگرتووە.**

دەبینن، دیارە هەموو ئەو بەرنامە ڕۆشنبیرییانەی هەشیانە، زیاتر لەڕاژەکردنی هێڵی گشتی ڕێکخراوەکانی خۆیان دایە، وەک لەوەی لەڕاژەکردنی جووڵانەوەی هونەر و وێژەی سەرجەمی نەتەوەکەدا بێ. لێرەدا مرۆڤ دەبێ هەق بڵێ، بە ڕاستی فەرهەنگی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان، لە شەڕەجنێو و قسەی نێو بازاڕی و هێرشکردنە سەر یەکدی و سوکایەتی بە یەکدی کردن و بە خەڵکی، لەو پەڕی پلەی پێشکەوتن و دەوڵەمەندی دایە، ئەو خەسڵەتە خراپانەش، لە ڕێگەی چەندین ساڵی پەروەردەکردنی چەوتی ڕۆڵەکانی گەلەوە، لە لایەن ئەو پارتانەی کوردستانەوە، بەشێکی زۆری تانوپۆی نووسین و بەرهەمەکانی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردیشی تەنیوەتەوە، جا ئەو نووسەرانە ئەندامی هەر پارتێکی دیاریکراو بن یا بێلایەن، لە کوردستان بن یا لە هەندەران، چ جیاوازییەکیان نییە، چونکە سەرچاوەی پەروەردەکردنەکە هەر یەکە، کە ئاویش لە سەرچاوەوە لێڵ بوو، ئیدی کار لە کار دەترازێ.

شتێکی چەند سەیرە، تەنانەت ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتیش دەژین و خۆیان بە ڕۆشنبیر و نووسەر و هۆنەر و هونەرمەند دەزانن، کەچی تۆزقاڵێ کەڵکیان لە تاقیکردنەوەی دیمۆکراسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی پێشکەوتووی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، وەرنەگرتووە. هەموو خوو ڕەوشت و هەڵسوکەوت و کلتورە خراپەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان لەگەڵ خۆیاندا گواستۆتەوە، هەر لە شەڕەجنێو و بوختان بۆ یەکدی دروستکردن و سوکایەتی بە یەکدی کردن و بەخیلی بەیەکدی بردن تا دەگاتە دژایەتی یەکدی کردن و قسە لە یەکدی دابڕان. بەدەگمەن دوو ڕۆشنبیر، دوو نووسەر، دوو هۆنەری کورد، تا سەر دانوویان پێکەوە دەکوڵێ، دەتوانن کارێکی هاوبەش پێکەوە بەئەنجام بگەیەنن. کەم نووسەر هەیە بە چاوی ڕێزەوە لە بەرهەمی برا نووسەرەکانی دیکەی خۆی بڕوانێ، دان بە توانا و بەهرە و دەست و قەڵەم و لێهاتوویی و زیرەکی و پلەی ڕۆشنبیری یەکدیدا بنێن، هەر کەسە تەنیا هەر خۆی بە یەکەم نووسەر و ڕۆشنبیر و هۆنەری کورد دادەنێ، ئەوەندەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد دژی یەکدی دەدوێن و لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن و لەسەر بچووکترین شت تێکدەچن و دژی یەکدی دەنووسن و شتە تایبەتییەکانی خۆیان تێکەڵ بە شتە گشتییەکان و بابەتی نووسین دەکەن، ئەوەندە خەڵکی نەخوێندەوار و نەزان بەو کارانە هەڵناسن!

لە دوای ئەو هەموو ئازار و ژان و چەوساندنەوە نەتەوایەتییەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە چەشتوویانە، لە دوای ئەو هەموو دیکتاتۆری و قەدەغەکردنی سەربەستی و نەبوونی دیمۆکراسییە، بە تایبەتی نووسەران و ڕۆشنبیرانمان لە کوردستان نەک هەر ماوەی نووسین و خۆ ڕێکخستنیان لێ قەدەغە کرا بوو، بەڵکوو تەنانەت ڕێگەی ڕادەربڕین و جموجۆڵ و گەڕانیشیان لە زۆربەی زۆری نووسەر و هونەرمەندە نیشتمانپەروەرەکانمان قەدەغەکرد بوو، کەچی ئەوڕۆ لەبری ئەوەی لە نێو ئەم کۆمەڵگە دیمۆکراسییانەدا، کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرن و دەستی برایەتی و هاوکاری بخەنە نێو دەستی یەکدییەوە و پێکەوە کار بکەن، لە جاران و لە کوردستان گەلێ خراپتریان بەسەر هاتووە، هەر کەسێ لە ئاستی خۆیەوە، جاڵجاڵۆکە ئاسا تەونێکی بە دەوری خۆیدا تەنیوە و خۆی کەنارگیر گرتووە و دەیەوێ بڕوا بە خەڵکی بهێنێ، کە کاری تەنیایی و تاکە کەسی و گۆشەگیری، گەلێ چاکتر و بە بەرهەمترە و بۆڕبۆڕێنێکی دیمۆکراسییانە دێنێتە کایەوە و لە ئەنجامیشدا پێشکەوتن و داهێنانی زیاتر بە دەست دەهێنرێ. ئەز پێم وایە، ئەوجۆرە کەسانەی بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە، لەبەر دەروونی نەخۆشی خۆیان و هەڵنەکردنیان لەگەڵ کەسی دیکەدا، ئەو جۆرە بەیتوباڵۆرانە لێ دەدەن، ئەگینا دەبێ چ کارێ لە کاری هەرەوەزی و بە کۆمەڵ کارکردن چاکتر بێ؟ بەپیت و فەڕ و بەرهەمتر بێ؟ڕێکوپێکتر و بەردەوامتر و درێژخایەنتر بێ؟ چەند جارێ بۆ ئەو مەبەستانە، پەنام بۆ بەر هەندێ لە نووسەر وڕۆشنبیری کورد بردووە، تا هەموو پێکەوە کارێکی گشتی و بە کۆمەڵ بکەین، بەڵام هەموو جارەکان وەڵامی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کورد هەر ئەوە بووە، کە بڕوایان بە کارکردنی بە کۆمەڵ نییە و ئیشی تاکە کەسییان پێ چاکترە. تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەش، لە ساڵی ١٩٩١دا، ووتارێکم لە گۆڤاری (ڕابوون )ی ژمارە (٢)دا بڵاو کردەوە، تێیدا داوام لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کرد، یەک بگرن، بەڵام بە داخەوە پێشنیازەکانم بەبێ وەڵام سەریان نایەوە، لەوێدا دەڵێم:( مەبەستمان لەدیمۆکراسی، بەرەڵایی و لیبراڵی نییە، پێویستە هەموو شتێ لە چوارچێوە و لە سنووری دیاریکراوی خۆیدا بێ، وەک دەڵێن، هەموو شتێ بە خوێ و خوێش بە مانا. هەر بۆ نموونە، ئەگەر هەوڵی دیمۆکراتیزەکردنی ڕادەربڕین و نووسین و ئازادیی چاپەمەنی و پەخش و بڵاوکردنەوە بدەین، مانای ئەوە نییە ئیدی هەر کەسێ نوکی خامەکەی خۆی لێ تیژ بکاتەوە و بە ئارەزووی خۆی قسەی سەرجادە ڕیز بکا و هەست و هۆشی خەڵکی دیکە بریندار بکا و سوکایەتی بە یەکدی بکەن)(ل-٤٨)

لە هەندەران تاکوو ئێستا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر، بە هەوڵ و هیمەتی تاکە تاکەی خەڵکی و لەلایەن چەند دەستە و گروپ و ڕێکخراوێکەوە دەرکراوە، چارەنووسی زۆربەی زۆریان تەنیا لە کاروەستان و نەمان بووە، وەکوو ڕۆژنامەی( لەدایکبوون ) و( سەردەمێ نوێ) و(ڕێبازی نوێ)... گۆڤاری( چریکەی کوردستان) و( پەیڤ )و( هەڵوێست) و( خەرمانە)و(ڕووناکبیری )... حاڵی ئەوانەی تاکوو ئەوڕۆش دەردەچن، لە حاڵی ئەوانەی لەبەر بێدەرامەتی و بێبازاڕی چاپەمەنی کوردی لە کار وەستان، باشتر نییە و باشتریش نابێ، بۆیە لە هەمان ووتاردا دەڵێم (لێرەدا پرسیارێ دێتە گۆڕێ، ئایا کوردی پەڕەی هەندەران، پێویستی بەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامانە هەیە کەڕۆشنبیرەکانمان دەری دەکەن؟ هەر چوار کەس کۆ دەبنەوە و بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێ دەدەن، ئەمە بۆ وا؟ ئەوە جگە لەو هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردستانییەکان، کە بەڕاستی مرۆڤ فریای خوێندنەوەی هەر هەموویان ناکەوێ. دیارە چاکتر وابوو، ئەو هەموو هێز و توانا و خامەڕەنگینانە یەکیان بگرتایە و گۆڤارێکی مانگانەی ڕێکوپێک و بە ناوەڕۆک دەوڵەمەندیان دەربکردایە و شێوەی زانستانەیان لە نووسیندا ڕەچاو بکردایە)،( با گۆڤارێ یا دووان هەبێ، بۆ هەموو کەسێکیش هەبێ بە شێوەیەکی دیمۆکراسی، بەبێ جیاوازی ئایدۆلۆژی، نووسینی بەکەڵکی تێدا بڵاو بکاتەوە)(ل-٤٨).

زۆر جێگەی خۆیەتی لێرەدا دەربارەی بازاڕی چاپەمەنی کوردی شتێ بڵێین. وەنەبێ وەکوو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، بەو شێوەیە لەنێو

خۆیاندا ناکۆک و ناڕێک و یەک نەگرتوون، ئیدی جەماوەری خوێنەری کوردیش ئەوەندە بە پەرۆش خوێندنەوە و کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکانی دیکەی کوردییەوە بن، بەتەنگ پاشەڕۆژی فەرهەنگ و زمان و ووشەی کوردی و کلتووری نەتەوایەتیمانەوە بن. چەند کارێکی سەیر و پڕ لە سەمەرەیە، کە لە بۆنەیەکی کوردیدا، ئەندامی یەکێ لەو ڕێکخراوە ڕامیارییانەی کوردستان بلاوکراوەکانی خۆیان دادەنێن و کوردێکی دیکەش لەولاوە، گۆڤار و پەرتوکی کوردی دادەنێ، چونکە پارتەکان پارەی زۆریان هەیە و بەشێکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن، هەموو کارەکەشیان هاتۆتە سەر پروپاگەندەکردن بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان و نووسین دژی ڕێکخراوەکانی دیکە، دیارە بلاوکراوەکانیشیان بە خۆڕایی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکەن، زۆربەی زۆری خەڵکەکەش ئەوانەی ناشخوێننەوە، وەکوو مێش بە شیرینی چاپەمەنییە بەلاشەکانی ڕێکخراوەکانەوە دەنیشنەوە و کەسیش بە کاکەی کتێبفرۆش نالێ کەرت بە چەند! با لێرەدا نموونەیەکی ئەو گاڵتەجارییەی بازاری چاپەمەنی کوردی بخەینە روو. لە یادی دامەزراندنی کۆماری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مهاباد، لە ئێوارەی ۱۹۹۵/۱/۲۲دا، (ی.ن.ک.) بلاوکراوەیەکی زۆریان دانا بوو، لە هەر بابەتێ بەستەیەکت بە (٥) کرۆن کۆ دەکردەوە، چونکە بە پارە بوو، خەڵکەکە لە دوورەوە سەیریان دەکرد و کەس بە لاشیاندا تێنەدەپەڕین، بەڵام ئەو برادەرەی دەیفرۆشت، کە زانی کەس لای لێ ناکاتەوە، ئەوجا نرخەکەی لەسەر لابرد، ئیدی لە ماوەیەکی کەمدا لەو هەموو بلاوکراوەیە یەک دانەی نەما! جا ئیدی هەق نییە ووشەی پیرۆزی کوردی، سەرتاپای خۆی لە قوڕ بگرێ و پرسە بۆ جەماوەری خوێنەری کورد دابنێ؟! ئەگەر خوێنەواران و ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وولات، کارێکی ڕێکوپێک و بەردەوام و بە کۆمەڵ بە ئەنجام نەگەیەنن، ئەوا لەبەر گرانی نرخی چاپکردن و ساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکانیان، هەمووی چەند ساڵێکی دیکەی پێ ناچێ، ئیدی هیچ نووسەرێکی کورد توانای ئەوەی نامێنێ، بەرهەمە تایبەتییەکانی خۆی چاپ بکا. نووسەری وا هەیە، پەرتوکە چاپکراوەکانی لە ژێرزەمینی ماڵێکدا کەڵەکە کردووە، چونکە خوێنەری کورد ڕێزی ووشەی پیرۆزی کوردی و شەونخونی نووسەرەکانی ناگرن، بۆیە ئەو نووسەرانەش چیدیکە ناتوانن تا ئەو بەرهەمانەیان نەفرۆشن، بەرهەمی نوێ بە چاپ بگەیەنن.

ئەگەر بازاری چاپەمەنی کوردی لەگەڵ بازاری چاپەمەنی زمانەکانی دیکەدا بەراورد بکەین، ئەوا بڕوا ناکەم هەرگیز لە بەراوردکردن بێ، بۆیە هەندێ لە نووسەرە کوردەکانیش، بەرهەمەکانیان بە زمانەکانی دیکەی جیهان دەنووسن. ئەگەر نووسەرێکی کورد پەرتوکێ چاپ بکا، بە لانی زۆرەوە لە (٥٠٠) دانە زیاتری ناتوانێ لێ ڕابکێشێ، خۆ ئەگەر (١٠٠) دانەشی بە یارمەتی ناسیاوەکانی خۆی بۆ بفرۆشرێ، ئەوا دەبێ سوپاسی ئەو خەڵکانە بکا، بەڵام نووسەرانی خوداپێداوی گەلانی دیکە، تەنانەت پەنابەرەکانی تورک و عەرەب و فارسیش، بە هەزاران دانە چاپ دەکەن و زۆر کەمیشی لێ دەمێنێتەوە. دیارە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە کورد بە شێوەیەکی گشتی نەتەوەیەکە زۆرحەزی لە خوێندنەوە نییە، ئەگینا بۆ ڕۆژمان بەم ڕۆژە دەگەیی؟! جا ئیدی لێرەدا ناو و ناوبانگی نووسەرەکە، جۆری بابەتەکە، شێوەی چاپ و ڕازاندنەوەی، نرخی بەرهەمەکە... گرنگ نییە و شتێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە کەمەکێکی کەم نەبێ، خوێندنەوەیان بە خەلات بۆ براوەتەوە، ئیدی سەرپاکی ڕۆڵەکانی دیکەی نەتەوەکەمان، خولقی خوێندنەوەیان نییە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا، دیاردەیەکی زۆر خراپە و نیشانەی دواکەوتوویی و کزی و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد نیشان دەدا.

سەیر ئەوەیە ئەگەر لەسەر دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

**ئەگەر بازاری چاپەمەنی کوردی لەگەڵ بازاری چاپەمەنی زمانەکانی دیکەدا بەراورد بکەین، ئەوا بڕوا ناکەم هەرگیز لە بەراوردکردن بێ، بۆیە هەندێ لە نووسەرە کوردەکانیش، بەرهەمەکانیان بە زمانەکانی دیکەی جیهان دەنووسن.**

کۆمەڵگەی کوردەواری شتێ بڵێین و باسێ بنووسین، خێرا هەندێ ئاستە خوێندەواری کوردی پەیدا دەبن و بەرپەرچت دەدەنەوە، گوایە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی دواکەوتوو نییە و لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا پێشکەوتووە. دیارە ئەو جۆرە خوێندەوارانە لەوە دەترسن، خۆشیان لە چوارچێوەی بازنەی ئەو خەسڵەتە نێگێتیڤە کۆمەڵایەتییانەدا تێک بترنجێندرێن، بۆیە وا بێ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە ڕووەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە... تاد داکۆکی کوێرانە لە دواکەوتوویی نەتەوەکەمان دەکەن. بەڵێ ڕاستە هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر حەز دەکا، گەلەکەی پێشکەوتوو، خوێندەوار و ڕۆشنبیر بێ، بەڵام کەوا نەبوو، چارەسەری ئەو دەرد و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە بەوە ناکرێ، مرۆڤ خۆی هەڵبخەڵەتێنێ و سابوونیش لە بنی پێی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بدا تا ملیان بشکێنێ، بەڵکوو دەبێ ڕاستییەکان چۆن هەن، کتومت وەک خۆیان بخرێنە روو، ئەوجا ئەگەر توانا هەبوو، پلان و ڕێگەیان بۆ دابنرێ و هەوڵ بۆ چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی هەموو کەموکورییەکان بدرێ، ئەگینا هەموو کەس دەتوانێ لە ئاستی خۆیەوە قسە بکا، بە تایبەتی لەم دوورە وولاتەوە قسە گومرگی لەسەر نییە!

جەماوەری خوێنەری کورد، ئەگەر ڕێزی ووشەی کوردییان بگرتایە، ئەگەر کەمێ بەتەنگ زمان و کلتووری نەتەوەیی خۆیانەوە بهاتنایە، ئەگەر هەستی نەتەوەییان لاواز نەبوایە. هەڵبەتە لێکدانەوەیەکیان بۆ پاشەڕۆژی زمان و هونەر و وێژەی نەتەوەکەیان دەکرد، ڕێزیان بۆ ڕۆشنبیر و نووسەر و هۆنەر و هونەرمەندانی نەتەوەکەیان دادەنا، زیاتر هانیان دەدان تا بەرهەمی چاکتر و نوێتر پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەیان بکەن، بەڵام وا دیارە ئەو جەماوەرە نازانن، نووسەری کورد بە چ گیروگرفتێ بەرهەمێکی خۆی بە چاپ دەگەیەنێ، چەند لەگەڵیدا ماندوو دەبێ، چەند سەرچاوەی جۆراوجۆر دەکڕێ و دەخوێنێتەوە تا ئامیلکەیەک یا پەرتوکێکی کوردی دەخاتە بازاڕەوە، سەرەڕای ئەمانەش بەرهەمەکانی نافرۆشرێ و لەبری هاندان و قازانج، تووشی دڵشکان و زیان دەبێ. دیارە هەموو نووسەرێ دۆست و ناسیاوی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو دۆست و ناسیاوانەش وەک بووە بە باو، زیاتر چاوەڕوانی ئەوەن، هاوڕێ نووسەرەکانیان بەرهەمەکانی خۆیان بە دیاری پێشکەش بکەن، وەک لەوەی تەنیا ئەگەر بۆ هاندانیش بێ، یا بۆ ڕێزلێگرتن لە هەوڵ و ماندووبوونی نووسەرەکەش بێ، لێی بکڕن، چونکە هیچ نووسەرێ لەم ئەورووپایەدا لەبەر گرانی چاپ ناتوانێ، بە بەردەوامی تەنانەت بلاوکراوەیەکی چەند لاپەڕەییش چاپ بکا و بە خۆڕایی بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکا، ئەوە جگە لەوەی هەر نووسەرەی کۆمەڵێ دۆست و خۆشەویستی نزیکی خۆی هەیە، ئایا ئەو نووسەرە دەتوانێ چەند دانە پێشکەش بە ناسیاوەکانی بکا؟ ئەگەر هەر بە دیاری دابەشیان بکا، ئیدی ←

**کەم کورد لەم دەرەبەدەرییەدا هەیە، لە سەدا سەد ژیانی لە هەموو ڕوویەکەوە مسۆگەر نەبێ... کەم کورد هەیە، بە لانی کەمەوە مانگانە (١٠٠) دۆلار بۆ جگەرەکێشان و خواردنەوە و قومارکردن تەرخان نەکا، کە بەو پارەیە خێزانێکی کوردی لە کوردستان پێ بەخێو دەکرێ!**

بەرهەمەکانی بە کێی دیکە بفرۆشێ بە مەرجێ ئەوەش حاڵی بازاڕی چاپەمەنی کوردی بێ و کەسیش ئامادە نەبێ یارمەتی هیچ نووسەرێ بدا؟ هەندێ کوردیش هەن، وا دەزانن ئەو نووسەرانە بەرهەمەکانیان نەک هەر بە خۆڕایی چاپ کردووە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتیان لە ڕێکخراوێکی دیاریکراوەوە پێ بەخشراوە، بۆیە گەلێ جار، هەندێ لە خوێندەوارانی کورد، هەندێ چاپەمەنی کوردی وەردەگرن، بەڵام لە ئاستی پارەکەیدا خۆیانی لێ دەکەن بە نوستوو! هەندێکی دیکەش هەن، هەر باسی چاپەمەنی کوردییان لا بکەی، یەکسەر باسی شەڕی کوردکوژی نێوان پارتی و یەکێتیت بۆ دەکەن، وا دەزانن ئەگەر خەڵکی نووسینی کوردی بکڕن و بخوێننەوە و بیانەوێ خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، تەنیا دەبێ لە کاتی ئاشتی نێوخۆدا بێ، یا تەنیا لەبەر خاتری چاوی کاڵی سەرانی ئەو دوو ڕێکخراوە بێ! یەکێ لەو بیانووانەی زۆربەی زۆری کوردە ئاوارەکان هەمیشە بۆ نەکڕینی چاپەمەنی کوردی دەیڵێنەوە، ئەوەیە کە کەسوکارێکی زۆریان بەسەردا کەوتووە و ناتوانن پارە بە چاپەمەنی کوردی بدەن، لەبەر ئەوەی ئەو پارەیە بۆ کوردستان دەنێرن، جا با لێرەدا ڕاستییەک هەیە بیخەینەڕوو. کەم کورد لەم دەرەبەدەرییەدا هەیە، لە سەدا سەد ژیانی لە هەموو ڕوویەکەوە مسۆگەر نەبێ، ئەگەر کاریش نەکا مانگانە پارەیەکی مفتومۆڵ نەخاتە تەنکەی باخەڵییەوە، کەم کورد هەیە، بە لانی کەمەوە مانگانە (١٠٠) دۆلار بۆ جگەرەکێشان و خواردنەوە و قومارکردن تەرخان نەکا، کە بەو پارەیە خێزانێکی کوردی لە کوردستان پێ بەخێو دەکرێ! کەچی کە باسی چاپەمەنی کوردییان لەگەڵدا دەکەی، هەموویان بە جارێ دەست لێ دەکەنەوە و دەڵێن، ئێمە پارەمان نییە و هەر ئەوەندە فریا دەکەوین یارمەتی بۆ کوردستان بنێرین و ناتوانین چاپەمەنی کوردی بکڕین، وەکوو ئەوەی نرخی گۆڤارێ یا نامیلکەیەک یا پەرتوکێکی کوردی (١٠٠) دۆلار بێ! ئەگەر هەر کوردێ لە مانگێکدا (١٠٠) دۆلار بۆ ئەو شتە تایبەتییانە دابنێ، ئەوا زۆر کەس ئامادە نییە تەنیا (٥ - ١٠) دۆلار لە مانگێکدا لە پێناوی پارێزگاریکردنی زمانەکەی و هاندانی نووسەرانی کورد و ڕاژەکردنی ووشەی کوردیدا بەخت بکا. جا ئەوە ئەگەر ئەوڕۆ لە هەندەران، چەند سەد کەسێ هەبێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، ئەوا دوای چەند ساڵێکی دیکە، ئەو چەند سەد کەسەش نامێنێ و ئەو سەرچاوەیەش وشک دەکا، چونکە هەتا سەر هەروا نابێ، خەڵکی بە لێشاو کوردستان چۆڵ بکەن و بەو شێوەیە ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکەن، ئەوانەی لێرەشن، بەتەمەنەکانیان کۆچی دوایی دەکەن و لاوەکانیشیان پیر دەبن و منداڵی ئاوارەکانیش ئەوا ئێستا بە هەزار فەلاکەت و بە زۆری دایک و باوکیان، حەوتووی دوو جاران وانەیەکی زمانی کوردی دەخوێنن، بەڵام بە داخەوە نە فێری نووسین و خوێندنەوە دەبن و نە زەوقیشیان لەسەرێتی، بەڵکوو ئەوان زمانی دایک تەنیا بە زمانی ماڵەوە دادەنێن، زمانی ڕەسەن و سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، لە هەر وڵاتێ لەو وڵاتانەی دەرەوە کە تێیدا دەژین، بەو زمانانە دادەنێن کە پێی دەنووسن و دەخوێنن و لە دەرەوە گفتوگۆی پێ دەکەن و کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆیانی پێ هەڵدەسووڕێنن. بۆیە زۆربەی منداڵانی پەڕیدەی کوردی هەندەران، زمانی زگماکی خۆیان بە باشی نازانن و ناتوانن پێی بنووسن و بخوێننەوە، بە تایبەتی ئەوانەی یەکێ لە دایک و باوکیان کورد نەبێ، ئیدی هەر فێر نابن و حەزیشی لێ ناکەن، نەک هەر بە ئەرکێکی گرانیشی دەزانن، بەڵکوو گاڵتەشیان پێی دێ، جا بۆیە خوێندەواران و نووسەرانی کورد دەبێ، بیرێ لە زمان و هونەر و وێژەی کوردی خەڵکی هەندەران بکەنەوە، چونکە وێژەی کۆچەران لە هەموو جیهاندا، بەشێکی گرنگ لە سەرجەمی وێژەی نەتەوەکە پێک دەهێنێ، ئەگەر فریا نەکەون، ئیدی هەمووی چەند ساڵێکی دیکە نابا، هیچ بە کوردی دەرناچێ و کەسیش جگە لە قسەکردن، هیچ بە کوردی نانووسێ و ناخوێنێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، وەکوو کوردە ئاوارەکان جگە لە کەمەکێکی کەمیان نەبێ، نە دەنووسن و نە دەشخوێننەوە، کەچی زۆربەی زۆریان، ئەوەندەی بە یەکدییەوە خەریکن، نیو ئەوەندە بە کاروکاسبی و خوێندنەوەوە خۆیان سەرقاڵ نەکردووە، تەنانەت بە دوای پچووکترین دەنگوباسی یەکدیدا وێڵن، خۆیان لە هەموو گیروگرفتێکی نێوخۆیی خێزانی یەکدی هەڵدەقورتێنن، تاقیبی یەکدی دەکەن، تا بزانن فڵانە کەس ڕۆژانە چەند پەیدا دەکا، نیشی سپی دەکا یا چەند کاتژمێر لە پاڵ نیشە سپییەکەیدا نیشی ڕەشیش دەکا، چی تازەی بۆ ماڵ و منداڵەکانی خۆی کڕیوە، چەندی پارە هەیە، چۆن دەژی، لە ساڵێکدا چەند جار سەردانی کوردستان و وڵاتانی دیکەی جیهان دەکا، ئیدی بەپێی یاسای ئێرەیی و چاو بەیەکدی هەڵنەهاتن، کە بنجی قووڵی لە نێو بیر و هۆش و لە نێو هەموو خێزانێکی کوردا داکوتاوە، هەزاران قسە بۆ یەکدی ڕێک دەخەن، دژایەتی یەکدی دەکەن، بۆ هەر لێقەومان و کارەساتێ بەسەر یەکێکیاندا بێ، بە دەیان پروپاگەندە و لێکدانەوەی بۆ دەکەن، دەهۆڵ و زوڕنایەکی بێتام بۆ یەکدی لێدەدەن، زۆر جاریش کار دەگاتە ڕادەیەک، قسە لەگەڵ یەکدیدا ناکەن، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گیروگرفتێ لە نێوانیاندا ڕوی دابێ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان دەپچڕێنن، بۆیە دەبینی کەم خێزانی کورد تا سەر پێکەوە هەڵ دەکەن، تەنانەت ئەوانەی هاتوچۆی یەکدیش دەکەن، هەندێکیان سەری زمانیان هەنگوینە و بنی زمانیان ژەهری مار، ئەوە لە کاتێکدا کەس وەکوو خەڵکی کوردستان برسی نییە و ئەو خەڵکەی دەرەوەش نزیکەی هەموو وەکوو یەک دەژین، ئەگەر وەکوو یەکدیش نەژین، ئەوا هەرە هەژارەکەیان ئەوانەن کە هیچ جۆرە کارێ ناکەن و ئەو دەوڵەتە ئەورووپاییانە بەخێویان دەکەن، ئەوانەشی تەنیا یەک کاری سپی دەکەن، کەمێ لەگەڵ ئەوانەی لەسەر سۆسیالن ( ماڵی مام ) باشتر دەژین، بەڵام ئەوانەی هەموو جۆرە ئیشەکانی دیکە (سپی، ڕەش، قاوەیی) دەکەن، جاروباریش لە پاڵیدا قاچاغچێتی و فروفێڵ و دزیوفزی دەکەن، ئەوانە لە هەموو کەس خراپترن، جگە لەوەی هەمیشە دەکڕوزێنەوە و وا خۆیان نیشان دەدەن کە خێریان پێ دەشێ، زیاد لە هەموو کەسیش تاقیبی خەڵکی دیکە دەکەن، چونکە لە خۆیان بە گومانن و لە زاری خەڵکی دەترسن، لە دزیش وایە هەموو کەس دزە.

ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی کوردە ئاوارەکانی دەرەوەی وڵات، حەز لە نووسین و خوێندنەوە ناکەن، بەڵام ئەو خەڵکە کەمەشی خۆی لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا هیلاک کردووە و هیلاک دەکا، جگە لە دابەشبوونیان بەگوێرەی زەوقی خوێندنەوە و ئیشتیهای وێژەیی یان بەسەر چەند دەستە و گروپێکدا، دیسانەوە ڕقوکینە و ئیرەیی و فاکتەری پۆلێتیک و پارت پارتێنەش، ڕۆڵێکی گەلێ گەورە لە پرۆسێسی

خوێندنەوە و ساغبوونەوەی چاپکراوە کوردییەکاندا دەگێڕێ.

دیارە لە نێو کۆمەڵێکی دواکەوتووی پچڕپچڕی خێڵەکی وەک کۆمەڵگەی کوردەواری، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، زۆر بە دەگمەن یارمەتی پیاوێکی رامیاری، زانایەک، رۆژنامەنووسێ، نووسەرێ، هۆنەرێ، هونەرمەندێکی کورد دەدرێ، تا پێش بکەوێ و پێ بگا، بەڵکوو بە دەیان گیروگرفتی بۆ دەخوڵقێندرێ، چەندین قۆرتی لەبەردەمدا قووت دەکرێتەوە، تا بە هەموو رێگەی پێشکەوتنی لێ دەگرن، بە هەموو شێوەیەک دژایەتی دەکەن، تاوونا تۆرەی ناشیرینی دوا دەخەن، بەدوای کەموکورییەکانی خۆی و خێزان و کەسوکاریدا دەگەڕێن، هەندێ جار سەرەڕێشی پێ دەگرن و بەگژیشیدا دەچن، بە چاوێکی سووکەوە تەماشای خەبات و بەرهەم و دەست و قەڵەمی دەکەن، پروپاگەندەی درۆ و نابەجێ بۆ نووسینەکانی دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بە ناوەرۆکی ئەو نووسینانە بدەن، یا هەندێ جار، هەندێ خەڵکی نەزان و بێویژدان تاقەتی ئەوەیان هەبوو بێ، تەنانەت چەند لاپەڕەیەکیشیان لەو بەرهەمانە خوێندبێتەوە، بەڵکوو هەر کە لێپرسراوی رێکخراوەکانیان پێیان وتبێ، فلانە کەس لە فلانە رێکخراوی رامیاریدا کاردەکا، بەرهەمەکانی گلاو کەن و مەیخوێننەوە و مەیکڕن، ئیدی نەک هەر بەو فەرمانە ناشۆڕشگێڕییەی سەرکردەکانیانەوە نەوەستاون، بەڵکوو زیادەڕۆییشیان کردووە و کەوتوونەتە دژایەتیکردنی کوێرانە و بە دەیان بوختان و شتی ناڕەواشیان بۆ هەڵبەستوون، کە خۆی لەڕاستیدا دەبوایە خوێندەوارانی کورد، هەموو جۆرە بەرهەمێکی نووسەرانیان بخوێندایەتەوە، ئەو کاتە ڕای تایبەتی خۆیانیان لەسەر دەربڕیایە. فاکتەری یەکەمی ئەو دژایەتیکردن و بەگژاچوونەوەیەش، وەکوو گوتمان بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵانی خەڵک و نزمی ئاستی رۆشنبیری و سیستەمی فرەپارتایەتی بە هەڵە موتوربەکراو لەسەر هەست و هۆشی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئیرەیی ویژەیی دەگەڕێتەوە. زۆر بە دەگمەن رۆشنبیرێ، نووسەرێ، زانایەک، هۆنەرێ، لە دەست تاوانبارکردنی ناڕەوا و هێرشکردن و پلارهاویشتن و قسەی ناشیرین رزگاری بووە و رزگاری دەبێ، هەروەکوو چۆن لەڕیزی پارتە رامیارییەکانی کوردستاندا، ئەگەر پیاوێکی رۆشنبیر و بەویژدان و کوردپەروەر و تێگەیشتوو هەڵکەوتبێ، زۆر بە زەحمەت رێگەیان داوە پێش بکەوێ و پێبگا، بەڵکوو هەمیشە بە هەموو لایەکیان هەوڵی سەرکوتکردنیان داوە و دژایەتییان کردووە و بە تۆمەتێکی ناڕەوا لێیان داوە، یا دووریان خستۆتەوە یا لە نێویان بردووە. بۆیە ئێمە نەتەوەیەکین زۆر بە دەگمەن نەبێ، کەس لە نێوماندا پێناگا، لە ئەنجامی ئەو بەربەرەکانیکردن و دژایەتیکردنەشدا، زۆربەی خەڵکی تووشی رەشبینی و گۆشەگیری دەبن، تا وایان لێدێ، کاروانی خەبات بەجێ دەهێڵێن و دووراپارێز دەوەستن، دوا جاریش هەموو لەگەڵ بێتکەسی هۆنەری نیشتمانپەروەری کوردیشدا دەڵێن :

شەرتە کەر بم بارە گورێزم لێ بنێن خەرەی نەیە
یا دەمێ زۆر و کەمێ وەک بێ غەمێ بۆ خۆم بژیم

بەو دوورکەوتنەوە و گۆشەگیرییەی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردیش، زیانێکی زۆر گەورە لە سامانی رۆشنبیری و کاروانی پێشکەوتن و ژیانی هونەری و ویژەیی نەتەوەکەمان دەدرێ. وا دیارە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی دێژین، مەرگی خۆمان بە ئاوات دەخوازین و دژی گیانی خۆمانین و بەختەوەری و سەرفرازی و ئاسودەیی خۆمان ناوێ، هەمیشە وەکوو کەوی خۆخۆریش، لە گیانی یەکدی بەردەبین، بۆیە منیش لەگەڵ پیرەمێردی فەیلەسوف و هۆنەری گەورەی کوردا دەڵێم:

کاکە خوا کاری نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

ئەوڕۆ زۆربەی زۆری ئەو نووسەر و هۆنەرانەی لە هەندەران دەژین، بێلایەنن و ئەندامی هیچ کام لەو رێکخراوە رامیارییانەی کوردستان نین، بۆیە دەکرێ هەموو پێکەوە کار بکەن و لە چوارچێوەی یەکێتی نووسەرانی کورد دا یەک بگرن، بە مەرجێ هەموو نووسەر و رۆشنبیرەکانمان، تۆزێ واز لەو گیانی خۆ بەزلزانین و لووت بەرزی و عەنتەریاتە بهێنن و شتی تایبەتی و تاکەکەسی تێکەڵ بە شتە گشتییەکان نەکەن و ئیرەیی ویژەیی بە یەکدی نەبەن و کەمێ لێبووردنیان بەرانبەر یەکدی هەبێ. خۆ ئەگەر هەندێ لە نووسەران و هۆنەرانی کوردیش، سەر بەم یا بەو پارتی رامیاری کوردستانی بن، ئیدی ئەوە مانای ئەوە نییە، ریزەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردیش، لە دەرەوەی وڵات لەتوپەت بکەن و یەکێتی نووسەرانی(ی.ن.ک.) و (پ.د.ک.) دابمەزرێنن، هەر وەکوو چۆن ئەو دوو زلهێزە، ریزی رێکخراوە پیشەییەکانی دیکەی کوردستانیان لێک ترازاندووە، وەکوو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستانی (پ.د.ک.) و یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی(ی.ن.ک.)...

بۆیە لە پێناوی یەکێتی و یەکگرتنی ریزەکانی نووسەرانی کورد دا، چەند پێشنیازێ پێش چاو دەخەین :

١) بە زووترین کات، بانگەوازێ لە لایەن چەند نووسەرێکی کوردەوە بلاو بکرێتەوە، لەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژی، دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەران دابمەزرێن و بانگەوازێ بۆ بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی ئەو وڵاتە بلاو بکەنەوە. پاشان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرێ و دەست بە کاروبارەکانیان بکەن.

٢)دوای ئەوەی لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی نووسەرانی کوردی تێدا دەژی و لقەکانی خۆیانی تێدا دادەمەزرێن، ئیدی پێویستە بەزووترین کات هەوڵ بدەن، کۆنگرەیەکی گشتی بۆ هەموو نووسەرانی پەرێدەی هەندەران ببەستن و یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لە دەرەوەی وڵات دابمەزرێنن.

٣) پێویستە بۆ هەموو لقەکان و بۆ مەڵبەندی گشتی، دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتی لێهاتوو، شارەزا، بەتوانا، دڵسۆز هەڵبژێردرێ.

٤) گۆڤارێکی ناوەندی رێکوپێک لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات دەربکرێ، بە مەرجێ مانگانە بەشێوەیەکی بەردەوام دەربچێ و هەموو ئەندامانی یەکێتی بەشداری تێدا بکەن.

٥) پێویستە یەکێتی نووسەرانی کورد، دیموکراسی وەک شێوازی هەرە پێشکەوتووی سەردەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە کار راپەراندن و هەڵسوکەوتی ئەندامان بەرانبەر یەکدی رەچاو بکەن، بێ سانسۆرکردن هەموو جۆرە بەرهەمێکی نووسەران بلاو بکەنەوە، بە مەرجێ هەر نووسەرێ تەنیا خۆی بەرانبەر نووسینەکانی بەرپرسیار بێ.


٦) خۆناساندن بە دامودەزگا دەوڵەتییەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا و پەیداکردنی سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی یەکێتی نووسەران.

٧) یارمەتی ئەندامانی یەکێتی نووسەران لە دەرەوەی وڵات بدرێ، تا بەرهەمەکانی خۆیان بە چاپ بگەیەنن.

٨) داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی نەتەوەی کورد دژی داگیرکەران و زۆردارانی نێوخۆ.

٩) یارمەتیدانی ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە کوردستان، بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

١٠) هەوڵدان بۆ پەیداکردنی کورسی خوێندن بۆ هەموو ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کورد کە دەیانەوێ خوێندنی بالا تەواو بکەن. ■



# من مەبەستم هەڵوێستە، نەک شیعر

ئینتەرڤیو لەگەڵ: **عەبدووڵڵا پەشێو**

**ئاوەڕاستی کانونی دووەمی ۹۵، مۆسکۆ/ ئوویسالە**

**ئارام عەلی**

**○ کە من کوردستانی خۆم لە هەموو دنیا خۆشتر بوێت، کە ڕقیشم لە داگیرکەران و شاسوارانی براکوژیی دەبێتەوە.. دەمەوێت بە ئاسانترین شێوە، زۆرترین ژمارە کەس وەک من ڕقیان لێیان بێتەوە..**

● ساڵی ۹۱ لە ئینتەرڤیویەکدا لەگەڵ گالینا ژیگالینەی کوردناسدا، پرسیاری یەکەمم سەبارەت بەوەبوو کە لە بەدیهێنانی خەونەکانماندا تەنیا دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان گوناهبار نین، بەڵکوو گوناهی ئێمەی کوردیشی تێدایە. بەڕێزیشت لەو کۆڕانەی کوردستاندا باسی دێرینی شەڕی (براکوژیی) دەکەیت. من ئەگەر چی ئەو مێژووە بۆ ٥ هەزار ساڵێک لەمەوبەر دوورناخەمەوە. ڕەنگە دروستتربێت، بوترێت: لەبەر ئەوەی وەکوو نەتەوەی لە چەند هۆزێکی قەفقازی ناجۆر دروستبووین و (براکوژییەکەمان) لەو ناجۆرییە هاتووە.

من وای بۆدەچم کە جگە لەو فاکتەرە، بێگانە پەرستی و کۆسمۆپۆلیتیمان لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆری میدی و هاتنە ئارای نەتەوەی فارس و وردتریش لەگەڵ دروستبوونی ساسانییەکان و دواییش ئیمپراتۆریی ئیسلام، کۆکتر بووە. واتە براکوژیی و خۆتان واتەنی سایکۆلۆژی براکوژیی بەرهەمی داگیرکراویی و بێگانەپەرستیمانە.

**پەشێو:** هەڵبەتە ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر کورد وەک نەتەوەیەک نەبووە. ئەوەی لە هەولێریش لە کۆڕەشیعرییەکەدا گوتم، ئەگەر بێت و وەکوو دەقێکی ڕووت وەربگیرێت، بێگومان بوارێکی باشی بۆ تەراتێن و شەڕەدەنووکی بێ ئەنجام تێدایە... بەڵام ئەوەی من مەبەستم بووە ئەوەیە: ئێمەی کورد لەوەتی هەین هەر پێپەست وچاو لەدەستی بێگانانین و هەرگیز لە نیشتمانی خۆماندا، خاوەنی وڵاتی خۆمان نەبووین و کوردستان سنووری پارێزراوی خۆی نەبووە. ئەمەیان فاکتە ... فاکتێکی جەرگبڕ.

ئەوەی من ناوی سایکۆلۆژی براکوژییم ناوە، بەرهەمی ڕۆژێک ودوان نییە. بەرهەمی سەدەیەک و دوان نییە. گەلێک لەمە دوورتر و قووڵترە. هۆیەکانیش، بەباوەڕی من، هەر بۆ فاکتەری ماتریالی ـ مێژوویی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو بۆ فاکتەری سایکۆلۆژی نەتەوەیی و کەسایەتیش دەگەڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمە دەڵێم بێ ئەوەی تان و پۆی ئەو دوو فاکتەرە لە یەکتر بترازێنم.

ئەگەر ڕۆژانی براکوژیی، خۆم لە کوردستان نەبوومایە و لەهەولێرەوە تا گەلی عەلی بەگم نەدیبایە، هەرگیزاوهەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە شەڕەدەنووکی سەرکردایەتی دووپارتەکە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ڕێگاوبانی ئەو ناوچانەی هێزی هەردووکیانی تێدایە، وایان لێدەکات بانگی عەرەبە پەنابەرەکانی کوردستان (سەر بە کۆنگرەی نیشتمانی عێراق INC) بکەن وکۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان پێ بدەن. دوو چەکداری هەر دوولاش بێ چەک، بەزەبوونی، لەتەک عەرەبەکان بوەستن!! سەرکردەکان ویستیان شتێک بە کورد و هەموو دنیا بڵێن: کورد هەرگیز پیاوی ئەوە نییە خاک و نامووسی خۆی بپارێزێت وکوردستانیش بێ بێگانە نەژیاوە و ناژی.

دیسان دەیڵێمەوە: لایەنی سایکۆلۆژی وکەسایەتی زۆر گرنگە و نابێت پشت گوێ بخرێت: باشە تۆ تەماشای ژاپۆن بکە، وڵاتێکی ئاسیایی... پارچەزەوییەکی بۆ ناو دەریا تورفرێدراو... لە دوای ئەو هەموو شەڕ و

شوڕەی لەگەڵ دراوسێکانیدا کردی... تا ئەم ژاپۆنە چۆن توانی بەم پلە بەرزەی پیشەسازی بگات کە ئەمڕۆ دەیبینین؟ ئەڵمانیا لە ئەنجامی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی چۆن کاول و خاپوور کرا؟ کەچی بە ماوەیەکی کەم(بێ ئەوەی داهاتی سروشتیش هێندە زۆر بێت) توانی نەک هەر خۆی بگرێتەوە، بەڵکوو ببێت بە یەکێک لە وڵاتە پیشەسازییە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان. ئەمڕۆ دەبینین ئەڵمانیای لە جەنگدا ژێرکەوتوو خێر بە ڕووسیایەکی لەهەمان جەنگدا سەرکەوتوو دەکات. ئایا فاکتەری مەتریالی - مێژوویی بۆ لێکدانەوەی ئەو پێشکەوتنەی ژاپۆن وئەڵمانیا بەسە؟... یا دەبێت باسێکی سایکۆلۆژی و کەسایەتی مرۆڤی ئەڵمانی و ژاپۆنیش بکرێت؟! کوردستانی ئێمە وڵاتێکی شاخاویی سەخت ودابڕدابڕە. نەبوونی یا خودکزی هاتووچۆ و ڕاگەیاندن لەنێوان ناوچە ئاوەدانەکانی کوردستان وای کردووە کە ستروکتوری خێڵایەتی و بەرەبابایەتی وناوچەپەرستی بەهێز بێت. خۆ ئەگەر بێت وبەشێوەیەکی دەستکرد و توندڕەوانە دەست لەو ستروکتورە بوەشێنرێت، دەبینین نافەوتێت، بەڵکوو بۆ خۆپاراستن فۆرمەکەی خۆی دەگۆڕێت و شێوەیەکی تر وەردەگرێت.

شەڕی سی و چەندساڵەی ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە و مافی چارەنووس(لە چوارچێوەی عێراقدا!!)خوێنی لەبەر لادێیی کوردستان داچۆڕاند و شیرازەی ژیانی خێڵایەتی لەق ولۆق کرد. دەبینین ستروکتوری خێڵایەتی و بەرەبابایەتی بە شێوەیەکی(غەریزی)کەوتە بەرگری لەخۆکردن، پەیتا پەیتا فۆرمەکەی خۆی گۆڕی. ئەمجارەیان خۆی تێکەڵ بە ستروکتوری پارتایەتی کرد و بوو بە بڕبڕەی پشتی پەیکەری پارتە کلاسیکییەکانی کوردستان.

هەر لەبەر ئەمەش هیچکام لەو پارتانە بە ئیدیۆلۆژیا و دروشم و پرۆگرامەکانیان ناناسرێن، بەڵکوو بە سەرکردەکانیان. جا تۆ حەز دەکەیت پرۆگرام و دروشم و ئیدیۆلۆژیای(ئەگەر هەبن!) پارتی(ئەلف) بە پارتی(بێ)بدە، هی(بێ)ش بە(ئەلف)بدە، بەڵام سەرکردەکان لە جێگەی خۆیان بن، دەبینین دنیا هیچی لێ نایەت و ئاڵوگۆڕەکە هیچ زیانی پەزی نابێت و ئەندامانی پارتەکانیش هەست بە جێگۆڕکێیەک ناکەن. ئەوەی هەشەکەیشی خەستتر کردووە ئەوەیە گەلێک لە داب و نەریتی پۆزەتیڤی خێڵایەتی لە فۆرمە نوێیەکەدا جێگەیان نابێتەوە.

**◆ شێعر لای من پەلکە زێڕینەیە.. ئامێزە ڕەنگێکی ئەفسوونارییە. دەشێت بڵێیت کام ڕەنگ بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵە، بەڵام ناتوانیت ڕەنگەکان لێک هاوێر بکەیت، یا یەکێکیان دەرهاوێژیت.**

تۆ دەبینیت لە شارێکی دوورەپەرێزی وەک مۆسکۆ جگە لە نوێنەری دەیان ڕێکخراوی کوردی(کە زۆربەیان سەری بێ لەشن)هەر ئەوەندەی من ئاگادارم چوار مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی هەیە! کەچی ئەگەر ئەو هەموو مەڵبەندانە کۆ بکرێنەوە، ئەوانەیشی باوێیتەسەر کە هێشتا مەڵبەندی خۆیان دانەمەزراندووە... دەڵێم ئەگەر هەر هەموویان کۆبکرێنەوە ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێکیان بەرێکوپێکی پێ دەرناچێت... قوتابخانەیەک.. بەرنامەیەکی رادیۆییان پێ بەڕێوەناچێت... بۆچی یەک ناگرن؟! تا هیچ نەبێت ڕۆژی نەورۆز شاییەکی جوانی کوردی پێشانی بێگانان بدەن و بیسەلمێنن کە ئێمە نەتەوەیەکین.. شان بەشانی خەنجەر و تفەنگ، شایی و گۆرانیمان هەیە.

لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا چەند پەنابەر و کرێکار و خوێندکاری کورد هەیە؟ نازانم چەندن، بەڵام دەزانم گەلێک زۆرن. ئەوەندەن کە بتوانن کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کوردستانی پێکبێنن.. کە هێندەی کۆمیتەیەکی دەوڵەتۆکەیەک ڕێزمان هەبێت.. تەنانەت لە هێندێک وڵاتدا«لۆبی»کوردیش چێ بکەین.. بۆ ناکرێت؟ ئایا هەر یەکێک لە ئێمەی خوێندەوار لەوە ناگات کە نوێنەری پارتۆکەیەک بێت، شتێکە و نوێنەری نەتەوەیەکی سی ملیۆنی بێت(با دەوڵەتیشی نەبێت) شتێکی ترە؟

خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد چاوەڕێی چی دەکەن؟ چاوەڕێی کێ دەکەن؟ سەرۆکایەتی پارتەکان؟... ئەوان هەتا بۆیان بەسەر بچێت سایکۆلۆژی خێڵایەتی سەقامگیرتر دەکەن.. تا بتوانن پتر پابەندی سەدەکانی ناوەڕاستمان دەکەن. ئەوان دەیانەوێت سەرۆکی خێڵەتۆکەی خۆیان بن و لە بەرەبابەکەی خۆیاندا کەسی یەکەم بن و هەتا گەراجی بازوون، نەک لە دەوڵەتێکدا کەسی دووەم بن. ئەمە سایکۆلۆژی سەدەکانی ناوەڕاستە.

**● بەڕێزت شێعر وەکوو هۆکارێک بۆ دەربڕینی هەڵوێست و چەکی خەبات بە کار دێنیت، هەر وەکوو خۆتان دەڵێن: «من مەبەستم هەڵوێستە نەک شێعر»، ئایا هەموو کاتێک ئەم پرینسیپەت پەیڕەو کردووە؟ یا خود ئێش و سوێی تراجیدیای براکوژیی لە شاعیرەوە کردوویتی بە سیاسی و تەنانەت وتاربێژی سیاسی... هەر چەندە لە شێعرە کۆنەکانیشدا، بۆ نموونە(دوانزەوانە) کە پێش چارەگە سەدەیەک وتراوە، هەست بە هەمان وتاربێژی سیاسی دەکرێت.. بۆ بەڕێزت کامیان گرنگە: خودی شێعر وکێش و سەروا و وێنەی شێعری جوان، یاخود کوڕی شێعرت بە قوربانی کچی هەڵوێست دەکەیت؟**

**پەشێو:** شێعر لای من پەلکە زێڕینەیە.. ئامێزە ڕەنگێکی ئەفسووناوییە. دەشێت بڵێیت کام ڕەنگ بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵە، بەڵام ناتوانیت ڕەنگەکان لێک هاوێر بکەیت، یا یەکێکیان دەرهاوێژیت. کە ئەمەت کرد پەلکە زێڕینەکە دەبێتە شتێکی تر. شێعر هەموو توخمەکانی ژیانی دەروونی و ئەندێشەی میللەتانی تێدایە. سیاسەتیش یەکێک لە توخمەکانە.

من ئەوسا وئێستاش هەر نەمزانی و ناشمەوێت بزانم: تۆپی کام بەرەباب لە شارەبرینداەرکەی حاجی قادر و مەلای گەورەی دا و لەیەک ماڵدا چوار منداڵی هەلاهەلاکرد. ئەو چوار منداڵە، چوارپارچەی جگەری من بوون.. هەتا ماوم برینم ساڕێژ نابێت و تۆپهاوێژەکەش سەرکردایەتی هەر دوو بەرەبابەکەن. ئەمڕۆ ئەو شەهیدانە، کە جگەرگۆشەی نەتەوەن، لە بەرەیەک دان. تۆپهاوێژەکانیش لە بەرەیەکی تر دان. من لە گەڵ تۆپ پێکەوتووەکاندام، لەگەڵ گوندسوتاو و ماڵوێران و بزگوڕتاڵانکراو و سک سووتاو و وڵاتێکی هەزارجار ئەنفالکراودام.

ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە ناتوانم نەیڵێم. کە وتیشم گوێ بەقازانج و زیانی خۆم نادەم. کە من کوردستانی خۆم لە هەموو دنیا خۆشتر بوێت، کە ڕقیشم لە داگیرکەران و شاسوارانی براکوژیی دەبێتەوە.. دەمەوێت بە ئاسانترین شێوە، زۆرترین ژمارە کەس وەک من ڕقیان لێیان بێتەوە!

پێش ئەوەی کوڕەکەی هەولێر ببەستم، لە چەند لایەکەوە ئامۆژگاری کرام(بێگومان زۆربەشیان لە ڕووی دڵسۆزی و پەرۆشەوە) کە ڕۆژ ڕۆژی

شێعر نییە و چاکترە نەکرێ. بەڵام دوای لێکدانەوەی هەموو بارەکان بڕیارمدا هەر بیکەم. چاکیشم کرد! ئەو حەشامەتەی بەو گەرمایە، بەو ڕۆژە ترسناکە، کە خۆیان بە پاڵ یەکتردا دابوو و چاویان لەمن بڕیبوو.. هەموویان بۆ شێعر نەهاتبوون.. بەدوای وردەکاریی و وێنەی هونەریدا نەدەگەڕان.. ئەوان بۆ شتێکی تر هاتبوون.. چاوەڕوانی ئەوە بوون یەکێک بێت لەبەر میکرۆفۆنێکدا، ئەوە بدرکێنێت کە لەقووڵایی ویژدانی ئەواندا، پەنگی خواردبووەوە.. . نازانم تا چ ڕادەیەک لە درکاندنەکەدا سەرکەوتم.. بەڵا دەزانم ئەوەی گوتم دەنگی ویژدانی خۆم بوو، نەدەکرا نەیڵێم.. هەر ئێوارەی ڕۆژی یەکەم کۆڕەکە لە سێ کەناڵی تەلەڤزیۆنیدا بڵاوکرایەوە، کەچی بۆ ڕۆژی دواییش خەڵک هەر داوای دەکرد و فران فرانی بە کاسێت دەکرد.. ئایا مەبەست شێعر بوو؟ دەکرێت دڵی خۆم بەوە خۆش بکەم کە شێعرێکم وتووە شایانی ژیانە؟ نەخێر، بەو«شێعرە»کە دڵم خۆش نییە... دڵم بەوە خۆشە کە بەشێک لەو ئەرکەم بە جێگەیاند کە خۆم بۆ تەرخانکردووە.

چی بکەم! دەبا ئینگلیزییەکی دانیشتووی ساختمانێکی نزیک پیکادیلی لەندەن، یا فەرەنسییەکی دانیشتووی بورجی ئیڤل بوومایە، جا من شتی وام دەنووسی و شتی وام بە خەیاڵدا دەهات.. من کەمێک لەشێعر دەگەم.. بۆ شێعری خۆم کەس لەخۆم ڕەخنەگری سەرسەختتر نییە. بەڵام چی دەڵێیت کوردم و ناتوانم لە زێد و سەردەمی خۆم دابڕێم! ئەگەر خەڵکی ئەو کوردستانە چارەڕەشە نەبوومایە و کوڕی نەگبەتترین میللەتی سەر ڕووی زەوی نەبوومایە.. چما خۆشەویستی، ئافرەت، جوانی ئەوە ناهێنن هەموو بەهرەی خۆمیانی لەڕێگەدا بۆ بەگەڕبخەم و هەتا ماوم شێعریان بۆ بڵێم؟

لام وایە ئەمەش بەتەنیا هەر چارەنووسی من نییە، هەر چارەنووسی هاوقەڵەمەکانی من نییە، بگرە چارەنووسی کەڵەشاعیرەکانیشە کە لە سەردەمێکی دژواردا ژیاون: **پووشکینی ڕووسی، شاندر پیتڤێی مەجەری، بوتیڤی بولگاری.. یفتۆشینکەی ئۆکرانی..** ئا ئەو شاعیرە ناسکانە کەم شتی وایان نووسیوە، کە ئەمڕۆ نەوەکانیان تام وچێژی لێ وەرناگرن؟..

تۆ تەماشای شاعیرە گەورەکانی خۆمان بکە: ئەو گۆزانە مەزنە.. تەماشای سەرجەمی شێعرەکانی بکە: چما کەم شتی وای وتووە کە زادەی سەدەمی خۆی بێت؟ دەیان شێعریشی

**◆ شێعر بۆ ئیدیۆلۆژیایەک، بۆ پارتێک، بۆ تاقمێک بگوترێت شتێکە، بۆ خاک ونەتەوەیەک کە بەشێکە لە مرۆڤایەتی، شتێکی تر... ئەمیان دیاردەیەکی شارستانییە.**

هەیە ئەمڕۆ بە ئاسانی ناخوێندرێنەوە، چونکە دیوە سیاسییەکەیان زۆر زۆر زەقن. هێمن، ئەو شاعیرە ناسکە، کەم شتی وای وتووە؟ هەژار، ئەو شاعیرە هەرە مەزنە، چما کەم شتی وای وتووە؟ حاجی قادر، ئەحمەدی خانی. ئەو شاعیرە گەورانە کە من لەچاویاندا پیادەم. ئەوان سوارن و من پیادەم. ئەوان کەم شتی وایان وتووە؟ ئەوانیش، وەک کوڕی سەردەمی خۆیان بوون و ئەوەی گوتیان هەر دەبوو بیڵێن ولێی دەرنەچن. منیش ئەمڕۆ دەتوانم شتی وا بڵێم کەس لێی تێنەگات، لە بەرپرسیاریی خۆم ڕزگار بکەم. بەڵام لە ڕووی ڕەوشت ومورالەوە ئەمە بە هەڵوێست هەڵنابژێرم. هەڵوێستی من ئەوەیە بە چاکیشی دەزانم هەڵوێستی خۆم بپارێزم.

چیم لێ داوا دەکەیت؟ یا ئەوەتە خۆم لەوەی هەیە گێل بکەم و بچمە ناو شووشەبەندێک: نە ڕەنگ ببینم، نە گوێم لە دەنگ بێت. نە بۆنی هیچ بکەم، نە هیچیشم وەبیربێتەوە. بەکورتی بچمە پاڵ بێدەنگەکانی تر.. یا ئەوەتە شتێک بڵێم گوتن ونەگوتنی وەک یەک بێت.. پرسیارەکەتان ئەوڕووپیانەیە: لە ئەوڕووپا شێعر دۆندرمەیە، دەتوانی بیخۆیت، دەتوانیت هەر بیریشی لێ نەکەیتەوە.. بەڵام لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا.. لە قۆناغێکی مێژوویی وەک ئێستادا.. شێعر خۆراکی ڕۆژانەیە.. یفتۆشینکە دەڵێت:«شاعیر لە ڕووسیادا لە شاعیر زێترە». ئەمە دەقاودەق بۆ شاعیری کورد گوتراوە. ئەو ڕۆڵەی شێعر لە کوردستاندا دەیبینێت، باوەڕناکەم لە هیچ گۆشەیەکی تری ئەم زەوییەدا بیبینێت.. شاعیری کورد هەر شاعیر نییە.. قوڕی بەسەر، ئینسیکلۆپیدیایە. دەبێ چاری هەموو دەردێک بکات!

شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە: دوای کۆڕەکەی هەولێر، پرسیارم بەسەردا باری.. یەکیان بەم شێوەیە بوو: بۆچی شێعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو باسی ئەلتەرناتیڤی تێدا نییە؟ ئەوەتا، واتە ئەوەی گوتراوە کەمە.. دەبوایە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتێکی نوێش دابڕێژم و ئەلتەرناتیڤ دابنێم!!... من دڵنیام کوردستان ئازاد ویەکگرتوو دەبێت.. ڕۆژێک دێت شێعر لە کوردستاندا بە هیچ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ هەڵناستێت، چونکە ئەمە کاری بەشەکانی تری زانیارییە.. دەشزانم کە زۆر لەو شێعرانەی ئەمڕۆ دەگوترێن، ڕۆژێک دێت دەمرن یا هیچ نەبێت بایەخیان کەم دەبێتەوە. شێعر بۆ ئیدیۆلۆژیایەک، بۆ پارتێک، بۆ تاقمێک بگوترێت شتێکە، بۆ خاک ونەتەوەیەک، کە بەشێکە لە مرۆڤایەتی، شتێکی تر... ئەمیان دیاردەیەکی شارستانییە. ناڵێم شێعری وا ئەمرە، بەڵام گومان لەوەناکەم کە تەمەنی درێژترە.

هەر چۆنێک بێت، ئەو شێعرانەی ئەمڕۆ دەگوترێن، دەتوانم بە شێعری گۆڕەپان ناویان بنێم، بە ئەرکێکی مەیدانی(گۆڕەپانی) هەڵدەستن. پێویستە بگوترێن. ئینجا چەندە دەژین؟ ئەوە شتێکی ترە.

**● مامۆستا پەشێو! من پێموایە شێعر وەکوو هەموو داهێنانێکی تر لەگەڵ سیاسەتدا ناگونجێت، خۆ باسی پارتایەتی هەر ناکەم. سیاسەت و پارتایەتی زۆرجار لە پرینسیپ و ڕەوشت دووردەکەونەوە. بەڵام پەردەی ویژدان و ڕەوشتی شاعیر لە پەڕەی گوڵ ناسکترە، دڵۆپێک ئاوە کە تکا ئیتر هەڵناگیرێتەوە. هەر بۆیە، بە بڕوای من، چاکترە شاعیر خۆی تووشی گێژاوی ناکۆکی نێوان هەڵوێست، ڕەوشتی سیاسی و ویژدانیی شاعیرانەی نەکات... ئایا شاعیر دەتوانێت شاعیریش بێت و لەهەمان کاتیشدا ئەندامی پارتێک بێت؟**

**پەشێو:** هەڵبەتە کە من باسی سیاسەتم کرد مەبەستم لە لایەنە کۆمەڵایەتییە فراوانەکەیە، ئەگینا ئەگەر مەبەست پارتایەتی بێت.. ئەوا لە سەداسەد لەگەڵتانداM. ئەو سەردەمە چوو کە شاعیر(ئەگەر شاعیر بێت)زوڕنای پارتێک بێت. شاعیری ڕاستەقینە دەنگبێژی ئازادییە: ئازادیی خاک ومرۆڤ.

سەبارەت بە ئەندامییەتیش، لام وایە ئاساییە ئەگەر پارتەکە پارتێکی نیشتمانپەروەر بێت. هەرچەندە ئەمە شتێکی ڕێژەییە کە ئەمڕۆ کام پارت نیشتمانپەروەرە و کام نە. بەڵام سەبارەت بە سیاسەت، دیسان دەیڵێمەوە: سیاسەت بەشێکە لە ژیانی(مەعنەوی) میللەتان و ناتوانین لێی دووربکەوینەوە،

بەتایبەتی ئێمەی کورد. بەڵام پارتایەتی بەکشتی شتێکی ترە: من ئەگەر بەڕاستی لەگەڵ پارتێکدا بم، دەبێت لەگەڵ سەرکردەی پارتەکەشدا بم؛ دەبێت لەگەڵ پرۆگرامی پارتەکەشدا بم؛ دەبێت لەگەڵ براکوژیی پارتەکەشدا بم؛ دەبێ بەرگری لە هەموو شتێک بکەم کە ئەو پارتە دەیکات. بەڵام ئەگەر من خۆم بە پیاوی سیاسەت بزانم؛ کوردایەتی بکەم، بەرگری لە نیشتمانی خۆم بکەم. ئەمڕۆ، ڕەنگە پەیوەندیم لەگەڵ سەرکردایەتی هێندێک لە پارتەکاندا زۆر چاک بێت. بەڵام ئەگەر ببینم ئەو پارتە براکوژیی دەکات، یەکسەر لێی هەڵدەگەڕێمەوە، چونکە ئەمن هیچ پابەندییەکی پارتایەتیم نییە. ئەمەیە جیاوازی لە نێوان یەکێک کە کوردایەتی بکات لەگەڵ نووسەرێک یا شاعیرێک کە پارتایەتی بکات. ئەوەی پارتایەتی بکات، دەبێت هەتا سەری بیکات. یا بیکات یا نەیکات. ئینجا ئەگەر پارتەکەی براکوژییش بکات، ئەم دەبێ لەگەڵیدا بێت. ئەمڕۆ کابرایەک لەبەشی میدیا (ڕاگەیاندن)ی دوو بەرەبابە براکوژەکەدا کاربکات، پێی خۆش بێت یا نە، ئەمیش بەشدارە. ئەوەی ئەمڕۆ ئەندامی یەکێک لەو دوو بەرەبابە براکوژە بێت، بیەوێت یا نە، تفەنگی پێ بێت یا وشەیەک بدرکێنێت یا بنووسێت، وەکوو یەکە و هەر بەشدارە. شاعیرێک ئەمڕۆ لەگەڵ لایەنێکی براکوژدا بێت، وەکوو ئەوە وایە تفەنگی بەدەستەوە بێت و سەربانە وسەربان بکات و کوردکورد بکوژێت. هیچ جیاوازییەک نییە و بگرە خراپتریشە.

**● هیچ شیعرێکت هەیە لێی پەشیمان بیت وخۆزگە بە نەنووسینی بخوازیت یاخود لە کاتی چاپکردنەوەدا دستکاریيان بکەیت؟**

پەشێو: ڕەنگە جاری وا هەبێت وشەیەک بگۆڕم، یاخود لە ڕووی زمانەوە دەستکاری بکەم. بەڵام لە ڕووی بیر و باوەڕەوە هیچم نییە لێی پەشیمان بم. ئەوەی وتوومە چاکم کردووە وتوومە.

هەر شیعرەی لە قۆناغێکی تایبەتی خۆیدا لەدایک دەبێت، پاشان من ئەوەندەی لەبیرم بێت، ئەوەی وتوومە و کردوومە کوردایەتی بووە، لە کوردایەتیش پەشیمان نیم. هەتا دێت ڕۆژگار ئەوە دەچەسپێنێت کە من دەمێکە دەیڵێم. من هەر لەسەرەتاوە وەکوو مرۆڤێکی کوردستانی بیرم کردووەتەوە. خۆم چۆن بە خەڵکی هەولێر زانیوە، هەرواش خۆم بە خەڵکی

◆ من هەر لەسەرەتاوە وەکوو مرۆڤێکی کوردستانی بیرم کردووەتەوە. خۆم چۆن بە خەڵکی هەولێر زانیوە، هەرواش خۆم بە خەڵکی دیاربەکر و سابلاخ زانیوە. ئەم گیانە کوردستانییەش لە قووڵایی ویژدانمدا سەقامگیر بووە.

دیاربەکر و سابلاخ زانیوە. ئەم گیانە کوردستانییەش لە قووڵایی ویژدانمدا سەقامگیر بووە.

ئەوەی بیست و چەند ساڵێک لەمەوبەر بیرم لێ دەکردەوە، ئێستا دەبینم ڕۆژگار بەرەو ئەوەمان دەبات. هیچ شتێکم نییە لێی پەشیمان بم. بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر ئەو بیرەم سوورتر دەبم.

**● بەڵام کەمێک هەست بە جیاوازیی بۆچوونت دەکرێت؛ بۆ نموونە پێش چارەگەسەدەیەک شیعری: «تۆپە قوڕێکی دەستکردم دایە دەست منداڵێکی کورد، ئەو لەباتی بووکە شووشە تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد...» بەڵام ئێستا هەست دەکرێت زۆر بە تەواوەتی دژی چەکیت.**

پەشێو: من وەکوو چەک دژی چەک نیم. چەکێک لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بێت.. سەربەخۆیی کوردستان!!.. شتێکە. چەکێکی خۆتڕێن کە لە قونەشەڕدا بەکاربێت، لە ماوەی ٢٠ ـ ٤٠ ساڵدا بۆ ئۆتۆنۆمییەک، نە سەری دیارە نە گوێی، شتێکی ترە. ئێمە دوای سی وچەند ساڵ لە وێرانکردنی کوردستان، بەکوژدانی دەیان هەزار کورد، ئەوەندە ورەی میللەتمان کز کردووە، کوردمان بۆ سەدەکانی ناوەڕاست گێڕاوەتەوە. ئەمە بۆچی؟ بۆ ئۆتۆنۆمییەک کە هەتا ئێستاش خۆمان چوارچێوەکەی نازانین.

تۆ خەڵاتی نۆبل بۆ یەکێک لە سەرکردەکانی کورد تەرخان بکە: بزانە چی دەوێت؟ بزانە دوای سی وچەند ساڵ شەڕ، وێران کردنی کوردستان چی دەوێت؟ هەتا ئێستا ئێمە نازانین. ڕۆژێک ئۆتۆنۆمییە، کە بڕوا ناکەم هەتا ئێستا بەدرێژایی مێژوو، میللەتێک هەبێت بۆ ئۆتۆنۆمی ئەو شەڕە خوێنڕێژییەی کردبێت، نییە. تاقیکردنەوەیەکی لەوجۆرە لە مێژوودا نییە. باوەڕناکەم ئۆتۆنۆمی بە شەڕ بەدەست بهێنرێت، چونکە ئۆتۆنۆمی پرۆسەیەکی دیمۆکراسیی مێژووییە. ڕەنگە ئێمە دوای ٤٠٠ ـ ٥٠٠ یا هەزار ساڵ، نازانم چەندی تر، بتوانین لە عێراقێکی دیمۆکراسیدا بژین کە چارەنووسی خۆمان بە دەستی خۆمان هەڵبژێرین. بەڵام بە تفەنگ کوردستان بکەین بە دورگەیەکی ئازادی لەناو دەریایەکی دیکتاتۆریدا، ئەمە خەیاڵە. ئەوانەی ئەو درۆشمەیان کردووە بە ستراتیژ، نەخوێندەوار بوون و ئێستاش نەخوێندەوارن. هەمان نەخوێندەوارن کە زاراوەی (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە)یان داناوە، کە بڕوا ناکەم لە هیچ ئینسیکلۆپیدیایەکی دنیادا شتی وا هەبێت...

لە کاتی هەڵبژاردنەکەی ٩٢ دا، خۆم لە کوردستان بووم، سەرکردەیەک بە خەڵکەکەی دەوت: مافی چارەی خۆ نووسین، بەڵام بە دەستیش بازنەیەکی دەکرد و دەیوت: لە چوارچێوەی عێراقدا!!

کە من خۆم چارەنووسی خۆم هەڵبژێرم، ئیتر تۆ چوارچێوەم بۆچی بۆ دادەنێیت؟! ئەگەر چوارچێوەم بۆ دادەنێیت، ئەمە مافی چارەی خۆ نووسین نییە. بەڵکوو من وا هەڵبژێرم کە لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا بژیم، ئەمەیان لێ کردووم بە کفر. ئەدی ئەگەر ئەمەم هەڵبژارد، کە مافی چارەنووسە، ئیتر بۆ چوارچێوەم بۆ دادەنێیت. ئۆتۆنۆمی لە ماوەی دە ساڵ دەیان هەزار قوربانی بۆ درا، دەیان شاری وێران کرد. لادێی کوردستانی نەهێشت. ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە قوڕیدا بردینەخوار. ئەمجارەیان بۆ (مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی عێراقدا) دەبێ چ قوربانییەک بدەم، نازانم چیم ماوە، بۆ وەدەست هێنانی ئەم مافەیان بیدەم. تێناگەم ئەم ئاین وئۆینە چییە؟

مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی عێراقدا هەر هەمان ئۆتۆنۆمییە. ئەمە شەڕی ناوێت، ئەمە تفەنگی ناوێت. ئەمە کارێکی دیمۆکراسیانەیە و بیکە. ئەوە من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە دەبێت هاوسەنگی و گونجانێک لەنێوان ئەو ستراتیژەدا هەبێت کە دای دێنیت و ئەو میتۆدەی بۆ بەدیهێنانی هەڵی دەبژێریت. کە چەک هەڵدەگریت، دەبێت لەگەڵ ئامانجەکەتدا بگونجێت. ئامانجەکەت سەربەخۆییە؟ بەڵێ، چەک هەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی ڕەوایە. بۆ ئەوەی من لە خاکێکی سەربەستدا بژیم و دراوسێکانیشم، عەرەب، فارس، تورک، کە برامن لە خاکێکی سەربەستدا بژین. ئێمە وامان لێهاتووە کە دوای ئەو هەموو قوربانیدانە، ئەگەر

⬅

باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، هەر خزمان کوردەکان دەڵێین: چۆن؟ دیارە تۆ ڕقت لە عەرەب وتورک و فارسە؟ ناکرێت، ئەگەر تۆ داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەیت، خۆت بەبرای ئەوانیش بزانیت. هەر وەکوو ئەوەی داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان هاوواتای ڕق لەو نەتەوانە بێت.

جارێکی تر بۆ ئەوە دەگەڕێمەوە: چەک خۆی لەخۆیدا خراپ نییە. بەڵام بۆچی هەڵدەگیرێت؟ لە چ کاتێکدا هەڵدەگیرێت؟ ئەنجام و قوربانی ئەو چەک هەڵگرتنە چین؟ مرۆڤ ئەگەر نیشتمان و نەتەوەی خۆی خۆش بوێت، دەبێت نرخ بۆ هەر منداڵێکی کورد دابنێت کە خەوی دەزڕێت. ناکرێت، هەر بۆ ئەوەی تەقە وتۆق بکەم و گوایە شۆڕش دەکەم، گوندێکی کوردستان وێران بکەم، هەر بۆ ئەوەی سەربازێکی دوژمن لەناو بەرم. دەبێت پێش هەموو شتێک بیر لە چارەنووسی گوندەکە بکەمەوە، بیر لە چارەنووسی هەر منداڵێک لە منداڵە جووتیارەکان بکەمەوە. ئەوانەی بیر لەوە ناکەنەوە میللەت ونیشتمانی خۆیان خۆش ناوێت.

من هەر کە کوردستانی وێرانم بینی، ئەوسا تێگەیشتم کە کارەساتەکە چەندە گەورەیە و قووڵە. هەتا ماویشم ئەوەم لەبەر چاو ون نابێت.. نازانم تەنیا کارەساتی هەڵەبجە چەند ئازادیی بینی؟ هەڵەبجە هەر بۆ خۆی پتر لە ئازادیی وڵاتێکی دەهێنا. ئەو قوربانییانەی لە شەڕی براکوژیدا درا، چەند وڵاتێکی پێ ڕزگار دەکرا. ئەگەر بێتوو خەباتێکی ڕاستەقینە بکرێت و دروشمی لەبار هەڵبگیرێت، ستراتیژێکی ڕوون وئاشکرا هەڵبژێرێت، بەو قوربانییانە چەند وڵاتێک ڕزگار دەکرێت. بەڵێ، هەر بەو قوربانییانەی کە ئێمە لە شەڕی خۆتڕین و شەڕی براکوژیی و لەپێناو قشەماندا دەیدەین.

● **من پێمـوایە خۆشەویستی سەرچاوەیەکی گرنگی داهێنانە، بەتایبەتی داهێنانی شیعری. ئەگەر تەماشای شیعرەکانت بکەین، دەبینین هەر لەکۆنەوە خۆشەویستی بۆ ئافرەت، زۆر شیعری جوانی وەک«گەورە مەبە» و «لەدەستم دێتە»ی بەرهەم هێناوە. کۆمەڵە شیعری(دوانزەوانە)ش خۆشەویستی بۆ نیشتمان و منداڵانی کوردە. هێندێک لایەن بەوە تاوانبارت دەکەن کە کۆمەڵە شیعری (براکوژیی)ت بەرهەمی ڕق و کینەیە بەرانبەر**

**◆ ئەو کوردستانەی من پار دیم کوردستان نەبوو.. من ئەمجارەیان، هەر وەکوو پێشتریش وتم(شیمالی عێراق)م بینی. بەچاوی خۆم بینیم سەربازی عەرەب داوای ناسنامەم لێدەکات. ئەگەر ئەمەم بەچاوی خۆم نەدیبا باوەڕم نەدەکرد.**

**سەرکردەی لایەنێک. ئایا ئەمەش هەر خۆشەویستی بۆ کوردستان، بەرهەمی هێناوە، یاخود ڕقە وەکوو ئەو خەڵکە دەڵێن؟**

**پەشێو:** نەخێر، ئەمە خۆشەویستی بۆ کوردستانە. من چەندە کوردستانم خۆش دەوێت، ئەوەندەش ڕقم لە دوژمنانی کوردستانە. ئینجا ئەو دوژمنە خۆیی بێت یا بێگانە، لای من وەکوو یەکن. من بۆچی ڕقم لە سەرکردەیەکی کورد دەبێت، ئەگەر کوردایەتی بکات. بەڵام ئەگەر سەرکردەیەک هەموو ژیانی خۆی بۆ کوردکوژیی تەرخان کردبێت؟ بەڵێ ڕقم لێی دەبێتەوە و هەتا ماویشم ڕقم لێی دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر هەر هەمان سەرکردە بۆ یەکگرتنی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد هەوڵی بدایە و ئێمەی یەک بست، تەنیا یەک بست لە ئامانج نزیک بخستایەتەوە، کەمێک قوربانی کەمتر بکردایە: من ئامادە دەبووم دەیان شیعر بە بەژن وباڵایدا بڵێم و دەمتوانی باڵاگەردانی بم. من ڕقم لە هیچکەس نابێتەوە، ڕقم تەنیا لە دوژمنانی کوردستانە.

ئەو سەرکردانەی گوایە شیعریان دژ دەنووسم، بە دوژمنی کوردستانیان دادەنێم. لەو شتەش ناترسم. دەتوانم گەلێک لە سەرکردەکانی کورد بە(خیانەت)تاوانبار بکەم. ئەوانە خاینی کورد و کوردستانن، چونکە بەو براکوژییە بەتایبەتی ئەم دواییە، کە خەریک بوو خۆری ئازادی لە کوردستان هەڵبێت ـ لە ڕاستیدا کە شتێکی لەبار ڕەخسابوو ـ ئەو کەسانە کە دەستیان بە براکوژیی کرد، دژی ئازادی کورد وکوردستانن. ئەوانە دەستڕێژیان لە ئامانجی ئێمە کرد و سەدان ساڵ ئێمەیان بۆ دواوە برد. ئەمڕۆ ورەی ئێمە، ورەی چەند ساڵ لەمەوبەر نییە، ورەی ساڵی ۹۱ نییە، کە هەموو گیانمان پڕ لە زەماوەندی سەرکەوتن بوو؛ ئەمڕۆ ئێمە کوردەکەی ساڵی ۹۱ وتەنانەت۶۱ و۶۲ یش نین.

لە بیرمە ساڵی ٦١ لە چیای (هەیبەت سوڵتان)بووم، ئەودەم مێرمنداڵ بووم، حەمەساڵح ناوێکی لێبوو، ڕیشێکی خورمایی باوی درێژی هێشتبووەوە، خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک بوو. حەمەساڵح پولیسێکی وابزانم نەخوێندەوار بوو، هەموو جارێک کە لێمان دەپرسی: کاکە حەمەساڵح کەی ڕدێنەکەت دەتاشیت؟ دەیوت: باوکم من لە سایەی ئاڵای کوردستاندا نەبێت، ئەو ڕدێنەم بۆ خواش ناتاشم. تەنیا کە ئاڵاکە شەکاوە دەیتاشم.

حەمەساڵح قوربانی یادی بم، خۆی لە پێناوی ئاڵاکە بە کوشت دا، کە پێی وابوو ڕۆژێک لە ڕۆژان دەشەکێتەوە، ئەوەبوو فڕۆکەیەکی ئەلیوشنی بەعسییەکانی ٦٢، پارچەپارچەی کرد. من هەرگیزاوهەرگیز ئەو حەمەساڵحە لەبیر ناکەم، کە ئێستا گۆڕی نییە. لە هەمان کاتدا ئەوەش لەبیر ناکەم کە حەمەساڵح بۆچی خۆی بە کوشتن دا: بۆ ئۆتۆنۆمی بوو؟ یا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئاڵای شەکاوە بوو؟ ئەو و هەزاران و دەیان هەزاری وەکوو ئەو لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا خۆیان بە کوشت دا. بەڵام سەرکردەکان ڕاستیان بە میللەت نەدەوت.

● **هێندێک کەس پێیان وایە زاراوەی براکوژیی لە جێگەی خۆیدا نییە. تەنانەت لەم ڕۆژانەدا مامۆستا «شاکرۆ مەحوی*»م دی کە دەیوت ڕاستترە بوترێت(خۆکوژیی)، ئەوەی ئێمە دەیکەین خۆکوژییە. هێندێک کەسی تریش دەڵێن: ئەم دوو لایەنە برا نین بۆیە پێویست ناکات شەڕەکەش بە براکوژیی ناوبرێت.**

**پەشێو:** نەخێر، ئەمانە بران. من لە کوردستان گەلێک جار میوانم دەهات، میوانی هەردوو بەرەبابی تیا دەبوو. تۆ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی سادە، یا ڕاستتر بڵێم، چەکدارێکی سادەی ئەم لا یا خود ئەولا بدوێ. دەبینیت کە نازانێت پرۆگرامی ڕامیاری، کشتوکاڵی، ڕۆشنبیری.. هتد پارتەکەی خۆی ونەوەش دژی شەڕ دەکات چییە. ئەو ئاگای لەو شتانە نییە. ئەوەیش دەکرێت بەقیستی سەرکردەکانە. ڕۆژانی هەڵبژاردنەکە خۆم لە کوردستان بووم. کاتێک هەڵبژاردنەکە بەڕێگەیەکی داخراو گەیشت، دڵی هەموو خەڵک خەریک بوو دەتەقی: ئایا سەرکردەکان لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدێن یا نە، ؟ لەوەبوو کوردستان بەجارێک بتەقێتەوە. پێکنەهاتن، بەڵام

---

* شاکرۆ مەحوی کوردناسێکی کوردە و سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردییە لە مۆسکۆ.

ناچاربوون پەنا بە فیفتی - فیفتییە ڕەحمەتیەکە بەرن، ئەوەی کە دیمان ئەنجامەکەی بەچی گەیشت. من ئێستا و ئەوساش تێنەگەیشتم: ئەدی هەڵبژاردنیان بۆ کرد، ئەگەر نەتوانن لە ئەنجامەکەی ڕێکبێن؟ کاتێک کە ڕێکەوتن ئەو خەڵکە، ئەوانەی بە ڕواڵەت ٩٠٪ لەگەڵ دوو بەرەبابەکەن هاتا بەیانی شایی وزەماوەند و هەڵپەرکییان دەکرد. ئەو خەڵکە سادەیە هیچی لەنێواندا نییە و لەگەڵ یەکدا لەسەر ئەوە ڕێکن کە دەبێت بەئاشتی و ئەگەر بشتوانرێت سەربەخۆ بژین. هیچ ناکۆکییەک لە نێوان خەڵکدا نییە، بەڵکوو لە نێوان سەرکردەکانداهەیە، کە هەتا دێت ستروکتوری مافیا وەردەگرن و خەریکن وردەوردە بە تەواوەتی دەبن بە مافیا.

تۆ هەموو ئەندامانی پارتەکان کۆبکەوە و لەگەڵیان لە سەر پرسە سەرەکییەکانی سیاسەت و بیروباوەڕیان بدوێ. هیچ ناکۆکییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا نابینی: ئۆتۆنۆمی؟ هەر دوو لا ئۆتۆنۆمی: ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە؟ هەر دوو لا ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە!... مافی چارەنوس؟ هەر دو لا مافی چارەنووس!... پەرلەمان و حکوومەتی فیفتی - فیفتی؟ هەر دوو لا پەرلەمان و حکوومەتی فیفتی - فیفتی... خۆ لە سیاسەتی وتووێژ لەگەڵ دوژمندا یا شەڕکردنەوە هەر دوو لا وەکوو یەکن. تۆ نازانیت چ لە گۆڕێدایە. خۆ هەمووشیان هەر(مارکسی!!)بوون یا (کەڵکیان لە مارکسی وەردەگرت!!)واتە لە ڕووی بیر و ئیدیۆلۆژیا، نە لەڕووی پرۆگرامەوە هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئەو دووبەرەبابەدا نییە. باوەڕیش ناکەم ببێت. ناکۆکی تەنیا لە نێوان سەرکردایەتییەکاندایە.. ناڵێم هەموو، بەڵکوو هەر دوو سەرکردایەتی، کە کەسانی وایان تێدان کە من پێم وایە کڕدراون. لەم گوتنەش ناترسم. هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەستی چ ئێرانییەکان، چ تورکەکان چ بەعسییەکان لەناو سەرکردایەتییەکاندا هەیە. ئەمڕۆ ئەو شەڕە خۆترینەی لە کوردستاندا دەکرێت و نیازیان وایە کوردستانێکی ئازاد بە سەدام بدەنەوە. ئەمە لە هیچ وخۆڕا ناکرێت. ئەمە بێ نرخ ناکرێت. ئێمە نابێ هێندە گێل بین. نەخێر، کارەکە چ لە تورکیا، چ لە ئێران، چ لە سووریا و چ لە عێراق وەرگیراوە و ئەو سەرکردایەتییانەش وەک هەموو کات بەخوێنی کورد نرخەکەی کاش دەدەن.

● **لە شێعری(ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)، کە لە حەفتاکاندا نووسراوە، بەڵێنیت بەدایکت داوە کە ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە خاکی تفت وتاڵی نیشتمانەکەت بخۆیت و سەر بە هەموو ئەشکەوتێکدا بکەیت و کاری تر ئەنجام بدەیت. کە یەکەمجار، وابزانم بەهاری ٩٢ بۆ نیشتمان گەڕایتەوە کوردستانت چۆن هاتە بەرچاو؟ هەروەها ساڵی پار کە بە خێزانەوە گەڕایتەوە، نیازتان وابوو بە یەکجاری بمێننەوە. چی بەسەر نیازەکەتاندا هات؟**

◆ **نابێ هیچ شتێک وا لەمرۆڤ بکات کە گیانی خۆشەویستی و جوانپەرستی لە دەروونیدا بمرێنێت. تەنانەت لە شێوەنیشدا دەبێت لەگیانی مرۆڤدا بستە خاکێک بۆ شادی بێنێتەوە.**

**پەشێو:** یەکەمجار کە بۆ کوردستان چوومەوە، تووشی دوو هەستی دژ بەیەک بووم.. دوو هەستی ساردوگەرم.. دوو هەستی ڕەش وسپی.. لەلایەک دوای ئەوەندەساڵ ئاوارەیی بەدیداری کوردستانە ئازیزەکەم شاگەشکەبووم، ئەو کوردستانەی کە لای من بووەبەخودی ژیان.. بووە بە هەموو شتێک. لەلایەکی تر بندەستی و کوێرەوەری و ماڵوێرانی.. وڵاتێکی خاپوور و کاولکراو.. منداڵی یەخە ویەرۆک ڕووت.. ژنی ڕەشپۆش.. برسیەتی.. لە هەموو شتێکیش خراپتر و گورچکبڕتر براکوژیی.. ئاخ براکوژیی!

من نەک هەر پار، بەڵکوو بە درێژایی ساڵانی دوورەوڵاتیم هەر بەنیازی گەڕانەوەبووم، هەر لەبەر ئەوەش تا ئێستا پەساپۆرتێکی بێگانەم لە گیرفاندا نییە. هەموو کات خۆم بە میوانێکی کاتی زانیوە و دەرەوەم بەشوێنی خۆم دانەناوە، بەڵکوو چاوم هەر لە خاکی کوردستان بووە. بەڵام بەداخەوە لە سەردانی پاردا، دەتوانم بڵێم، ئەو ئومێدەم گۆڕ کرد. نازانم دەتوانم کوردستان جارێکی تر ببینمەوە یا نە؟ ئەو کوردستانەی من پار دیم کوردستان نەبوو.. نیمچە کوردستانیش نەبوو کە ساڵی ٩٢ بینیم. من ئەمجارەیان، هەر وەکوو پێشتریش وتم(شیمالی عێراق)م بینی. بەچاوی خۆم بینیم سەربازی عەرەب داوای ناسنامەم لێدەکات. ئەگەر ئەمەم بەچاوی خۆم نەدیبا باوەڕم نەدەکرد. کە ئەمەیشم بینی تێگەیشتم سەرکردەکان چیان دەوێت.

● **چۆن و لە چ دۆخێکی دەروونیدا شێعر دەنووسیت؟**

**پەشێو:** هەر لەسەرەتاوی لاوێتییەوە، ناوبەناو تووشی خەوزڕان دەبم. لەو نیوەشەوانەدا کە خەو لە چاوم دەپەڕێت و لە دۆخی دەروونی زۆر دژواردا، وەکوو ئێستا، زۆربەی شێعرەکانم دەنووسم. هەر بۆیەش ئێستا لە هەموو کاتێک بەبرشتترم ئێستا، بەداخەوە هەرەتی شێعر نووسینمە.

● **هیچ کاتێک هەبووە، ماوەیەکی زۆر شێعر نەنووسیت؟**

**پەشێو:** بەڵێ جاری وا هەبووە ساڵێکی ڕەبەق شێعرم نەنووسیوە. هێندێک جاریش شێعر دەنووسم، بەڵام بڵاوی ناکەمەوە، بە تایبەتی دوای هەڵەبجە وئەنفال تووشی ئەو گرێ کوێرە دەروونییە بووم: زۆر شێعری خۆشەویستی و بەسۆز دەنووسم. بەڵام بڵاویان ناکەمەوە. هەر وەکو ئەوەی شەرم لە بڵاوکردنەوەیان بکەم .. کە ئەمەش شتێکی ڕاست نییە. نابێ هیچ شتێک وا لەمرۆڤ بکات کە گیانی خۆشەویستی و جوانپەرستی لە دەروونیدا بمرێنێت. تەنانەت لە شێوەنیشدا دەبێت لەگیانی مرۆڤدا بستە خاکێک بۆ شادی بمێنێتەوە.

● **شاعیرێکی ڕووس(ڤلادیمێر میخانۆڤسکی)، کە شێعرەکانتی بۆ ڕووسی وەرگێڕاوە بە(پووشکین)ت دەچوێنێت. خۆت چی دەڵێیت؟**

**پەشێو:** ئەوە بیروڕای خۆیەتی، سوپاسی دەکەم. من خۆم زۆر لەوە بە بچووکتر دەزانم و خۆم بۆ ڕۆڵێکی وا دانەناوە.

● **ڕاستە، بەڵام ڕەنگە وەک سیمبۆلێک تەماشای کردبێت. من وای دەبینم کە پەیامێکی زۆر گەورە لەسەر شانی شاعیرە. شاعیر لە خەڵکی سادە جیاوازە...**

**پەشێو:** ... ئاخر ڕەنگە ئەو مەبەستی لەوە بێت کە منیش لە ئەدەبی کوردیدا ئەو ڕۆڵەم بینیوە کە(پووشکین)لە ئەدەبی ڕووسیدا بینیویەتی. من خۆم بە شایەنی ئەوە دانانێم. شاعیر ونووسەری لەمن گەورەتر و ڕەنگە بە هەڵوێستتر هەبێت.

● **بابەتی دکتۆراکەت چییە و ئێستا خەریکی چیت؟**

**پەشێو:** لەسەر«پیرە مێرد»ی ئەمر نووسیومە. بەڵا ئێستا خەریکی هیچ کارێکی زانستی نیم. زۆرتر بە شێعرەوە خەریکم و ناوبەناویش شێعر بۆ کوردی وەردەگێڕم. ■

**ئاپام عطی ٩٥/١/١٧ مۆسکۆ**

● برایمی فەرشی ●

# بیرەوەری لەسەر تیپی شانۆی «لاوی بۆکان»

ئێژن نەتەوەی کورد ۳۰۰۰ هەتا ٦۰۰۰سال مێژووی هەس؟! مێژووی نەتەوە، هەموو بوارەکانی ژین دەگرێتەوە. فەرهەنگ(زمان و ئەدەبیات، هونەر، بیروباوەڕ، ئایین، دابونەریت) چۆنیەتی ژیانی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەلایەتی، زانستی، سەنعەت و.. هتد.

لای میللەتانی خواپێداو یا خۆکردەی ئەم سەرزەوییە، ناسینی مێژوو کارێکی زۆر چەتوون نییە، بەتایبەت لەدواهەمین سالەکانی ئەم سەدەیە، بوونی سەدان موزە، کتێبخانە، ئارشیو، زانستگا، شوێنەوارەمێژووییەکان، بوونی سەدان پسپۆڕ، لێزان، هەزاران وەدیان هەزار کتێب، گۆڤار ورۆژنامە، بەلگەنامە، بەملیۆن کیلۆمیتر فیلم، وێنە، میکرۆفیلم ونەمرۆ دیسکی کامپیۆتێر، هەروەها سەدان یانە وشوێنی لێکۆلینەوە و دیان ڕێکخراو و ملیۆن و میلیارد پارە لەهەر ولاتێک، ئیشی مێژوونووس زۆر هاسان دەکاتەوە.

ئێمەی مال دزراو، مێژوو ڕفێندراو، چمان هەیە یارمەتی بدا بۆ نووسینی ژیانمان لە مێژوودا؟ بۆ ڕاستکردنەوەی ڕووداوێکی نەک ۳۰۰۰ سال لەمەوبەر، بەلکە ۳۰ سال پێشیش ڕێگەمان سەخت ودژوارە. بەهەموو ۳۰ ملیۆن کوردەکە ناتوانین ۳۰کتێب لەبەر دەمان دابنێین کە مێژووی ۳۰۰ سال لەمەوبەرمان بۆ ڕاست کاتەوە.

خۆمان و مێژوومان لە عەرەب وتورک وعەجەم دا، ون بووین. دەبێ مێژووی ئەوانە و دەیان میللەتی تر کە دەبێتە هەزاران کتێب، دێڕبەدێڕ هەلوەژێرین هەتا چوار وشە وچەند دێڕ لە سەر خۆمان بدۆزینەوە. یا سەدان کتێبخانەی ئورووپا و ئەمریکا بپشکنین هەتا چوار دەست خەتی ئەم و ئەو پەیدا دەکەین. خۆ ئەگەر چەند کەسی وەک**«شەرەفخانی بدلیسی»** و «ئەحمەدی خانی» مان نەبایەڕەنگە ئاومان بسرابایەوە و خۆشمان باوەڕمان هێنابا کە ئێمەش هەر وەک تورک و عەرەب وفارس و ڕووس وقەزاقین!

هێندێک دەفەرموون زولمیان لێکردووین، ولاتیان خاپوور کردووین و کوشتوویانین. ڕاستە بەلام کەمتر باسی ئەوە دەکرێ، کە خۆمان چەندە زولممان لەخۆمان کردووە، چەندە بێ خزمەتی خۆمان و خزمەتی خەلکمان کردووە، جا چ بەزۆری وچ بە خۆشی خۆمان. بۆ خزمەتی ئەدەبیاتی ئەوان، هونەریان، زمان ومێژوویان، دین وئایینیان، ولاتیان، کیانیان، خۆمان بە کوشت داوە و خۆمان کوشتووە لەپێناو مافی ئەوان. زۆر شاعیر و نووسەر و زانا وهونەرمەند ولێزان و خاوەنبیر و مێژوونووس ومێژووناسمان هەبووە وهەیە کە جیقنەیان بۆ خۆمانە و هێلکەیان بۆ ئەوان. ئەوان خاوەن کیان وخۆمان خزمەتگوزار ماوینەوە. هەموو زیندەوەری دنیا بە ئینسانەوە، بیروهۆش وداهاتی مادی و مەعنەوییان لە پێشدا بۆخۆیانە وپاشان بۆ غەیرەیە، ئێمەی کورد بە پێچەوانەی هەموو جانەوەری چوارپێ و دووپێ و بێ پێی ئەم سەرزەوییە، جوولاوینەتەوە، خزمەت بەخۆمان حەرامە، خزمەت بەحەرامی غەیر حەلالە. سەدان سالە خزمەتی هەموو شتێکی میللەتی دراوسێمان کردووە هەتا بینە خانەخوێمان. بەلام بەدرێژایی مێژوو دەکەس لەوان پەیدا ناکەین، هەنگاوی خێریان دەرحەق بە ئێمە هەلهێنابێتەوە!! دەلێی خوا و سروشت ئەرکی سەربازیی کەندووی مێش هەنگوینی لەناو مرۆڤدا، ناوەتە سەرشانی ئێمە ولەتەختی ناوچاوانی نووسیوین. ئێمەی کورد بۆ دوو شت زۆر نازاین: چەک بەدەستەوە گرتن و شێعرگوتن. مێژوومان پڕە لەشەڕی خۆیەخۆ وشەڕ لەگەل دوژمن، ئەدەبیاتیشمان پڕە لە شێعر. لە شەڕی سیاسیدا تائێستا دۆڕاوین، لەشەڕی فەرهەنگیشدا شێعرمان لەگەل ڕۆمان، چیرۆک، دراما ودەیان هونەری تر داوەتەزۆران و بووتە هۆی بەزینمان. چەک هەلگرتن وشێعرگوتن سەبر وحەوسەلە و بیری زۆر و وەدواکەوتن ولێکۆلینەوە و زانینی زۆری نەگەرەکە(هەرچەند لەهەر ۱۰۰۰شێعروێژمان چەند کەس بوونەتە شاعیر، ئەمانەش کەسانێکن کە هەموو ژیانیان بە مەبەستەکە گۆڕیوەتەوە)، بەلام شەڕی سیاسی، ڕۆمان، چیرۆک و دراما ومێژوونووسین پێویستیان بەتاقەت، زانین لە زۆر بواری ڕامیاری و کۆمەلایەتی، فەرهەنگی وزانستی هەیە. ئێمە تاقەتی وا کەمتر لە خۆ دەنوێنین. لە دەسالی ڕابوردوودا لە زۆر لایەنەوە تەکانێک لە ئێمەی کورد بەتایبەت لە ڕۆشنبیرەکان کەوتووە، هێندێک لێزان و خەمخۆر خۆیان بۆ کاری بەپێز ماندوودەکەن.

لام وایە هەر ڕووداوێکی ژیان کە پێوەندی بە میللەتەکەوە هەیە دەبێ سەبت بکرێ. ئەم کوتە کاغەزەش لەسەر تیپی شانۆی لاو، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەکەلکی کەسێک بێت.

### شانۆنامەی کوردی

مەبەست لە شانۆنامە یا پییەس وتێکستی کوردی تەنیا کوردی بوونی زمانەکە نییە. شانۆنامەی «شکسپیر» و«چیخۆف» بەزمانی کوردی نابێتە درامای کوردی، بەلکوو دەبێتە شانۆنامەی ئینگلیسی یا ڕووسی بە زمانی کوردی. هەروەها شانۆنامەی تورکی وعەرەبی وفارسی، وە زمان شیرینی کوردی نابێتە درامای کوردی و ئەدەبی دەراماتیکی کوردی.

شانۆنامەی کوردی دەبێ لە فەرهەنگ، بیروباوەڕ، خولق وخوو، دابونەریت، ڕەوان وکۆمەلگای کوردەوارییەوە ڕەنگی گرتبێ. دەبێ مۆرکی کوردبوون و زمانی کوردی پێوە دیاربێت. هەر وەک چۆن مۆرکی یۆنانی بوون لە بەرهەمەکانی «هۆمێر»یا مۆرکی ئینگلیسی بوون لە بەرهەمەکانی شکسپیر یا چیخۆف و مۆرکی ڕووسی بوون دەبیندرێ.

ئەگەر«مەم وزین»، «خەج و سیامەند»، «سەیدەوان»، «ناسر ومال مال»، «شێخ فەرخ وخاتوون ئەستێ» و«لاس وخەزاڵ» و... وەک شانۆنامە بە دارشتنی شانۆیی لە دەست دابان، دەمانتوانی لەریزی شانۆنامەی کلاسیکی کوردی، یادرامای کلاسیکی کوردی ناویان بەرین. هەرچەند قارەمانی هێندێک لەم بەیتانە یا چیرۆک وحەکایەت و ئەفسانەکانی کۆنی کوردی ڕەنگە هی نەتەوەیەکی تر بن. بەڵام چون ڕووداوی شانۆنامەکە پێوەندی بە هەموو شتێکی کوردەوە هەیە و ڕووداوەکان لە وڵاتی کوردان ڕوودەدەن و هەست و بۆچوون وئاکار وبیروباوەڕ و شێوەی ژیانی مرۆڤی کورد دەدەخەن، هەروەها لە فەرهەنگ و فۆلکلۆر و ئەدەب وزمان وموسیقا و جلوبەرگ وسروشتی ئەم نەتەوەوە ڕەنگ وبۆن دەگرێ و تایبەتمەندی نووسینی کوردیان تێدا بەکار هێناوە، شانۆنامەی کوردی دەژمێردرێن.

بەباوەری من درامای کلاسیکی کوردی تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش زمانی شێعریی وئاوازی بوونی دراماکەیە. ئەوەش بۆ کۆنی شان لەشانی درامای یۆنانی سەردەمی هۆمێر دەدا. مخابن ئەم درامایە بە شێوەی زارەکی (شفاهی)ماوەتەوە و هێشتا جێگەی ڕاستەقینەی خۆی لە ئەدەبیاتی نووسراودا پەیدا نەکردووە.

بەیتی کوردی خاوەنی ڕووداوی دراماتیکییە وخاڵەکانی گشتی درامای جیهانی پێوە دیارە. تەنانەت ئەوعی کاراکتێرسازی لە هێندێک بەیتدا کەم وێنەیە، بۆ وێنە کاراکتێری(کەسایەتی)سیامەند لە بەیتی خەج و سیامەند، دوو کاراکتێری خێر وشەڕ، چاک وخراپ، پۆزیتیڤ و نێگاتیڤی وێکرا هەیە؛ وردەوردە بە تێپەڕبوونی پرۆسەیەک خێر بەسەر شەڕ، چاک بەسەر خراپدا زاڵ دەبێ لەکاتێکدا لەدرامای زۆر میللەتاندا کاراکتێر یاخێرە یا شەڕە و زۆربەی زۆری قارەمانەکان هەر لەسەرەتاوە خێرن. لەلایەنی تراژێدیکەوە تراژێدیای «سەیدەوان»وێنەیەکی ئەدەبیاتی جیهانییە، کە کورد دەکاتە هاوسەنگی میللەتانی خاوەن ئەدەبیاتی زێرین.

درامای کوردی چ کۆن وچ نوێ، پێوەندی بە بوونی کورد وەک نەتەوە لە مێژوو و لەرابوردوودا هەیە. ئەم بەشە پێویستی بە زێرناس و زێرینگەری لێهاتوو هەیە کە تۆقی تەڵایی ئەدەبیاتەکەمانی لێ دروست بکا.


### شانۆی کوردی

شانۆ یا تیاتری کوردی وەک "چۆنیەتی کایەکردن(geme)، هەستان ودانیشتن، قسەکردن، نواندن، کەڵک وەرگرتن لەلەش و دەم چاو، هەست دەربڕین و سیستمی فێرکردن و ڕاهێنانی ئاکتەر"، شانۆنامەی کوردی، درامای گەرەکە. بەڵام شانۆی کوردی تەنیا درامای کوردی نییە، بۆ وێنە دەکرێ درامای نەتەوەیەکی تر بەشێوەی شانۆی کوردی پێشکەش کرێ! شانۆی کوردی دەبێ تایبەتمەندیی خۆی هەبێ. ژاپۆنییەکان لەم دواییانەدا شانۆنامەکانی شکسپیریان بە **شێوەی کابوکی** پێشکەش کردووە. ئایا ئێمەی شەرقی وەک ژاپۆنییەکان، چین، هیند و... شێوەی شانۆیی تایبەت بە خۆمان هەیە؟ ئایا ئێمە شانۆنامەکانی عەرەب و ئورووپایی بە شێوەی شانۆیی خۆمان پێشکەش دەکەین یا حەولی لاسایی کردنەوەی شێوەی شانۆیی ئەوان دەدەین؟

ئەمڕۆ شانۆی جیهانی زۆر سەرنج دەداتە سەر جوولە(motion)ی مرۆڤ لە کاتی ئیش وکار، ژیانی ڕۆژانە و هەڵپەڕکی و سەما و کایە وکەلەپوری نەتەوایەتی. موتاڵا لەسەر لەش و ئانالیزکردنی هەر جوولەیەک بە پێی تایبەتمەندی چەشنی کار و چەشنی سەما و هەڵپەڕکی و ئەوعی چالاکی گەمە و یاریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەندامانی لەش و دیاری کردنیان، بنەمایەک دەداتەدەست بۆکاری هونەری کردن لە شانۆدا. لەم ڕێگەوە جووڵانەوەی گشتی وناوچەیی لە ناو میللەتێکدا دەدۆزرێتەوە کە هەموو بوارەکانی ژیان و ڕابواردن لە خۆیدا دەردەخا. دەستەبەندی کردن و ڕێکوپێک کردنی ئەم جووڵانە لە سیستمێکدا چەشنی کاری شانۆیی ئەو نەتەوە دیاری دەکا. بۆ وێنە لە شانۆی«قەرە گوزێ» (چاورەش)ی تورکی هێندێک جووڵانەوە هەیە کە تایبەتە بەم ئەوعە شانۆیە. یا شانۆی«سیاه»، «حاجی» و«حاجی فیروز»لە شانۆی ڕووحەوزی فارسەکان یا جووڵە وئاکاری«کۆسە»وکۆسەگەردیی کوردی تایبەتە بە هەرکام لەم نەتەوانە، ئەوە وسەدانی تر لەلای هەر کام لەوانە سیستمی حەرەکاتی شانۆیی ئەوانە پێکدێنێ. لێکۆڵینەوە لەم بارەوە لەسەر شانۆی وڵاتان ومیللەتان جیاوازی شانۆیی ئەوان دەدەخا. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە هاوبەشی شانۆییش ڕوودەکا. شانۆی شەرق لە چینەوە هەتا هیندوستان و بەنگلادێش و ژاپۆن وعەرەب وئەوانی تر هاوبەشیان فرەترە هەتا شانۆی شەرق غەرب. ئەوەش ڕوونە هەر لێرەوە شانۆی جیهانی هاوبەشییەکی گشتی هەیە کە سەرچاوەکەی خودی مرۆڤە بە گشتی لەهەر قوژبنێکی ئەم گۆی زەوییە. ئەوەش لەهاوبەشیی ئینسانی وسروشت وحەول بۆژیان ورابواردنی ئەم مرۆڤە سەرچاوە دەگرێ. جگە لەوانە شێوەی ژیان و چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤ یەکسان نییە، بۆ وێنە بەشێکی زۆر لەم مرۆڤە لە ئەفریقاوە هەتا ئاسیا، جگە لە ئەوعی کاری ڕۆژانە لەسەر عەرز دادەنیشن کە جیاوازە لەگەڵ بەشێکی تر، هەر لە ئەمریکاوە هەتا ئورووپا کە جگە لە کاری ڕاوەستانیان هەموو لە سەر کورسین؛ ئەم وەزعە دوو پۆزیشن(حاڵەت)ی جیالەیەک لەلەشدا پێکدێنێ وتەنانەت دەبێتە عادەتی ژیان. ئانالیزی ئەم دوو شێوە دانیشتنە، دوو کەرەسەی جیا بۆ کاری شانۆیی دەداتەدەست.

جگە لەوانە بیروڕای کۆمەڵگا، موسیقا، زمان ومەعنەوییات، کاردەکاتەسەر شانۆ لەهەر مەڵبەندێکی ئەم جیهانە. کەسانی وەک«پیتر برۆک»و«ئۆژێنۆ باربا»لە ڕێگەی فستیواڵی«ئاوینیۆن»دوە حەولی ناسینی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەدەن. لێرەدایە پێشکەشکردنی شانۆی ئورووپایی وعەرەبی وتورکی و فارسی لە کوردستان بەبێ موتاڵای قووڵی کۆمەڵگا و ئەم بابەتانەی سەرەوە لەناو کوردان، وەک لاسایی کردنەوەی ئاشیانە دەدا لەچاو. ئەمە تەنیا دەردی کورد نییە، عەرەب وفارس وتورکەکەش ئەم ئەخۆشییەیان هەر لە سەرەتای بەرواڵەت دەست پێکردنی مۆدێرنیزم هەتا ئێستە لەگەڵە، هەربۆیەشە شانۆی ئەم وڵاتانە کپ و ئەناسراو و ئەویستە لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان بە تایبەت لە ئورووپا.

ڕێ وشوێنی شانۆی کوردی دەبێ لە کار و ئاکار وکایە ودابونەریت و هەڵسوکەوتی ژیان و کۆمەڵگای کوردەواریدا بدۆزرێتەوە. هەر ئێستا لەبەشی زۆری کوردستان دروێنە وجەنجەڕگێران، گێرە وزەوی کێڵان، داس و مەڵەغان گێران، تایە وگیشەلێدان، دەستارگێران، ساوەرکوتان، بژار، بێری چوون و سەرەدۆشین، ئانکردن و میوەچنین وتووکردن، جۆلایی و ئاسنگەری، میرمیرێن و پاشاووەزیر، بووکەبارانە، کۆسەگەردی(کۆسەی هەجیج)، پاڵەوان بازی، گۆێن وخوزێن وهەڵلوکێن ومێشێن، زەماوەند وشایی، عەزا ولەخۆدان و پرچ ڕنین، دوعاکردن ونوێژکردن وزیکرکردن وسەمای دەروێشان، مردووناشتن وسەرقەبران چوون، چەمەری خوێندن و مردووناشتنی ئیزەدی (یەزیدی)یەکان و سەدان دابونەریتی تر ئێمە لە



تیاتری«کوری خۆڵە»، ئاکتەرەکان: برایم فەرشی، کەماڵ بەهرامی وەند، جەعفەری رۆستەمی(مەلا) و جوانەمەرگ فەتاح ئیسماعیل پوور.

میللەتانی تر جیادەکاتەوە. ئەمانە و زۆر شتی تر، کانگا و قوتابخانەی راستەقینەی شانۆی کوردین ودەبێ موتالآبکرێن، دەبێ بپشکێندرێن، دەبێ لەپاڵ یەک بهێندرێنەدەر. حەرەکەتەکان جیابکرێنەوە، بۆ وێنە لەناو بووکەبارانەدا چەند حەرەکەت هەیە؟ حەرەکەتەکان چۆنن؟ چەند جۆرن؟ شێوەی گرتنی بووکەبارانە، شێوەی رۆیشتنی تاک وکۆ، شێوەی لەش لەکاتی رۆیشتندا، پژێشنی دەست، شان، قامکەکان، شێوەی خوێندنەوەی شێعرەکان، کۆ وتاک خوێندن. ئانالیزکردنی تەنیا ئەم کاییە، سیستەمێکی حەرەکەتی دەداتەدەست کە تایبەتی منداڵی کوردە. ئەگەر هەموو کاییەکانی کوردیی منداڵان بەم چەشنە مامەڵەی لەتەکا بکرێ، رەنگە سیستەمێکی فێرکردنی شانۆی کوردیی منداڵان بخاتەدەست. هەروەها سەرجەمی کاییە کوردییەکان و ئەوەی پێشتر باسمان کرد سیستەمێکی راهێنانی ئاکتەریی شانۆی کوردی دەخاتەروو. زۆر لەو بابەتانەی سەرەوە خۆیان شانۆن. میرمێرێن و کۆسەگەردی لە ئێران بەناوی کۆنترین ئاکاری شانۆیی شانۆی ئێران ناوی دەبەن، خۆمان لەبیرمان چۆتەوە. میرمێرێن شانۆیەکە، کە یەک شار یا یەک ناوچە تێیدا بەشداری دەکا. میری نەورۆز لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ، لە نەورۆزەوە هەتا سیزدەبەدەر حکومەت دەکا. لەم ماوەدا دەسەڵاتداری حکومەت یا ئەمارەت دەبێ جێگە بۆ میری نەورۆز چۆڵ بکا. "ئاخرین میری نەورۆزی مەنتەقەی موکریان لە سابلاخ لە زەمانی رژێمی پەهلەوی لە ئێران ساڵانی(٢٤ ـ ٢٠ ی هەتاوی)، «مستەفا بارنجی»گەرەکی رەزگەیان و«سەدیقی سیاسەری»گەرەکی ئەرمەنیان دوا میری نەورۆزیی ئەو مەنتەقەیە بون کە رژێمی شا ئەوانی لەمیری هێنایە خوارەوە بەو بەهانە کە لە مەهاباد لەبەرانبەر شادا، شایان دروست کردووە.»(١)

شێوەی بەشداری کردنی خەڵک، شێوەی هەڵبژاردنی میر، شێوەی کاییەکردنی میر وگزیر، وەزیری دەستەراست ودەستەچەپ، کاراکتێرەکانی تری ئەم رەسمەکۆنە و سەردانواندنی میری ئەمارەت بۆ ئەم دابونەریتە گشتی فەهەنگیکی نەتەوایەتی شانۆ دەنوێنێ کە کەوتووەتە بەر هێرشی دوژمنان و بێ نرخ چاولێکردنی خۆمان. باس ولێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بەشەی ژیانی کوردەواری، زیاتر لەم فەرهەنگەمان نزیک دەکاتەوە بۆ چەسپاندنی مۆرکی شانۆی نەتەوایەتی.

لەهەڵپەرکێی کوردیدا، ژن وپیاو وپیر وجەوان دەست لە ناودەستی یەک، بەنەوای موسیقی وگۆرانی هەڵدەپەڕن. جلوبەرگی رەنگاورەنگ خۆی تابلۆیەکە کە سەرچۆپییەک هەیە، گاوانییەک هەیە.. دەست و پێ وشان و لەش بە گشتی بەدابودەستورێک دێنە جووڵە. ئەم جوانییە کە سەدان جۆرە، خۆی کانگایێکی کەم وێنەیە بۆ شانۆ، کە پێویستی بە ناسینی هەر جووڵە و ریتمێک و دەستەبندییەک هەیە. ئەمەش دەبێتە بەشێک لە سیستەمی شانۆکەمان.

موسیقای کوردی کە فرە رەنگینە، بەشێکی تری ئەم کانگایەیە. هێندێک گۆرانی فۆلکلۆری ئەگەر دەستێکی پێدا بخشێنی خۆی تابلۆیەکی شانۆیی دەداتە دەست: (ئێوارە درەناگانێکی گوندێکی کوردستان لە پاییزدا بێنە بەرنەزەر، چەند لاوی قۆشمەی تازە پێگەیشتو بەجلوبەرگی کوردی وپێچ وکڵاوی قیت، لە بەرزاییەک لەسەر رێی کچۆڵان کە لە کانی بەرەو ماڵ، جەرەی سوور لە سەر شان، بەلەنجەولار دەگەڕێنەوە راوەستاون. یەک لەم قۆشمانە کە دەنگ خۆشیشە، بەهەڵەداوان بەرەو کچ دەچێ، بەدەوریا دێت ودەست دەکا بەگۆرانی گوتن و، کورگەل بە چەپڵەلێدان و ئەدا و ئەتوار دەرهاوردن بۆی دەگێڕنەوە)..

کوڕ: سوێندم خواردووە، ئاچمە حەجێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: حەجم بۆبێتە ناو لەجێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

(کچ بەدەم رۆیشتنەوە روو وەردەگێرێ، رەنگە لە بنەوە بزەیەکیشی بێتەسەرلێو، یا رەنگە چوار جنێوی عەمرت ئەمێنێ و عەیبە عەیبەش بێژێت، یان لیچ خوارکردنەوەیەکیش لەگەڵ چەمۆڵە حەواڵەی کوڕە بکات)

کوڕ: تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: کەزیەی سەرت بە میرات بێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: ئەحلەت لە شەرت وبەقات بێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: هەروا دەڕوا دەکا رەوتێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: وەکوو کوتری بەر مزگەوتێ، کورگەل: کەژ وکەژاڵێ

کوڕ: سووتام برژام چۆقەم کەوتێ،کورگەل: کەژ وکەژاڵێ... هتد

دەکرێ لەم تابلۆیەدا چەند پیرێژنی تورە و تۆسن لەتەک مەلا و کەسانی تر لەم چەشنە زیادبکرێ و لە گۆشەیەکەوە بێنە ناو بەزم و هەراکەوە تا بزانین چ دێتەگۆڕێ، لێرەدا ئەگەر فیگۆری کۆمیک بدەینە ئەم بەشە جوانییەکی ترخۆی دەنوێنێ.

ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە کە بەدەنگی«حەسەن زیرەک»گوتراوە، دیمەنێکی شانۆیی دەنوێنێ کە خاوەنی مەتن و هەست وبۆچوون وگۆرانی وموسیقایە لەگەڵ جووڵە وپێوەندی دراماتیکی و جوانیی دڵداری وزۆر شتی تر. لێرەدا نەتەنیا دیمەنێکی شانۆیی بەڵکوو دیمەنێکی سناریۆی سینەماییش دەنوێنێ. سەدان گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ئەگەر بەم چاوە سەیری بکرێ، شانۆی کوردی دەوڵەمەند دەبێ.

ئەمانە وزۆر شتی تر، شانۆی کورد لە شانۆی وڵاتانی تر جیا دەکاتەوە. بەر لەهەموو شت دەبێ خۆمان ئەم فەرهەنگەی خۆمان بە رەسمیەت بناسین و پاشان سیستەمی شانۆی خۆمان لەسەر ئاستی زانستی دارێژین.

فێربوونی سیستەمی«ستانسیلافسکی»، «برێشت»، «مایرهۆلد»، «پیتر برۆک»، «مارسل مارسۆ»،«نۆژینۆ باربا»، «ئاگوستۆ بوال»و کێ وکێ زۆر باش وپێویستە، بەڵام داسەپاندنی ئەم سیستەمانە بەسەر شانۆی

کوردیدا، وەک شەپکەکەی «ڕەزاشا»وایە کە بیکێشی بەسەر پێچ وکلاوی کوردیدا و، بەکابرا بفەرمووی دادەی کاکە بەم شەپکە وپێچ وکلاوەوە، بڕۆ بۆخۆت پیاسە بکە وسەبیلەکەشت بگرە بەلالێوتەوە. دیارە مندالە وردکە دەکەونە شوێنی، جگە لە تانە وتوانج ڕەنگە وردکەبەردیشی تێگرن. هەرچەند ئەم کارە خۆی لەخۆیدا شانۆیەکی کۆمیکە، بەلام کاری بەشێکی زۆر لە ئێمە بەم جۆرەیە. ناوی پێشکەوتوو دەنێینە سەرکاری شانۆییمان و کەسانێکیش بارەقەلا بارەقەلامان پێ دەبێژن. بەلام لەڕاستیدا ئەمە (شانۆ دەر شانۆیە) کە بە خۆمانی دەکەین. ئەگەر شانۆ کۆی جوولە وموسیقا وهەلپەرکێ، حالەت و گفتوگۆ وڕەنگ.. بێ، شانۆی کورد ناتوانێ ڕاستەوخۆ لەم شتانەی فەرەنگی پێکبێت.

ئێمە پێویستمان بە سیستمی ڕاهێنانی شانۆیی هەیە، کە لەپال سیستمەکانی شانۆیی جیهانیدا وەک دەرس بگوترێتەوە لە قوتابخانە وزانستگاکانی شانۆدا.

ئەم بۆچوونە وڕێگەیە، تەنیا بۆ ئێمەی کورد نییە، بەلکوو ئەگەر سەیری شانۆی چین، ژاپۆن، هیند، ئورووپا وئەمریکای لاتین وئەفریقا بکەین ئەم ڕێگەیان پێواوە. ئەگەر فارس وعەرەب وتورکەکەش ئەم ڕێگەیان گرتبا، ئێستا خاوەنی ناودەبوون لە شانۆی ولاتاندا. ئەمانە لاسایی کەرەوەی زۆر ناشیانەی ئورووپا بوون، ئێمەی کوردیش لاسایی کەرەوەی لاسایی کەەوران بووین.

ئەمڕۆ باشووری کوردستان تەنیا مەلبەندی جوولانەوەی شانۆی کوردستانە کە خاوەنی مرۆڤی زۆر لێهاتووی شانۆیە. ئالۆزیی بیروباوەڕ و شێوەی کار بەرچاوە، کە کەمتر بیر لە بنیاتنانی شانۆی نەتەوایەتی دەکرێتەوە. هێندێک زڕە نوێخواز کە قیبلەیان بەغدا و ولاتانی عەرەبییە، لەژێر ڕەشمالی حیزبەکان شانۆی ئەم ولاتە لەوەی کە هەیە ئالۆزتر دەکەن. دلسۆزانی بەئەمەگی ئەم ڕێگەیەش لەبەر بێ پارەیی و دوورەحیزبی، خوێن خوێنیان دەخواتەوە و بوونەتە بینەری شانۆ دەرشانۆی ولاتەکەیان، شانۆی حیزبەکان وحیزب خوازەکان.

**شانۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران)**

بە پێی مێژوو، ئێرانییەکان لە ڕێگەی سەفەری جەنابی ناسرەدین شای قەجەر بۆ ڕووسیا و فەڕانسە لەگەل شانۆی ئورووپا ناسیاویان پەیدا کرد. پاشان لە تاران وتەوریز و خوراسان کاری شانۆ بە شێوەی ئورووپا دەستی پێکرد. بەر لەوە نمایش بەکەلک وەرگرتن لە کولتووری بەشەجۆربەجۆرەکانی ئێران و هەروەها کولتووری مەزهەبی (شیعەی ئەسناعەشەری) لە شێوەی جوراوجۆردا خۆی نواندووە، کە بەتەنیا تایبەتی فارسەکان نەبووە، بۆ وێنە کوردەکان مایەی کاری نمایشیان لە کۆسەگەردی و میرمیرێن ونیشکەڕن وبووکەبارانە و.. هەبووە کە فارسەکان ئەمانە بە پایەی شانۆی خۆیان ناودەبەن لەگەل کۆمەلێکی تری میللەتانی تر.

شانۆی نوێی کوردستان وەک بەشەکانی تری ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ڕەزاخانی میرپێنج (پەهلەوی). یەکەم شاری کوردستان شاری شیرین وفەرهاد، کرماشان بووگە. سنە ونەهاوەند ونیلام و خورەم ئاباد و سابلاخ و ورمێ، پاشان دەستیان پێکرد.

هۆی سەرەکی پێهەلستانی کاری شانۆیی لەم شارانە، بوونی ئیدارەکانی فێرکردن وبارهێنان، فەرهەنگ و هونەر، ڕادیۆ وتەلەڤیزیۆن و ئیدارەکانی تر بوون وەک ئوستانداری وفەرمانداری وشارداری.

لە شارەکانی تر کە تەنیا ئیدارەی "فێرکردن وبارهێنان" هەبووە چەشنە نمایشێک پێکهاتووە بە ناوی "نمایشاتی میللی ومیهەنی" کە لە ڕۆژانی "چواری ئابان"، "شەشی بەهمەن"، "٢٨ی مورداد"، "٢٣ی ئیسفەند" و "٢١ی ئازەر" پێشکەش دەکرا. بۆکانیش لە ڕیزی ئەم شارانە دایە. هەرچەند قوتابخانە بە شێوەی نوێ لە بۆکان لە سەرەتای حکوومەتی «ڕەزاشا»دا دامەزرابوو، بەلام ئەم چەشنە نمایشاتە دەبێ لە سالانی ١٩٥١ی زایینی بەولاوە دەستیان پێکردبێت. چ کەسانێک دەستپێشخەر بوونە، بۆ من ڕوون نییە.

ئەو کەسانەی کە خۆم لە سالانی ١٩٦١ ـ ١٩٧٦وە کاریانم دیوە ئەمانەن: ئەبوبەکری حاجی غەفووری، ئەبوبەکری غەفووری، سمایلی فەتحی، جەوادی جەواهیری، (سابلاخی)، خالیدی ڕەزایی، محەمەد ئەمینی شێرخانی، حوسێن مرادبەگی، ڕەشیدی ئازادیخواە، ... مەلەک پور (مەشتە قولی)، مەحموودی وەیسی، محەمەدی کەریمی (مچول)، نادری قادری، جەعفەری مەردانبەگی، عەبدوللا ئەمینی، فەتاح ئیسماعیلپور، فەتاح ئیسماعیل سورخ، حوسێن سەرکار و کەسانی تر. (٢)

بەرنامەی ئەم جێژنانە بریتی بوون لە گۆرانی، شێعرخوێندنەوە، نمایشی کۆمێدی و "میللی ومیهنی". ماقوولەکانی شار و حکوومەت بە کارتی دەعوەت و کارتی هیمەتی عالی (بە پێی هیمەت پارەدان) بانگ دەکران و لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشتن. کەسانی تر وەک خەلکی ئاسایی و قوتابیان گەرەک بوو پێنج قران یا تمەنێک بدەنە بلیت.

بەڕێوەبەری ئەم بەرنامانە کەسانێک بوون وەک ئادەمی (مامۆستای دەبیرستان، خەلکی سەقز)، مەحموودی حیسامی (مەحمود قشقەرە، مامۆستای دەبیرستان، خەلکی سابلاخ)، سیروس تەوفیق (مامۆستای شیمی، ڕەئیسی دەبیرستانی کوروشی کەبیر، خەلکی مەراغە) و ڕەشیدی ئازادیخواە (دەبیری ئەدەبیات وجێگری دەبیرستان، ئەندامی حیزبی پان ئێرانیست، ئەندامی حیزبی ڕوستاخیز) کە نووسەری زۆرێک لەو نمایشاتە بوو.

شتێک بە ناوی تیپی شانۆ یا تیپی نمایش لەگۆڕێدا نەبوو. هەر سالەی کەسانێک لەلایەن بەرپرسان یا لەلایەن "حیزبی پان ئێرانیست" و "حیزبی ڕەستاخیز"ەوە هەلدەبژێردران و یان خۆیان دەچوون داوای هاوکاریان دەکرد. ئەو کەسانە هەموو ئێواران دوای دەرسی ڕۆژانە، لە یەکێک لە هۆدەکانی مەدرەسە تەمرینیان دەکرد. ناوەرۆکی ئەم نمایشاتە پێداهەلگوتن بە فەرهەنگ و مێژوو و حکوومەتی شاهەنشاهی بوو. زۆرجار کورد بەناوی کوردی غەیور (ئازا) و مەرزدار و بەڕەگەز ئێرانی! لەم نمایشاتە نیشان دەدرا کە بە جلوبەرگی کوردی وخەنجەر لەبەر پشتێن بە زمانی فارسی ئەم هەستەیان دەردەخست. زۆرجار تەرمی ئەم مەرزدارانە، لە بەرانبەر هێرشی دوژمن؟! دەکەوتە سەرشانۆ کە لێرەدا ماقوولەکان دەستیان دەکرد بە چەپلەلێدان. هێندێک جار کاری بەپێز لەلایەن کەسانێکی وەک خالید ڕەزایی و شێرخانی و جوانەمەرگ حاجی غەفووری و مرادبەگی پێشکەش دەکرا وەک "ماشێنی مەشتی مەمدەلی"، "ژیانی فیردەوسیی تووسی" و شێعر خوێندنەوەی «ئارەشی کەمانگیر»ەی سیاوەشی کەسرایی*.

تێبینی:

(١) وتووێژی نووسەر لەگەل کاک «غەنی بلوریان» لەسەر مێترمیرێن لە سالی ١٩٨٩ لە ئالمان.

(٢) ڕەنگە ناوی زۆر کەس لەقەلەم کەوتبێت، سپاس بۆ کەسانێک کە ئاگادارم دەکەنەوە..

* بەشی دووهەم وکۆتایی ئەو باسە: (تیپی شانۆی لاوی بۆکان) لە ژمارەی داهاتوودا پێشکەش دەکرێ.

■

# ڕەنگی خۆش و دەنگی خۆش!

کوردان کەریم

ئەگەرخاتوو(گینای یاکۆبی) بەچەشنی ئەو وێنەیە کەوا لەلاپەڕەی ٤٦ی ژمارە ٧ی گۆڤاری«گزینگ»دا کەوتۆتە ژێرچاپ، ئاوا ژیکەڵە و خۆش تەرز ودڵگر و پەری ڕوخسار وهەتیوگۆژ بێ ، دەست لەملم دەدەم کە هەقە نەبخــۆی و نە بکەی و نە برازێی و هەر بەس دانیــشی وســەیری دیدە مەســتەکەی بکەی ولەجیاتی وتووێژ، هەرچی شێعر وهەڵبەستی کە لەتەبەکی شاعیرانی ئاشق پیشەدا بەیات ماونەتەوە، یەکجێ لە تاتای زولفی پەرێشانی گینای گیانی بهاڵێنی و هیچی تر نەڵێی. ئەوە هەر ڕەنگی ڕوخسارەکەی نییە کە شیاوی پەسن بێ و لەڕێی دیدەوە تێی بگەی و پێی بگەی کە خودا بەندەی خۆی چۆن دەخولقێنێ. وەرە سەیری نووسراوەی وەرگێڕی وتووێژەکە بکە و کەمالاتی ئەم خاوەن جەماڵە ببینە.

بەڵێ گینا خان بریا هەر جوان و ڕەعنا و لەبەردڵان بوویایە. زاڵم باب لەهەر ســەرێکەوە خــودا پێــداوە؛ بەجــوانی و ڕازاوەیی وڕەنگ و ڕەعناییەکەیەوە، بەشەنگە ژنی وشیرینی و کەمالاتەکەیەوە، هەردەڵێی ئاوی حەیاتە و لەبەر دەمی پیاو داندراوە. بەهرە و برستی شێعرگوتن و هەوادانان و موسیقازانی و مامۆستایەتی و دەنگ بێژی و... دەنگە خۆشەکەی، بەڵێ دەنگە هەژار بلاوێنەکەی کە تەواوکەری ئەم تەون و نەخش و تابلـۆ ڕەنگینەن، یەکجێ بە بەژن و باڵا وگیانی شیرینی ئەم پەریزادەیە براوە و هەموو هونەری پەروەردگار لەم تەون و نەخشە تەواوە دا دەبیندرێ. پیاو نازانێ ئەم خودێ کەریم وڕەحیم ومیهرەبانە بۆچی هەموو ناز ونیعمەتێک، یەکجێ ، بە یەکێک هەرزان دەبەخشێ وهەزارانی تر بێناز و بێبەری دەهێڵێتەوە . بریا پیاو بیزانیبایە بۆچی: « بەشی کورد، کوری ڕەش کچی دزێو ـ ە ... لەبەرچی و بۆچی بەرێک لەدنیا شەڕی تێدا قاتە و لە بەرکەی دیکەیدا هەزاران کەڵەشێری شەڕکەری تێدایە ... بۆچی کەڵەشێرە شەڕکەرەکان لەشایی و لەشینانـدا سەریان هەڵدەقرتێ و گۆشت وخوێنەکەیان سفرەی دوور لەشەڕانی زانای دانای پێ دەڕازێتەوە و قــەتیش کــەس پێی نازانێ؟! و... » بەلام با دەست لەکــاری زاتی بێشەریک وەرنەدەین، کە خەراوە و دین دەلەقێنێ! کەواتە با دەست لەو بەردەین و بێینەوە سەر وەسفی چاوی یار!... ئاخ بڵێم یاخوا چیت لێ بێ کاکە هێرش ـ ی گزینگ !... بریا و سەد بریا ئەم وێنەیەت لەم لاپەڕەیە نەچەسپاندبایە و دڵی ئارەزوومەندانت وەگروگاڵ نەخستبایە. سوێند دەخۆم ئەگەر ئەم کەنیشکەیە پەزە کێڤی بوایە و لەچیای حەستەمدا سەرە ڕێی شێر و پڵنگانی بگرتایە، شێر و پڵنگ دەبوونە پشەخانم و هەر وەک ئەرتەشی هەموو سەرەک هۆزەکانی لەمێژ عەشیرەتی لای خۆمان ، دەمیان دەیەکتر دەنا و سەری یەکتریان دەخوارد. دەبا بڵێم خوا بتگرێ مام هێرش بۆ ئەوێ کارت!!

بەڵێ هەر ئەوانەی کەوا ئابوونمانی گۆڤاری«گزینگ»ن، دەزانن ئەز مەبەستم چییە و بۆچی هاتوومەتە هاوارێ. هەرکەس ژمارە حەوتی گزینگی پێنگەیشتبێ، بێشک کاسێتێکی ئەم هونەرروەرە خوداپێداوەشی لە ئەستۆ پەستێوراوە! تەنانەت هێندێک کەسیش کە دۆستی گزینگن و بەتازەگیش دەس بەقەڵەم بوونە، بەلام قەڵەمەکەیان وەکی قەڵەمی من کۆڵە و نووسراوەکەیان بێسوودە ، لەجیاتی یەک کاسێت، چەند کاسێتیان بۆ خوردکردنەوە بۆ هەناردراوە*، تاکوو هەم مزە و مافی لەچاپدانی گوتارە بێ تامەکەیان لێ بستێننەوە و هەمیش پارەیەک بە هونەروەری سوێدی بگا و لەم سەودایەدا زیان بەگیرفان نەبینێ.

ئەوەی کە دیارە و لە وتووێژە گەوهەرپارەکەی وەرگێڕی تێکۆشەری کورد، کاک حەسەنی قازی و یای گینای سوێدی دەردەکەوێ؛ ئەم خاتوونە لە قەنات وکاناڵی خانمێکی کوردەوە بۆلای دەنگی گوگوش هاتووە. تەنانەت یای گینا ، ئەوەندە هونەرمەندانە، خۆی کێشاوەتە ناو جەرگی دەنگی گوگوش، کە وەرگێڕی بەڕێزیشی ناچار کردووە دەس لەملان بدات وبڵێ :« ئەشەم بیللا گوگوش و یای گینا موویان دەبەردەوە ناچێ ». <u>ئەڵێیتە دەنگەکەیان !!</u> حەیف و سەد حەیف کە گوگوش خانم لەبرەو کەوتووە و هیچ ڕەواجێکی نەماوە، دەنا هەر ئەم وەرگێڕاوەیە بۆ گوگوش خانمیش بەکار دەهات. بەڵێ ئێستا بەقەولی ڕادیۆ ئیسراییل: «گوگوش خانم ، ئەو شاسواری مەیدانی هونەری سەردەمی شاهی، تاڵە مووی سپی لەقژی دا دەرکەوتووە و بەفری پیری کەوتۆتە دەوری مانگی ڕوخساری ». دیارە دەوری کۆن بەسەر ئەچووبایە و سەردەمی ساواک و پیاوخەساندنەکەی مابایە، هەر ئەو گوگوش خانمە پێیەکی لە ئەمریکا دەبوو و پێیەکی لە ئورووپا. ئیستر هیچ پێویست نەدەبوو کە ئەو خانمە کوردەش زەحمەت بکێشێت وکاسێتی گوگوش خانم بەیای گینا بگەیەنێ. گوگوش سەماکەر وگورانیبێژی دەم و دەزگایەک بوو، کە ڕەشایی وەیشوومەکەی هێستاش کە هێستایە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە ماوە. خەڵک ئەگەر ئێستاش هەر دەناڵێنن، دوویەش لەدەست غەدری چەکمەڕەقەکانی پێشوو دەناڵێنن.

دەبا بڵێم دەستی کاک هێرش ئەڕزێ بۆ شێعرە بەرزەکانی و قەڵەمی کاک حەسەن ئەشەمزێ بۆ وەرگێڕانی. بەهیوایین هەر لەم خەتەدا کە خەتی هونەری پێ دەبێژن وکاک حەسەن بەتازەگی خۆی تێدا بەتاقی دەکاتەوە ، ڕوویەکیش دە (مەرزە و لەیلا و دەلال و گولیستان و...) بکا و ئاوڕێکیش وە (مکایل و ناسر و شوان و مستۆ دادار و...) بداتەوە. چونکە ئەگەر حاجەت ڕەوایە، بەر لەمزگەوت، بۆ مالی دەخۆن ڕەوایە؛ ئەگینا لەوانەیە و خوانەکردە، یەکێکی ئەحالی و ئەحاواوە، پاش ملە زمانیان لێ دەربکێشن و ئەم ئەرکەی وان بە بێگانەپەرستی دابنێ و زەحمەتەکەیان لێ بەفیڕۆ بەرێ. هەرچەند کە لەنێو کورددا گۆیا گوتراوە: « هەرکەس بکا بێگانە پەرستی، ئاخری دێنێ شکستی». بەلام نازانم ئەو هەموو شکستانەی خواردوومانە و دەیخۆین ، هی ئەم هێنەیە ، یان کاری خودایە. دەکرێ گزینگ پرسیارێکمان لەمێژووی دۆینێ و ئیمرۆ بۆ بکات ؛ با بزانین وەلۆیە یان ئەولۆیە!!

(بەهاری ٩٥)

*** تێبینی «گزینگ»**

بەو پەڕی ئەدەبەوە، دەبێ بە عەرزی نووسەری بەڕێز کاک کەریم ڕاگەیەندرێ کە کاسێتی«گینای یاکۆبی» بەنیازی خوردکردنەوە، یان بازارگەرمی وەنان بەقەرزدان، جگە لە دەنکێک بۆ هیچ کەس ـ تەنانەت بۆ ئەو کەســە یان ئەوکەسانەی کە کاک کەریم مەبەستێتی ـ بەڕێ نەکراوە.. جا ئەگەر هاتوو لەلاوەش کارێکی ئەوهایی چ لەلایەن خاوەنی کاسێتەکە و چ لەلایەن کاک«حەسەنی قازی»یەوە کرابێ ـ کە بەکارێکی ناڕەواش نازاندرێ ـ هیچ پێوەندییەکی بە«گزینگ»ەوە نییە تا «مزە و مافی لە چاپدانی گوتارە...... لێ بستێنێتەوە..». بێ لەوەش ئەگەر لەو چەند دە کاسێتە، سەر و دانەیەک بۆ بەشێک لە ئابوونەداران، بە لانی خزمەت وئەمەگی فەرهەنگی، بێ پرسی پێشوو ناردرابێ ـ ئەگەرچی لە لایەن «گزینگ»ەوە پارەی ئەو کاسێتانە، سەرەڕای ئەبوونی و دەستەنگی، پێشەکی بە خاوەن ئیمتیاز، درابێ ـ وا ئەبووە لە سەر کەس تفەنگ ڕاگیرابێ و بە زۆر پارەکەی داوا کرابێ..

# تراویلکەی خۆزگەکانم

## گۆران قەرەداغی

●

داخۆ ئێستاش لە«سلێمانی»ت؟
وەکوو جاران هاوسێمالی باخ وکانیت؟
یا تۆش وەک من..
پەرەوازە و لانەوازی؟
دوور لە سۆزی خۆشەویستیی و
تینووی نازی؟

توخوا پەری!
ئێستاش جارجار
بە کۆلانی بەردەم باخدا..
تێدەپەڕی؟
کێ لەبری من
لە سەر گۆشەی پێچی باخا چاوەڕێیە؟
بۆ پەرچەمی قژی کاڵت..
شاگوڵێکی شیعری پێیە؟

داخۆ ئێستاش کوڕی گەڕەک
لە پارێزی چوارڕێیانی بەر مەزگەوتدا
کۆڕ دەبەستن؟
بە ئاواتی تێپەڕبوونت، تاکوو شێوان..
نوێژی چاوان ڕووە قیبلەی پێچی ڕێگات
دادەبەستن؟
کە دێی.. دەڕۆی
پشکۆی نیگا و گوڵی زارت..
هەر تێدەگرن؟
داخۆ ئەگەر ڕێبوارێکی وەک ئەوسای من بە
گەڕەکدا گوزەر بکا،
سەرنجێکی قووڵت بدا
ڕێی پێدەگرن؟

توخوا ئێستاش
تینی نیگای چاوەکانت
بێباکانە دڵی ڕێبوار دەسووتێنێ؟
یاخود - دووریا - ئاهی ساردم گیرابووە و
چاوەکانت.. ئێستا وێژدان..
ئەشکی گلیان(١) تێدەڕژێنێ؟

داخۆ پەری.. ئەمێستاکە هاوسەرەکەت
وەک من بەکوڵ خۆشی دەوێی؟
یا هەر وەک گوڵ.. بۆ سەر مێز و
وەکوو دایەن.. بۆ زارۆک و
وەک کەیبانوو.. بۆ خواردنی خۆش دەوێی؟

●

ڕەنگە ئێستا
تاڵ بە تاڵی ڕیشەی دڵت..
لە کەناری دەریای چاوتا هەڵکەندبێ،
ڕەنگە ئێستا
نۆتە نۆتەی شێعرەکانمت..
لە ئاهەنگی سەمای زوڵفت تۆراندبێ.

ڕەنگە ئێستا
جێژوانی یەکەم بەیەک - چاوپێکەوتن،
دوور لەگیانت
وەک شەوانی ئاوارەییم
وێرانەیەکی خامۆش بێ،
ڕەنگە ئێستا
ئەڤینی من، لە ئەلبوومی یادەکانتا
وەک خودی خۆم
داستانێکی فەرامۆش بێ.

ڕەنگە ماڵی ئاوەدانی ئەوسای دڵت،
کە ئامێزی گرگاڵی فرمێسکم بوو
بۆ شەوێکیش..
ئێستا داڵدەی ڕەوەندێکی نزام نەدا،
ڕەنگە ئێستا
لە خەویشتا..
ئەگەر.. ئەگەر خولیای نیگام
داد و هانام بهێنێتە دەرگای جوانییت
تیلەیەکی چاوی نازت پەنام نەدا.

●

خۆزگە پەری
بەر لەئەوەی گوڵی ژینم هەڵدەوەری
تەمومژی هەواڵێکت
هەوری چڕی وەڵامێکت
ئەو ئاسمانی مەنفایەمی سفت دەچنی:
بەسەر ئۆقرەی هەڵپڕووکاوی..
ئەم گشت داخ و حەسرەتەمدا
خوڕ دەباری.
جا ئەو دەمە.. خۆزگە وحەسرەت
لە یەکدیدا دەتوانەوە
لە تەوەرەی تزایەکدا دەخولانەوە،
منیش بەرەو خوداوەندی ئەستێرەکان
هەر دوو دەستم بەرز هەڵدەبڕی
نزام دەکرد.. پەری خانم:
تاجارێ دی..
بەر لەچوونە دوا کاروانم
نیوە شەوێ
بۆ دوا جار و دوعا خوازی
کاروانکوژەی چاوەکانتم تێر.. تێر دەدی.

***

سوید - سێپتەمبەری ١٩٩٠

(١) گل: ئازار، ژان. لە ڕستەدا: بەس ئەوەندە خۆلەپەتانی بکە، چاوەکانت دێتە گل.

# پرس

## هێدی

بەرەو هیچ دەچمەوە...
ژیان دێ و
بە پێدزە بە پەنامدا تێدەپەڕێ،
هیوام شەکەتە و خەونووچکە دەیباتەوە.

نە ئاو دەمبا
نە برووسکە دەمسووتێنێ
نە با دەمبا
نە بارانە دەمخووسێنێ.
ئەوە هاتە
یان نەهاتیی؟
ئەوە شنەی هەناسەی بەهارە
یان زریانی کۆچێکی دی؟
ئەوە گڕی ئاوری نەورۆزە
یان جەنگەی سووتانێکی دی؟
ئەوە چیرۆکی هەڵە وهەتڵەیە
یان هاواری بیرێکی دی؟

ئەوە کوردستانە
یان گۆڕستانی ئاواتی مردوو؟
ئەوە گنجی سەر تەوێڵی کوردە
یان ڕێچکەی دووپاتبوونەوەی مێژوو؟
ئەوە چاوساغی ڕێناسە
یان زلکوێری ڕێگا ونبوو؟
ئەوە تاراوگەیە
یان هەوارگەی هەڵێکی لەدەست چوو؟
ئەوە باوەشی ژیانێکی نوێیە
یان نوێنی مەرگێکی نوستوو؟

بەرەو هیچ دەچمەوە...
ئەوە تێشکانە
یان سەرکەوتن؟

***

بەهاری ١٩٩٥ / ئالمان

# بۆنی گۆڕستان!

**هاشم کۆچانی**

پێشبینی هەواڵێک دەکەم
بۆنی گۆڕستانی پێیە
ئەوەتانێ
نیسێی نزیک دەبێتەوە
ئەوەش چنگێ تاریکایی
کەوتە ناو چڕە دارستانەکەوە ـ
ئەمە پێشبینییە؟
یان هەناسەی کەناری بۆرکان؟
لەکاسەی سەرما گڕی گرتووە و
ئەم دۆڵە کپە دادەگیرسێنێ.

کەمێک بێدەنگ بن
ئەو دارە مەیتە پڕ لە پشکۆیە
بەردو تێرە دێ...

من گوێم لە هۆرەی گۆڕ هەڵکەنێکە
ئاشنایە بە گوێم
فرمێسکەکانی دەناسمەوە
لە نۆتەی دەنگیا، دایکم دەبینم
پەڵە هەورێکی سپی پۆشیوە
ئەسپی سوراخی داوە بەکۆڵا.

ئەوەتانێ
ئەوە (هەوری) یەکەی دایکمە
هێشتا شێی دواهەناسەکانی پێوەیە
ئەم ئەشکەوتە لەبەر دەم ژانی دڵمدا
خۆی ڕاناگرێ،
دایکم مرد و
منیش ئەختێکی تر دەمرم.
کاتێ کە خۆر ئاوا دەبێ
دواتوێژی ڕەشبینی و ئایەتی دارمان
بە چاوی قەترانی ئەم شەوە دەسپێرم.

بەر لە مردنم
ئەمشەو ئاسۆری ئەستێرە و مانگم دەبنە میوان
ئەمشەو بڵێسەی قژی کچێکی گەرمیاننشین
دەبێتە چرای بەردەرگای ئەشکەوت.
ژانی نێسقان و
خەمی دایکبوون دەگێڕێتەوە.
ئەمشەو
لە ناڵەی بێدایکاندا
دارەکان یەکتر لە ئامێز دەگرن.

دەبێ دارە مەیتەکەیان
چۆن بۆ بەر دەرگا هێنابێ؟
پێش بوومە لەرزەکە
دواخەونی ناو دڵی
چەند حەوزە ئەستێرە و
کەژاوەی دیداری تێیا بووبێ.
پێش بوومەلەرزەکە
دوا وشەی سەرزاری
دابێ بەکام باڵندەی سوراخ ـ
ئەی دەبێ دایەگیان مەرگی تۆ
چۆن دڵی باوکمی کێلابێ و
چ شتڵە خەمێکی بۆ ئەو جێهێلابێ!

***

لۆزان ـ ١٩٨٤

**حەسیب قەرەداغی**

# «غەزەب»

«بەپێودانی شیعری ڕەسەنی کوردی»

یادت کە دەرگای دڵی کردمەوە
وەک مژدەی ناکاو هۆشی بردمەوە
گۆچانی ئەشقم گرت بە دەستەوە
سەر لە نوێ وزەم لەخۆم بەستەوە
شیعری چاویشتم کرد بە سروودێ
هەر تونێکی ئەو بوو بە درووودێ
کە هاتمە دەرگات وەهام دەزانی
گوڵم ڕازییە ببمە قوربانی!
هیچ نەبێ دەڵێی ها ئەوە دەستم
بیبنێ سەرچاوت بەس بڵێ پەستم
هیچ نەبێ دەڵێی ها تیلەی چاوم
تیرە و لە ئەنقەست بۆتۆی دەهاوم
کەچی گرژ و مۆن، لێم لوتەلا بووی
من شۆڕەبی بووم تۆش ڕەشەبا بووی!
هەرزە و منالیییت دەگرمە دلم
من هەر لقێ بم تۆی تۆیە گوڵم
غەزەب دەبارێ ومن هەر لە دوو دێم
خەندەیێک بۆ خوا، ئەوا دەسووتێم
ئەینا، ها چەقۆ، ئەوەش گەردنم
لوتەلایی تۆ، واتە مردنم.

سلێمانی: ٩٢/٥/١٢

**مامۆستا نافع مظهر**

# دەنگی ئاشتی

کوردە بیر و ڕات لە سەر خۆ نییە
کارەکانمان هیچ گرد و کۆ نییە
سەری هەریەکمان سازێ لێ ئەدا
هیچیان بە کەیفی من و تۆ نییە
سازی بەدبەختی سازی جیایی
دەنگی ئاشتی تێدا بۆ نییە؟
لەیەک ئەکوژین لەیەک ئەبڕین
هەی داد ئەم کارە هی ئەمڕۆ نییە
ئەم بەو ئەڵێ جاش، ئەو بەم ئەڵێ جاش
خۆ دیارە ........ هیچ درۆ نییە
کارمان فشەیە و درۆ و دەلەسە
هەموومان دوو پۆین کەس یەک پۆ نییە(١)
بۆ خاتری خوا تاکەی وەها بین
هیچکەس وەک ئێمە وا ترۆ نییە
هیواتان نەبێ بە هیچ دەولەتێک
سیاسەت دایک و باوکی بۆ نییە
ئەم بۆ ڕاس ئەڕوا ئەو بۆ چەپ هەڵدێ
لەیەک ڕوانینمان مۆری ومۆنی یە(٢)
ئەی سەرگەورەکان گوریس بەدەستان!
گوریسی قایم خۆ یەک لۆ نییە
شپرزە مەبن مەپچڕێن لەیەک
خوا پشتیوانی چلوچۆ نییە(٣)

****

١) دوو پۆ: دووڕەنگ٢) مۆن: کەسێ لە ژێرەوە بڕوانێ٣) چلوچۆ: دووزمان، فیتنە

# بۆ هاوسەفەری کەشتیم

## گینا یاکۆبی

وەرگێران لە سوێدییەوە: حەسەنی قازی

ئەوەتا، ئەوە ئێمە لە کەشتییەکەماندا دانیشتووین وا خەریکە نوقم دەبێ. لە هەموو جێییەکەوە وەک لە کونی بێژینگەوە بێ ئاو دەدەڵێنێ.

ئەمن بەخۆشی و بەپەرۆشییشەوە ئەوکاتەم وەبیردێتەوە کە یەکەم جار چاومان بەیەکتری کەوت.

سەفەری مانگی هەنگوینمان، ترسمان لەوەی لەشمان قورسایی بخاتە سەر کەشتیەناسک و لەشکانهاتووەکەمان. بەڵام ئێمە هەم چارەنووس و هەم مەترسیمان بەسەردا دەربازبوو و دەروەستیان هاتین. ئێمە وامان دەزانی هەر هاتوو سەهۆڵ توانەوە و پتەوی بەردینیان نەما کەشتییەکەمان دەتوانێ بەدەوری دنیادا بمانگێڕێ.

دەستمان لە دەستی یەک کرد و چووینە نهوومی خوارەوەی کەشتی. کاتێک هاتینەوە سەر عەرشە چیتر نەمان دەتوانی وشکایی ببینین. ئەتۆ سکالات بوو دەتگوت ڕێ هەتلەکردن بووە هۆی لەگڵ گیرانی کەشتییەکەمان، بەڵام من تۆ تاوانبار ناکەم، ئەمنیش بەش بەحاڵی خۆم دەبوو بە کاتی خۆی هەستم بە مەترسییەکان کردبا. وابوو، با لێی گەڕێین، لەتاوێنەی پاک و ئێمە بەکەمگری دەریادا دیەنی بیرەوەری ترسێنەری سەفەرەکانی پێشوومان بەدی کرد.

لەتەنیاییماندا هاواری شۆڕەکاتی هەستاویان لێ هەڵستا و چنگوڕکمان لە پشتی یەکتری گرت.

ئەتۆ دەتگوت دەتەوێ دابەزی، دەتگوت چیر بەڵێنت نەدابوو هاوسەفەرم بی. من دەستم بە سەوڵ لێدان کرد، بەڵام چەپەکەکەی تۆ بەسەر ئاوەوە مابووەوە و ئێمە هەر بەدەوری خۆماندا دەسووڕاینەوە. ئەتۆ بە فیزەوە پێکەنی و دەستت بە لێوارەی گەمییەکەوەگرت، هەوڵمان دا ئاوی لێ بەتاڵ کەین، بەڵام هەرکاممان بە لایەکدا.

ئێستا ئەوانە هەموو وا هەست پێدەکرێ بۆ سەردەمێکی دوور بن. ئەمن چیدی ئاو بەتاڵ ناکەم، دانیشتووم و لە ئاوی سارد دەڕوانم وا وردە وردە لەشم دەتەزێنێ، دەیچوێنێ و دەیکاتە سەهۆڵ.

جارجار دەچمە سەر عەرشە ڕق و توورەیی و بێدەسەڵاتی خۆم بەهاوار بانگ دەدەم، بەڵام هاوارم ئازرینگێتەوە و کەسم بە دەنگەوە نایە.

ئەتۆ هەوڵی من بۆ ڕزگارکردنی کەشتییەکەمان بەدرۆ دەزانی بەڵام ئەوە ئەو جورە ڕاستییانەن کە جاروبار لەبەرداهێزانی ناهومێدی ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

ئەمن دەزانم هێندەی پێ ناچێ ئەتۆ کەشتییەکەمان بەجێ دەهێڵی. لە پێشدا ژن ومنداڵ. یان مشکەکان؟

ڕەنگە پێتوابێ ئەو کاتەی هەردووک چەپەکەکان بەدەستەوە دەگری. لۆتکە ڕزگارکەرەکەت تاژووتنی هاسانتر بێ.

ئەمن دەڵێم ئاگات لە خۆت بێ، ڕێگا دوورە و تەنیایی دەکرێ ئینسان شێت کا. بەڵام لە تەنگانەدا هەمیشە ڕزگارکەر هەیە، ئەوانەی بەرگی کۆسەماسییان پۆشیوە و هەر چاوەڕێی ئەوە دەکەن«جوامێری» خۆیان بسەلمێنن.

ئەمن تەنانەت تاقەتی مەلە کردنیشم نەماوە، تەنانەت ناشزانم بەرەوکوێ دەچووم یان لە کوێوە هاتووم. ئەمن دەزانم چ دەقەومێ، ئەمن پێشتریش خنکاوم. ئەمن لە ئێوشەپۆلە خوێتاوییە پەرۆش و پەژارەکاندا هەڵوەدام، لە دوڕگەیەکەوە بۆ یەکی دی کە پڕن لە داڵانی قەفقەف و ئەشکەوتی گەرم.

بەڵام چیدی ڕاناوەستم و ئیست ناگرم هەر بۆنەوەی بەرەکانیان بڕغەوە، وەک دزێکی دەریای ڕەشی کەلەپووک و جمجمە مردوو.

ڕەنگە لە قەراغ دوڕگەکانەوە ڕاوەستم و بڕوانم و لە هۆقەهۆقی گریانم دا ئێوی تۆ هەراکەم. دوایەش دەبێ دڵی پۆلوواویم لە قێزوبێزی دەریادا بکووژێنمەوە.

ئەمن بە گەرەکەکانی بەندەردا هەزارەمە و دەخولێمەوە و دوای گیزبوونێکی شیرن بەفیزەوە بەکەشتییەلەشکانهاتووەکانی خەڵکی دی



پێدەکەنم.

ئەگەرچی من شتێکی وام ناوێ، جگە لەوەی نەبێ دیسان بەسەر دەریادا هەڵفڕمەوە. بەڵام هەر ئێستا هەست پێدەکەم «کەشتی خۆم سووتاندووە». لەوانەیە ئەتۆ بێی و ڕابیری و بۆ«ڕزگارکردنم»گوریسێکم بۆ داهێژی، تەنیا هەر لەبەر ئەوەی لە تەنکاوی سووکایەتی پێکردندا دەستم لێ بەردەی.

لەوانەیە ئێستا کەسێک لە هۆ وێ دانیشتبێ و چاوەڕێ بێ؛ بۆیە من خۆزگەم ئەوەیە دەستکیسێک ببینمەوە تۆڵەی بەڵێن شکاندنت لە ئاست من لێ بکاتەوە.

ئێستا ئەوانە هەر گریانەن، ئینسان هاسانە بکەوێتە ڕێبازێکی کۆن هەر لەبەر ئەوەی دەیناسێتەوە.

ئەمن نە ئەخشەم هەیە نە قوتب نوێن و شتەکان زۆر کەم وایە ئەوتۆ بن کە ئینسان پێی وایە. ئەمن لەوەی ڕق و قینم تێدا پێکبێ دەترسم، چی بۆمن تێدا نییە و هەر دەبێتە هۆی خۆخواردنەوەی خۆم ئەمن نازانم بۆ ئەوانە دەنووسم، ڕەنگە بۆ ئەوەی تۆزکاڵێک مێشکی شەلەقاوم هێور بێتەوە.

ئەمن بەدڵ دەمەوێ ئەگەر هاتوو لە شوێنێک جارێکی دیکە چاومان بە یەکتری کەوتەوە، بتوانین بە شانازییەوە ئاوڕ لە«سەفەر»ەکەمان بدەینەوە. ئەمن بەدڵ دەمەوێ چاومان لەبەریەک هەڵبێ و ئەوکاتی سیلەمان یەک دەنگێن بێ ئەوەی یەکتری تاوانبارکەین و ڕقمان لە یەکتری بێتەوە بەبڕوا بەیەکدی و بەگەرمییەوە لە یەکتری بڕوانین.

کرێکاری سادەی کەشتی تۆ

## جارێکی دیکە،بێسارانی یا مەحزوونی؟،

**ئەنوەری سوڵتانی**

دوای چاپی وتارەکەی من«**بێسارانی یا مەحزوونی ؟**»(گزینگی ژمارە ٦، زستانی ١٩٩٥)، ماموستای بەڕێز«**ئەحمەدی شەریفی**»بە هۆی نامەیەکی ڕاستەوخۆ و پاشان، یادداشتێکەوە بۆ«گزینگ»(ژمارە ٧، بەهاری١٩٩٥)، ڕای خۆی لە مەڕ پەسندی بۆچوونەکانی من و بە یەکناسینی کەسایەتی بێسارانی و مەحزوونی دەربڕیوە. ئاشکرایە تەنییدی کاک ئەحمەد ـ کە پشتی بە بۆچوونی ماموستای کۆچکردوو «سەید تاهیری هاشمی» بەستووە، بۆ من جێی خۆشحاڵییە و بە هەنگاوێکی تازەی دادەنێم لەبواری ڕوونکردنەوەی کەسایەتی و شوێنەواری ئەدەبی«بێسارانی»و بەتایبەت لە پێوەندیی ساغکردنەوەی دەستنووسی ژمارە OR. 6444 ی کتێبخانەی بەریتانیادا.

بەڵام هاوکات لەگەڵ نامەکەی کاک ئەحمەد، بە هۆی برای بەڕێزم کاک «**محمد حمە باقی**»یەوە نامەیەکم لەکاک«**حەکیم مەلا سالح**»ەوە پێگەیشت کە تێیدا دژ بە بۆچوونەکانی من وەستاوە. بە گوێرەی نووسینی کاک حەکیم، تەنیا هاوبەشییەک کە لەنێوان بێسارانی و مەحزوونیدا بەدی بکرێ، ناوی«مستەفا»یە دەنا ئەو دووکەسە، سەرتا پا لە یەک جیاوازن و کاریان بەسەر یەکترەوە نەداوە.

کاک حەکیم کە لە لایەکەوە «... چەند نوسخەی موعتەبەری دیوانی بێسارانی ساغ کردووەتەوە» و لە لایەکی ترەوە«چەند شێعری مەلا مستەفای دۆڵاویی(مەحزوونی)لە بەردەستدایە و هەوڵێکی باشی داوە بۆ ساغکردنەوەیان»، ئێستا بە لێبڕاوییەوە دەڵێ:«نازناوی شێعریی مەلامستەفای بێساران«صاحب»بووە وبە تەواوەتی جیاوازە لە مەلامستەفای دۆڵاویی کە نازناوی«مەحزوونی»هی ئەوە».

گەرچی کاک حەکیم لە نامەکەیدا نەچووەتە وردەکاریی باسەکەوە و بۆچوونەکەشی دژ بە ناوەرۆکی کەشکۆڵی شێخ عبدالمومن و بیروڕای ماموستا سەید تاهیرەوەستێ کە پێشتر لە زەمان کاک«محمد علی سلطانی» وخوالێخۆشبوو«دوکتور عابیدی سراج الدینی*»یەوە بیستمان و ئێستاش لەلایەن ماموستا ئەحمەدی شەریفی یەوە دەی بیستین؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشە و من زۆر بەجیددی چاوی لێدەکەم. هۆی نووسینی ئەم یادداشتەش ڕاگەیاندنی ڕای کاک حەکیمە کە ڕاستەوخۆ نەیتوانیوە پێوەندی بە گۆڤارەکەوە بکات.

هیوادارم سەرەڕای هەلومەرجی ئاڵۆزی ناو کوردستان و شەڕی«**چالدیرانی نوێ**»لە لایەن شاسمایل و سوڵتان سەلیمی کوردەوە کە یەکپارچەیی خاکەکە وکەرامەتی گەلەکەمانی پێشێل کردووە، بتوانم پێوەندی لەگەڵ کاک حەکیم ببەستم و داوای لێبکەم ووتارێکی سەربەخۆ لەسەر مەسەلەکە بنووسێ و بۆ«گزینگ»ی بنێرێ. هەتا ئەو کاتەش بەباشی دەزانم کاک ئەحمەد و من دەست ڕابگرین و لە تاریکیدا هەنگاو هەڵنەهێنینەوە. بۆچوون و بەتایبەت«مستند»ەکانی کاک حەکیم چارەنووسی کەشکۆڵەکەی شێخ ڕوون دەکەنەوە و خاڵی کۆتایی لە سەر پرسیاری«بێسارانی یا مەحزوونی»دا بێنن. تکا دەکەم ماموستای بەڕێز«**دوکتور مەکەنزی**»ش کە نیازی هەیە ووتارەکەی خۆی لەسەر کەشکۆڵی شێخ عبدالمومن(بڕوانە گزینگی ژمارە ٦) لە چاپ بداتەوە و داوای کردووە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر مەسەلەی بێسارانی ومەحزوونی بۆ بنووسم؛ ئەگەر بتوانێ دەست ڕابگرێ. هەروەها داوا لە شارەزایانی شێعری هەورامی دەکەم ئەگەر ڕایەکیان لەمەڕ پەسند یا ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی من هەیە، خوێنەرانی کورد بێ بەش نەکەن و نیجازە نەدەن چارەنووسی کەسایەتییەکی مەزنی مێژووی ئەدەبمان لە بۆمەلێڵی پرسیاردا بمێنێتەوە.

بەهاری ١٩٩٥

* بەداخەوە، دوکتور عابید، لە مانگی مارسی ئەمساڵدا، کۆچی دوایی کرد و، کورد پسپۆڕێکی لێزانی مێژوو و ئەدەبی خۆی لەدەست دا. یادی بەخێر بێت. ■

مۆنۆلۆگ

## کڵاوەکەم لە ڕاستیی دا ناوەڕاستی دڕاوە

**داڕشتنەوە: ڕەحمان سۆفی**

دەڵێن: هەبوو نەبوو،کوڕە کەچەڵێک بوو، هەمیشە کڵاوی لە سەردەکرد. بەڵام دایە کڵاوەکەی لە نێوەڕاستدا دڕابوو. ڕۆژێک پیرێژنێک لێی دەپرسێ:

ـ ئەوە تۆ بۆچی هەمیشە ناوەڕاستی کڵاوەکەت دڕاوە؟!

کوڕەکەچەڵە گوتی: «لە ڕاستیی دا..»

پیرێژن گوتی: «چۆن لە ڕاستیی دا؟!»

کەچەڵ گوتی: «چونکە من بە ئاشکرا ڕاستیی دەڵێم وهیچ ناشارمەوە..»

پیرێژن پرسی: ئاخر چۆن؟!

کەچەڵ گوتی: «ئەگەر ڕاستییەک لە تۆش بڵێم دەزانم چەپۆکێک دەدەی بەسەرم دا»

پیرێژن گوتی: «نا، وا نییە.. من چەپۆک نادەم بە سەرت دا، مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێ، ڕاستیی ودروستیی کارێکی باش وپەسندە».

کەچەڵ گوتی: «تۆ ڕاست دەبێژی، بەڵام ڕاستییم بە هەر کەس گوتووە، چەپۆکێکیان بەسەرم داداوە».

پیرێژن گوتی: «نا مەترسە و ڕاستیی بڵێ»

کەچەڵ گوتی: «ئاخر دەترسم تۆش بمدەیە بەر چەپۆکان..»

پیرێژن گوتی: « نا مەترسە، من چەپۆک نادەم بەسەر تۆدا»

کەچەڵ دەستی برد بۆ مەمکی پیرێژن و گوتی: « مەگەر ئەوە مەمکی تۆ نییە داپیرە؟!»

پیرێژن بەهەموو کەیفی خۆی چەپۆکێکی بەسەری دادا وگوتی: «ئەی عەمرت نەمێنێ، تۆ بۆ ئەوەندە زۆڵی!»

کەچەڵ گوتی: «دیتت داپیرە.. من لە هەر کوێیەک ڕاستیی دەبێژم چەپۆکێک دەدەن بەسەرم دا..جا بۆیە کڵاوەکەم لە ڕاستیی دا، ناوەڕاستی دڕاوە». ■

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

**نووسینی: ر. ئەحمەدی**

لەگـــۆڤـــاری «گـــزینگ»دا، لە ژێرناوی«**گــەشــتــێک بە کــۆمــاری مەهابادا...**»لە بیرەوەرییەکانی بەڕێز کاک بەکر کەریم حەویزی، چەند دێڕێک بەرچاو دەکەوێت کە بەلای منەوە جێگای باسە و، لەبەر ئەوەیکە ئەو نووسینە بەشێکە لە مێژووی گەلی کورد، بە پێویستم زانی چلۆنایەتی ئەو بەشە باشتر بۆ خوێنەرەوانی گۆڤاری خۆشەویستی گزینگ ڕوون وەبێ.

ئەمن وەکوو کوردێکی خەڵکی بانە، لە نزیکەوە ئەو ڕووداوانەم ئاگا لێبووە و تا چەند ساڵیش بە دوایدا، دەهاتنەوە بەرباسی کۆڕوکۆمەڵان و قسەی لەسەر دەکرا؛ بۆیەدەکرێ بڵێم زۆر باشم وەبیر دێت.

پێمخۆشە پێشەکی زۆر سوپاسی کاک بەکر کەریم بکەم کە سەرەڕای ئەو هەموو کوێرەوەرییانەی ڕۆژگار کە لە پێناوی گەلەکەیدا بەسەری هاتووە، توانایی و دلسۆزی ئەوەی هەبووە کە بیرەوەرییەجوانە مێژووییەکەی بپارێزێ و لە کاتی پێویستدا بیخاتە بەردەم خوێندەواران و کەڵکی لێوەربگیرێت. بەڵام دەکرێ بڵێین مرۆڤ داتا نییە، ژیان و ڕۆژگار زۆر شت لە بیر ئینسان دەباتەوە؛ بەڕێز کاک کەریم یش وەک هەر مرۆڤێک بۆی هەیە لە بیرەوەرییەکانیدا هێندێک شتی لەبیرچووبێتەوە.

کاک بەکر کەریم لەلاپەرەی ٣١ی ژمارە ٣دا، ئاوا دەنووسێ: «**پاش ئەوەی نێوچەی سۆسنایەتی لە خۆفرۆشان پاک کرایەوە، پێوەندییەکی نهێنیم لەگەڵ نەسروڵلاخان دا دروستکرد. ئەم خانە (٥٠٠) چەکداری لە نێوچەی بانە هەبوو و لەگەڵ حکومەتی تاران دا بوو. هەمان پێوەندیم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەشدا پەیداکرد وەک :عیززەت خان، قادرخان و چەند کەسێکی تر، کە هەر یەکەیان خاوەنی چەند سەد چەکدارێک بوون و جاش بوون. ڕێکەوتنەکەمان لەگەڵ نەسروڵلاخاندا بەنهێنی بوو. بەڵێنی دامێ کە لەکاتی پێویستدا وەڵامی بۆ بنێرم تا بێتە ڕیزی لەشکری کوردستانەوە، هەروەشمان بە بەرژەوەند زانی کە جارێ لە جێگەی خۆی بمێنێ. ئەوەشمان باش دەزانی کە لە جەبهەی بانە پێویستیمان بەو دەبێت و ئەو دەمە ئاگاداری دەکەین کە بە ئەرکی پێویست هەڵستێت.**»

هەر وەک ئاشکرایە، ناوبراوان چەکداری میری بوون، بەڵام پێم باشە لێرەدا باسەکە بەجێ بێڵین و بگەڕێینەوە سەر هێندێک باسی سەردەم و پێکهاتنی کۆماری مەهاباد(کوردستان)ی نزیک بە نیوسەدە لەمەوپێش پێکهاتوو کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی ئێستادا هەبووە. بۆیە پێویستە قەزاوەت و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی تێگەیشتن و بارودۆخی سەردەم بکرێت بۆ ئەوەی باشتر حەق و ناحەق وەڕووبخرێت.

ئەو کات و زەمانە لە هەموو ناوچەی بانە، گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەک نەبووە و بۆشی نەهاتووە کە خەڵک لە ڕووداوەکان ئاگاداربن. تەنها لەناو شاردا مەدرەسەیەکی سەرەتایی بە شەش پۆل و چەند مامۆستایەک لەو پلەدا هەبوون. دەکرێ بڵێین چەند ژمارە ڕادیۆ لە ماڵی چەند دەوڵەمەندێکی شار، یان ئاغایەکی گوندی دا هەبووە، هەروەها لەکاتی باران بڕانی ساڵدا بۆ چەند مانگێک، ماشێنی ئەرتەشی و جاروبار ماشێنی تجارەتی بە ڕێگای سەقز ـ بانە و سەردەشت بانەدا، هاتووچۆیان کردووە. زۆرتر دەنگ و باسەکان بە هۆی هاتووچۆی گوندنشین وکاروانچییەکان بە گوێی خەڵک ڕاگەیوە، ئەویش زۆر بە نیوەچڵی و کەموکوڕی... دروست لەسەردەمێکی ئاوادا، دەگێڕدرایەوە کە حکومەتی کوردان لە شاری سابڵاخ، بە سەرۆکایەتی ئەمر پێشەوا قازی محەمەد، کە زۆر جێگای پێخۆشحاڵی خەڵک بوو، پێکهاتووە. ئەم حکومەتە تەنها چەند ناوچەیەکی کوردستانی گرتبووەوە و هێشتا نەگەیشتبووە ناوچەی بانە. بەداخەوە بە هۆی نائاگایی و دواکەوتوویی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک، تا کاتێک دەسەڵات و لەشکری پێشمەرگە نەگەییایە نزیک ناوچە، توانای ڕاپەڕینیان لەخۆدا نەبوو بەرانبەر بە دوژمن. هەر ئەوەش بوو کە کۆمەڵانی خەڵک و عەشایری بانەش لەو کەمایەسییە بێبەش نەبوون، دەنا بەڕاشکاوی دەڵێم عەشایری بانە زۆر داخ لەدڵ بوون لەداموودەزگا ودەسەڵاتی میری. بۆنموونە لە ساڵی ١٣٢٠(١٩٤١ز)ی هەتاوی، هەر ئەو ئاغایانەی کاک کەریم ناوی هێناون، توانیان پادگان(سەربازخانە)ی بانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هێزی سەربازی«ڕەزاشا»تا شاری سنە ڕاوبنێن و دەسەڵاتی شاری سەقز و بانە بگرنەدەست خۆیان... بەڵام لەگەڵ هەڵکەوت و هەڵاتیسانی شەڕی دووهەمی جیهانی و دابەشکردنی ئێران لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکان و بەتایبەت پاراستنی بەشی خوارووی کوردستان لە لایەن ئینگلیسەوە، ناوچەکانی سنە، سەقز و بانە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی حەمەڕەزاشا کە ئاخرسەر دوای چەندجار پەلامار و شکست، حکوومەتی مەرکەزی توانی ناوچەکە بگرێتەوە ژێردەسەڵات و عەشایری بانەش بۆ ماوەیەک بچنە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق. پاش ماوەیەک کە لەلایەن حەمەڕەزاشاوە عەفووی گشتی دەرچوو، عەشایری بانە گەڕانەوە شوێنی خۆیان و هەمان عیززەت خان کە ناوی هاتووە لە لایەن حکوومەتەوە کرا بە بەخشداری بانە.

دیارە هەر لەوکاتەدا بوو کە حکوومەت لەو عەشایرانە کەڵکی وەرگرتبوو و چەکداری کردبوون تا لە هاتنی هێز و نفوزی پێشمەرگە وکۆماری مەهاباد بۆ ناوچەی بانە بەرگری بکەن. بەڵام عەشایرەکان ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، بۆیە قادرخان و عیززەت خان عەشایری خۆیان بۆ کۆبوونەوەیەک دەعوەت کرد و بڕیاریان دا کە بە نهێنی نوێنەر بنێرن بۆ خزمەت پێشەوا قازی و ڕێنوێنی لێبخوازن بە نیسبەت ناوچەی بانە و بەرنامە دابڕێژن بۆ گرتنی پادگانی سەردەشت و بانە و دەسەڵات وەرگرتنی کۆمار لەو ناوچانەدا بەتەواوی.

دوای ئەمە قادرخان بە عەشیرەتەکەی خۆی دەڵێ: «عەیبە نۆکەری عەجەمان بین و بۆ ئێمە پێویستە بچینە گەڵ حکوومەتی کوردان...» هەر بۆ ئەو مەبەستە دوو نەفەر بەناوی«محەمەد مەلامینە»خەڵکی گوندی(کێوەڕو)کە لە بنەماڵەیەکی جووتیار، بەڵام مرۆڤێکی زانای سەردەمی خۆی بووە، لەگەڵ «میرزا شەریف»خەڵکی گوندی (غەشیر)بە نوێنەری دەنێرنە مەهاباد بۆ خزمەت پێشەوا، بەمەبەستی پەیمان و هاوکاری لەگەڵ کۆمار. هەر لە هەمان کاتدا، چەکدارەکانیان بە هۆی «محەمەد بەگ»خەڵکی گوندی (نوێژگە)بۆ هاوکاری و پشتیوانی، پێوەندی دەگرن بە بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی سەردەشت لە سنووری بانە. هەرچەند بە ڕوونی نازانم بەڵام ڕەنگە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە هەمان «محەمەد مەولوود»بێ ـ کە کاک کەریم ناوی هێناوە ـ محەمەدبەگ دوای پێوەندی و بەرنامەی ڕێکخستنی دیدار لەنێوان هەردوولا، دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی کە سەرکردەی ئەو چەکدارانە ئامۆزای قادرخان بە ناوی محەمەدبەگ ناسراو بە حەمەسیاوەمەیی دەبێ، بەداوی وەرگرتنی وەڵام خۆی و پەنجا سوار بەرەو گوندی(مەکلاوێ)ی سەرسنووری بانە ـ سەردەشت کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی کۆماردا دەبێ، وەڕێدەکەون، کاتێک دەگەنە گوند لەلایەن فەرماندەی هێزی پێشمەرگەوە پێشوازی دەکرێن، گۆیا جەماعەت لە سەربانی خانوویەک ڕادەوەستن و وەکوو عادەت ئاڵای کۆمار

به دەست پێشمەرگەیەکەوە دەبێت؛ دوای بەخێرهاتن و چەند دەقیقەیەک، حەمە سیاوەمەیی بەرەو ئاڵا دەڕوات کە ماچی کات و پەیمان بدا بە ئاڵای سەربەرزی کورد... کە بەداخەوە کارەسات ئا لێرەدا ڕوونەدات کە لە بیرەوەرییەکانی کاک کەریم دا نەهاتووە و لەبیر چووەتەوە. فەرماندەی هێزی پێشمەرگە فەرمانی چەککردنی جەماعەت ئەدا، حەمە سیاوەمەیی هێندێک هەوڵ ئەدا کە چەک نەکرێت بەڵام بێ سوود ئەبێ. ناچار لە بانەکە خۆی فڕێ ئەداتە خوار کە دەستڕێژی تفەنگی لێدەکەن و دەکوژرێت، هەروا نوێنەریش محەمەدبەگ گوللەی لە قۆڵی ئەدرێ وبریندار دەکرێ کە لە ئەتیجەدا قۆڵی لەدەست دەدا و بەبێ قۆڵی دەمێنێتەوە، من خۆم هەتا ساڵی ١٩٥٠هەواڵم لێی هەبوو کە مابوو...

بە دوای ئەم وەزعەدا، جەماعەت بە کوژرانی سەرکردەکەیان هەموو خۆیەدەستەوە دەدەن و چەک دەکرێن وتەنانەت کە هەمووشیان سوارە بوون ئەسپەکانیان لێدەسێندرێت و بەقەولی کوردی هەموو وەک (چەکەرداسی)، دوای ئازادبوونیان بەرەو بانە دەگەڕێنەوە. ئەم ڕووداوە تەئسیرێکی زۆرخراپ لەسەر عەشایری بانە دادەنێ. بەدوای ئەم کارەساتەدا عەشایری بانە بۆماوەیەک ئەتاسێن و شتێکی چاوەڕێ نەکراو دێتە بەردەمیان و چاوەڕوانی کۆماردەبێ ئاخۆ لێکۆڵینەوە و پرسیارێک دەبێ لە ئاقار ئەو ڕووداوە. بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە تەمەنی کۆمار هێندە درێژە ناکێشێ و هەر لەو ماوەیەدا کۆتایی پێدێت. بۆیە نەک هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکرا بەڵکوو ئاوات و ئارەزووی گەلەکەشمان کوێرکرایەوە و هێزی پێشمەرگە، داخ وهەزار داخ، ناوچەی بەجێهێشت و عەشیرەتی بانەش بە تۆڵەی خۆی پەلاماری بردەسەر چەند گوندی ناوچەی سەردەشت کە گۆیا چەند ئاغایەکی نیشتەجێی ئەو گوندانە هاوکاری پێشمەرگەبوون و دەستیان لە چەککردنی جەماعەتدا هەبووە و هاوبەشی کارەسات بوون، تاڵان دەکرێن و خانووەکانیان دەسووتێنن...

لێرەدا نامەوێ پاکانە بۆ عەشیرەتەکان بکەم لەو کارە ناڵەبارەیان... بەڵام جێگای پرسیارە کە هەڵەی ئەو ڕووداوە چۆن دەستی پێکرد و کێ دەستپێشخەربوو وئەنجامی زیانیش چی بوو؟ لە کۆتاییدا مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە، تەنها ڕاستی و دروستی مێژووی گەلەکەمانە و هەروەها دەرس وەرگرتن لەو ڕووداوانەی کە بە داخەوە زۆرجاران دووپات بوونەوە و دیسانیش دووپات دەبنەوە وزیانەکەشی هەر خۆمان دەگرێتەوە. ■

# ناساندنی چوار ژمارە لە ڕۆژنامەی(کوهستان)

**ئەحمەد شەریفی**

دە دەورانی ڕەشی ڕژێمی سەرەڕۆی پادشایەتی دا، کەم ڕۆژنامەو گۆڤار هەبووە کە دەرووی خێر وەسەر کوردان دا و بە باشی باسییان بکاو دەدانی خێریان پێدابێنێ. ئەم لایەنەش هەر تەنیا کوردی ئێرانی نەدەگرتەوە، بەڵکوو کالایەک بوو، بە سەر هەموو کوردستاندا بڕابوو.ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی فارسی ، دژی هەر چەشنە بیرو باوەڕێکی کوردایەتی و بزاڤگەلی کوردی بوون و زۆرجار خۆیان بەشداری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دادەناو لە جیاتی وانیش دژی کوردیان دەنووسی و سەروگوێلاکی کوردیان دەشکاند.

ڕۆژنامە و گوتارەکانی (٥٠) ساڵ دەورانی دیکتاتۆری سەرەڕۆی بنەماڵەی پەهلەوی هەر نەتەنیا، دژی جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە هەموو پارچەیەکی کوردستان بوون، بەڵکە، زۆر بە توندی بەرهەڵستکاری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیش بوون و زمانی کوردیان بە زاراوەیەکی زمانی فارسی دەقەبڵاند و دەکۆشان، کوردان لە زمانی زگماکیش بێ بەری بکەن. بەڵام لە دەورانێکی وا ڕەش و شەوەزەنگێکی بێ دەرەتاندا، لە تاران ڕۆژنامەیەک لە لایەن گەنجێکی سنەییەوە بە ناوی دوکتور "ئیسماعیلی ئەردەڵان" بە ناوی (کوهستان) دەرچووە کە خۆی لە قەرەی نەتەنیا دامودەزگای ڕژێمی شایەتی داوە، بەڵکوو بەرەنگاری ڕۆژنامە و گۆڤارە فارسییەکانیشی کردووە و لە سەر مەسەلەو دۆزی ڕەوای کوردو کاروباری کوردستان بەگشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەت دواوەو وتاری سیاسی و فەرهەنگی بە فارسی و کوردی لەسەر کورد بڵاو کردۆتەوە.

بەداخێکی گرانەوە، ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوهستان زۆر نایابن و تەنانەت لە کتێبخانەکانی تاران و شارەکانی تریش دا سەرجەمیان گیر ناکەون و نین، هەتا پیاو بکارێ وتارێکی دوور و درێژ و تەسەلیان لە سەر بنووسێ.

ئەز لە مێژ ساڵ بوو ، ناوو ناوبانگی کوهستانم ژنەفتبوو ، لە کرماشان، سنەو تاران زۆرم پەیجۆیی کرد. بەڵام هەمیشە کوهستان سوارو منی ڕەبەن پیادە بووم و ئەم دەدۆزیەوەو یەکگر نەدەبوون. تاکو خوداو ڕاستان، لە هاوینی ساڵی ١٣٧٠دا لە سنە، لە لایەن دۆستێکی شاعیرو نووسەرم "کاک ئەیووبی گازرانی" چوار ژمارەی ڕۆژنامەی کوهستانم بینی، پاش وردبوونەوە و خوێندنەوەیان هاتمە سەر ئەم ڕایە کە لەکات و دەرفەتێکدا هەر چوار ژمارە، لە تۆیی وتارێکدا بەخوێنەری کوردیان بناسێنیم. ئێستا ئەم هەل و دەرفەتە ڕەخساوەو بەهۆی گۆڤاری دەلالی "گزینگ" دەست دەکەم بە ناساندنی ئەو چوار هەژمارەی کوهستان.

١) ژمارە ١٩ی حەوتەنامەی کوهستان لە ڕۆژی دووشەمە ١١ی تیر(پووشپەڕ) ی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا وەشاوە.

لەم ژمارەیەدا، دوو وتاری زۆر گرینگی لە سەرکاروباری کوردستان تێدا چاپکراوە، لە وتاری هەوەڵدا، نووسەر، لە ژێر سەردێری (پردەننگین/ پەردەیەکی گەلاوی و ئەنگین) دا باسی کردەوەی ناڕەوا و ناپیاوانەی ئەمیر هێزی شا، لە کوردستان دا دەکاو ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن ئەو ئەمیر هێزە، گاڵتە بە گیان و ماڵ و نامووسی خەڵکی کوردستان دەکاو زۆر بە توندی پەلامار دەباتە سەر دامودەزگای ڕژێمی شاو سەرکردەکانی و بە کەس گەلی ناشایستەو نالایەقییان لە قەڵەم دەدا و لە هەق و مافی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان بەرگری دەکاو دادو هاوارییان بەرز دەکاتەوە.

وتارێکی تری ئەم ژمارەیەی کوهستان وتارێکە لە ژێر سەردێری (در پیرامون ادبیات کردی) کە لە ڕاستی دا، ئەنگیزەی نووسرانی (نامەیەکی ڕەوانشاد مامۆستا «هەژار موکریانی» یە). مامۆستا هەژار کە ئەوکات لە هەڕەتی لاوی و گەنجی دابووە، نامەیەکی سەبارەت بە بوژانەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ئاراستەی دوکتور ئەردەڵان کردووەو گازەندە لە بێ سەرنجی و بێ مبالاتی دەوڵەت نیسبەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەکات. هەر ئەم کورتە نامەو وتارەی "عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی" بۆتە بنچینەی نووسینی بیرو ڕای بەرێز دوکتور ئەردەڵان لە سەر باروۆخی فەرهەنگ ←

و ئەدەبی کوردی و زنجیرە پێشنیارێک بۆ بوژانەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دێنێتە ئاراو پیاوانە بەرگری لە کەلەپور و کلتوری نەتەوایەتی کورد دەکات. وتارەکانی تری ژمارە (١٩)ی کوردستان سەبارەت بە دەنگ و باسی ئێران و جیهان و پێوەندییەکیان بە دۆزی کوردەوە نییە.

٢) ژمارە (٦٧)ی کوهستان کە دووەمین هەژمارە و ئەز دیوومە، لە رۆژی دووشەمە (٦)ی ئابان (خەزەڵوەر)ی ساڵی ١٣٢٥ بەرامبەری ٢٨ ئۆکتۆبری ١٩٤٦ لە (٨) لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە. لەم ژمارەیەدا دوو وتاری سەرنج ڕاکێشی لەسەر دۆزی کورد تێدایە.

ئا ـ ڕێنوێنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی چلۆن لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی (مجلس/ پەرلەمان) بکەن و بەکێ دەنگ بدەن و کێ هەڵبژێرن.

ب ـ (ئاگری توتن هەڵمەکەن) دووەمین وتاری ژمارە (٦٧) کوهستانە کە لەم وتارەدا باسی کردەوەکانی ئیدارەی دوخانیات لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەکات و دیاردە دەکاتە سەر ئەو ڕاستی یە، کە چلۆن کاربەدەستانی دوخانیات توتنی وەرزێری کورد هەرزان کڕ دەکەن و بەمجورە ماڵی کوردان بەفیرۆ دەخۆن.

٣) ژمارە (٧١)ی کوهستان کە ئەز بینیومە، لە رۆژی دووشەمە (٤) ئازەر(سەرماوەز)ی ساڵی ١٣٢٥ ڕێکەوتی ٢٥ نوامبەری ١٩٤٦ وەشاوە.

ئا ـ لەم ژمارەیەش هێندێ ڕێنوێنی بۆ چلۆنایەتی بەشداری خەڵکی کوردستان لە پەرلمان دا بڵاوکراوەتەوە. لەم وتارەدا، بە توندی پەلامار کراوەتە سەر دابەشکرانی کوردستان بە چەند پارچەو ئوستان و پێشنیار دەکات کە دەبێ «هەموو هەرێم و ناوچە کوردنشینەکان، ئوستانێکی گەورەی کوردستان پێک بێ و بەرنامەیەکی تایبەتی ئابووری، رامیاری و کۆمەلایەتی، بۆ بەڕێوە بردنی دابندرێ». هەرلەم ژمارەیەدا، خەبەرێک بڵاوکراوەتەوە کە« ئەمڕۆ کاتژمێری ١٥/ ٧دەقیقەی پاش نیوەڕۆیە بە کاتی تاران، بەرنامەی کوردی دەست پێدەکات»، لە لاپەڕەی (٣)ی ئەم ژمارەیەی کوهستان دا بەشی(٥)ی وتاری (اسراری بارزان) نهێنیەکانی بارزان بڵاوکراوەتەوە. لەم زنجیرە وتارەدا کە پاشان وەک نامیلکەیەک لە لایەن رۆژنامەی کوهستانەوە بڵاوکراوەتەوە. هێندێ بەڵگە و دەستاوێژی گرینگی (کۆمەڵەی هیوا) و (هەیئەتی ئازادی کوردستان)ی تێدا وەشاوە. ئەم کتێبەی دوایی لەلایەن خوا لێ خۆش بوو "مەعروف قەرەداغی" یەوە کراوەتە کوردی و بەناوی (بارزان و نهێنەکانی)بڵاوکراوەتەوە.

ب ـ لە لاپەڕەی (٧) ژمارە (٧١) کوهستان دا وتارێک وەشاوە لە ژێر سەردێری (خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران یەکگرتوو بوون)، (یەکیەتی خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران) پێکهات. ئەم وتارە بە قەڵەمی (ناسری موحسینی) خوێندکارێکی گەنجی سنەیی نووسراوە و باسی ئاوات و ئامانجەکانی ئەم یەکیەتییە دەکات. کاک ناسری موحسینی یەکێک لە رووناکبیرانی کوردی سەردەمی خۆی بووە و بۆ پێکهاتنی ئەم یەکیەتییە زۆر کۆشاوە و پاشان کتێبێکی بە ناوی (جغرافیای کردستان) نووسیوە کە ساڵی ١٣٢٦دا لە شاری بروجێرد بڵاوکراوەتەوە. ناسری موحسینی لە ئاخرین ساڵەکانی رژێمی شایەتی دا بووە بە (مودیرکولی ئاموزش و پەروەرشی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی)و دەبیرستانێکی گەورەی لە مەهاباد ساز کرد.

هەر لەم لاپەڕەیەدا، کورتە وتارێک بڵاوکراوەتەو دیاردە دەکاتە سەر هەموو کوردێک کە دێتە تاران، بۆ راپەڕاندنی کاروبار لە ئیدارەکانی دەوڵەتی دا، بێتە ئیدارەی رۆژنامەی کوهستان هەتا یارمەتی بدرێ و ڕێنوێنی بکەن و هەروا بەمجورە، کوردەکان لە نزیکەوە پتر دەگەڵ یەکدی ئاشنا بن.

لە بەشێکی تری ئەم لاپەڕە (٧) دا باسی پێک هێنانی (یەکیەتی کوردانی دانیشتووی تاران)یش هاتۆتە ئاراوە.

لە گۆشەیەکی، لاپەڕە (٧) ژمارە (٧١)ی کوهستان دا (تلگراف حزب دمکرات کردستان) بڵاوکراوەتەوە. لەم بروسکەیەدا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی گوتوە بە یەکگرتنی (٦) حیزبی سەرانسەری ئێران و دیاردە دەکاتە سەرخەباتی هاوبەش دژی کۆنەپەرستی.

٤) ئاخرین ژمارەی رۆژنامەی کوهستان، ژمارە (٧٦)ە کە لە لای کاک ئەیوب بوو، لە رۆژی دووشەمە ٩ ی مانگی(دی/ بەفرانبار)ی ساڵی ١٣٢٥ بەرامبەر (٣٠) دسامبری ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە.

سەروتاری ئەم ژمارەیە (سرنوشت بارزانی ها) یە. لەم وتارەدا، باسی جوڵانەوەی بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا و هاتنیان بۆ ئێران و وتووێژی سەرۆک بارزانی و ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەت دەکات و سەرەنجام رخنە لە کردەوەکانی دەوڵەت دەگرێ کە دەیەوێ بارزانیەکان بەزۆر لە کوردستان دوورخاتەوە و پێشنیار دەکات.

ئا ـ کە ناردنەوەی بارزانیەکان بۆ وڵاتی خۆیان، کاتێ مسۆگەرە و دەلوێ کە دڵنیا بن دەوڵەتی عێراق لێیان دەبووری.

ب ـ نیشتەجێ کردنیان، لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستان و وەرگرتنیان وەک هاووڵاتی. هەر لەم ژمارەیەدا، وتارێک وەشاوە (همە فرار میکنند. هەموو هەڵدێن) کە باسێکی کۆمەلایەتی یە لەسەر کاروباری کوردستان و هەڵاتنی خەڵک لە گوندەکان بۆ شارەکان.

لە لاپەڕەی (٦)ی ژمارە (٧٦)ی کوهستان دا شیعرێکی (٣٦) بەیتی بەزاراوەی کوردی سنەیی بڵاو بۆتەوە کە بەمجورە دەست پێدەکا ( هەر بەڕێنوسی کوهستان دەینووسمەوە)

صبا بێژە بەدکتر اردلانی بە او هاوکاری خاص وياری گیانی
اگر نازانی وا خاصە بزانی کە ملت گلەیە، مامور شوانی

ئەم شیعرە، بەم دوو دێڕەی ژێرەوە کۆتایی دێ:

وجودی غیبیە دایم نهانە ظهوری او لەگل اخر زمانە
لەکوهستان بکە چاپ ام قصیدە لەوضعی انتخاباتا مفیدە

لە ئاخرین لاپەڕەی ئەم ژمارەی کوهستان دا ئاگادارییەک بە زمانی کوردی چاپ بووە کە بێ دەسکاری لەباری ڕێنووسەوە بەمجورەیە:

ئاگاداری

«باوەر پی کراوەکانی ایمە لە عراق دا تاکو ایستا پارەی روژنامەیان بومان نە ناردوە. بدل اشتراکی عدی کیش لە مشترکینی ایمە نەگەیشتوە. روژنامە وختی دەتوانی بە انتشاری خوی ادامە بدا کە پارەی ببی. هیوامان وایە کە خوێندەوار خوشەویستەکان باعثی تعطیلی روژنامە کوهستان نبن و بە زودی مطالباتیکمان کە هدیە بومان بنیرن».

خوێنەری هێژا، ئەمە کورتە باسێک بوو لە سەر چوار ژمارەی رۆژنامەی کوهستان کە هەموو رۆژی دووشەمۆیان لە تاران، لە ساڵەکانی (٢٦-١٣٢٥) دا وەشاوە و بڵاوکراوەتەوە. بەو هیوایەی کە گشت ژمارەکانی ئەم حەوتەنامەیە وەگیر خێرەومەندێکی کورد کەوێ و سەرلەنوێ چاپیان کاتەوە و کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەندتر بکات.

یەزدان یاربێ، لە دەرفەتێکی تردا، کورتە وتارێکتان، لە سەر حەوتەنامەی «خورنشین» کە ئەویش بە فارسی و کوردی لە ساڵی (١٢٣٢)دا لە تاران بڵاوکراوەتەوە پێشکەش دەکەم.

با ئەوەش بڵێم کە حەوتەنامەی«خورنشین» هەوەڵین رۆژنامەیە کە سەرنجی داوەتە سەر شێعری تەنز و نووسین بەزاراوەی هەورامی و سنەیی و یەکێک لە باشترین سەرچاوەکانی چاپەمەنی یە، بۆ توێژەوانیی لە سەر بن زاراوەی سنەیی.

بەهاری ١٣٧٤

# گابەرد

**کاکەوەیس**

وەڕس بوو. لە سەرکەوتنی شەڕی مەفرەزانە وەڕس بوو. لە شێوەی یاخیگەرێتی وەڕس بوو و دەیویست لێی یاخی بێ. پشتاوپشت و ئەوە دوای ئەوە، هەزاران ئازایەتی و سەرکەوتن بە ئاگری گفتوگۆ و بەنزینی بەڵێن، لە چاوتروکانێکدا سووتابوون. ئازایەتی و سەرکەوتنی مەفرەزان پێکهێنەری نووچدانی گەورەبوون. ئەو، ئەو ڕاستییانەی دەزانی بەڵام وەک حەوت پشتی پێش خۆی دەستبەردار نەدەبوو. بەخۆی نەبوو پێی خۆشبوو هەموو دەستوورێکی ئەو بێ دەستوورییانە بشکێنێ و کەی هاوڕێکانی ئاهەنگ بگێڕن ئەم پرسە دابنێ. بەخۆی نەبوو لە سەرکەوتن وەڕس بوو. بەدزییەوە، تەنانەت بەدزی خۆشیەوە حەزی دەکرد چنگ لەسەر شان هەڵیبڕن. پێی خۆشبوو هێند لەمەرگ نزیک بێتەوە، بەچاوی خۆی بیبینێ... هەستی پێبکات... سەرەزمانی پێدابێنێ و تامی بکات... ئەمدیو ئەودیوی بکات. لەیەک بابەتە ژیان وەڕس بوو: «بڕۆ بۆ شەڕ! سەرکەوە! دیل بگرە! بەرەڵای کە! بکوژە!... ئەوەندە چەکمان دەستکەوت بوون!... ئەرێ وەڵلا گفتوگۆیە... چەپڵە لێدە!... قوڕ بپێوە...!» خۆی پێ مەکۆی جۆلا بوو و بەیەک ڕێدا دەهات و دەچوو.

ڕۆژژمێری ئەو قەمەری بوو. مانگی جارێک کە مانگ دەبووە چواردە شەوە، پاڵەپەستۆی خوێنی ئەمیش زیادی دەکرد. گێژ دەبوو... پەرکەم دەیگرت... وڕێنەی دەکرد و خەون و زیندەخەونی لێ دەبوونە ڕاستی. سالی جارێکیش کە پاقلە گوڵی دەکرد، ئەمیش ماوەی یەک حەفتە گێژ دەبوو و وەک گای ناو گاقۆڕان دەبیزڕاند.

خەپە شێت و لەشکری دەوڵەتی قشە و خەپە تەپتەپە، ناو و نازناوی (بەختیار)بوون. بەو نازناوانە قەڵس نەدەبوو. ئەو، شەیدای دیمەنێکی کاڵ بوو و دەمێ بوو دونیای بەدوودا پەی دەکرد. نەیدەزانی لە کەنگێوە ئەو دیمەنە خۆی بەکەللە سەریدا کردووە. ئاتوورەی وا شتگەلێ نەبوون کاری تێبکەن. ڕاستیان دەکرد. دەوڵەت بەدەست وتفەنگی ئەم پێک نەدەهێندرا. ڕاستیان دەکرد لە ئاخافتندا وەک تەپتەپە تەتەڵەی دەکرد و تا ئەو نیوەڕستەیەکی دەگوت خەڵکی دی هەزاریان دەڕێسی و هی ئەم دەبووە بنەوە. ئەم عەودالی دوای دیمەنی خۆی بوو و تەنانەت ئەوەشی لەبیر چووبوو کە ئەشکەوتیان پێ دەگێڕا: « بیگێڕە خەپە گیان بیگێڕە تا دڵۆپە دەبڕێ!» ئەوەیان دەگوت وقریوە و مرەمری پێکەنینیان لەناو ئەشکەوتەکە دەنگی دەداوە و بەعاستەم بەرگرتی خۆی دەکەوتن و تێیان دەگەیاند کە بابەتی پێڕابواردنی یاخییەکانە. دارەکە چنگی لە حەوا گیرکردبوو و ڕەگەکانی کرتەکرتیان لە زەوی بەرز دەکردەوە. دیمەنێکی کاڵ بوو و بەشە پێکهێنەرەکانی بۆ نەدەچوونەوەسەریەک. لەناوەڕاستی هەموو مانگێکی قەمەریدا دیمەنەکە تۆختر دەبوو و گابەردەکەش دەبوو بە پەیکەری ژنێکی ڕووت. بە تۆخبوونی دیمەنەکە خەپە شێت پەرکەم دەیگرت. گەلێ جار لە گەرمەی شەڕدا خۆی لە پەنای گابەردەکەدا دەدی. بە دارەکەدا هەڵدەگەڕا... قەدی دارەکەی لێ سواخ دەدرا و ڕێی داگەڕانی لێ پیس دەبوو.

بەختیار گەرمێنی بوو. ناوچەکەی گابەردی لەو تەرحەی لێ نەبوون. گوێز وبەڕووی لێ نەدەڕوان تا دیمەنەکە بۆ سەردەمی منداڵی بگێڕێتەوە. یادگاری منداڵیی ئەو، لە حەوشە و حەسارێکی گەورەی پڕ لە کەیبانوو و منداڵ وسەگ و مەڕدا مۆڵ درابوو. یەکەیەکە شێوە و ناو و دەنگی ژن ومنداڵ و تەنانەت مەڕ ومانگاشی لەبیربوون. گابەردی چی و دارگوێزی چی؟! ئەدی ئەو دیمەنەی بۆ لێ بووەتە قیری کەوای سپی خەیاڵی؟!

ـ هاوچارەنووسە ئازاکان ...!

حەوت پشت بوو هەمان ڕستە دەگوترا و دەگوترایەوە: هاوهێنە ئازاکان! فلانە لایەن دوژمنی سەرەکی فیسارە عەشرەت یا چینە. فلانە لایەن شەڕفرۆشە و لە بەڵێنان ژیوان دەبێتەوە و فیسارە لایەن ڕێکەوتننامەی مۆر نەکرد. ئەی ڕۆڵە نازانم چییەکانی فلانە تەڕەماش. دوژمن با شارەکانمان کاول کەن، ئێمە بزنەکێوی بەسەرماندا دەبانێ... ڕیخۆڵەکوێرەی خۆمان دوو گەز درێژ دەکەین و گپ گیادەخۆین. هۆ کوڕە ئازاکانی... دەبێ ناچاری گفتوگۆی کەین...

ـ ت.. ت.. تا جارێکی تێتریش پاشگەز.. بیم...

خەپە شێت قسەی پێنەکرا. پێکەنین شەپۆلی دا. هێندێ دەنگ زوورەزوور بوون و هێندێکیان ئەڕڕەیان دەهات و لێرەولەوێ باقەی بزن دەبیسرا. دەنگەکان بوون بە مرەمر. ددان چیرکرانەوە و لالغاو کەفیان دەرکرد. یەکێ گوتی: خەپە تەپتەپە هەبێ بلیمەتێ وەک(زاریهەون)و دانای وەک(پێدرۆ)مان ناوێ.ئەو ناوانەش پشتاوپشت دەهاتن و دەگۆڕان وکەس نەیدەزانی چۆن و لە کوێوە. هەر بەبیری بەختیار چوار جاران گۆڕابوون و پێش(زاریهەون)ی ئەفریقیایی و (پێدرۆ)ی ئەرجەنتینی، ناوی دووکەڵە جوولەکە باوبوون کە قوربانییان بۆ دەدرا.

خەپە شێت، ددانی لێ گرگردنەوە. دەنگی وەک دەنگی هاوڕێکانی لەناو سینگیەوە دەهات بێ ئەوەی بە قورگیدا ڕەت بێ:"بێچووە" نەیزانی بڵێ بێچووە چی! کەمێ ڕاما و وەبیری هاتەوە کە ئەو سەردەمە ناوی(شالووم)ی جوولەکە کە حەوت ساڵان خەڵک بۆ ناوی و یادی و بەرهەم و کاری دەکوژران، لە هەموو ناوێ بەدتر بوو. گوتی:"بێچووە شالووم!" هەر ڕۆژەو خێوێکمان بۆ دروست دەکەن و هەر جارەو بتێک...

هەموو کڕ بوون. ئەوە یەکەم جار بوو بەختیار توورەبێ و یەکەم جاریش بوو قسەی ساف ولووس و بێتەتەڵە بکات.

ـ بەسە بەختیار! کڕ بە!... نا... ویستم بڵێم...

دیسان ڕستەکانی حەوت پشت لەوەبەریان گوترانەوە: "ئابێ بەڕەی سەرکردە گەردی پێکەوێ. نیدی هەرچی دەبێ با ببێ. کوڕینە! گەورەپیاوی بێ ورگ گەورە نییە. کە قسان دەکەیت، جارێ بزە بکە و جارێ هەزار لۆچ بخەرە ناوچەوانتەوە ... دەستێ بەردو حەوا

ڕاوەشێنە و دەستێ بە گونانەوە بگرە. دەست بوەشێنە و جنێوی حەوت باتمان بدە... درۆی گەورە گەورەی شاخدار بکە... قسە بکە، هەر لە خۆڕا بڵێ وام کوشت و وام لێدا و وام شکاندەوە... ئا ئەمانەن نیشانە و پێناسەی گەورەیی... وابن هەموو جەماوەر بۆتان دەبن بە بزن و چیان لێدەکەن بیکەن و چۆنیان داژوون باژوون...

مانگ چواردە شەوە بوو. گێچی سەرەگێژەکەی بەختیار لەگەڵ بەرزبوونەوەی مانگ بەرز دەبووەوە. دیمەنی گابەردەکە تۆختر و ڕووتتر دەبوو. دەنگی گەورەکە، بوو بەدەنگی بۆقێک و لەبنی بیرێکەوە دەهات. هەستی دەکرد بووە بە دەنکە جۆیەک و کەر خرم خرم دەیهاڕێ. کە مانگ بەرزترین جێی ئاسمانی کردەشار، دوو وایەری ساردوگەرمی ناو کەللە سەری بەختیار بەریەک کەوتن و بەرچاوی بلاچەی دا و شریقە لەسەری هەستا و ڕما... کەمێ هەڵپلکا. بوو بە چەقی بازنەیەک و خۆی بەدەوریدا دەخولایەوە... ئازار و ترس و حەزی تێ زان... کەفی کراند...

ـ کوڕەنازاااا..ا ..نی(ووو) و و..و...

گەورەکەیان سورهەڵگەڕابوو. لەپێ بەورگیدا هێنا و وەک پشتاوپشتی خۆی وتەکەی وا تەواو کرد: سەری ڕاستەقینە ها لە مەقرەزی ئێوە دا... ئێوەن هیوای پاشە ڕۆژ و باقی قت.

بەخە، خاو ببووەوە. دەستێکی بۆ ناو لینگی خۆی برد. وەک هەموو جارێکی دوای پەرکەم، دەستی تەڕ بوو. هاوڕێکانی بەرەو پەنای گابەردێکیان برد. ئاو و پرۆتێن و چەکیان بۆ دانا. پەتوویەکی پەڕدراویان بۆ ڕاخست و یەکێکی تریان پێدادا: بنوو... تا سبەینێ بنوو.

بەخە نوست. نوست و تا بەیانی نەبزووت. بەیانی، تیشکی خۆر وەک دەرزی لە پێستی پێی دەچەقی. وەئاگا هات. نمێ عارەقەی دەردا بوو. ئازای لەشی ڕەق هەڵگەڕابوو. بەکاوەخۆ چاوی گێڕا: گابەردێکی گەورەی بەدیار خۆیەوە دی. تەزووی پێداهات. هەستا و بەلای چەپیدا ڕوانی و دەوەنێکی دی کە سێ هەنگاو لەولای بەردەکەوە، بەدەم کزە باوە دەلەرایەوە. تاوێ لە دەوەنەکە ڕادەما و تاوێ لە بەردەکە. لەرەی دەوەنەکە، جیرەجیری بە ئێسکی دەگەیاند: ئەمەیە! ئا... ئەمەیە! ئەم دیمەنەیە!... خۆیەتی...! ڕوح و گیانم پێی ئاشنایە! بەڵام دەوەنەکە زۆر گچکەیە و بەردەکە زۆر گەورەیە. لەبری ئەوەی ئەم لەپەنای ئەو بێ، ئەو وا لە پەنای ئەمدا. ئەها باری گیانم سووک بوو. ئەها ڕیشاڵی خۆمم دیتەوە. بنی ئەم بەردە چەقی

گۆی زەوییە... ئا ... ناوەڕاستی هەموو کەونە. بیری شەڕ وشۆڕشی نەما. گەشکەدار ببوو: سەد حیزب، هەزار زاربەون، هازار و یەک یەزدانۆکە و سەلک وپەلکی حیزب دەکەمە قوربانی ئەم بەردە و ئەم دەوەنە. بەڵێ من لادەرم... لە باوەڕی زاربەون و حیزب لا دەدەم. یەک... دوو... ها ئەها! دەوری بەردەکەم هەشت



هەنگاوە. ئەها سێ مەتر بڵندە!... بڵندە!... بڵندە!... دەوەنەکەش گەشە! دەبێتە دار و پەنای بەردەکە دەدا.


خەپە دەدوا. بەبێ تەتەڵەکردن دەدووا. ئاگای لە کردنەوەی زمانی خۆی نەبوو. ترس و سام سواری کۆڵی بوون و لەرزاندیان. بەدەم ترسەوە حەزیشی بزوا. حەز و ترس جمک بوون... وەک منداڵ و

وێڵداشەکەی بەبێ یەک نەدەبوون. چۆڵاتی و تەنهایی وپەنا، داک و باب و مامانی حەز وترس بوون. ئارەزووی چووە بەردەکە. بەردەکە بووبە ژنێکی ڕووتوقووت و کەلەگەت. دەستێکی خستبووە سەر هەردوو مەمکی و دەستێکی خستبووە سەر عەیبی. خەپە، لە کونی لوولەی تفەنگەکەی خۆیەوە ڕاما. ئارەزووی چووە خۆی... خۆی نووساندە بەردەکەوە و دەیویست خۆی بکا بە کونی بنیدا. دەیویست بەدەوەنەکەدا هەڵگەڕێ. دەیویست بچێتە ناو بەردەکەوە و ببێتە بەشێکی. پێدەکەنی و دەگریا و هاواری دەکرد. بە زمانێکی نەبیستراو دەدوا. کەوتە بڵمە بڵم و خۆی بە بەردەکەوە، توند نووساند...

تۆپەڵێ تیشکی شین، بەدیار سەریەوە، لە مۆلەق وێستا. تیشکەکەی لێ هاتەزار: "ئەی خەپە شێتی هەڵبژاردەم! (شێتی هونەرە) شێتی و لادانت لوتکەی زانستن و سەرت بە زانست بڵند بێ. لێرەوەڕا تێهەڵچۆ! گوێت لە دەنگی ئارەزووت بێ و بنی دێری کتێبان بخوێنەوە. بوێرە ناوە ڕاستییەکەی (ئەبوجەهل) بڵێی. بوێرە کون و کەلەبەری ئەشکەوتی (حەڕرا) بپشکنی و لە کەللەسەری حەشار دراو بگەڕێی. بوێرە بیر لە توێی نوێی (مەریەم) بکەیتەوە و بابی عیسا وەدۆزی! خەپە! گومان یزدانی ڕاستییە و بۆ سەپاندنی بوونی خۆت گومان لە بوونت بکە. کێ و چی ڕووی پێی پێ کردنە دواوە ناویان بەرە. کامە قوماربازلەدەم چەمەوە بۆ پاراوکردن بەرەو بیابانت دەبا، ناوی بڵێ! تا ناوە ڕاستییەکان نەڵێی ڕووی پێت لە دواوە دەبێ و چەند خێرا بڕۆی بە خێرایی بەرەو دواوە دەچیت تا دەگەیتەوە سەردەمی بڵمەبڵم و ئێسکت وەک ئێسکی دایەنەسۆر بلیتی تەماشاکردنی بۆ دەربردرێ. بەرەو دواوە دەڕۆی تا دەبیتە سەگسار و لە پێناوی بژێوی خاوەنتدا هەڵدەپەڕیت. بەخەکەم!... خەپەکەم!... تۆ لە درزی ئەو بەردەوە نەبێ لە هیچ درزێکەوە نەهاتووی... باوکی تۆ ئەو دەوەنەیەکە هەزار جار گەورە بووە و بڕدراوەتەوە و سەری هەڵداوەتەوە. ئەم جارە بپردرێتەوە ناڕێتەوە... تۆ تاکە چرایەکی و... تۆ...

بەخە گوێی لێ نەما. چووبوە ناو قاوغی تەرولیجی شەیتانۆکەیەکەوە و لەگەڵ حەشاماتێکی چەند ملیۆن کەسیدا ئاهەنگی ڕاگەیاندنی بەڵێنی دەگێڕا... قورگی نووسابوو و بە پێچەکانی ناو شەیتانۆکەکەدا دەڕۆیی و شەیتانۆکەکەش بە عاستەم بەرەو بنی بەردەکە دەبزوا و ڕێچکەیەکی زێوینی بریقەداری لە دوای خۆیەوە جێ دەهێشت. ■

دەستی توند بەزگیەوە گرتبوو. بەلارە لارە هاتە دەوری خەرمانەکان، گوریس و دەمبێنەکانی کە دۆزینی دوای گێـرە بەردان لە ناوخـۆیانەکـەدا شـاردبوونیــــەوە پاش تاوێک لێگەڕان و بیرکردنەوە دۆزینیەوە و هێنانیەدەرێ. گێرەکەی دابەست و گـاگێـرەکـانی توند دەمبێـن کـرد. کەوشەکانی داکەند. دەلینگی هەلکرد. نەقیزە درێژە دار بەلالووکـەکـەی گـرت بە دەسـتـەوە. گـووگـرەکـەی هەلگرت و وردە وردە گێـرەکـەی لێخوری و بردییە ناوخۆیانە وردە کوتەکەوە. بەکزمە کۆم و تکەتک بەدوای گا گێـرەکـاندا دەرۆیشت و خولی پێ دەدان. جار بە جارێکیش لە خـۆیانەکـە دەچەقی. لاتراسکەی دەبەست و دەدرا بە عــــەرزدا. دەم و لـووتی پڕ دەبوو لە کـاوکۆت و سـەروگوێلاکی تۆزاوی دەبوو. پاش تاوێ حـەسـانەوە، دەسـتـێکی لە سـەر ئەژنۆی دادەناو بە دەستەکەی دیکەشی نەقیزەکەی لە خــۆیانەکـــە دەچەقــانـد و بە لەرزە لەرز هەلدەستاوە. گێرەکەی لێ دەشێواو تێکدەهالا، لە یەکی جیا دەکرنەوە و خێرا خێرا و چەند جار لە ســــەرێـک و بەدەنـگێـکـی بـەرز دەنـگـی گاگێرەکانی دەدا: وەلە وەلە! وەحە وەحە! ڕەببی بە قـۆڕەو لارەشە مرن! ئەوە بۆ دەلێی قـەت لە گـێـرە نەکـراون! جـار جـارێکیش بە ترسـەوە خێسەیەکی لە دەرگای مـالی ئاغا دەکرد کە بە حال لە گۆشەی دیواری لای قیبلەی مزگەوتەوە دیار بوو – حەزرەتی غـەوس! سەیدی زەمبیل! حاجی شێخگول! ئەمڕۆ ئەو بەرازە لە مال نەبێ. ئەگـینا چاوی لێـبێ ئابڕوو و حـەیام دەبات. سەحاتێکی تەواوە خەلـک گێرەی دابەستووە. ئای چەندە نەخـــۆش و لەش بەبارم!! زگم بۆ هێندە دێشێ!! خۆم لە سەر پێ ڕاناگرم. چاوم لەرەشەوە دێ. سـەرم دەسـوورێ. هەمـوو گیـانم دەلەرزێ. دە دانە ڕۆژی ڕەبەقـە ئەوە حـالـمـە. خـودایە! ئەو دەردە چیبـــوو تۆ لەم وەختـــە تا وەختەدا تووشی منت کرد؟! زۆر شوکر بەبەشت! ڕاستە دەلێن: بەرە هەر لەلای تەنکیەوە دەدڕێ – ئەو هەمووکارانەم بە سەرێکدا کەوتوون: ئەو سێ چوار ڕەبە نیـسکەم بەهارێ بە سـەد حـال و دەردی ســـەری داچاند بۆ دانـەوێلــــەی ئەو زستانەی منالان. ئەوا بە جارێک پەری و بوو بە پووش و بۆمان نەکراوە دەسکەنەی کەین. ئەو تۆزە کـلـۆشـەم بۆ ورد نەکرا! خوا بە خودا دێمە زەردیش تازە دەبێ وەبەر پەلەی پایز و بـەفـری زسـتـانیش کـەوێ. بۆم ناکرێ گـەوزی تێنخـەم. هێشـتـا سـەوەتەیەک کـۆلـووم هەلنەکەندووە بۆ سوختی ئەو زستانە. سەربانی ئەو تەویلەیەش هەلنەگێرمەوە، لە چلەی زستـاندا بە سـەر ئەو چوار پێنج سەردولاخەدا دەرووخێ.



هیوا حەمەکەریم

– تۆبلێـتی "فـاتم" لە مـالی "حـاجی برایم" نە هاتبێتەوە؟ بەلکوو بێ بڕێکم یاریدە بدات.
– جا فـاتمی فـەقـیر بۆ پێی دەکرێ یاریدەی من بدات! گـێـرەم لە باتیـان لێـخـورێ! لە مـەلا بانگدانی بەیانیــەوە هەسـتـاوە. ئەو هەمـوو تەویلانەی مـالـیــوە. بیـست و سێ سـەوەتە شیاکەی ڕشتووە. ئەو هەموو تەپالەیەی پێژاوە. دەرک و بانی بۆ مـالـیـون. مـەشکەی لەگـەل ژاندوون. دۆی بۆ هەلێناونەتەوە. پەنیری لەگەل کچەکانی حاجی کوشیوە. ژن لاپێژۆ کارکەری مالان بێ. تازە بۆ مالی خۆی نییە.
– ئەو چەتیوانەشم نەهاتنەوە، هەرایان لێ بکەم بێن گـێـرەکـەم لێ وەرگرن با ڕانەوەسـتێ. ئەو کابرایە زۆر زالم و بێ حەیاو دەمشرە. لە مالێ بێ و لە خەو هەسـتێ و چاوی لێبێ گـێـرەکـەم ڕاگرتووە. تووشی کێشەیەکم دەکات. بە خودای دەترسم لێشم دات و جەریمەشم کات... پێترێ ئەو دەمانە "عەولای مام نادر"، قوتوەسیغارەکەی لە مـالێ لێی بەجێ مـابوو، گـێـرەکـەی ڕاگرت، بە غـاردان چووە بۆ مـالێ بیـهێنێ. خۆ بە خودای چی واشی پێنەچوو! نازانم، ئەو زالم و زالم بابە لە کوێوە چاوی لێبوو؟! خـۆ بەلای ناخێـریەوە مـێـــوانی هەبوو! ڕئیس پاسگا لەوێ بوو!! چ دەردێکی بەو پیاوە فەقیرە ڕدێن سپی یەدا! چ پەندێکی بە سەرهێنا!! هەزار جنێوی پیس و ناحەزی پێدا. یەک سـەحاتی تەواویش لە بەر درگای قاوەخانەی سەر جادە هەلیانواسی...! خۆ بە خـودای مـەلا فـریای نەکـەوتایا دەسـتی لێ هەلنەدەگـرت. لە دواییـشدا هەزاردانە تمەنی جەریمە کرد!
– زۆر سەیرە! خودا بە قوربانی بم، هەتا گەنگێ ئەو هەموو زولم و زۆرە هەلدەگرێ!؟
– دەلێن کـاسـە ئەگـەر پڕ بوو دەڕژێ. تۆبلێـتی زولم و زۆریی ئاغاوات کاسەی سەبری خودا پڕ نەکات!؟
گەرووی بەتەپوتۆزی خویانەکە گیرابوو. خێرا خێرا دەکۆخی. تف و بەلغەمەکەی خڕ دەکردەوەو دەی خستە سەرنووکی زمانی. دوو سێ هەنگاو بۆ لای دەرێوە دەچوو. ئەمـجـار لوولیـداو توند فـرێـیدا قـەراخ خـویانەکە. جارجـارێ نووکـە نەقیزەیەکی لە گا بەلەک کە سەرەی گێرەکە بوو. دەوەژاندو وەحـەیەکی لێ دەکرد. پێشی خـۆش نەبوو، دەریەڕێ و توند بڕوا و خـێـسرا سـوور بداتەوە. دەترسـا نەیانگاتێ خـول بخـۆنەوە و بەسەریدا بێنەوەو بیکەن بەژێرەوە. بەتکەتک و لێوەلەرێ بە دوای گێرەکەدا دەرۆیشت و لەبەر خۆیەوە داهات و خەرج و پێـتیـاکی سالـیـانەی خۆی حیـسـاب دەکـرد. بێگارانە= دە تەغـاری چوار پووتی گـەنم. کـوێخـاسـجـیـلانە= یەک تەغار. مەلایانە = یەک تەغـار. گزیرانە= دوو پووت. مـجێورانە= دوو پووت. قورخچیـانە= دوو پووت. میراوانەش = دوو پووت. کایانە = پێنج ڕەشکەی یەکسـەری کـا. تەپالانە= پێنج تەغاری سێ دانەیی تەپالە. فرووجانە = پێنج فـرووجی بەهاری. گـوریسـانە= گـوریسێـکی مووی حەوت پال درێژ! کاوڕانە = کاوڕەنێرێکی زستـانەزێ! ڕۆنانە = دوو سیـە ڕۆنی زەنگ. دەودووش لە هەموو حاسلاتێکی زەوی و...
– خۆ بێگاریش، لە حیساب نایات و نابڕێتەوە! جـۆگـە جـۆمـالـکردن. گـەلەجـووت. هەرەوەزە دروێنە. گێرەو کێشە. خەرمان هەلگرتن. باخ تەکمیش کردن. تفـاق کێـشـان. چال داکردن. سوخت بڕین. زمهەر هاڕین. سەریان سواخدان. سـەریان مـالین و... بێگاری ئاغـاژنیش لەوێ ڕاوەستێ!! ئەوە حەقدە ڕۆژی تەواوە ئەو کچە فەقیرە بەسزمانانەم نەکەوتوونەتەوە مالێ! دوو ڕۆژ چوونەتە خـوری شـوتن. سێ ڕۆژی خـوری شانە کـردن و هەلـپـێـچـانی. چوار ڕۆژ قـەلاغ هەلچنین و سواخ دانی. دوو ڕۆژ هەرشتە کردن. ئەوا هەشت ڕۆژی تەواویشە لە قـورشـێـلانن! نازانم، ئەو ئاغـاژنە غـەزەب لێگێـراوە ئەو پێخۆرە قوورەی چ لێدەکا!؟ ئەو ژنە فەقیرانە: "ئامـان" و "خـەجێ ڕەش" بۆ نامـرن!؟ ئەوە چل

دانە رۆژەی رەبەقـە تەندوورو دیزەو گـۆزەی بۆ دروست دەکـەن! خـۆ بە خـودای هەتاوەکـوو تەندوورەکانی بۆ نەنێتـە چاڵ و نۆرە کـوللێرە ناسکەیەکیشیـان پێ نەکەن و هەتا هەورەکانیش نەخەنە گڵ و سـووریان نەکـەنەوە و هەمـوویان لەکڵ دەرنەیەنەوە مەرەخەسیـان ناکات و ئیزنیان نادات.

ـ جا من دوای ئەو هەموو خەرج و پیتاکە چیم بۆ دەمێنێتەوە؟! خۆ بە خودای دێمە زەرد، تازە مەگەر چۆلەکە بیخوات و مشک بیبرێ، دەنا نەفریا دەکەوم و نە دەشتوانم بیدروومەوە... ئەو دە دوازدە عارەبە کلۆشەی دێمی پشت ماڵانیش ئەگەر فریا کەوم و نەخۆشییەکەشم لێ پیستر نەکات، دوای ئەم خۆیانەی ماڵی ئاغا گیرەی کەم، خۆی بکوژێ هەر چل پەنجا تەغار دەکات. دێمـەکـاری ئەم دەوروبەرە هەر یەک وپێنج و شەش دەبرێ. دەو دووی ئاغای لێدەرچێ، چی دەمێنێتەوە؟!

ـ بە ناشوکری خودا نەبێ. دێمەکارکێڵی بۆ کاسبییە! دوازدە مانگەی ساڵ، دەبێ دەستەو دوعـــا بی لە پایزدا پەڵـە بدات و بەهاران بباری.. چۆرە ئاوێکم نییە دوو دێراوە تەماتە، شەش، حەوت برکە تەرەکاری، هەشت نۆ دە چڵ گەغە شامی بۆ ئەو منداڵانە لەبەردا بکەم.

ـ پاش ساڵێک زەحمەت و کوێرەوەری. شەوو شـەونخـوونی و ئارەق رشتن، سی چل تەغـار گـەغم بۆ دەمـێنێتـەوە! تۆوی پایزی لە چی بکەم!؟ زمهەری تا ساڵێکی دی سەر خەرمانان لە کوێ بێنم!؟ خەرجی ماڵێش بەو گرانییە! هێشتا تیتۆڵێک لیباسم بۆ خۆم، بۆ دایکی منداڵان و ئەو کـچۆڵانە نەکڕیوە. خۆ پیاو لە ترسی دووکانداری شاریش شەوو رۆژ خەوی لێ ناکەوێ! رۆژێ جارێک رادەسپێرن: خەرمانەکان سوور نەبوون؟ ئەوانیش داوای قـەرزەکـانیـان دەکـــەنەوە. دەنا دەبێ نۆیی کــەینەوە! نوێ کـردنەوەش وەک رەبەگلوو دێتـە سـەری و زیاد دەکـات. دوای دوو سێ سـاڵ تازە پیاو لە ژێری نایەتەدەرێ!

ـ " سووفی سەلیم" لەوبەرەوە خەریکی خەرمان شەنکردن بوو. بایەکەی تۆزێک هێدی کردبوو. دەستی هەڵگرت. شـەنەکەی لە مـالووسکـەکە چەقـاند. کـەوشـەکـانی کە لە قـەراغ جۆگـەلە ئاوەکە لە پەنا بەردەنوێژەکان داکەندبوو، چوو لە پێی کردن، دەستی نا پشت قوونی و وردە وردە هات بۆ ئەمبەر بۆلای خالە "سەعید".

ـ ماندوو نەبی خالە سەعید!

ـ خودا عـافـووت کا! یاخودا کـوڕت نەمرێ! بۆ خۆتان ماندوو نەبن!

ـ خـودات لێ ڕازی بێ، کـاکـە! ئەمـرۆ زۆر بێتاقەت وبێواز دیار بووی! خۆ شوکور نەخۆش وناڕەحەت نی؟!

ـ بەخودای جا چت عـەرز کەم! پیاوی فەقـیرو تەنیاباڵ هەمیشە نەخۆشە.

ـ چاوم لێبـوو چەند جـارێک لە خـۆیانەکـەدا کەوتی. گێرەکەشت لێ تێک دەهاڵ.

ـ بەڵێ وەڵڵا راست دەفـەرمـووی! ئەوە چەند رۆژێکە زۆر زۆر نەخۆشم. ئەمرۆ لە هەموو رۆژان خراپترم. سەحاتێکیش لە دوای خەڵک گێرەکەم دابەست. لە ترسی "رەشید ئاغـا" ئەم وێرا لە ماڵێ بکەوم. بەڵکوو تۆزێک چاکتر بوومایا.

ـ باشە، ئاخر دوکتورێک؟ دەرزی و دەرمانێک؟ دوعـایەک؟ تۆ چویتە لای کەس؟ ئالێن، چتەو چت نییە؟

ـ جا براڵە، دەرزی و دەرمانی چی؟ ئێمە مانان بۆ دەتوانین بچین بۆ شار بۆلای دوکتور وحەکیم؟ دەبێ رۆژێکی لەکار بم. پووڵی دوکتور و دەرزی و دەرمانیش لە وێ راوەستێ. ئەوانەش هەمووی بە جێگای خۆیان. جا براڵە لە ترسی ئاغا دەوێرم لەم وەختـەدا لە مـاڵ نەبم! بە خـودای سـاف لە ساف تاڵانم دەکا. لە سەرساجی عەلیم دادەنێت. بەو پایزە دەرم دەکات و سیپاڵم وەدەردەنێت. خۆ لەو دەوروبەرانش ئاغـاکـان رەعـیـەتی یەکـتـر راناگـرن. پەیمانیـان لەگـەڵ یەکـتـر بەسـتـووە! هەموویان قسەیان کردۆتە یەک!

ـ یەک دوو ئێواران چوومە لای پوور "خاتوون". دەڵێ: ئێترکت کەوتووە. بۆشی هێنامـەوە. دوو رۆژیش پرتسکە خوێییەکـەی هەر لە سـەر بوو، بەڵام بە خودای هیچ چاکتر نیم.

ـ دوێنێ فـاتم چووبووە لای مەلا نووشتـەیەکی بۆ نووسیبوم. قسـەی خۆمان بێت فـرووجێکیشی سـەرقـەڵەمـانە بۆ بردبوو! جا نازانم کـار دەکـات یان نا؟

ـ دوێنێ ئێواری. کوێخا حەمە هات سەری مەزرا بدات و خەرمانەکان شەقڵ کات. چوومە پێشی و پێم گوت: خۆیانەکە باش ورد بووە. گاگێرەی لێ دەرناچێت. بیست رۆژە خراوەتە بەر پێ. دە دوازدە کەرەت وەردکراوە. بۆم عـەرزی ئاغـا بکە بەڵکوو ئیزنم بدات چیدی لە سەر نەگێرم. کەچی زۆرم لێ تووڕە بوو! گـوتی: دەبێ ئەو ئێـوارەیە وەردی کـەیت! دووسێ رۆژی دیکەشی بە سـەردا بگێرێ! هەڵدانەوە و دەورماڵینیشی هەر لە سەر خۆتە! خەجاڵەتی مـاڵی مـام رەحیـمیش بووم، چوار پێنج سەر پانتری گێرەم بە دەستـەواو لێ وەرگـرتووە کـە دوای ئەم خـۆیانـەی مـاڵی ئاغـا لەگـەڵ ئەو چوار پێنج سـەر وڵاخـەی خـۆمـاندا بیاندەمەوە. ئەوانیش پازدە بیست رۆژ گێرەیان پێ بکەن! بە خوای تاقە یەک رۆژیشیان گێرە بۆ ناکەن. هەمووسمیان سواوە و گەیشتۆتە سەر گۆشت. ئەو دوو مـانگازاوانەشـمـان بە جارێک وشکیـان کـرد. گـوێلکـەکـانیشیـان تێر ناکـەن! ئەوانیش دەمرن...

ـ جا کاکی خۆم! مانگازاو کوا بۆ گێرەی دەبێ! پیـاو چۆن دڵی دێ لە گـێـرەی بکات! دیارە وشکیش دەکات و گوێلکەشی دەمرێ و نابێ بە هیوای ماست و رۆنیش بیت.

ـ مـاست و رۆن؟! ئەوە دەفـەرموون چی؟! تێر ئاگـای لە برسی نییـە. بەو خـودایەکـەم کـە هەمـوومـان دەچینەوە بەردیوانی، ئەو پیـاڵە ماستە و ئەو کیتەڵە دۆیە نەبێ کە رۆژانە فاتم لە مـاڵی حـاجی برایم دەیانهـێنێ، پێخـۆر و چەورەسانم لە ماڵێدا نییە.

ـ باشە ئەی کەنگێ ئەو دێمە دەدروویەوە؟ کەی ئەو تۆزە کلـۆشـەی خۆتان گێرە دەکـەیت؟ ئەو سێ چوار پە نیسکەی چۆن دەرنییەوە؟

ـ جا کـەی؟! چۆن؟ تازە گەڵاوێژ کـەوتووە. هەوا ساردی کردووە و ساڵ خەریکە تەواو دەبێ. من کوا فریای کاری خۆم دەکەوم؟! ئەویش ئاوا لەش بەبار و دەردەدار!

ـ ئەگەر ئێوارە چوومەوە، لادەدەمە دیوەخان و بە رەشیداغا دەڵێم بەڵکوو تکام بگرێ.

ـ وەڵڵاهی لە ڕووم هەڵنەدەهات عـەرزت بکەم. دەنا ئەمرۆ دوو سێ جار بەتەمابووم پێیان بڵێم، تکایەکم بۆ بکەن.

ـ باشە ئەی تۆ بۆ بە مامۆستـات نەوتووە؟! خۆ بە خـودای ئاغـا لە قـســەی دەرناچێ. زۆری حورمەت دەگرێ.

ـ مـامۆستـا..؟! کـەس نا مـەلا! جا مـەگـەر بۆ خـۆشت نازانی ئەوانیش هەر لەسـەر قـازانجی ئاغـاکانن؟ ئەویش لەم وەختی بەرات و زەکات وەرگرتنەدا!! بە خودای هەر جوابیشم ناداتەوە.

ئەوقسـەتم قـەت لە بیر ناچێتـەوە: «زستـانێ رەشیداغا هاتە مزگەوت. پاڵی دابوو بە دیواری تەنیشت مـحرابەکەوە. لاقی نابووە سەر لاقی. پێچ وکـڵاوەکـەی هێنابووە سـەرنێـوچاوانی. بە پۆزێکەوە رووی کردە خەڵکەکەو گوتی:

سـاڵێکی دیکە دەبێ، بەراوکێڵـەکان تووتن و چەوەندەر بکەن. لە هەمـوو بەهارەکێڵـێکی بەراو سێ یەکـیــان لێ دەســـتێنم. لە هەمـــوو پایزەکـێـڵـێکیش دەو دوو وەردەگـرم. بێگارو خـەرج و پیـتـاکیش بۆ بەراوکێڵ و دێم کێڵ و رەشـایی هەروەک سـاڵانە. هەر کـەسێک پێی رازی نییە فەرموو! عـەرزی خودا زۆر و زەوەندە، کـوتی پێ خـۆشـە بابچێت!! کـەچی مـەلا لە مێحرابەکەوە سەری هەڵێنا و کوتی:

ـ بەڵێ قوربان، ملکی خۆتە.. شەرعیش هەروا دەفەرموێ..!».

سەرماوەزی ١٣٧٠

# سراڕۆ

سەعید کاوە

شەوی پایزە، شەوێکی کڕومات، خەڵکی شار بەبیری ڕۆژ بوونەوە و بەیانی،سەریان ناوەتەوە. ژن و پیاو، ورد ودرشت، لەغوربایی خەودان.

شەکرێ، دایکی مندالی بێدەروو، بەخەم و پەژارەوە خەوتووە. تاریک و روونی بەیانی لەخەو ڕاپەڕی. هەموو لەشی ڕەسەڕناو کەوتبوو. خەونێکی ناخۆشی دیبوو. «.. شەماڵ وماملی کوڕی بۆنان دەگریان ولەبەرگوڵالەی خوشکیان دەپاڕانەوە نانیان بداتێ. بەهەنیسکدان لێیان دەپرسی: بۆچی نانێنت لێ داخستووین نانمان نادەیەی؟

ـ کوڕە چ نانێن ناندێنێکتان لێگرتووەتەوە؟ لەو ماڵەدا کەی نان بە ئەژمار بووە، کەی نان لە نانێن نراوە و قوفڵ و قوڕازەی وێخراوە؟ بۆ باوەڕم پێ ناکەن، کەدەڵێم نان نییە؟ وەڵڵا بیللا تاقەنانێکی تێدایە. ئەویش بۆ کاکەسمکۆی براتانم هەڵگرتووە. بۆخۆتان دەزانن ئەو شەو نۆرە کێشکێتی. ئێستا بەبرسیەتی دێتەوە. خۆ دەبێ پاروە نانێک هەبێ بیخوا. بۆخۆتان ئێوارێ بەشە نانی خۆتان خواردوە، ئەویش بەشی سمکۆیە و ناتاندەمێ. منیش وەک ئێوە برسیمە، بەڵام چار نییە دەبێ بەو برسیەتییە بسازێین..».

شەکرێ، بەو وەڵامە ناخۆشەی گوڵالە وەخەبەر هاتبوو. ڕۆژی پێشتر بیستبووی چەند منداڵی کەسک و سوور لەبرسان مردبوون.

شەکرێ تاسابوو. لێفەکەی لەسەر خۆی توور هەڵداو بە نیوە تاریکی چاوێکی گێڕا، شەماڵ و ماملی و گوڵالە نوستبوون و لەشیرن خەوی خۆیاندا بوون. بەسپایی لەجێگاکەی هاتەدەرو سەرێکی نانێنی دا. پێنج نانی تێدا بوو. ئاهێکی هاتەوە بەرو لەبەرخۆیەوە گوتی:

– لەکۆنەوە گوتوویانە، خەون بەراوەژوون، دیارەڕاستە.

چاکە شوکر پێنج نانمان هەیە، دەنا تاقە نانێک بەدەمی کێ دادەڕێ؟ سمکۆ بەبرسی و ماندوویی بێتەوەو نان نەبێ بیخوا شێت دەبێ. جاری جارانیش نییە بەماڵی دراوسێکان بڵێم چەند نانێکم دەنێ دوایی دەچمە بازاڕ دەکڕم و بۆتان دێنمەوە. کێ نان بەقەرز دەدا؟ کێ نانی هەیە؟ پێت وایە جارانە عەبەی بابیان بەیانی ڕاست بێتەوە بچێ نانی گەرم بێنێ، بەمندالەکان بلێ: نانی گەرم و ڕۆنە کەرە و ماستم بۆ هێناون هەستن بیخۆن.

بەناشکوری نەبێ، پەلامارو هێرشی دوژمن بۆ ئێمە ڕێک کەوت. ئای چۆن بە ناحەق عەبەیان شەهید کردو منداڵیان لێ هەتیو کردم و دەبێ بەبێوەژن کۆشی پێیان ڕابگەم. بەڕەحمەت بێ عەبە، وێردی زمانی بوو دەیگوت: دلی منداڵان مەئێشێنە هەرچی ویستیان بۆیان ئامادە بکە.. کە چی ئێستا فلسێک شک نابەین و لەو پێنج نانە بەولاوە ئەوەی خوا داینا‌وە نیمانە. ئەویش دەمێکی دی دەخورێ بۆ نیوەڕۆش نازانم چبکەم. خاکم بەسەر تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش هاتووین و کەس ئاگای لەکەس نییە. خوایە دوعام قبووڵ کەی جارێکی دی شەڕ نەبێتەوە لەوەمان خراپتر بەسەر بێ. لە هیچ دەورو زەماناندا نەدیتراوە و نە بیسراوە، لە شارێکی ئاوا گەورە دا کارو نان دەست نەکەوێ و پێنج سەر خێزان لە پێنج نان پتر شک نەبەن!

دەک کوێربم بۆ بنەماڵەیکی تێرو پڕی وەک ماڵی حەمەلاس بەڕۆژی ڕووناک لەبرسان لە ژوورێدا مردن پێیان شوورەیی بوو بێنە دەر لەم و لەو داوای نان بکەن.

تاوێکی دی دەبێ بچم سەرێکی نانەوەخانەکان بدەم بەڵکو هەویر شێلانێک، ئەنگوتک گرتنێک، یان هەرکارێکی تری نانەوەخانەیان هەبێت و بم دەنێ، ئەگەر بەنانی نیشکیش بێ، کاریان بۆدەکەم و نایەڵم منداڵەکانم برسی بن. چ قەیدی با گوڵالەش لەگەڵم بێ و کار بکا، نانی ڕۆژانەکە بێنینەوە بەسە.

بەڵکو بەو یارمەتییەی سمکۆی کوڕیشم کەبە پێشمەرگایەتی وەردەگرێ، بژین ومنالەکان چاویان لەم و لەو نەبێ. خوابکەم سمکۆ سەلامەت بێ و لە شەڕوکێشە بەدوور بێ، ئەمر ئەژیش بژین هەر ڕازیم. شەکرێ، درێژەی دا بەلێکدانەوانەوە وکەند وکۆژەوە کانی.

ـ بلێی ئەو ناتەبایی و لێک مۆڕ بوونەوانە شەڕیان لێ هەڵنەئایسێ؟ جا چۆن شەڕوکێشە نابێ؟ ئەدی ماوەیەک لەمەو بەر لەسەر تەماع و چاو چنۆکی و زیاد کردنی کرێی دوکانداران ئاگر هەڵ نەکرا، وەختابوو پشکی هەموکوردستان بگرێتەوە؟

ئەدی کوڕی خەڵکیان بەگژ یەکتری دانەکرد؟ تکا لە تکاکار بڕا بەڵکوو دەست هەڵگرن، کوڕی ئەم و ئەو نەکوژرێ. سەرە ڕای ئەو بەزمەش. ڕێزیان بۆ پێشنیاری ئەو هەموو گەورە پیاوانەی سیاسی و نووسەرو. . . دا نەناو گوێ یان بۆ ڕانەگرتن. بەڵام لاوەیی، بەدوو، وشەی عارەبی و تورکی و فارسی، دەستی پێ لەستۆی یەکتر کردن!

خۆ ئەگەر هەتا سەرێ ئەویش هەرباشە. بەڵام ئاشتی بەناوبژیکەری لاوەکی بڕوا ناکەم دەوامی هەبێ.

لەسوێی سمکۆی کوڕم ئاراو قارام لێ هەڵگیراوە. ئای لەو فەرهەنگە ناقۆلاو ناحەزە چۆن لەناوماندا جێ کەوتووە. بەخوای بەو ئەزموونانەی لەڕابردوم هەیە، کاتێک خۆ بەزل زانین و بەرزە فڕی ئەم و ئەوم وەبیر دێتەوە، حەقمەبترسم شەڕی براکوژی هەڵایسێتەوە؟ دەی جا خۆ گوللەش ئەم و ئەو ناناسێ. کوێرە گوللەیەک دێ و لاوێکی وەک سمکۆی کوڕم لە هەردی دەگەوزێنێ و سەد هاوار بەپەولێکە.

کێ دەزانێ کوڕی من لەبەر چی چەکی هەڵگرتووە؟ کێ دەزانێ براو خوشک و دایکی سمکۆ، ڕۆژێ نانێکی وشک دەخۆن و ناچارن بەزگی برسی هەڵکەن، بەو هیوایەی گەلەکەمان رزگاری دێ.

دەی بە تەمای خوای، ڕەبی سمکۆ خوا لەگەڵ کوڕی خەڵکی بت پارێزێ و بەردی ساردو گەرمت نەیەتە سەر ڕێ..

ئۆخەی ئەوە سمکۆش هاتەوە، یاخوا بەخێر بێ یەوە ڕۆڵە. توخوا سمکۆ گیان دەنگ و باس چیە بۆم بگێڕەوە؟

ـ بەکەیفی تۆیە دایە گیان، ئەو ڕۆ سەری مانگ بوو یارمەتیم وەر گرت. حیسابم کردووە ئەگەر ئارد بکڕین و بیکەی بە نان و تۆزێکی دەست پێوە بگرین، مانگەو مانگ نانە وشکییەکەمان دەبێ. بۆ قەندو چایەکەش خوا کەریمە. دەی جا میوەش ناخۆین. لەمەڕ جل و بەرگیشەوە، بەپینەو پەڕۆ دەیەینە سەر تابزانین

⬅

چی لێ دێتەوە.

- باشە رۆڵە تۆ ئەو هەواڵەخۆشەی باست کرد بۆم بگێڕەوە بزانین چییەو چت بیستووە؟

- دایە گیان گوتم، هەواڵ خۆشە.. ماندووم لێم گەڕێ.

- باشە رۆڵە بڵێ بزانم، کارخانەو کارگەیان بۆداناوین؟ گەنم و ئاردو رۆن و شەکرو چامان بەسەردا، دابەش دەکەن؟ ئالامان بۆ هەڵدەکەن؟ هەر دەڵێی هەواڵ خۆشە، خۆشە!؟

- های هوو های هوو، تۆ هەر پێت وایە دەبێ ئاردو رۆن و شەکرو ئەو ئەومان بەسەردا، ببەشنەوە، یان کارخانەمان بۆ دامەزرێنن. کچێ دایەگیان خۆ ئەو دوو هێزانە دەوڵەت نین.

- دەوڵەت چییە رۆڵە؟ تەقەت لەسەر نەبێ و پشتیوانیت لێ بکەن و تەباو رەها بین، دەوڵەت وەک ئاو خواردنەوە وایە، بەڵام من ترسم لە دنەدانی ژێردوەیە، ترسم لە بەرزە فڕی و خۆ بەداناو زانا زانینی دەسەڵاتدارەکانە، وتەی کەسیان ناچێتە گوێ وە.

دەباشە دایە گیان رەحمەت لە بابت، چۆنی دەڵێی با وابێ.

دایکی سمکۆ بە راماوی چاوی لە سمکۆ بڕیبوو بەڵکوو ئەو هەواڵەخۆشەی بۆ بگێڕێتەوەو سوکنایی بێ.

کاتێ زانی سمکۆ بێدەنگە و مرتەقی لە خۆی بڕیوە، گوتی:

- رۆڵە تۆ بۆت باس نەکردم هەواڵە خۆشەکە چ بوو؟

سمکۆ سەری سووڕاند بۆ لای دایکی و بەقەڵسی گوتی:

- کوا هەواڵ لەوە خۆشترە، کەجووتە دەسەڵاتداری کوردان، بەڵێنیان دا بەخەڵک و بەڵگەنامەیان مۆرکردووە، جارێکی ترناتەبایی نێوان خۆیان، بەشەڕوکێشە حەل نەکەن.

باشە دایە گیان هەواڵ لەوە خۆشتر؟ تۆخوا ئەو مزگێنییە، بۆوەی نابێ شایی و گۆڤەندی بۆ بگرین؟

- رۆڵە گیان، تۆ پێت وایە من خوێندەوارم؟ یان دەچمە دەرێ بزانم هەواڵ چییە؟ ئەوەی تۆ شەواوشەو بۆم نەگێڕییەوە چ دەزانم؟

دایکی هانایەکی هاتە بەر، دوای تێوە رامانێک، پرسی، ئەرێ سمکۆ گیان! تۆ بڵێی، ئەو دەوڵەتانەی دەردوە، بەڕاستی یاریدەرمان بن؟ یان کاریان هەیەو دوای جێ بەجێ کردنی نیش و کاری خۆیان، پشتمان تێدەکەن؟

سمکۆ، لەسەرەخۆ، وەک مامۆستایەک کە قسە بۆ یەکێک بکاو فێری بکا، بە بزەی سەر لێو دەستێکی هاویشتەسەر شانی و گوتی:

- تۆ پێت وایە، کاریان هەیە و پشتمان تێدەکەن. بەڵام من پێم وانیە دایەگیان.. مەگەر بۆخۆمان نەمانەوێ و لەگەڵ یەکتری نەحاوێینەوە. ئەوکات قسەم نییە و لەوانەیە بەجێمان بێڵن و پشتمان تێکەن.

دایکی بەمنگەمنگ دەی بۆڵاندو دەیگوت: کوا چیان بۆ کردووین؟ چەند ساڵە دێن و دەڕۆن هیچیان دیار نیەو ...

سمکۆ سوور هەڵگەڕا و لەدایکی دەرهەڵبوو، بەدایەگیان،دایەگیان، بەتووندی، گوتی:

- چەندە بێ بەزەییانە باسی لاوەکی دەکەی، بێ ئەوەی بزانی چیان بۆ کردووین. ئەدی دایە گیان، خەت و سنووریان بۆ پەلاماردەر، دیاری نەکرد، بۆ ئەوەی نەتوانێ هێرشمان بکاتە سەر و دەردی گۆڕینمان بداتێ؟ ئەدی بۆ بەرگری لە ئێمە، فڕۆکەی جەنگی یان نەهێناوە لەبۆمباراتمان بپارێزن؟ ئەدی جل و بەرگ و خواردەمەنییان بۆ نەهێناوین، بۆ وەی لەبرسییەتیمان رزگارکەن؟ خانوو و مەدرسە و نەخۆشخانە و وێرانەکانیان بۆ چاک نەکردینەوە. ئێستاش هەر وا خەریکن ؟ پارەیان بۆ چاپ نەکردین؟ بانگیان بۆ دانەنایین؟ پارەکەمان لە پارەی دەراوسێکان بە نرختر نییە کە دەیان ساڵە دەوڵەتن؟

فێریان نەکردین پەڕلەمان هەڵبژێرین، بۆ بردنە سەری پرستیژ و کەسایەتی نەتەوەکەمان؟ هەڕەشەیان لە تاران و ئەنقەرە و بەغدا، نەکرد واز لەدەست تێوەردان بێنن؟ هەزار جار ئامۆژگاریان نەکردین، واز لە بێنەو بەرەو هاتوو چۆی ئێران و ئێراق و ئەلاولا بێنین؟ تۆخوا دایە پێم نالێی چ ماوە بۆمان بکەن؟ بۆ بەسەر خۆمان نەڕۆین، گوتمان بە هیچ شتێک نابزوێ، هەررۆژێ خەریکی بەزمێکین و قەوانێک لێدەدەین و قسەو باس، بۆ ئەم لاو ئەولادەبەین.

دایکی بەشێوەی دوعا دەستی بەرز کردەوە، دوایە سەری داخست و بێدەنگ بوو، بیری لە وتەکانی سمکۆی کوڕی دەکردەوە. هیوای پتری پەیدا کرد. بەڵام لەبەر نیگرانی دوارۆژ خۆی دەخواردەوە و دڵەخورپەکەی هەر وەک خۆی بوو. ئەزموونەکانی خۆی وەبیر دەهاتنەوە. هێرش و پەلاماری دوژمنان، کوشتاری خەڵکی بێ تاوان، شەهیدەکان، ڕەو، ئاوارەیی، زیندان، ئەشکەنجە، هەڵواسین، شەهید بوونی عەبەی مێردی و دیان شتی ترو..

وەبیری هاتەوە، لەکۆبونەوەیەکدا دەیانگوت: مادام ئازادین و لەژێر سێبەری ئەم و ئەو دانین، برسی بین، توونی بین، تەنانەت بێ بەرگ و پێڵاویش بین، خۆشترە لە دەست بەسەر داگیراوی و زەبر و زەنگ لەسەر نواندن..

وتەی کورە لاوەکەی ئەو ڕۆژە لەگوێدا دەزرینگاوە کە دەیگوت: چەند دەور و زەمانێکی خۆشە، بێگانە ئاغا وکوێخام نییە. قەی ناکا، بەبرسیەتیش رای دەبێرم. هەر ئازادی هەڵدەمژم. ئەو ئازادییەی کە ساڵەهای ساڵە باب و باپیرانمان هەوڵیان بۆ داوە، لەسەری گیراون، قوربانیان داوە، ئازار و ئەشکەنجەیان لە پێناویدا دیوە، ساردی و گەرمییان لەسەر چێشتووە..

سمکۆ ئاوڕێکی لە دایکی داوە و دیتی هەروا چۆتە نێو بیرو خەیالات و لەنێو دنیای بیرەوەری خۆیدا مەلەدەکا. سمکۆ بە شێوەی دڵدانەوە پرسی: دایەگیان پێم بڵێ لەبەرچی وەڕەزی و پەژارە دایگرتووی؟ بەخەم خواردن چ دەکرێ؟ پێت وایە دەبێ چ بکەین؟

دایکی بیری لە زۆر شت کردبۆوە، بەڵام نەی دەویست باسیان بکات. نەبادا سمکۆ وەڕەز و دڵ ئێش بێ. تەنیا بە ڕستەیەکی بچووک، وەک لەسەر دوو ڕێیانێک بێ مەبەستی خۆی گەیاند وگوتی:

- لەئیش و کاری خۆت ڕازی.. دەتەوێ درێژەی پێ بدەی؟

سمکۆ، بەو پرسیارەی دایکی، سەدان گرێ و گۆڵ و کەندوکۆسپ، سەدان تاریکی و چارەڕەشی، دەیان گیرو گرفتی بنەماڵەو... هاتە بەر زەینی. دەیزانی دایکی نە پێی خۆشە پێشمەرگە بێ و نە پێشی خۆشە واز لەبەربەرەکانی دژی دوژمنان بێنێ. بۆیە بەشکەوە ئەو پرسیارەی لێکرد. سمکۆ ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

- دایە گیان، پێشمەرگایەتی بۆمن ئیش و کار نییە، بەڵکوو بیرو بڕوایە. ڕاستە ئەو یارمەتییەی دەمدەنی یاریدەدەرێکی باشە بۆ ژیانی ئێستە، بەڵام ئەوەشم نەدەنێ، ڕێگایەکی گرتوومە تامردن درێژەی هەیە. ڕێگایەکی هەڵم بژاردوە بڕوام پێیەتی و لەخوێن و ئێسک و پلووسکمدا جێگیر بووە. دەزانم لەو ناتەباییەی ناو خۆمان دەترسی. دەزانم خەڵک لە لاوە دەڵێن: "خوا بیان بڕێ، ئەوانە هەر نەبان باشتر بوو.."

ئەدی کێ هەبایە دایە گیان؟ کێ خەباتی

وەرێ خستبایە؟ پێت وانییە، ئەگەر کەسانی تریش وەپێش کەوتبان هەر ئەوە دەبوون؟ ئاخر ئەوانە لە نێو خۆمان هەڵقوڵیون.

ئادایە گیان، ئەو ڕێکخراوانە هەر بێ باشە. ئاخری ڕۆژێک بەوە دەگەن یەک بن و ڕێگای چارەی دووبەرەکی بدۆزنەوە. خەبات دژی دوژمنیان بەحەقە. ئەوان لەسەر ڕێگای ڕاستن. ئەوان چاو سوورمانن، پاڵ پشتمانن. لەحاست دوژمن لەمپەرمانن. لەوان بەولاوە کێ لەسەرمان وەجواب دێ؟ چەند ساڵ بووکام لایەنی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بەرگریمان لێکردین، یان وەجواب هاتن ئەمان کوژن.

هەر ئەوان نی خۆمانن و باشترن. چونکە ئەوان لەنێمە پێک هاتوون و ئێمە پێک هێنەریانین. هەر ئێمەش بۆخۆمان ئەوانمان گەیاندە عاسمان. ڕوانگەی تۆش ڕاستە دایەگیان، کەدەڵێی دوو ڕەنگی و خۆ لەیەکدی جیاکردنەوە یەکێ لەکارە خراپەکانیانە. بەڵێ ڕاستە، منیش ماوەیەکە خەریکم فێری ئەو شتانەیان ددبم. ناچارم فێریان بم. دەبێ فێریان بم. پێویستیم پێیانە دەبێ بیانزانم. بیسر ئەکەیەوە ئەوان پێم دەڵێن فێریان بم، ئا دایەگیان، باوەڕ بکە ئەوان لەئامۆژگاری بەو لاوە شتێکی ترم پێ نالێن. بەلام هەنگاوەکانیان هانم دەدەن فێری ئەو شتانەبم.

چبکەین دایە گیان؟ بێ پەنایین، هیچ دەرووی رووغان نییە. دوژمن لە ڕەگی ئەستۆ نیزیکترە، بێتو بوێرێ بجوولێتەوە، بەچاو قووچانێک دەگاتە سەرمان و تووشی قوڕەشێلییەکەی جاران دەبینەوە. ناچارم دوو ڕەنگی و جیاوازی وەرگرم و لەلایەنەکەی تر دڕدۆنگ بم. بمەوێ و نەمەوێ ئەوەیان لێ فێر دەبم. چونکە نامەوێ بێ لایەن بم دانیشم سەیری هاتنەوەی لەشکری دوژمن بکەم.

مالی سمکۆ، وەک قوتابخانە دەچوو. سمکۆ هەرچی بیستبای و بیزانیبایە، لە هاتنەوەیدا بۆدایکی دەگێڕاوە. شەماڵ و مامەڵ و گوڵالەش، لەباسەکانیاندا بەشدار و گوێ هەڵخەر بوون.

سمکۆ، زۆر جار بەدایکی دەگوت: دەبێ وریا بین. دوژمنان هەزار و یەک نەخشە و پیلانی گلاویان بەدەستەوەیە. دەیانەوێ بە هەر جۆرێک بۆیان بکرێ، ئەو هەلە باش و ڕەخساوە، لەکیس کوردان بدەن.

هاتووچۆی ئەیاران گەرمە. لە تاران بۆ دیمشق، بۆ ئەنقەرە، بەغدا.. لەبنەوە دەبوونە مڵە، دەبوونە مەلایکەت، دەبوونە شێخ، مەلا، ئیمام.. هەرەشەکەر، ئاوڕێکەر، قەهریان دەڕژاند، بەتۆپ باران، هاڕە و ئەڕڕەی فڕۆکە، خەندک لێدانی سەر سنوور، بەهێدی و هێمنی خۆ کێشانە نێو کوردستان، بە دنەدان، دەستەو بەستە پێکەوە نان، تەماع، چەک، پارە، هەروەها کڕینی ئەم و ئەو.

سەر ئەنجام، ناتەبایی، ناڵێکی، لێک سوور بوونەوە، پێک وەربوون و پێک هەڵپڕژان وکوشتن و بڕین...

شەکرێ، لە سوێی سمکۆ جینگڵی دەدا. بە وەڕەزی چاوی لە تەلەفیزیۆن بڕی بوو. گوێی دابووە پڕووپاگەندی ڕژێم. چاوی لەسەر یەک داتابوو. بەشیوودۆڵ و ڕەوەزەبەردەکان و پیرە مەگروون و قەندیل و سێ سنوورو دەشتی هەولێروکەرکوک و سەفین دا دەگەڕا، جوانەمەرگ و ونبووەکانی بادینان و سۆران و هەڵەبجەی دەهاتنەوە بیر.

ئێوارێ سمکۆ هاتەوە. خەمگین بوو، ئاڵۆز و پەرێشان بوو. دایکی پێی سەیر بوو سمکۆ هاتۆتەوە. دەبوایە لەبنکە بێ و شەوێ کێشک بدات. بۆدەبێ هاتبێتەوە؟

دوای تێوەڕامان، ناچار هۆی هاتنەوەی لێ پرسی؟

بە دەنگێکی نیوە گریان نووزاندی، نووزەیەکی پڕ لەناڵە، بەلام لەسەرەخۆ. ئەی دەویست دەری ببڕێ. ئەوە خوو و خدە و فەرهەنگی خۆمانە، نامانەوێ، ددان بە هەڵەکانمانەوە داببێین. بەلام ناچار بوو بۆ دایکی باس بکا و بڵێ قسەم هەیە، هاتوومەوە پێت بڵێم. ئەوەکوو دوایی ڕێگەم نەبێ بێمەوە لات. چاوێکی بە سەر و سیمای نیگەرانی دایکیدا خشاند، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

ـ دایەگیان! تۆ ژنێکی تێگەیشتووی، ئێستا پترم بڕوا بەزانایی و ئەزموونە بەنرخەکانی تۆیە. ڕوانگەی تۆ لەلێکدانەوەکانی من گەلێ ڕاست تربوون و باشتر لە ئاو هاتنە دەر.. دایە گیان! بەپڕوپاگەند و وتەی چەورو شیرن، منیان کێشا نێو دەروونی خۆیان. هەموو شتێکی ئەوانم پێ ڕاست بوو. من هەر ئەندام نەبووم. دەکرێ بڵێم وەرگێڕکەیەک بووم. دەرویش بووم. سۆفی بووم وکڕنووشم بۆ دەکردن. کەم و کووڕیەکانم بۆ دادەپۆشین. هەڵەکانم بۆ ڕاست دەکردنەوە.. دایەگیان! دەمەوێ لەلای تۆ بیدرکێنم، کەمن لەنێو بیرو باوەڕی دەرویشانەی وشکدا نوقم ببووم. تکایە لێم قەڵس مەبە، ڕێگاکەم ئەوە بوو، دەبوایە وابم، دەبوایە وابکەم و هاوهەنگاویان بم.

دەزانی بۆ هاتمەوە دایە گیان؟! هاتمەوە پێت بڵێم:

بەداخەوە بەڵێنییەکان ڕاست نەبوون، نووسراوەکان ئەسترانەوە، مۆر و ئیمزاکەکان ئیعتباریان نەما، لەهەموو شتێک پاشگەز بوونەوە..

دایەگیان من ئەو ڕۆژە پێم گوتی: هەواڵەکان خۆشن.. بەڵێنییان داوە قەت شەڕی براکوژی نابێتەوە.

تکایە دایە گیان، من بەدرۆزن مەزانە. باوەڕم پێ بکە دایە، من درۆزن نیم و هەرگیز لەگەڵ تۆ نامەوێ درۆ بکەم. بڵێم چی، سەر ئەنجام درۆشیان پێکردم. داوای لێ بووردن دەکەم. هیوادارم بم بەخشی و گەردنم ئازاکەی، دایە.

سمکۆ ئەوەی گوت و بەرەو بنکە وکێشک ڕۆیی..

شەکرێ ئوتقی بەسترابوو. دڵەکوتەی بوو. پشووی هەڵمالابوو. وەڕزبوو، دڵ تەنگ بوو. دەستەونەژنۆ چاوی لەمنداڵەکان بڕیبوو. شەوێکی دوورو درێژبووکۆتایی نەدەهات. ئەی دەوێرا سەرێکی دەرێ بدات و بزانێ چ باسە. بارانێکی پڕتەوژم دەباری... ڕاچڵەکێن ولێوە لەرزە و.. ددانی ددانی نەدەگرت. دەستی بۆ هەوا ڕادەداشت و لەبەرخوا دەپاڕاوە، لەش ساغیی بۆ سمکۆ و گەنجانی شار لەخوا دەخواست..

بەرەبەری بەیانی تەقەکەمتر بوو، گوێی هەڵخستبوو.. دەنگی گریان و برا ڕۆ، بەندی دڵی دەپساند. ڕاوەستا تاکوو وردە تەقە بڕایەوە. منداڵەکانیش هەستان. خەڵک لە هاتووچۆدا بوون. ئەوانیش چوونەدەر. لە بەردەرگای مزگەوتی خانەقا، شیوەن وگریان و لەخۆدان بوو. وردە وردە چوونە پێش خۆیان گەیاندە حەوشی مزگەوت. دەوران دەور بە ڕیز خەڵک ڕاوەستابوون. لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا تەرمی لاوانی شاریەکوژراو و برینداردرێژ کرابوون. کەس و کاریان لەسەر تەرمەکان دەگریان. پێیان هەڵدەگوتن، سنگیان دەکوتاو قژی خۆیان دەرنییەوە. تووک و دوعایان لەسەبەبکار و دەستپێشخەر دەکرد. شەکرێ، چووە پێش، پتر چووە پێش.. لەپڕ ڕاچڵەکی.. سپی هەڵگەڕا و بەهەردووک دەستی بە چۆکی خۆی دادا و قیژاندی: بڕاڕۆ، ڕۆڵەڕۆ، سمکۆی جوانە مەرگم ڕۆ.. ■

# میوانە خۆشەویستەکەمان

محەمەد شێخ ئاغالی

ئێمە ئەندامانی بنەماڵەکەمان بە بێ سەبری گوێمان بە لای زەنگی تەلەفۆنەوە بوو کە میوانە خۆشەویستەکەمان دوایین کاتی گەیشتنی شەمەندەفەرەکەیان بۆ دیاری کاو ئێمەش بە چەپکەگوڵەوە بە پیرییەوە بچین.

رۆژێک پێشتر، ئەو دیوەی کە بڕیارماندابوو میوانەکەمان لێی بحەسێتەوە، بە شێنەیی رێک و پێکمان کردبوو. بە دوو منداڵەکانیشمان ئاگاداری دابوو، لەبەر ئەوەی میوانەکەمان لە رێگایەکی دوورەوە دەهات، تاکوو ماندووی دەحەساوە بێدەنگی بپارێزن.

منداڵەکان سیما و بیچمی میوانەکەمانیان وەبیر نەدەهاتەوە، بەڵام زۆرجاران باسی کەسێکیان دەکرد کە لە شاخ سواری پاش تەرکی ئەسپەکەی خۆی کردبوون. ئەو کەسەش بێجگە لە میوانە بەرێزەکەمان کەسێکی دیکە نەبوو، سابۆیە ئەم بیرەوەرییە ببووە هۆی هۆگری و پردێکی نێوانیان و تاکوو پێدەچوو ئەم هۆگرییە لە مێشکی منداڵەکان دا بە هێزتر دەبوو.

زەنگی دەرگایە زرینگایەوە. هەر چەند ئێمە وامان چاوەڕوان نەدەکرد کە میوانەکەمان بێ ئەوەی لەپێشدا تلفوونمان لێ بکا، لەنەکاو بگاتە جێ. بەڵام ئەو ئادرێسی ئێمەی هەبوو، پێشدەستی کردبوو بە تاکسی ماڵەکەمانی دۆزی بووە. وەک بە دڵمان داهاتبێ ئەم زەنگی دەرگایە هی میوانەکەمانە، هەمووومان بەلەزەوە بەرەو دەرگا رامان کرد کە دەرگامان کردەوە ئەوەی دڵ خەبەری دابوو راست بوو. میوانەکەمان بوو کە بەسەرو لیباسێکی رێک و پێک، لەحاڵێکدا باڵتۆیەکی رەش دەبەرداو جانتایەکیشی بەدەستەوە بوو، لەبەر دەرگایە راوەستابوو. بەدڵێکی گەرم و تاسەیەکی وەدیهاتوو ئامێزمان بۆ یەک کردەوەو لاروومەتی یەکترمان ماچ کرد. منداڵەکانیش بە هۆگرەیەکی تەواوەوە، لە حاڵێکدا رووومەتیان وەک گوڵەخاشخاش سوور هەڵگەڕابوو، بە مەبەستی بەخێرهاتن، هەستی دەروونی پاک و بێ خەوشیان پێشکەش کرد. ئەوسا رێگامان بەرداو هاتە ژوور. خێزانم جانتایەکەی لەدەست وەرگرت، منیش باڵتۆیەکەیم وەرگرت و هەڵم ئاوەسی.

میوانەکەمان کۆت و شەڵوارێکی سوورمەیی تازەی دەبەردابوو کە لە سەر یەخەی کراسێکی سپی کراواتێکی ئاسمانی گوڵداری لێدابوو. مووی کەمێک ئاڵۆزو کەپۆی گەپۆزەرانی سیمای مێرانە و سیاسەتمەدارانەی زیاتر دەردەخست.

بۆماوەی چەند لەحزەیەک هەروا بە پێوە، بەدەنگی بەرزی پڕ لە شادییەوە لەبارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی ماڵەکەی ئێمەدا قسەی بۆ کردین، ئینجا لە نێو مۆبلێکدا دانیشت و دوو منداڵەکانی لەم بەرو ئەوبەری خۆیدا جێ کردەوەو لە حاڵێکدا دەستی هاویشتبووە سەرشانیان هەموو جارێ سەری بۆ وەردەچەرخاندو دەیگوت:

« ـ ماشەڵڵا زۆر گەورە بوونە: هەر بژین! بوونەتە خانم و ئاغایەکی تەواو! »

لە سەرەتادا ئەم رستەیەمان زۆر بە ساکاری وەرگرت، بەڵام پاشان لێمان بوو بە خەمێکی گەورەو لە بیرنەچوو.

من هەشت ساڵ دەبوو میوانەکەمانم نە دیبوو. خێزانم و منداڵەکانیش دەساڵێک زیاتر بوو. ئەوەی جێی سەرنج بوو، لەم ماوەیەدا گەلێک پیرو شکەستە ببوو: مووی سەرو سمێڵی تەواو ماش و برینجی، چین و چروکی پیری بە ئاشکرا بەرووخساری یەوە دیار بوو. بەڵام لێرەدا ئەوەی کە بەلای ئێمەوە سەرنجراکێشتر بوو، ئەوە بوو. ئەم پیاوە لەوکاتەوە پێی نابووە ماڵەکەی ئێمە، زیاتر گەرم و گوڕی و رووی خۆشی یەکەی بەرەو منداڵەکانی منەوە بوو.


بۆ ئەوەی ئەم وەزعە گۆڕیبێ، پێشنیارم پێکرد بچینە چێشتخانەو لەوێ بەخواردنەوەیەک گەروومان تەڕ کەین. ئەویش داواکەی منی سەلماندو هەستا، لەحاڵێکدا هەروا دەستی هاویشتبووە سەرشانی منداڵەکان، بەرەو چێشتخانە وەپێشم کەوتن. لەویش منداڵەکان هەرکامە روو بە رووی لەسەر کورسی یەک دانیشتن. ئەوسا میوانە بەرێزەکەمان بە بێ پەرژین چاوی پڕ لە خۆشەویستی دەمنداڵەکانەوە بڕی. من هەر لەیەکەم کاتدا، لە نیگاکانی ئەم پیاوە خەمبارەدا بۆم دەرکەوتبوو کە تیشکی نێو نیگای بەدوای چ دادەگەڕێ. چونکە ئەم مێرە ئازار چێشتووە زیاتر لە دە زستان و بەهار بوو لە خۆشەویستی جگەرگۆشەکانی بێ بەری کرابوو. ئەو مێرێکی لە زێدو یاران هەڵبڕاوو ئاوارەی هەندەران بوو. ئێستاش لەم دوورەوڵاتانەدا دەیویست یادی جووتە کۆترەکەی بەرهەمی ژیانی لە نیگای منداڵەکانی مندا بدۆزێتەوە و لەم کاتەدا هەست و بیری بەدوای دوو گەوهەرە دزراوەکانیدا دەگەڕاو لەنێو تەم و تومانی دەروونی دا گەردەلوولێک تەواوی زەڕەکانی دەروونی بەرەو ئوختەیەکی نادیاری ئاسمان لوول دەداو سەرەنجام بە هرووژمەوە پەردەی ئاسمانیان دڕداو روو بە منداڵەکانی من گوتی:

ـ ئێستا دەبێ "سەیران و دڵشاد"ی منیش وەک ئێوە ئەونەمام باڵایان بەرز بووبێ. چونکە باشم لە بیرە ئەوانیش دروست هاوتەمەنی ئێوەنە.

منداڵەکانی من لەو پەیوەندییەدا شتێکی روون و ئاشکرایان وەبیر نەدەهات، بێجگە لەو چیرۆکە نەبێ کە ئەسپێکی سپی کلک گر، شۆخ و بەدیمەن، کلک و یاڵ درێژو گەردن بەرز کە سوارچاکێک بەرە لووتکەی ئاسۆکێک لینگی دەدا و جارو باریش سوارەکە ئەوانی لە پێش و پاشتەرکی خۆی سوار دەکردن و لەنێو مێرگ و زنوێران دا دەگێران.

هەموولایەک بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بووین. من حەزم نەدەکرد بەهێندێک وردە پرسیاری ناوەخت دەردی لە سەردڵان دانێم، چونکە هەستم کردبوو بەلەمەکەی نێو دەروونی ئەم پیاوە بە دەست شەپۆلی دەریایەکی پڕ لە باو باهۆزدا دێ نوقم بێ. هەروەها دەم دیت چۆن رووخساری پیاوانەی بەرەو گرژی دادەگەڕێ و شادیش بە خێرایی لێی تەریک دەکەوێتەوە.

به بۆنەی ئەوەوە کە میوانەکەمان بۆ سەردانی ئێمە رێگایەکی دووری وەربەرخۆ نابوو، بەم



سەردانەشی تاجی سەرفەرازی لەسەر نابووین.

دەستم برد پێکیکم ویسکی بۆ تێ کردو بە خۆشی ئەم دیدارە پیرۆزە فرەکانمان هەڵدا. لە پێکی دووەمدا خێزانم نەیتوانی خۆی راگرێ و بە دەنگێکی کزەولۆکەوە پرسی:

ـ کاکە لە مێژە هەواڵت لە منداڵەکان و دایکیان براوە؟

ئەو زۆر بە خێرا دەستی بۆ گلاسەکەی بردو ویستی ئاگری دەروونی کە بە هۆی ئەم پرسیارە بە تین و گورتر ببوو دامرکێنێتەوە. پاشان بەلەسەرەخۆیی پێش دەمی ئەسڕییەوەو وەلامی داوە:

ـ بۆچی. ماوەیەکە کەمتاکورتێک دەتوانم بە تلفوون پەیوەندیان لە تەک بگرم و گوێم لەدەنگیان بێ...

دیسان نیگایەکی تیژی هەڵبرییەوە لای منداڵەکانی ئێمە و بەدەم ئاخێکی ساردەوە درێژەی بە وەلامی پرسیارەکە داوە:

ـ ئەوەی ڕاستی بێ زیاتر لەگەڵ کیژەکەم سەیرانێ قسان دەکەم، بەلام دلشاد هێشتا بەم تەمەنە نەگەیشتووە کە هەست بە دووری باوکی بکا، ئاخر ئەو هێشتا لە دنیای منداڵی خۆیدا پەل داوێ، بەلام سەیران نا، چونکە هەموو جارێ لە نێو قسەکانیدا هەست بەکەمایەتێک دەکەم کە لە دەروون دا ئازاری لەبەر دەکێشێ...

ئەوسا لە حالێکدا لێوی وەتەتەلە کەوتبوو، بەکرەکر قسەکانی بڕی و بێدەنگ بوو.

خێزانم دەستی هەڵنەگرت و دەیویست وەلامی پرسیارەکەی بەتەواوی وەرگرتبێ و هەر بۆیە بێدەنگی شکاندو پرسی یەوە:

ـ ئەدی کاکە، دایکی منداڵەکان چ دەکا؟

بە دوای ئەم پرسیارەدا رووی بەرەو دەرێ وەرسووڕاندو بۆ چەند چرکەیەک لە نوختەیەکی نادیارەوە راماو بە دوای بیرێکی کورتدا هەرچەند لە وەلام دانەوەکەیدا نابەدلی تێیدا بەدی دەکرا، زۆر خێرا گوتی:

ـ دایکیان شووی کردۆتەوە.

بەم وەلامە خەم وەک بروسکەیەک لەسەر ترێلی خێزانم خۆی نواندو بەسەر سووڕمانەوە پرسی:

ـ مێردی کردۆتەوە؟!

کەمێک سەری داخست و بەهێوری وەلامی داوە:

ـ بەلێ، چی کردبایە، بەخۆشی خۆی نەبوو!

ـ یانی چی، بەخۆشی خۆی نەبوو؟! کێ دەتوانێ ژنێکی بە مێرد بەزۆر بەکەسێکی دیکە بە مێرد بدا؟

ـ لەم سەردەمەو لەمێژووشدا دەرک و دیوانی نایینی هەر بەدەست ملهوڕانەوەیە! خوشکم بۆ ناتوانن؟ یاسا بەدەست زۆردارە. لەپێشدا بە زۆر تەلاقی ئیسلامی یان داوەو پاشەمنیش لە کەسێکی دیکەیان مارە کردووە!

ـ باشە بۆ خۆت چۆن بیر دەکەیەوە؟

ـ من بێجگە لەوەی باری قورسی ئەم چیرۆکە تراژیدییە بەخۆم بسەلمێنم، چارەیەکی دیکەم نییە.

ـ چۆن؟ بۆ؟

ـ لەبەر ئەوەی من لەم بوارەدا دایکی منداڵەکان بەبێ تاوان دەزانم. ئەو ماوەیەکی زۆر زیندانی کرابوو. گالتە نییە، ئەو لەژێر ئەشکەنجەو گوشارێکی لەتوانا بەدەردا بوو. خوشکم ئەویش مرۆڤێکی رەنج و مەینەت چێشتووەو لە سۆنگەی مندا زۆری چەرمەسەرێکی دیتووە. لەلایەکی دیکەشەوە منداڵەکانمان بێ پەنا مابوونەوە و منیش ئەوە خۆتان دەبینن هیچ چەشنە رێگایەکم بۆ گەڕانەوە بۆ نەماوە، دەنا دلنیام ئەگەر سەرپەنایەکی بۆ منداڵەکانی شک بردبایە، سەریشی چووبایە، قەت سەر بۆ ویستی بەدکاران شۆڕ نەدەکرد. ئێستاش ئەمن ئەو بەسەرهاتە تالەم بەخۆم سەلماندووەو هیچ چەشنە کینەیەکم سەبارەت بەدایکی منداڵەکانم لە دڵ دا نییە... دیسان بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگی و سەری دەباڵە خۆی نا...

دیتم میوانەکەمان تینوو ماندووییە، بە مەی نەبێ تینوویایەتی ناشکێ، هەر بۆیەگلاسەکەیم بۆ پڕ کردەوە. ئەویش وەک لە کردەوەی خۆی پاشەگەز بووبێتەوە، بە روالەت هێندێک لە خەم و خەفەتی وەلاناو سەری بەرز کردو رووی هەلبرییەوە لای منداڵەکان و چیرۆکێکی زۆر کورتی لە بارەی ئەسپە سپی یەکەیدا بۆ گێڕانەوە، دوایەش بەدەم قاقایەک، کە وەک بورکانێک لە دلی چیایەکی سەرکەشدا سەری هەڵدابێ، ئەوتۆ روو بە کیژەکەی من گوتی:

ـ ئەوکاتەی کە سەیران لەتەک دایکی هاتبوونە چیا، لە بیرمە قەدو بالاتان هەر وەک یەک بوو، بە تایبەت رەنگ و رووخسارو هەڵس و کەوتیشتان زۆر وەک یەک دە چوو. هەردووکتان زوان شیرن، زمانتان هەر وەک هەنگوین وا بوو، ئاخ خوای من ئێوە دوو منداڵ چەند وەک یەک دەچوون، هەر دەتگوت سێوێکن و دوو قاش کراون.

چاوەکانی فرمێسکیان تێدا قەتیس مابوو. گەرووی گولەی گریانی تێ گیرسابوو. بە پچرپچرەوە وشەکانی دووپاتە دەکردەوە. لەپڕ بێدەنگێکی دیکەو ئەوسا بە تەواوی حەز و لە قوولایی دلەوە چاوی دەمنداڵەکانی من بڕییەوەو لە سەر رووخساری زولالی ئەوان تابلۆ و لاپەرە بەنرخەکانی بیرەوەریەکانی هەڵدەداوە... من بەتەواوی هەستمەوە دەم دیت ئەم کێوە سەربەرزە چۆن لە دووری دوو بەرهەمی ژیانی وەک مۆمێک دەسووتێ و دەتوێتەوە و فرمێسکی روونی بەسەر پەیکەری دا هۆن هۆن دەچۆڕاوە پەراوێزی ئەم چیایەی کە تۆوی سەیران و دلشادەکەی لێ چاندبوو، ئەوئەمامەکانیش بە هەسیری باوکیان بالایان دەکێشاو چرۆیان دەر دەکردو دەپشکووتن و بە رێگای تێلەکانەوە بەگوێی باوکیان مژدەدەدا: باوکە گیان رۆژ لەبن هەوران دا نامێنێ و ئاسۆ روون و نزیکە؛ باوەشت گەرم راگرە و بەزوویەک کۆشکی پڕ لە بەختەوەری لەسەر سنگت بنیاد دەنێین...

باوکیش چاو بە ئاسمانەوە، گەیشتنی دوو کۆتری بازرە بوو لەترسی تەقەی راوچیانی درو هاری چاوەڕوان دەکرد. بەلام هەست و بیری ئەپچرابووەو بەلکوو هەروەها لەسەر بالی جووتە کۆترەکانی، بەرەو ولاتی ئاشتی و دوور لە مەترسیی قەل و دالی رەش لە پەرواز دابوو...

سالا ١٩٩٥/٣/٧

**کامەرانی قادری**

### هاوڕێم تۆماس

دوێنێ نامــە چاوەڕوانکــراوەکــــــــــــەی تۆ بە دەستم گەیشت. وەک ئــەو پرسیارەکانتم بەدەست گەیشت. هەر وەک ئەو ڕۆژە لە بالکۆنەکە بووم.. لە پاسەکە دابەزیت چەند وێنەیەکی جوانتان بوو، لەگەڵ (یێننی) هاوڕێت دەم بە خەندە، بەرەو ئاپارتمانەکەی ئێمە دەهاتن. هەرگیــز بەبیرمدا نەدەهات کــە ئێـوە میـوانی من بن. من تەنیـا بووم و دڵم هەزاران خـورپەی دەکـرد، دڵم خـۆش بوو کـە خـەریکە دارەکـەم بەردەگـرێت و دڵم تەنگ بوو بۆ ئەو کەسانەی، زۆر خزمەتی ئەم پیرە دارەیان کرد و، نەگـەیشتن وا بیبـینن. بەڵام لەبەر خـۆمـەوە دەموت: مانای ژیان ئەوەیە کەکارێ بکەیت بۆ خەڵک، عاشق ئەو کەسانەن، کە ئەوەی لەلایان خۆشەویستە دەیبەخشن، دەنا شتێ کە لەلای مرۆڤ، چ نرخێکی نەبێ، کەی دەکرێتە دیاری و کەی دیاری و پێشکەشی بەوە دەڵێن...

بیـرم لای دایکم بوو، ئەوا ئێسـتـــا لەناو هەزاران دایکی دیدا لەبەر هەتاو، وەسـتـاوە و بەچاوێک بۆ من دەگـەڕێ کـە لێی دوورم و بە چاوێک پێدەکەنێ، کە دەبینێ ئەوا ئاواتەکەی هاتە دی و ئەمرد و بە پیری دەنگی خۆی دا بە ئاڵای کوردستـان.. تۆماس ئەو ساتە کەمە تا ئێـــوە لە پاســەکـــە دابەزین و لە زەنگی دەرگاکـەمـتـان دا، من هەمـوو کـوردسـتـانە جـوانەکـەم گـوێزابۆوە بۆ بالکۆنەکـەم، ئای تۆماس، ئای یێننی! مرۆڤ چەندە بەستەزمانەو چەندیش گـەورەیە، ڕۆح چەندە جوانە ئەگەر نە شـێـوێندرا بێ، دایکم هەر چاوی دەگـێـڕا و وێردی دەخـوێند، لە پڕ من لە بەردەمـیـدا شێن بووم:

ـ دایکە گیـان مـاندوو نە بووی؟ هەتاوەکە زۆر گـەرمـە، بابڕۆینەوە، پشـوویەک بدە و لە پاشان دێینەوە دەنگی خۆت بدە؟!

دایکم! ئەو دایکەی بەر لەچەند سـاتێک بۆ من دەگـریا ڕووی گـرژ کـرد، ووتم دایە منم، کـوڕەکـەتم، هاتوومـەتەوە لای تۆ، دایکم هەر تەماشای دەکردم، وەک نەناسێک پێی ووتم:

ـ بۆچی ڕێزی دایکت ناگری؟

ـ دایە گیان، دایە گیان..

ـ من دایە گیـانی کـوڕێک نیم، ئامـۆژگـاریم بکات بۆ یەک سات واز لە ئاڵای کوردستانەکەم بێنم.

ـ نە، دایکە گیان، من هاتوومەتەوە دیاریم بۆ هێناوی، هاتووم پیرۆزبایت لێ بکەم.. ئەوسا گـوڵە سـووره جـوانەکـەی تۆ و(یێننی)م دا بە دایکم.

ـ ئەوە دیاری کوڕان و کچانی سوێدە، بۆ تۆ دایە گیان، لە وڵاتی بەفرەوە بۆ وڵاتی هەتاو.

تۆماس، دایکم وەک ئاسمان گەشایەوە، گریا بەکوڵ گـریا، ئاخر لە وڵاتی من، مـرۆڤ کـاتێ خەمبـار دەبێ دەگری، کـاتێ دڵیـشی زۆر خۆش دەبێ دەگری، ئەوە خەسڵەتی ئەو دایکە پیرانەیە کـە گـەواڵەیەکی سـپێن لە ڕۆح، ئەو گـریـا و هەزاران دایکی ڕەشــــپــــۆش بەدووی ویدا، دەگریان، چ گریانێک تۆماس! ناتوانم بۆت باس بکەم، بریا، ئینگمار، لەوێ بایە ئەو دەتوانێ بە چاوی کامێراکەی قسە لەگەڵ هەزارانی وەکو تۆ و یێننی بکات. گـوڵەکـەتان دەسـتـا و دەست بەسەر دەستی دایکە پیرەکانی وڵاتەکەمەوە، برا برا، تاگەیاندیانە لای ئاڵای کوردستانەکەم، جا دایکی چوار کوڕە شەهید، ئاڵاکەی ماچ کرد و پێی ووت:

ـ ئەوە یەکەم دیاری خۆشەویستەکەم، ئەوە بەرهەمی خـوێنی چوار کـوڕەکـەم، پێشـکەش بەتۆ...

تۆماس من لە سەفەری کوردستان بووم، کە زەنگی دەرگاکەم لێدرا، دڵم خورپەی کرد، وەکوو دایکم، دەیوت، منیش، گوتم:

ـ خوایە گیان خێریێت، ئاخر ئەوسا من لەو ڕستە پاکـەی دایکم نەدەگـەیشـتم، هەمـیشـە دەمگوت:

ـ دایکانی ئێمە، چەند بەستەزمانن.

تا ئەو شەوە، لە زەوی و ئاسمانەوە، هەڵقوڵان و دابارینە ناو ماڵە کەمانەوە، براکەمیان قۆڵ و چاو بەست کـرد و بێ سڵ کـردنەوە پارچەیەکی گەورەی جگەری دایکمیان پچڕاند، جا ئەوسا زانیم، دایکم لەچی دەترسا...

دەرگاکەم کردەوە، ئەی خوایە گیان، تۆماس و یێننی بۆ ماڵی من هاتوون. باوەشتان پیاکردم و ماچتان کردم و پیرۆزبایی ئاڵاکەتان لێکردم و ئەوسا گوڵە سووره جوانەکەشتان دایە دەستم. من تازە گروگاڵم دەکرد لە زمانەکەی ئێوەدا و هەر سوپاسم دەکردن، بەڵام بەچاو هەموو شتێکم دەگوت، بە ڕوخسار، بە دەست تێم گەیاندن، کە هاتنتان لەم ڕۆژەدا چ مانایەکی هەیە تۆماس، عاشقان پێویستیان بە وشە نییە، عەشق لە ڕوانین و نیگاکاندا جوانتر بەرجەستە دەبێ...

بەدەم ئامادەکردنی دوو کوپ قاوە و کوپێک چاییەوە، لەگەڵ خۆم بەدەنگی بەرز دەدوام، هەر وەک ئەوەی کـەسم لا نەبێ. هەر وایە ئێـسـتـا دەزانم ئەو کەسانەی پێیان دەڵێن شێت و لەسەر جادە و شـەقامـەکـان هەمـیـشـە لەگەڵ خۆیان بەدەنگی بەرز دەدوێن، ئەوانە تەنیا نین، ئەوانە لەو جیهـانە جوانەدا دەژین، کە هەمـوو خەڵکی وەک خۆیان، ڕۆح سووک تێیدا دەژین، لەگەڵ دایکیان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان، لەگەڵ بەرد، لەگەڵ دار، لەگەڵ نیـشـتـمـانی زەوت کـراویان، دەدوێن. ئاخـر تومـاس، هەمـوو شـتێ دەبێـتـە هاورێ و ئاشنا و هیچ شـتێکی ئەم گـەردوونە، بێ گـیـان نیـیـە، یەزدان ڕۆحی بە هەمـوو شـتێ بەخشیوە. بەڵام مرۆڤ دەست لەکاری مەزدا دەدا و ڕۆحەکان دەشێوێنێ.

ئەی خوایە گیان، خۆمن چەند جارێک، ئێوەم لە قـوتابخانە بینی بوو، من ئەوسـا سـەرەتای خوێندنی زمانی سوێدیم بوو، لە بیرمە ڕۆژێکی هەتاو بوو تۆ و یێننی، لەسەر کورسـیـەکی ژێر دارچنارەکـە وەک دوو پەپوولە لەدەوری شـتێک دەگـەڕان من نەمـدەزانی چیـیەو هەزاران ختورە بەدڵـمـدا دەهات. ئەو ڕۆژە ( ئێـڤـا ) داوای لێکردین دارشتنێ بنووسین، منیش دارشتنەکەم دا بەتۆ، ڕووم نەهات بەکـچـەکـە بڵـێم، ووتم هەڵەکـانم بۆ ڕاست کـەرەوە، ئاخر من وشـە زۆر کـارم تێـدەکـات ، دەمـبـەنەوە بۆ داهاتوو بۆ ڕابوردوو بۆیە زۆر جاران ، بەهەڵە دەیان نووسم. دەستتـان لەملی یەکدی دا بوو، وەلێ هەسـتـانە سـەر پێ و بەرووگـەشی فـەرمـووتان لێکردم، منتـان خـسـتـە نێـوان خـۆتانەوە، وەک ئەوەی ئامۆزاتان بم یا نازانم چیتان بم... منیش دڵم ←

به خێرایی لێی دەدا و زوو زوو عارەقەم دەسڕی وام دەزانی هەر ئەو سەردەمەیە کە قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، زمانم لاڵ دەبوو ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا قسەم کردبایە، تومەس رۆحەکەم هەر شەرمنە، بەڵام لەشم هاربوو و عەجولە...

دارشتنەکەت خوێندەوە، بە سوێدییەکی سادە دەدوای، هەڵەکانت بۆ راست کردمەوە، ناو و ناونیشانمتان پرسی، تۆ چەند گەورەی، ئەی گەورەیی چییە قوربان؟! کە رۆژێکی وا منتان لەیاد بێت و دڵی نامۆیەکی تەنیای تەنیا ئاوا خۆش کەن، (مەسیح) یش هەرکاری وای دەکرد، کەم دەدوا و زۆر کاری دەکرد، پاکان وان.

تۆماس ئەمڕۆ نامەکەتم لە(یۆتەبۆری)یەوە بەدەست گەیشت، چی بکەم ؟... ئەو کوردستانەی رۆژی گوڵە سوورەکە گفتم پێدان کە داوەتتان کەم تا سروشتی وڵاتەکەم ببینن، تا منیش چەپکە نێرگزێ لەدەشتە جوانەکانی وڵاتەکەم بچنم و بە ئێوەدا رەوانەی بکەم بۆ کچان و کورانی سوێد. ئێستا ئەو وڵاتە جوانە مەیدانی جەنگە ، جەنگی میللەت کوشتن، سەوز و سوور، زەرد و شین، رەش و سپی، دەیان حکومەت میللەت دەخۆن. تۆماس، یێننی! بەداخەوە دەبێ هەواڵی ئەوەتان پێبدەم، گوڵە سوورە جوانەکەی ئێوە زەردەکان سووتاندیان، دایکە پیرە جوانەکەشم بەگوللەی سەوزەکان رۆحی دای لەشەقەی باڵ و خوێنەکەی لەگەڵ هەزاران خوێنی پیر و لاو و منداڵی دیدا لە(کۆنتۆ)یەکدا پاشەکەوت کراوە، بەڵام وەک خوێن نا، تا بۆ نەخۆشێ یا منداڵێکی دی بەکاربێت، وەکوو دۆلار، مارک و کرۆن، لەشەوی زەرد و سەوز و پەمەییدا سەرف دەکرێ.

تۆماس و یێننی وەرنەوە بۆ ساندڤیکن، سیاسەت خەریکە ئابڕووی ئێوەش دەبا، بەرژەوەندی خەریکە ناوتان پیس دەکات. لێم مەپرسن، ئێوەش دەزانن ئەو زەردو سەوزانەی دایکمیان کوشت، گوڵە سوورەکەتانیان سووتاند، سروشتیان دزی، ئەوانە دەیان ساڵە ، پاسپۆرتی وڵاتەکەی ئێوەیان لەباخەڵ دایە، ئەوانە سووری ، عێراقی، بەریتانی، سوێدی، نەرویجی، فنلاندی و ئەڵمانین...

ئەوانە پەڵەی شەرمن، نەک بەتەنیا ، هەر بۆ من، بۆ وڵاتەکەی ئێوەش، بۆ ئەو باوەڕە خێرخوازانەیەی کە ئێوەش هەتانە، دەردەکە، دەردی هاوبەشە ، لێم مەپرسن بۆ چەند وەختە، ئەمەم پێنەوتوون؟!

راست دەکەن. من کە لە کوردستان بووم، بە

ئەو کوردستانەی رۆژی گوڵە سوورەکە گفتم پێدان کە داوەتتان کەم تا سروشتی وڵاتەکەم ببینن، تا منیش چەپکە نێرگزێ لەدەشتە جوانەکانی وڵاتەکەم بچنم و بە ئێوەدا رەوانەی بکەم بۆ کچان و کورانی سوێد، ئێستا ئەو وڵاتە جوانە مەیدانی جەنگە . جەنگی میللەت کوشتن، سەوز و سوور، زەرد و شین، رەش و سپی، دەیان حکومەت میللەت دەخۆن. سەوز و سوور، زەرد و شین، رەش و سپی...

لەش گەورە و بە بیر منداڵ بووم، نەیان دەهێشت، بیرم گەشە بکات، ئێمە تەنیا چاوی دڵمان لە دەمی سەرکردە و ئەو کەسانە بوون کە لە ئەوروپاوە دەگەڕانەوە، ئەوانەش ئێستا دەزانم زوربەی زۆریان ئێمەیان تەفرە داوە، ئێستا دەزانم سەرکردەکانمان، کە هاتوونەتە ئەوروپا سەرگەرمی چی بوون، ئێستا چاک دەزانم!!

تۆماس، سەوز و زەرد وەک دوو نیشانەی ناشیرین، دوو نەخۆشیی، وەک دوو شمشێری دەستی یەک داگیرکەر، ئالاکەی دایکمیان کرد بە چوار کەرت...

وەرە تۆ و یێننی بچنەوە ژێر دار چنارەکەی ئەو رۆژە هەتاوە و منیش دێمەوە لاتان و دارشتنێکتان بۆ دێنم، بەڵام ئەم جارە هەڵەم نییە هەرچیم نووسیوە راستە، تەنیا داواتان لێدەکەم گوێم لێبگرن بمخوێننەوە:

تۆماس و یێننی

ژیانتان شاد

هیوادارم سەفەرەکەتان، بۆ خوارووی سوێد، خۆش بووبێت، پێم وایە ئێستا پاش دوو مانگ باشتر بە دیالێکتی خواروو قسان دەکەن، من زمان و دیالێکتە جۆرا و جۆرەکانی زمانم پێخۆشە، بەخودا، وەک کوردێکی خێر نەدیو هەموو زمان و رەنگ و کلتوورێکم خۆش دەوێ، لە کوردستان بۆ یەکەم جار، مامۆستا شێرکۆ، کە دەرسی میکانیکی پێ دەوتین، سەفەرێکی سوێدی کرد بوو زۆر پرسیارمان لێکرد، چاکەتێکی زۆر جوانی کڕی بوو، پێدەکەنی دەیووت:سوێد وڵاتێکی خۆشە.. ئێمە گەنج بووین هەواڵی کچانمان دەپرسی، ئاخر تۆماس لەوڵاتی ئێمە، زۆر کەم مامۆستا دەبێتە هاوڕێی قوتابییەکانی، بەڵام مامۆستا شێرکۆ لە باشەکان بوو، نهێنی لە نێوانماندا نەما بوو پێدەکەنی و دەیگوت: کچانی جوانم بینیوە ... زۆر خۆش بوو بۆ ئەو کاتە، کچەکانی پۆلەکەم تەریق

دەبوونەوە، مامۆستا شیرکۆ دەیووت: چی بکەم خەتای من نییە کوڕەکان پێدەنگ کەن...

تۆماس ... ئەو ساتە کەمانە وەک بروسکە جارجار دێن و جارجار نایەن، ئەگەر ئەو ساتە رۆحییانە یاری مرۆڤ بانایە، مرۆڤ کاری زۆر مەزنی دەکرد، بەڵام گەورە دەبین و ئەوساتە جوانانە، هێدی هێدی لە جیهانی گەورەیی شێواوماندا ون دەبن و دەکوژێنەوە. دایکێکی پیر بوو، من کوڕی وی بووم، لە پاش خوێندن، شارم لەبەر چاو کەوت، رووم لە چیا کرد بۆوەی هەناسەیەکی سەربەست بدەم، ئەو گەواڵە رۆحە سپییە هەر بە شوێنمدا دەهات، مانگی چوار جار گشت هەینییەک، گوێنییەکی پڕپڕ دەکرد لە خواردنی خۆش، لە سەوزە، منیش زۆر حەزم لە سەوزەیە( لێرە سەوزە کەمەو گرانە ) بۆیە ناتوانم بەکامی دڵ وەک کارمامزێکی لاپاڵی چیا، بۆ خۆم سەوزە بخۆم ...

من ئەگەر تەرە پیاز و پەڵپینە و نانێکی گەرمم بێت ، ئیدی وەک پاشاکەی سوێد دەژیم، توخوا بڕوانە تۆماس، چەندە بچووکە داواکەم ، کە بۆشم جێبەجێ ناکرێت...

لەپاڵ چیایەکی زۆر جوانی کوردستاندا گیرسامەوە، خۆ هەروا لەخۆڕا، مرۆڤ بەشوێنێکەوە نانووسێ، ئەو رۆژانەی پاڵ چیاکە دڵم لەوێ بوو ، عاشقی کچە کوردێکی جل دڕاوی، شەرواڵ لەپێی ئەو دێیە بووم! ... رەنگە ئێستا بتوانن، تۆ و یێننی کەمێ ئەو دیمەنانە لەبەر چاوتان بەرجەستە بکەن، ئاخر بەدرێژایی ئەو ماوەیەی یەکدیمان ناسیوە لە رۆژەکەی ژێر چنارەکەوە، تاکوو ئێستاش کە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم لەگەڵ شەپۆلەکانی رۆحی خۆمدا ئێوەشم راپێچ کردووە و هەرباسی کوردستانم بۆ کردوون، ژیانی من نموونەیەکە، ئیدی کەمێ کەمتر و کەمێ زیاتر کورانی وڵاتەکەم هەروەک من بوون، دەزانم بۆ ئێوە

کەمێ زەحمەتە لەوە بکەن، کوڕێک چەندین سەعات لەسەر ڕێدا ڕابوەستێ تا دلدارەکەی ببینێ، لە عەشقی پاکدا، هیچ شتێ ئەستەم نییە، ئەو ڕێگەعەشقەی مەم بۆ زینی گرت، ڕێگەیەکی گەلێک نزیکە بۆ گەیشتن بە عەشقی خوا، لێ، لەم زەمانە ئەهامەتەدا، جا کوا عەشقی وا، جا کوا عەشقی وا؟!

عەشقەکەم گەورە بوو، گەورە بوو، بەقەد گریان دەڕژا بەسەر دێیەکەماندا، بە عەشقم زانرا، بوومە وێردی باش و خراو لەسەر ڕێگەی دلدارەکەم، لەسەر ئەو تووڵە ڕێگایەی بۆ باخەکەیان دەچوو بە بەردی جوانی بنی کانیاو، لەسەر خۆڵەکە جێی کەوشەکانیم چواردەوردەگرت، من ئەو کۆشکە جوانانەم دروست دەکرد و منداڵە چەتونەکان بۆیان دەروخاندمەوە. منیش مامۆستای منداڵانی دێ بووم هەموو شتێ ئەو دێیەم خۆش دەویست، هێستره گەڕەکەی عوسمانە شێتم دەبرد ئاوم دەدا، بەفرم بۆماڵان دەماڵی، بەو پارەیەی دایکم لەشارەوە بۆی دەهێنام، ساردی و نوقڵم بۆ منداڵەکان دەکڕی.. تۆماس وانەزانی! تەنیا ڕۆژی شەممە نوقڵ و شیرینیم بۆ منداڵەکان دەکڕی، ئەوەڵڵا قەت دڵم نەدەهات لەو زەمانە ڕۆح تەنگییەی خۆمدا، دڵی کەس بشکێنم، چەندین شەو دەبوومە، لا شوان بەکەرێکی بچوکەوە، خواردنم لە دێوە بۆ مام هۆمەر دەبرد، مام هۆمەری لەخواترس، دەیفەرموو ئەرێ تۆ مامۆستا بۆ وا دەکەیت؟ چیم بووتایە تۆماس، بم ووتایە عاشقم و خوێنی خۆم لە کاسەکردایە؟ ناچار دەمگوت: مام هۆمەر گیان، من هەر عاشقی شەوانی ئاوا بێدەنگ و ئاگری قەدپاڵم.. چاوێکیشم هەر لەماڵی دلبەرەکەم بوو، ئەوینەکەم بەری نەگرت، هەر بەقەولی مامی دلبەر، ئەگەر منیان ئەناسیبایە و لێم دڵنیا ئەبانایە، دەمێک بوو دەبووە شەرە تفەنگ، ئای تۆماس! ئەو ماسەیەم چەند خۆشدەویست و چ ڕۆشنایی و ئارامییەک بوو بۆ دڵم، چەنێ چیرۆکم بۆ خوێندەوە و چەنێ لە دڵەوە لێی پاڕامەوە، وام دەزانی، گوڵەکەم، لای ئەوە و ئەمڕۆ تا سبەی دەمداتەوە بەڵام وا دەرنەچوو، بەر لەوەی دێیەکە جێ بێڵم شەوێک دەرەنگ لە خۆڵەکەی بەر دەرگاکەیان، ئەو شوێنەی دەیان جار پێی پیا دەنا و بزن و مەڕ و کەرەکەشیان هەرێتیان لێدەنا، مریشک و جوجکەکانیان چینەیان تێدا دەکرد، شوشەیەکی بچوکم پڕکرد و لە دڵم نا و دایکم و دلبەر و منداڵەکانم جێهێشت. لەسەر سنوور بەر لە پەڕینەوەم شوشەکەم ماچ کرد و خۆڵەکەم بۆن کرد و لە بن دارێک شاردمەوە وەک گۆزێکی پیرۆز بۆ ئەوینێکی نابەکام. ئەم وێرا شوشە خۆڵەکە بۆ هەمیشە لەدڵمدا بشارمەوە، دەبووە جێ سەرنج.. تۆماس! پۆلیس ئەوەندە زۆر بووە، هەندێ جار هەست دەکەم شەوی دەیان جار ناو دڵم دەگەڕێن بێزاریش نابن جگە لە بوخچەی بچووک بچووکی یادگاری گوناح نەبێ شتێ دی نادۆزنەوە کەچی بێزاریش نابن... سنوور ئەوەندە زۆر بووە جگە لەسنووری من کە ڕۆژێ هەزاران خراپ و جارجار باشێک سنوورەکەم دەبەزێنن، دەبێ دەیان پاسپۆرتی سەوز و زەرد و قاوەیی.. هتد، پێتبێ تا بتوانی سنورێ ببەزێنی. من سنووری وڵاتەکەی تۆم بە قاچاغی بەزاند. سنووری وڵاتەکەی خۆشم بەقاچاغی و لە شەوی ئەنگوستە چاودا بەزاند، بازاڕی مرۆڤ هەراج کردن هێندە بەر فراوان بووە تۆماس! ئەوشتانەی قاچاغ نین وەکوو مرۆڤ وەکوو ئەڤین، باوەڕ، ڕەنگو بۆ، ناو وکتێب، قەلەم و خەون و سەفەر وگەشت، خراونەتە بازاڕی قاچاغەوە و پۆلیس لەدوویان دەگەڕێ و ڕەواجیشیان زۆرە ... چەکیش تۆماس، بەڵام چەک قاچاغ نییە بە پاپۆڕ بە تەن دەفرۆشرێ، بۆیە لە ئەمڕۆوە کە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنوسم، تاچەندین ساڵ، چەندین کارگە قاچ و دەستی، تەختە ولاستیک دروست بکەن بۆ منداڵانی وڵاتەکەم، هێشتا زۆرن منداڵانێ، کە دەبێ چاوەڕێی قاچ و دەست کەن بەداخەوە...

زوو وەردوە بۆ ساندڤیکن، نامەیەک دەنووسین بۆ گەورەکان، پێیان دەڵێین گەورەینە، ڤیزا مەدەن بە پیاو کوژان، مۆڵەتی مانەوە بۆ کەسێکە کە مەترسی هەڕەشەی لێبکات، سەرکردەکان خۆیان هەڕەشەن لەخەڵک. دەست مەدەنە دەستیان بەخوێن سوورە...

لە جێی دڵی من، ماڵەکانی ئەوان بگەڕێن پڕ پڕە لە ڕاپۆرت، پارەی ڕەش و شتی قاچاغ، نوێنەرەکانیان پۆلیسن، بەسەر ئێمەی ئاوارەوە، ئەوان شەرمی خوێنی ڕژاوی منداڵ نایان گرێ، خوێنی منداڵی دی دەڕێژن، ڕاستە منداڵانی وڵاتەکەم بێزمان و بە بێ قاچ و دەستن، بەڵام ئێمە زمانی ئەوانین، داوای خوێنەکانیان دەکەین، داوای وەستاندنی گاڵتە کردن بە کوردستان دەکەین... ■

دوو پەخشانە شێعر: **کارۆ**

وەرگێرانی: **ئاشق**

## ‹لە داشقەوە تا ‹کادیلاک›

کاتێک شێعری «گومناو*»ی منی دی، گوتی: نێوەرۆکی گەلێک باشە، بەڵام حەیف لە شکڵ و چوارچێوەکەی..

گوتم: یانی چی؟!

گوتی: ڕاست وەک ئەوە دەچێ کە ماتۆری کادیلاکی** پەنجا وشەش بنێیە نێو داشقەیەکی شکاو.

گوتم: کاکی شاعیری قافیەپەرست! ئەمن شێعری خۆم بۆ ئەو کەسانە نالێم کە کادیلاکی پەنجاوشەش، نوێنگەی ژیانی خەڵک فرۆشیی زێڕپۆشیانە، بەڵکوو شێعرەکانم بۆ ئەو کەسانە دەڵێم کە حیلەی شەوانەی ئەسپی برسیی داشقە شکاوەکانیان، لای لایەی منداڵی ڕووتیان و مۆسیقای تەنیایی لەبیرچووەی چارەڕەشیی بێ دەنگییانە.

***

* ناوی پارچە شێعرێکی «کارۆ»یە، کە باسی ڕووتی وهەژاریی مرۆڤێکی چارەڕەش دەکا.

** کادیلاک ئەوعە ماشێنێکی جوان و گران بوو کە لەکاتی نووسینی ئەو پەخشانە شێعرەدا (لە نێوان ساڵانی ٥٠ تا ٦٠ی زایینی) لە ئێران مۆد بوو...

## دوایین خاڵ ‹نوختە›

هەر جارێک منی دەدی، چەند سەعاتێک دەگریا. دوایین جار کە هاتە لام وەک شێتان پێدەکەنی.

کاتێک دیتی بەسەرسوڕمانەوە چاوی لێدەکەم، بە تەوسەوە گوتی: پێت سەیر نەبێ پێدەکەنم. ئیدی ئەمن ئەو ژنەی جاران نیم. ئەوە تەواو بوو کە تۆ هەر قاقا پێکەنی و منیش گوڕگوڕ گریام..

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە لەپڕ دڵۆپە فرمێسکێکی سەرلێ شێواو نیشتە سەر قولینچکی چاوی.

بە تەوسەوە گوتم: ئەدی ئەو دڵۆپە فرمێسکە چییە؟!

فرمێسکەکەی بەدەستی سڕیەوە وبێستۆڵانە گوتی: ئەوە؟ ئەو دڵۆپە؟! ئەوە فرمێسک نییە، خاڵە خاڵ.. ئەوە دوایین خاڵە کە لە دوای دوایین ڕستەی دوایین بەشی کتێبی بڕوام بە ئەوینی پیاوان داناوە. ئیدی بڕوام بە هیچ شتێکی پیاوان نییە، بێجگە لە بەتەواوی ناپیاوییان*. ■

* هەر دوو پارچە لە کتێبی «شکستی سکوت»وەرگیراون.

# کتێب و چاپکراوەی تازە



**• منداڵەکەت بۆ وا ئەکات؟!**

بابەت: لێکۆڵینەوە
ئامادەکردن وکۆکردنەوە: شێرزاد فەقێ عەلی
سەرپەرشتی زانستی: د. عبدالباقی احمد
قەوارە: مام ناوەنجی، ۲۰۰ لاپەڕە
نرخ: ۱۰۰ کرۆن
شوێنی داواکردن: Sherzad Mustafa
Krögarv. 14
145 52 NORSBORG

**❋ کتێبێکی بەنرخ و پڕبایەخ**

بەر لەوەی بە چەند وشەیەک ئەو کتێبە بەنرخە بە خوێنەرەوان و لایەنگرانی کتێب بناسێنین، جێی خۆیەتی لە نووسەری بەڕیز کاک شێرزاد، لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی پڕبایەخ و زەحمەتێکی زۆر، پیرۆزبایی بکەین ودەستخۆشانەی پێ بڵێین.

ئەو کتێبە لە چەند بارانەوە شیاوی خوێندنەوە و لێوردبوونەوەیە، بەتایبەت لە باری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئاستی لێکۆڵینەوە لە سەرجیهانی منداڵان هەست پێدەکرێ، جێگەی سەرنجە. ناوەرۆکی کتێبەکە، بە شێوەیەکی زانستیی و ڕەوانناسانە، هەموو گۆشە و قوژبنی جیهانی منداڵانی گرتووەتەخۆی و بابەتەکان زۆر شارەزایانە هەڵبژێردراون. سەرەڕای ئەوەش دەکارهێنبانی زمانێکی پوخت وپاراو و پەتی، دوو ئەوەندە کتێبەکەی بەنرختر کردووە..

بە لەبەر چاوگرتنی تێکڕای ئەو خاڵانە، ئەو کتێبە دەتوانێ، بۆ ئەو نووسەرانەی کە لە سەر ئەدەبیی منداڵان کار دەکەن و دەیانەوێ بەرهەمی ئەدەبی بخوڵقێنن..سەرچاوەیەکی ڕوون و ڕێنوێن بێ.

لە کۆتاییدا، هیوادارین کاک شێرزاد لەو ڕێبازەی گرتوویە، هەروا سەرکەوتوو بێ و بتوانێ لە داهاتووش دا، بەرهەمی لەو چەشنە، پێشکێش بکا و کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند تر بکا.

گزینگ

**• ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا**

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسەر: حوسێن محەممەد عەزیز
قەوارە: مام ناوەنجی، ۱۲٦ لاپەڕە
چاپ وبلاوکردنەوە: کتێبی هەرزان:

**• فۆنێمەکانی زمانی کوردی**

بابەت: زمانەوانی
نووسەر: کەمال فوئاد
ئیدیتۆر: حەسەنی قازی
چاپ و بلاوکردنەوە: کتێبی هەرزان
ئادرێسی داواکردن: Kitab Arzan
Barnar ps g 31
553 16 jönköping

**• ئەزیش کرمانجم**

بابەت: کورتە چیرۆکی تەنز
نووسەر: سیامەند شێخ ئاغایی
قەوارە: مام ناوەنجی، ۱۸۲ لاپەڕە
چاپ وبلاوکردنەوە: چاپخانەی مەنسوور

**• زیندان**

کۆمەڵە هۆنراوە
نووسەر: عەبدولقادر سەعید

**• شازادەی بەختیار**

بابەت: حەکایەت
نووسەر: ئۆسکار وایڵد
وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: مامۆستا گۆران
بلاوکردنەوە: کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان


**• مامۆستای کورد**

ژمارە ۲٤ ـ ۲٥، زستان و بەهاری ۱۹۹٥
بابەت: ڕۆشنبیری گشتیی
سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

**• ڕابوون**

ژمارە ۱۳ـ ۹٥
بابەت: کولتوری گشتیی
سەرنووسەر: ڕەفیق سابیر

**• هەنگاو** (مانگنامەیەکی سیاسیی کولتوریی گشتییە)
ژمارە ۱٥ئەپریلی ۹٥ ، ژمارە ۱٦مایسی ۹٥
سەرنووسەر: د. کەمال میراودەلی




## هەواڵێکی سەرنجدەر وهیوایەکی دڵخۆشکەر

تەلەڤیزیۆنی کوردیی Med TV کە ماوەیەک بوو بە شێوەی تاقیکردنەوە، پرۆگرامەکانی خۆی دەست پێکردبوو، ئاخەرسەر ڕۆژی ۱۵/ ۵ / ۱۹۹۵ بە ڕەسمی پرۆگرامەکانی خۆی ڕاگەیاند و بەمجۆرە کوردیش بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی گەیشت کە چارەنووسی زەوق وشەوقی هونەریی وکۆمەڵایەتی بگرێتە دەست وبتوانێ ویست وخواستی ڕوحیی ونەتەوایەتی خۆی، دوور لە سیاسەت وفەرهەنگی داسەپێنراوی نەیارانی بەرچاو تەنگ، بە بەشێک لەخەڵکی جیهان ڕاگەیەنێ.

دەفتەری ناوەندی تەلەفیزیۆنی کوردی(مید)لە شاری «لەندەن» هەڵکەوتووە. پرۆگرامە سەرەکییەکانی لەوێ بەڕێوە دەچێ کە دەتوانێ بەرنامەکانی خۆی بۆ سەرانسەری ئورووپا وهەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بلاوبکاتەوە.

دەستپێشخەرانی ئەو پرۆژەیە، چ کەسانی خۆیی و خۆمانی بن وچ دڵسۆزانی دەرەوەیی وبیانی، ناویان بۆ هەمیشە لە بەستێنی مێژووی هونەری وفەرهەنگیدا دەمێنێتەوە، چونکە چرکەیەک لە بەرنامەی ئەوکاناڵەکوردییە، بۆ لابردنی کەند وکۆسپ و هەمواركردنی ڕێگەی کوردایەتی، هەزار ڕاوڕاوێنی سیاسی و باوباوێنی دیپلۆماسی دێنێ بۆ ناساندن و تێهەڵێنانەوەی ڕەنجی پێشێل کراو و ڕاپەڕاندن ووەخۆهێنانەوەی هێزەکانی بەدۆلار گێلکراو.. تەنیا ڕوانگەیەکی گچکۆکەی ئەو پرۆگرامە، بۆ دەرخستنی زەوقی هونەریی کوردەواری، دەیان مەتەرێز وسەنگەری چەکداری دێنێ وسەدان نوتق و قۆشمەریی ڕامیاری...

بۆیە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە،گۆڤاری«گزینگ»؛ لەکارگێران وبەڕێوەبەرانی تەلەڤیزیۆنی کوردیی و، هەروەها خەڵکی کورد پیرۆزبایی دەکا و درێژەدان وبەردەوامبوونی ئەوتەلەڤیزیۆنە، بۆ ناساندنی مافی ڕەوای گەلی کورد و گەشەکردنی فەرهەنگ وکولتووری کوردەواری بە ئاوات دەخوازێ..

«گزینگ»

# GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No: 8. June, 1995.

